# کەشکۆڵی شاخی

## بەرگی یەکەم

چاپی یەکەم
2015

لەبلاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیری کەرکوك

(    )

# کەشکۆڵی شاخی

کۆبەندی چەند بابەتێکی هەمە ڕەنگە (مەلاشاخی)یە

* نووسە ر : أبوبكرمحمدحاجي (مەلاشاخی )
* چاپ : چاپی یەکەم 2015
* کوردستان کەرکوك
* چاپخانە :
* تیراژ : 1000 دانە

## لە جیاتی پێشەکی

لا پەڕەکانی مێژووی ژیانی هەرکەسێك هەڵبدەیتەوە پڕە لە یاداشتی هەمەڕەنگ، هەوراز و لێژ، تاڵ وشیرین ،خۆش وناخۆش ، سەرکەوتن و گلان،هەق و ناهەق....

هەموو ئەوانەئەگەر بێت وبنووسرێنەوە وتۆمار وبلاّو بکرێنەوە،دەبن بە چەندخشتێك بۆ هەڵچنینی دیواری مێژووی نەتەوەیەك،بەداخەوە چ خۆمان چ باو وباپیرانمان لە رابردوودا هەلی زۆرمان لە دەست داوە و هەر کەسە لای خۆمانەوە بە نەوەکانی دوای خۆمان نە سپاردوون..

من لێرە نامەوێ هەوڵ و کۆششی کەس نادیدە بگرم،ناشڵێم مێژوو هەر هیچی نەنووسراوەتەوە ، بەڵکو پێم وایە دەبوو لەوە پتر پێشکەش بکرایە.

هیوادارم ..چ لە رابردوو، چ لەم کەشکۆڵە و چ لە داهاتوودا توانیبم یا بکارم لەو بووارەدا چەند چە پکێك بخەمە سەر گوڵدان وگوڵزاری مێژووی نەتەوەکەم.

مەلاشاخی

بەهاری ٢٠١٥

کەرکوك




**وێنەی نووسەر**




# کەرکوک
# لە(دلیل تاریخ مشاهیر الالویه العراقیه)دا ... *

هیچ تەم ومژێك ناتوانێ تیشکی ئەو راستییەبشارێتەوەکەشاری کەرکوك شارێکی کوردستانی یە، ماوەتەوە بلێین بەڵگەی سەلماندنی ئەو راستی یە چی یە.؟ ئایە کوردان خۆیان بەتەنیا لەسەری هەڵبەنێ؟ یان چاکتر وایە بۆ باشتر چەسپاندنی رەوایی مەسەلەکە،پشت بە ئەوبەڵگەنامەو نووسراوە رەسمییانە ببەستین،بیان کەین بە پاڵپشتی حاشاهەڵنەگر.ماوەیەك لەمەوبەر لە(کوردستانی نوێ )دا بابەتێکی گرنگ لەژێر ناونیشانی (کەرکوك لە قاموس الإعلامی تورکیای عوسمانی دا) بلاۆکرابووەوە، بایەخی ئەم بابەتە لەوە دابوو بەروون وئاشکرا گەواهی دەدا کە (کەرکوك لەسنووری ویلایەتی موصلی کوردستان دا یە)..

(شمس الدين سامی)نەکوردبووە،نەئەوسەردەمە لەژێرکاریگەری کەسدابووە،وەك نووسەرێکی تورك، بەڵکو راستگۆیانە گوزارشتی لە واقیعێك کردووە کەنەك شاری کەرکوك بەتەنیا بەڵکو هەموو ویلایەتی موصل بەشاری(موصل) یشەوە..بەشێکن لەکوردستان.ئەوەی لەقاموس الاعلامدا نووسراوە تورکێك وەك حقیقەتێکی مێژوویی تۆماری کردووە، رێگا نادات کەهیچ نەتەوە پەرستێکی شۆڤینی بڵێ ئەوە دیدی کوردخۆیەتی.ئەوەی سەرەوە راستگۆیی نووسەرێکە، کەکورد بەرێزەوە سوپاسگوزاری بێت.جابۆ ئەوەی بزانین ئایە تەنیا هەر نووسەرێکی تورك ئاوا بە ئەمانەتەوە مێژووی تۆمار کردووە..یان خەڵکی تریش هەن کاری لەو بابەتەیان ئەنجام دابێت. وا لەخوارەوە چەند پەرەگرافێك لە نووسینێکی نووسەری عەرەب(عبدالمجیدفهمی حسن) لەکتێبی (دلیل تاریخ مشاهیر الالویه العراقیه) دەکەینە پاڵپشتێك بۆ هەمان بەڵگەنامە وبەڵگەیەکی تری دروست کەکەرکوك شارێکی کوردستانی یە:

**( ویبلغ عدد بیوت مدینة کرکوك زهاء ثمانیة آلاف بیت، وعدد سکانها اکثر من ستین الفآ یتکلم معظمهم الترکیة والکردیة،اما القلائل الذین یتکلمون اللغة العربیة من سکان المدینة فرطانتهم عظیمة جدآ،وقد زادت في السنوات الاخیرة نسبة السکان العرب الذین هاجروا الي هذة المدینة من شتي انحاء البلاد للاشتغال في منابع النفط )**

ئەگەر چی لەم نووسینەدا ناوی تورکمان وە پێش ناوی کورد و عەرەب دەدات، بەلاّم ئەوە ناشارێتەوە کەژمارەیەکی کەم لە براعەرەبەکان دانیشتووی شاری کەرکوك بوونە و(ئەوانیش زۆربەیان لەو(بەگ)و بەگزادانە بوون کە عوسمانییەکان کاتی خۆی لەگەڵ خۆیان هێنابوونی)، جگەلەوە چەندماڵە عەرەبێکی تر کەلەسالآنی دوایی بەمەبەستی بەعەرەبکردن بۆ کرێکاری کۆمپانیای نەوتی هێندراون. هەر لە هەمان سەرچاوەدا (عبدالمجید فهمی حسن) دەربارەی پێکهاتەی شارەکە دەڵێت : لیوای کەرکوك لەسێ کۆمەڵە خەڵکی کۆنی رۆژهەلآتی پێکهاتووە، کەئەوانیش ، عەرەب و تورك وکوردن. زۆربەی عەرەبەکان لەباشووری خۆرئاوای شارەوە بەرەو دەشتایی ماڵەکانیان هەڵدەکشێت وبەرەو رۆژهەلآت و باکوور، روولەناوەندی شارەکە بۆ تێکەلآو بوون لەگەڵ کوردەکان. زۆربەی کوردەکانیش لەبەری باکووری رۆژهەلآتەوە دادەنیشن، کەلکاون بە ناوچە شاخاوییەکانەوە، ئەوانیش شۆڕدەبنەوە بەرەو باشوور و رۆژئاوا و روو لە ناوەندی شارەکەو خەریکە لەگەڵ عەرەبەکاندا تێکەڵ دەبن. بەلاّم

تورکمانەکانیش زۆربەیان لە ناوەندی شارەکە نیشیەجێن و لەگەڵ کورد وعەرەب تێکەڵ بوون،بەهەرسێ لایەن تێکەڵەیەك پێکدەهێنن و بەسێ زمانی جیا دەدوێن.هەریەکەیان کاریگەری دوو زمانەکەی تریان لەسەرە،هەربۆیە بەشیوەیەکی تایبەتی دەدوێن. تورکمانەکان نوێترین گەلی دانیشتووی لیوای کەرکوکن، وەك(مێژوونووسان دەگێڕنەوە)باب و باپیرانیان لەناوەراستی سەدەی حەڤدەیەمدا هاتوون بەرەوعێراق،لەگەڵ ئەو هێرشە گەورەیەدا کەسوڵتانی عوسمانی، سوڵتان مورادی چوارەم سەرکردایەتی کردووە، و بەنیازی شەڕی فارس (سەفەوییەکان)و رزگارکردنی بەغدا لە دەستیان. ئەم سوڵتانە دوای بەدەستهێنانەوەی بەغدا و وەدەرنانی سەفەوییەکان لە عێراق،لەم ولاتە مایەوە،بەرلە گەڕانەوەی بۆ ئاستانە،هێزێکی پارێزگاری دانا،بۆ چاودێریکردنی رێگای پەیوەندی نێوان خۆی وبەغدا..بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بەرگری پێ بکات..ئەم هێزە پارێزگارە بەدرێژایی ئەوهێڵە وەهمییە دابەشبوون، کە گوایە دەکەوێتە ناوچە کوردی وعەرەبییەکانی عێراقەوە... ئەم هێڵە لەبەدرەوە دەستپێدەکات بەرەو باکووری خۆرئاوا، تێپەڕدەبێت بەمەندەلی و قزلرباد وخانەقین وقەرەتەپەو کفری ودووزخورماتوو داقوق و تازەخورماتو وکەرکوك و ئاڵتون کۆپری وهەولێرو موسڵ.. هەتا شارۆچکەی تەلەعفەری خوارووی موسڵ، بێگومان ئەم هێڵە رێگای (ستراتیژی) نێوان ئەنادۆڵ وعێراقە،زۆربەی ئەوتورکانەی عێراق، بەتورکمانەکانی لیوای کەرکوکیشەوە، لە نەوەی ئەو پیاوانەی عوسمانین کەئەرکی پارێزگاریی ولاّت و ئەو رێگایانەیان پێ سپێردرابوو. لەپێناو دابینکردنی پەیوەندی سەربازی نێوان خۆیان و پایتەختی عوسمانییەکاندا هەموو ئەوانە لەوشاروگوندانە نیشتەجێ کران کەلەنزیك سەربازگەکان بوون.. پاشان بەتێکەڵ بوونیان لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەکە،بەتێپەڕبوونی رۆژگار نەوەی تریان لێکەوتەوە،کە دەتوانین ئێستا بڵێین هاوولاّتی ودڵسۆزن..! *** )

ئەمەیشیان قسەی مێژوونووسانی ناسراوی کورد ئەمین زەکی بەگ و مەلاجەمیل رۆژبەیانی و حوسێن حوزنی موکریانی ..نییە، هەتا خەڵکانێك هەبن بڵێن کوردان بەقازانجی خۆیان مێژوویان نووسیوەتەوە،ئەمانەیش ئەمانە هەموو هی نزیکەی (٥٥)ساڵ لەمەوبەرە،ئەوپروپاگەندانەی ئەمڕۆدەکرێن،وەك ئێستا لێرەولەوێ هەندێ کەسی تێکدەرنەخشەی خەیاڵی بلاّودەکەنەوە،کەهیچ خزمەتێك بە تەبایی پێکهاتەکان وبرایەتی کوردوعەرەب و تورکمان..ناکات.

ئەمرۆلەکاتێکدا گەلانی عێراق لەبەردەم چەندین گۆڕانکاری وئەگەری چاوەرووان نەکراودان، لەهەمووکات زیاترپێویستییان بەتەبایی وبرایەتی هەیە..نابێت ڕێگا بە بیری شۆڤینی هیچ لایەك بدرێ، پەنا بۆ داگیرکاری وزولّم وزۆروپاکتاوی نەژادی وپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەرن، بەڵکو لەجیاتی ئەوانە باهەموو خۆمان سازبدەین بۆلەبەر یەك هەڵتەکاندنی پایەکانی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی و گەڕانەوەی ئاوارەی کورد و تورکمان و ئاشووری بۆ زێدی باوباپیرانیان وپێکەوەکارکردن بەئاشتی بۆ گەڕانەوەی متمانەو ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی..

بەرەو دوارۆژێکی رووناك وبەختیار بۆ نەوەکانی داهاتوومان.لەپێناو ئایندەیەکی ئەوتۆ لەم شارەدا کە دەستەبەری برایەتی و لێبووردەیی وپێکەوەژیان بێت. ڕێگا نەدرێت بەهیچ کەس و لایەنێك پیلانی ناحەزانە و تێکدەرانەی تر دژی ئامانجە هاوبەشەکان دابڕێژێت...

ئێستا وداهاتوومان وامان لێ دەخوازن،کەهەموومان پێکەوە،هاوخەبات بین،بۆ ئەوەی جارێکی تر کەس نەتوانێت کەلێن ودرز بخاتە نێوان ریزەکانمانەوەو تووشی ناکۆکی وململانیی دژمنکارانە و لێکترازان و بێ متمانەیی ببینەوە.. هەموو دیوار و تان وپۆی ناحەزی نێوانمان تار و مار بکەین و دەست بخەینە ناودەستی یەك تا مافی هەموولایەکمان وەك یەك پارێزراو بێت وبرا گەورەیی و برابچووکی و کوێخایەتی کردنی خۆسەپێنەرانە نەمێنێت.یاسا لەسەرووی هەموانەوە سەروەربێت وشان بەشانی دەستووری نوێی(حکومەتی هەرێمی کوردستان)ی رزگارودەستووری عێراقی فیدرال بەرنامەی کار وتێکۆشانمان هەبێت بەرەو برایەتیی هەمیشەیی کورد و عەرەب وتورکمان وئاشووری وهەموو دانیشتووانی شارەکە وهەرێمەکەمان و سەرانسەری عێراق..

---

سەرچاوەکان:

* کوردستانی نوێ/ ژمارە / ٢٧٦١

** عبدالمجیدفهمی حسن/ دلیل تاریخ مشاهیر الالویە العراقیە/ص ٩٨

*** هەمان سەرچاوە




# دوو بیرەوەری
# لە پشتگیری دۆستانی کوردەوە :
# کوردەکان لەیادمەکەن بێدەنگی دەیانکوژێ..!

گەلی کوردستان یەکێکە لەوگەلە بەئەمەك وەفادارانەی چۆن هەرگیز تاوان ودەستدرێژی وخراپەکاری لەیادناچێت،قەت چاکەوکۆمەك وبەدەنگەوە هاتنی دەرودراوسێ ودۆستانی دوور و نزیکی خۆی لەبیرناکات.بەڵێ لەو رۆژگارە پڕ لە کارەساتەکاندا،لەرۆژانی١٤و١٥ی ئوکتۆبەری ١٩٨٩دا دوو رووداوی گرنگ بوونە دووقەلغان ودووسوپەری داکۆکی وبەرگری لەمافەکانی مرۆڤی کورد،شایانی ئەوەن کە هەتاهەتایە لەیادنەکرێن و بەچاوی رێزەوە تەماشابکرێن :

(1)

# (کۆنگرەی پاریس)

لەژێردروشمی(کورد..مافەکانی مرۆڤ وناسنامەی فەرهەنگی) ئەنستیتۆی کورد لەپاریس، بەهاوکاری وچاودێری خەمخۆر و دڵسۆزی گەلی کورد خاتوو(دانیال میتران) وبەسەرپەرشتی (رێکخراوی فەرەنسای ئازاد) کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی لە رۆژانی ١٤و١٥\١٠\١٩٨٩ لەژێردروشمی (کورد: مافەکانی مرۆڤ و ناسنامەی فەرهەنگی ) دا پێکهێنا، شایانی باسە لەم کۆنگرەیەدا(٢٤٠)کەسایەتی ناودارو(٨٠)رۆژنامەنووس و نوێنەرانی (٣٢) وڵاتی جیهان بەشداربوون. لەماوەی ئەودوورۆژەدا دەربارەی چارەنووسی کوردو ئەورێوشوێنانەی دەبنە دەستەبەری بەئاگاهێنانەوەی رای گشتی جیهان قسەوباس کرا..

لەم کۆنگرەیەدا بەدەیان وتاری بەنرخ وپەیام پێشکەشکران ،لەوانە وتاری:

(دانیال میتران،برناردکۆشنەر،ئیدواردکەنەدی،ساخارۆف،کەنداڵ نەزان،عصمەت شەریف وانلی، سلیم فخری،کمال بورقای،میخائیل لازاریف، وچەندانی تر.

## لەبڕیارەکانی کۆنگرەی پاریس:

- لەبەرئەوەی گەلی کورد لەنێوان چەند وڵاتێکدا دابەشکراوە و دووچاری نالەباری هاتوون، دەیانەوێ ناسنامەی فەرهەنگی خۆیان بپارێزن،خەبات دەکەن بۆبەرگری لەمافە سیاسی و دیموکراتییە رەواکانی خۆیان لەهەریەك لەو وڵاتانەدا.. کۆنگرە بڕیاری دا:
- بەکارکردنی بەردەوام بەئوومێدی ئەوەی کۆمیتەیەکی هەمیشەیی پێکبێت کەئەرکی داکۆکی کردن بێت لەمافەکانی مرۆڤی کورد، لەو وڵاتانەدا کەکوردیان تێدا دەژێ..
- کۆمیتە دەرگای کراوەدەبێت بۆ وەرگرتنی ئەندامانی پەرلەمانی هەموو وڵاتە دیموکراتییەکان ، داوایش لە(رێکخراوی فەرەنسای ئازاد)دەکات لەوپێناوەدا کاری جدی بکات.
- نوێنەرانی گەلی کوردبانگ بکرێن تابتوانن ئامادەبن بۆگفتوگۆ لەبەردەم پەرلەمانی ئەورووپی وئەنجومەن ودام ودەزگا نێودەوڵەتییەکانی تر...

- قەدەغەکردنی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی وپشتگیری کردنی پێکهێنانی پەیمانێکی نێودەوڵەتی بۆسەپاندنی سزای ئابووری و دیبلۆماسی دژی ئەو وڵاتانەی کەچەکی کیمیاوی و بایەلۆژی بەکاردەهێنن چونکە ئەمە پێچەوانەی یاساو نەریتە باوەکانی وڵاتانە.
- پەلەبکرێت لەپێکهێنانی رێکخراوێکی کوردی وا کەنوێنەرایەتی هەموو لایەنە کوردییەکان بکات ئەمەیش لەپێناوی بەدەستهێنانی مافی نوێنەرایەتی بەشێوەی چاودێر لەنێو دەستەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو دامودەزگانێودەوڵەتییەکانی تر..
- لەسەرپێشنیاری (ساخارۆف)کۆنگرە داوا لەسکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات بەوسیفەتەی کەلێپرسراوە لەئاشتی جیهان، کۆبونەوەیەکی دەستەی گشتی پێکبێنێ، بۆلێکۆڵینەوە لەکێشەی کورد.
- کۆنگرەباشتر دەروانێتە نالەباری گوزەرانی ئاوارەکوردەکان وسوورە لەسەر گفتووگۆکردن لەگەڵ کۆمیتەی بالای پەنابەرانی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان،ئەویش بەمەبەستی پشتگیری کاریگەرو چارسەرکردنی کێشەکانیان وبەستنی کۆبوونەوەیەکی بەپەلە و تایبەت..

تێبنی:

جگە لەم بڕیارانەی لای سەرەوە کۆنگرە چەند بڕیارێکی تریشی هەبوو.



## پەیامی ساخارۆف بۆکۆنگرەی پاریس:

من لەناخەوە نیگەرانم بۆچارەنووسی نەتەوەی کوردوئەوهەمووئازاروکارەساتانەی کەبەسەرئەم نەتەوەیەدا هاتوون،تراژیدیای چەندین ساڵەی و تێکۆشانی گەلی کورد لەپێناومافی نەتەوایەتی ومافی چارەی خۆنووسیندا خەباتێکی رەوا وعادیلانەیە.هەربۆیە بانگەوازی هەموودەوڵەت و رێکخراوو دەزگانێودەوڵتییەکان دەکەم لەپەیوەندییان لەگەڵ ئەودەوڵەتانەدا کەکوردیان تێدا دەژی ئەوراستییە راچاوبکەن کەئەو ولاّتانە توندوتیژی،نایەکسانی کۆمەلاّیەتی،(جینۆسساید)یان تێدا ئەنجام دەدرێ.
ناشێ ونابێ کە سزانەدرێن،ناکرێ مەسەلەی بەکارهێنانی گازی کوشندەو کوشتن وتیرۆری منالاّن لەبیربکرێن.
پیم باشە کۆنگرەپێشنیاربۆنەتەوەیەکگرتووەکان بکات کەمەسەلەی کورد بخاتەبەرباس وبڕیاربدات ئەودەوڵەتانەی کوردیان تێدادەژی هەرێمی سەربەخۆ بۆ ناوچەکوردنشینەکان پێکبێنن ورێگابەکوردەکان بدەن کە لە پەیوەندی سیاسی،ئابووری وکەلتووریدا سەربەخۆبن،ئەوزوڵم وزۆرە نایاساییانەیش کەدەرهەق کوردکراون تاوانباربکرێن ورێگای دووبارە بوونەوەیان پێ نەدرێتەوە...
لەناخەوە هیوادارم سەرکەوتووبن...

١٣ی ئوکتۆبەری ١٩٨٩ مۆسکۆ

# (2)
# (کێشەی کورد لە کۆنگریسی ئەمریکادا)

دوای تێپەڕبوونی چەند رۆژێك بەسەرکۆنگرەکەی پاریس دا،رێـك لـەرۆژی ۲۳\۱۰\۱۹۸۹دا کیشـەی کورد لەبەردەم کۆنگریسی ئەمریکادا کەوتە بەر باس ولێکۆڵینەوە.جگـە لـە هـەردوو بـەرێزان تـۆم لانتسۆن وجۆن بۆرتەر سەرۆکی هەردوولیژنەی مافی مرۆڤـــــ لەکۆنگریس و چاودێری ئەوکۆبوونـەوە نائاساییەی کە لە سەرداوای خاتوودانیال میتران پێکهات، دە کەسایەتی ناسراوی تر لەسەرمەسـەلەی مەینەتییەکانی گەلی کوردقسەیان کرد.

## چەند پەرەگرافێك لە وتە بەنرخەکەی
## خەمخۆری گەلی کورد خاتوو دانیال میتران

رەنگـە هێشـتا لـەیادتان مـابێ ،لەسەرپێشـنیاری سـەرۆکی ئـەمریکی ویلسـۆن لەسـاڵی۱۹۲۰دا پەیماننامەی(سیڤەر)هەلی ئەومافەی بۆکورد رەخساند کەدەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان پێکبهێـنن.کەچـی زۆری پیێ نەچوو پەیماننامەی(لۆزان) لەسـاڵی۱۹۲٤دا ئەوهەلـەی لـەباربرد و گـەلی کوردبەسەرچـوار ولاّتدا دابەشکران کەئەویش ولاّتەکانی ئێران وعێراق وتورکیاوسوریا بوون. ئیترلەوسـاوە لەهەریـەکێك لەو ولاّتانەدا زوڵم وزۆریان لێ دەکرێ ،هەربۆیـە ئـەوانیش هەمیشـەخەبات دەکـەن لەپێناومانـەوەی خۆیان وپارێزگـاری لەکەلتوورەکـەیان.سیاسـەتی دژایـەتی کردنـی کـەلتووروورابردووی پڕلەشـانازییان گەیشتۆتەسـنوورێکی وا کەچـاوەروان ناکرێ،ئـەویش بـەپێی ئەوراپۆرتانـەی کەلەچـەند سەرچـاوەی جیـاوازەوە بـەمن گەیشـتوون،هەتابڵێی نیگـەرانیان کـردووم، چارەنووسـی پڕمەینـەتی ئـەم گەلـە لەهەریەکێك لەو ولاّتانەدا ئازارم پێدەگەیەنێ.....

لەیادیان مەکەن بێدەنگی دەیانکوژێ .!*

*ئەم بابەتەم لەکوردستانی نوێ دا لەساڵی ۱۹۹۵دا بلاّوکراوە تەوە.

# کورد نە لکاندنی زۆرەملێی دەوێ نە جیابوونەوە خوازیشە!

دوابەدوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی قۆناغێکی نوێ، قۆناغی سەرلە نوێ دابەشکردنەوەوبەتالاَن بردنی خێر وبێری کوردستان دەستی پێکردەوە .شارستانیەت و دیرۆکی پڕ لە سەروەری کورد، کەوتە بەر مەترسی ڕەشەبای شۆڤینیەتی دەوروبەر..کوردیش بە ناچاری لە پێناو مانەوەو بۆ سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی خۆی خوێنی هەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلەی کردبوو بە هەوێنی دە یان شۆڕش ڕاپەڕین ....

ئیتر هەرکاتێ جولاَنەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان گەشەی کردبێ، هەنگاوی بەرەو پێشکەوتنی کۆمەلاَیەتی وبوژانەوەی ئابووری نابێ،مرۆڤی کوردیش وەکو هاوشێوەکانی خۆی تێکۆشابێ..بەسەربەرزی بژی ، ناحەزان و دوژمنانی،چاوچنۆکان و خوێنمژانی مێژوو..پەلاماریان هێناوەتە سەرو درزیان خستۆتە نێوان ڕیزەکانی یەوە. هەر هیچ نەبێ بە تیرۆریست وپیاوی بێگانە و جیابوونەوە خواز تاوانباریان کردووە . بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم، ئەوسای عوسمانیەکان دەستیان بەسەر نشتیمانی کوردوعەرەب وئەرمەن و چەرکەس...دا دەڕۆی،

نەپێکهاتەی عێراق و عەرەبستان وەك ئێستا بوو، نە کوردستانیش وەك ئەمڕۆ وابوو .

ئەوێ ڕۆژێ عەرەبستان بریتی بوو لە دەسەلاَتی خدێوەکانی میسر و هەرێمەکانی سوریا وبەغداو بەسراو حیجاز و بەیروت..

کوردستانیش بریتی بوو لە چەند میرنشین چەند ویلایەتێك،کە ویلایەتی شارەزوور یەکێك بووە لەو ویلایەتانە وپایتەختەکەشی شاری کەرکوك بووە...

دوای لکاندنی کوردستانی باشوور بە عێراقی عەرەبی یەوە،دوای حەفتا ساڵ زوڵم و زۆرداری،دوای ماڵوێرانی و جینۆساید و ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کۆکۆژ..

ئیتر کاتی ئەوەوە هات باهۆزی دیموکراتی بەرەو هەرێمی ئێمەش هەڵ بکات .ئەوە بوو لە کۆتایی زستانی ١٩٩١دا ، گەل ڕاپەڕینی بەرپاکرد ولە بەهاری هەمان ساڵدا بە گەورەترین کۆڕەو ویژدانی مرۆڤ دۆستانی هەژاند.پاش بەهاناو بەهاوارەوە هاتنی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەرکردنی چەند

بڕیارێکی مێژووی کە گرنگترینیان بڕیاری ٦٨٨ بوو،وردە وردە لەپاڵ سێبەری چەکوشی ئامادەو لە سایەیی نیمچە ئاشتی یەکدا، لەگەڵ بڕیاری خۆیدا..کە بریتی بوو لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دواتریش جاڕدانی فیدرالیزم . بەلاّم جارێکی تریش مافی چارەنووسی گەلی کوردستان کەوتە بەر پەلاری پیلان و تانەو توانجی جیابوونەوە خوازی .

بۆ دەبێ میللەتیك بە شێوازێکی نوویی دیموکراتیانەو کۆك لەگەڵ ڕەوتی مێژوو و گۆڕانکاریەکانی جیهان، جووت لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتیەکاندا ، لە ڕێگای ئەنجوومەنی نیشتیمانی خۆیەوە چارەنووسی خۆی دیاری بکات .داوای ئاشتی و دیموکراتی و برایەتی گەلان بکات کەچی بە تیرۆریست و جیابوونەوە خواز .. تاوانبار بکرێ ؟!

بۆ دەبێ هاوڕێ و هەڤاڵی بەر پێ ی پەت و قەنارەو سیاچاڵەکان دوای گەیشتن بە دەسەلاّت لەهەموو بەڵێنەکانی خۆیان پاشگەز ببنەوە ....!؟

لەبیرمان ناچێتەوە حکومەتی (عبدالکریم قاسم) لەسالاّی ١٩٥٩دا لە بڕیارێکدا ڕایگەیاند:(هەموو کەسێك هێز یا زۆر بەکاربێنێ بۆ جیاکردنەوەی پارچەیەك لە عێراق یا نوساندنی بە دەوڵەتێکی بێگانەوە سزای مەرگە) .

ئەم بڕیارە ڕێك لاسای کردنەوەیەکی توندی ڕژێمی شاهەنشای ئێران بوو،کە لە ١٩٣٠/٦/١٢ لە بەندی دووەمی (قانون مجازات مقدمین بر علیه امنیت و استقلال مملکت) بڕیاری دابوو:

(هەرکەسێك،بەهەر جۆرێك بۆ جیابوونەوەی بەشێك لە ئێران یا بۆ زیان گەیاندن بەنەتەوایەتی یا سەربەخۆیی ئێران هەنگاو هەڵێنێ بەزیندانی هەمیشەیی لەگەڵ کارپێکردنی سەخت سزا دەدرێ).

جێی سەرسوڕمانە هەموو ئەو ولاّتانەی دەستیان بەسەر بەشێکی کوردستاندا دەڕوا بەناڕەوا بە بەشێکی ولاّتەکەی خۆیانی دەزانن و لەڕێگای ڕاگەیاندنەکانیشەوە شیوەن بۆ موسڵمانەکانی ئەفغانستان و بۆسنەو هەرسك دەکەن،فرمێسك بۆ براعەرەبەکانی فەلەستین هەڵدەڕێژن و یەخەی خۆیان بۆ تورکەکانی قوبرس دادەدڕن ! بەلاّم لە ئاست نەتەوەی بەوەفاو برای ڕۆژی تەنگانەیان،

بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردستان بە پێچەوانەوە بیر دەکەنەوە،ئەمە مانایی وانیە کە ئێمەی تەڕو وشك پێکەوە ئاگر بدەین، جێی خۆیەتی زۆر سوپاسی شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەو ودیموکراتخوازەکانی گەلانی دەوروبەر بکەین،بەتایبەت ئەو تێکۆشەرانەی لە کۆبوونەوەکەی (پیرمام)دا بەبەرچاوی هەموو

هاوسەنگەرانیانەوە،بەبەر چاوی دۆست و دوژمنەوە.. بڕیاری فیدرالیزمیان پەسەند کـرد. لـە هـەمان کاتدا.. هەموو کۆنەپەرستان و ناحەزان لەو ڕاستیە ئاگادار دەکەینەوە،دوور یا نزیـك ئـەو ڕۆژە هـەر دێ گەلەکەمان لەڕێگەی ڕیفراندۆمێکی ئازادەوە یـا لەڕێگـەی نوێنـەرانی دڵسـۆزیەوە لـە پەرلـەمان چارەنووسی خۆی دیاری دەکات..

یا بڕیاری یەکگرتنەوەی کوردستان، یا بڕیاری یەکیەتی ئارەزوو مەندانـە دەدات . ئەگـەر لـەو سـێ بڕیارەی سـەرەوە بڕیـاری یەکـەم و دووەم بـوو بـە بڕیـارێکی تـری مێـژوویی ئـەوە خیانـەت وتـاوان وجیابوونـەوەخوازی نیـە. چـونکە جیـا بوونـەوە جیـا بوونـەوەی بەشـێك لەگشـت دەگەیەنێ،نـەك یەکگرتنەوەو وگەڕانەوەی بەشێك بۆ لای گشت.

با بڵێین ئێستا گریمان برا شیعەکانی خواروی عێراق،کە خۆیـان عـەرەبن بڕیـاری جیابوونـەوە بـدەن.. بێشك ئەوە جیابوونەوە خوازی یە، چونکە جیاکردنەوەی بەشێکە لەگشـت بـەلاّم ئەگـەر کوردسـتانی باشوور بەپێ ی بڕیاری گەل بیەوێ لەگەڵ بەشێکی تری کوردستاندا یەکبگرێتەوە جیابوونـەوە خـوازی نیە ..(چونکە وەك ئەوە وایە ئێستا دووبەشی لێك دابڕاوی نیشتمانی عەرەب یەکبگرێتەوە)

چۆن ئەومافە بۆ عەرەب و تورك وئەلمان ڕەوایە،بەهەمان شێوە بۆکوردیش تاوان نیە..

## دەربارەی ریفراندۆم و
# مافی چارەی خۆنووسین

دوابەدوای ریفراندۆمەکەی باشووری سودان وراپەرینەجەماوەرییەکەی تونس..لێرە ولەوێ بەتایبەتی لەباشووری کوردستان گفتوگۆی گەرم وگوڕ دەربارەی جارێکی تر ریفراندۆم ودیاری کردنی(مافی چارەی خۆنوسین)و لێدوان لەسەرسەربەخۆیی ئەم بەشەی کوردستانی لکێندراو بە عێراقی عەرەبی یەوە هاتۆتەوە گۆڕێ...

هەندێك لەوقەڵەمانە بێباکن..بەتایبەتی ئەوانەی کەلەدەرەوەی کوردستان ولەهەندەران دەژین، ژیانی خۆیان وماڵ ومناڵیان فەراهەم بووە،قەڵەمە سەرەڕۆکانی لای خۆمانیش(لەگەڵ ریزمان بۆبیروبۆچوونەکانیان..)یان لەبەرئەوەی فیداکاری میللەت نادیدە دەگرن،یان بۆ ساتێکیش لە شۆڕش وخەباتدا بەشدار نەبوون ...

ئەگەر نا دەبێ بۆ بەلایانەوە گرینگ نەبێ ئەوەی بە فیداکاری وخوێنی شەهیدان و ماڵوێرانی گەلەکەمان بەدەست هاتووە..

خوانەکردە وەك كۆماری مەهاباد لە دەست بەربێتەوە وجارێکی تر سێدارە لە چوارریانەکاندا بۆ تێکۆشەرانمان هەڵخرێ..

لە مێژایە.. باو وباپیرانمان وتوویانە (ئەوەی لە شەڕدا نەبێ شیری تیژە )

تۆبڵێی ئەوتێکۆشەرانەی تەمەنی خۆیان وباوباپیرانیان کردۆتە قۆچی قوربانی ئامانجە رەواکانی گەلی کورد.. ئێستا ئەوان حەز بە بەدی هاتنی هەمەوو ئاواتەکانمان نەکەن..!!؟

با ئەگەر تۆزێکیش بێت واقیع بینانەتر چاوێك بە هەلومەرجی ئەورۆی کۆردستان وعێراق وناوچەکەدا بخشێننەوە..

با ژیرانەتر سەیرێکی جیۆپۆلۆتیکی ناوچەکە بکەین..!!

ئەوەنییە نەوەکانی رابردوو گلەیی لە سەرکردایەتی شۆڕشەکانی پێشوو دەکەن ودەڵێن(..ئەی بۆ واو وایان کرد..؟

بۆ وایان نەکرد،کەواتە سەرکردایەتی سیاسی ئێستای کۆردستان و رووناکبیرانی هۆشیارو دووربین، نابێ رێ بدەن نەوەکانی داهاتوو لۆمەی ئەوانیش بکەن و ریسەکەیشمان لێ ببێتەوە بە خووری..!!

ئەمرۆ منیش وەك رۆژنامەنووسێك،وەك هەرهاوولاتییەکی دی ئەم هەرێمە، ئەومافەم هەیە بەچەند پەیڤێك بەشداری لەو گفتووگۆیەدا بکەم..:

١—مەسەلەی مافی چارەی خۆنووسین..ئەوە مافێکی سرووشتی گشت گەلانە،ئێمەیش سەرپشکین ئەومافە چۆن پیرۆز دەکەین..

٢ — لەسەردەمی خەباتی شاروشاخدا،بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین کرۆك وناوەرۆکی خەبات وتێکۆشانی زۆربەمان بوو..

بەتایبەتی شەهیدە نەمرەکان .

٣ — پەرلەمانی کوردستان.. کە نوێنەری راستەقینەی جەماوەری راپەڕیوو وهەموو دانیشتوانی کوردستان بوو،لە ساڵی ١٩٩٢دا ،بە بڕیارێك کە بۆ ئەو قۆناغ وهەلوومەرجە بەباش زانرا، وەك دەسکەوتێکی مێژوویی جاڕی فیدرالی دا..

٤ – راستە..جێی خۆیەتی هەمیشە رێز لەبیرورای زۆرینەی خەڵك بگیرێ،مەسەلەی ریفاندۆمەکەی(٢٠٠٥)کەخۆمانیش یەکێکبووین لەوانەی لەلیژنەی باڵاَ واژۆمان لەسەر کردبوو. ئەو ریفراندۆمە ، هەموو لایەنە سیاسی یەکانی کوردستان بە ناراستەوخۆ پشتیوانییان لێ کرد، هەربۆیە ئەو ئەنجامە باشەی بۆ ئەو هەل ومەرجە بەدەستهێنا..

**بۆ ئەم هەل ومەرجە دژوارە پێویستە کورد چی بکات..؟!**

بۆ وەرامی ئەوپرسیارە هەقە کە هەموومان ئازادبین، تا سەرنج وبیرو رای خۆمان بەسەربەستی دەرببڕین،هەربۆیە منیش وەك هەرتاکێکی ئەم کۆمەڵگایە دەمەوێ باری سەرنجی تایبەتی خۆم لەوبارەوە دەرببڕم..:

- بۆ رۆژێکی وەکو ئەمرۆ کە کورد خۆی بەشێکی دیارە لە حکومەتی ناوەندی، ناشێ وەناکرێ مەسەلەی ریفاندۆم وەك کارتێکی فشار بەکار بهێندرێ، نەك هەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەتەنێ،بەڵکودەبێت هەمووان ژێرو هێمنانەو لەسەرخۆ..لەگەڵ ئەم پرسە چارەنووس سازە دا رەفتار بکەین ..

با نموونەیەکی زۆرسادە بهێنینەوە..کوردگۆتەنی (میوە ئەگەر بەکرچ وکاڵی بکریتەوە ناخورێ، ئەگەر زۆر پێبگا ونەکریتەوە هەرنابێ..چونکە دەگەنێ.)

بۆ بارودۆخێکی وەکو ئێستا، ئەو سیاسەتەی کە سەرکردایەتی سیاسی وسەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت وپەرلەمانی کوردستان پێرەوەی دەکەن، سیاسەتێکی راست ودرووستە.بەلاَم لەگەڵ هەمووئەوراستییانەی سەرەوەدا، راست ودروست تر ئەوەیە:

کەهەموو مان لە پشت سەرکردایەتی سیاسی خۆمانەوە، وەك پاڵەوانە بوەستین،لەگەڵ ئەوانەیشدا باشتر لە ئێستا دەست بە دەسکەوتەکانمانەوە بگرین..زیاتر چاودێری ئادا گوماناوییەکانی حکومەتی ناوەندی بکەین ..ئاگامان لە دوژمنایەتی هەندێ لەو وەزارەتانەیش هەبێت کە بەئاشکرا دوژمنایەتی هەمووکورد بەگشتی وناوچەدابڕێندراوەکان بەتایبەتی دەکەن..

ئەگەرهاوئۆپۆزسیۆنەکانی پێش پرۆسەی رووخانی دیکتاتۆرو داڵدەدراوەکانی (وادی الاحزاب)و بەشداربووانی کۆنگرەکانی (ڤیەننا ) و (لەندەن) و(صلاح الدین)...بەلێنەکانی کۆن ونوێی خۆیان لە

سەلماندنی هەموومافەرەواکانمان.. بەمادەی١٤٠و مەسەلەکانی نەوت وبودجە وجێ بە جێکردنی دەستووریشەوە ...سەلماند.

ئەوە ئەوسا درووستە ئێمەیش هەموو پێکەوە کار بۆ پێشەوەچوونی رەورەوەی ئاشتی ودیموکراسی وپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە حکومەتی هاوبەشی نشتیمانی دا بکەین.

خۆئەگەر..خودانەخواستە بەپێچەوانەوە ،عەقلییەتی شۆڤــینی پاشماوەکانی رژێمی پێشوو باڵا دەستبوونەوە و کوتنەوە فرت و فێڵ وپاشگەزبوونەوە لە دەستوورو لەمافەکانی خەڵکی کوردستان، ئەوسا چارنییە،دەبێ بای بای لە بەغدا بکەین و بیر لەوە بکەینەوە یا لە رێی ریفراندۆمێکی ترەوە یا وەك جاری پێشوو لە رێی پەرلەمانی کوردستانەوە بریاری دامەزرانی کۆماری کوردستان بدەین وبە راگەیاندنێك داوا لە(کۆماری عیراق)ی عەربی بکەین بۆ چۆنیتی پێکەوەژیان لەسایەی ناوەندێکی (کۆنفیدرالی) دا..کەئەوە پیادە کردندنێکی راست ودرووستی (مافی چارەی خۆنووسین)ە ئەوە بە هیچ شێوەیەك جیا کردنەوەی بەشێك لە نشتیمانی عەرەبیش نییە....

خۆ ئەگەر ئەوێ رۆژێ ئەومافەرەوایەشیان هەر پێمان رەوا نەبینی(کەزۆر زەحمەتە رەوای ببینن) ئەوە ئیتر جێی خۆیەتی هەموومان کۆدەنگ بین لەسەرئەوەی ئێمەیش وەك باشووری سودان مافی رەوای خۆمان دیاری بکەین وبریار لەسەر سەربەخۆیی کوردستان بدەین و تێکرا بڵێینەوە (کوردستان یا نەمان)

٢٠١١\١\٢٥

کەرکوك

---

* نووسەرورۆژنامەنووس وئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان

## داگیرکاری*

لەپاش یەکخستنی هەرسێ ویلایەتەکانی بصره وبەغداوموصل وپێکهێنانی یەکەم دەوڵەتی عێراق، تائەمڕۆسیاسەتی داگیرکاری کوردستان وشێواندنی تایبەتمەندییەکانی میللی گەلی کورد،لەلایەن دەسەلاتی عەرەبییەوە سیاسەتێکی نەگۆڕبووە.ئەگەرلەشێوەوقەوارەی جێبەجێ کردنەکەیشدا جیاوازی هەبووبێ، عەقلیەتی شۆڤینی کاربەدەستانی عەرەبی عێراق هەمیشە دەوڵەتەکەیان بەتەنیا بەهی خۆیان زانیوەومافیان بەخۆیان داوە دانیشتووانی غەیری عەرەب بەهاوولاتی پلەدوو وپلە سێ دابنێن. فیصلی یەکەم کەبووبەمەلیکی عێراق ئەویش لەوبوارەدا هەنگاوی خۆی نا، ئەوە بوولە(قوڵە)ی ناوچەی خانەقین ودەوروبەری چەندین هەزار دۆنم زەوی بەپیتی لەکورد داگیرکرد،ئێستاش ئەوزەویانەبەکێڵگەکانی مەلیك ناسراون، هێشتاعەرەبی عەرەبەکان بەهی خۆیانی دەزانن.

پاش ئەوەیش ناوچەی(حەویجە)ی سەربەکەرکوك بەپێی نەخشەیەکی داڕێژراولەکۆتایی سییەکان کۆنترۆڵکراوخێڵەعەرەبەدوژمنەدارەکانی(تکریت ودیالی وموصل)ی تێدا جێگیرکرا.بەتەنیا لەسەردەمی(عبدالکریم قاسم)دا نەبێ کەبۆماوەیەکی کەم سیاسەتی تەعریب ڕاوەستا،ئەگەرنا دواتر لەساڵی١٩٦٣بەدواوەبەگەرمی وبەپێی نەخشەی داڕێژراو دەسەلاتی عەرەبی هەمووناوچەکانی کەرکوك وژەنگاروخانەقین وجەلەولاو مەخموورو چەند ناوچەی تری بەپیت وبەرەکەتی خستەبەرئەوشالاوەچەپەڵەی تەعریب وتائێستایش بەردەوامە..

* لە بلاوکراوەی (کەرکوك) ژمارە ٤ی تشرینی یەکەمی١٩٩٨ بلاوکراوەتەوە.

بەرلەجەنگی جیهانی یەکـەم ودوای ئـەویش لـەهیچ کاتێکداخـەڵکی کـورد هـەوڵی ئـەوەیان نـەداوە تەنیایەك بستەخاکێ لەنشتیمانی عەرەب داگیربکەن و بیخەنەسەرکۆردستان وخەڵکەکـەی بەزۆربکـەن بەکورد. بەپێچەوانەوە ئیستایش لەکوردستانی ئازاد داچـەند گونـدێکی عـەرەبنشـین هەنەخەڵکەکـەی درێژەبەژیان وداب ونەریتی کۆمەلایەتی خۆیان دەدەن وهیچ چەوسانەوەیەکیان لەسەرنییە...

لـەکۆتایی سـەدەی بیسـتەمدا ،لەسـەردەمیجیهانگیری ودیموکراسـی وداکـۆکی لـەمافی مرۆڤـــ بەبەرچاوی هەمووجرۆڤایەتی وUN ورێکخراوەکانیـەوە... دەسـەلاتی عـەرەبی لـەعێراق بێشـەرمانە وبەگەرمی درێژە دەدات بەجێبـەجێ کردنـی سیاسـەتی زاڵمانـەی خـۆی ،بەبەعـەرەبکردنی کـەرکوك وخانەقین ومەخمووروناوچەکانی تری کوردستان..ئەوەجگەلەوەی کەدەمێکە لەتەعریبکردنی ناوچەکانی مەندەلی وبەدرەوچەندشوێنی تر بۆتەوە..

جێگای سەرنجەکەدەسەلاتی عـەرەبی لەعێراقـدا لەگـەڵ هەمووئـەوگیرو گرفتانـەی پێـوەی دەنـاڵێنێ وهەرەشـــەی لەناوچـــوونی لێ دەکـــرێ کەچـــی هێشـــتا دەسبەرداریئەوسیاســـەتە چـــەوتانە نـــابێ وبەڵکوبەئەرکێکی ستراتیژی خۆی دەزانێ وکاری بۆدەکات..

لەگەل سەرکەوتنی هەوڵەکانی ئاشتی (کورد-کورد)وبایەخدانی هەموو جیهان بەکێشـەی کورد،کەچـی هێشتالەلایەن کاربەدەستانی عێراقەوە هەوڵی تەعریب کردن بەهێزتر دەبێت..

کاربەدەســـتانی ئێســـتای عێـــراق وابیردەکەنـــەوە یـــەکبوونی کـــوردان وئاشـــتی نێومـــاڵی کـــورد هەرەشـــەلەبەرژەوەندییەکانی ئـــەوان دەکات،کەدیارەئـــەیش بیرکردنەوەیـــەکی هەڵەوناڕاســـتە.جێـــی سەرسووڕمانە لەکاتێکدا رژێمـی عێـراق هـەوڵی بەعـەرەبکردنی کوردسـتان دەدا ، هێشـتا زۆربـەی هاوولاتییانی عەرەبی عێراق ناحەزی کاربەدەستانن،کەچـی هەنـدێکی تـر کـەم وزۆر هاوکـاری رژێـم دەکـەن لەجێبـەجێکردنی سیاسـەتی تـەعریب وئاوارەودەربـەدەرکردنی خـەڵکی کـەرکوك وخاتـەقین وناوچەکانی تری کوردستان،بێ ئەوەی گوێدانەئەوەی ئەم کردەوانە مـەترسـی هەیـە لەسـەر پەیوەنـدی لەمێژینەی نێوان کورد و عەرەب.بەعەرەب کردنی زۆرەملێ وەك(تصـحیح القومیـە)وهـەررەفتارێکی

زاڵمانەی تری وەك دەرکردنــی هــاو ولاٚتیــانی کــورد لــە ســەر مــاڵ ونشــتیمانی خــۆی سیاســەتێکی (**استعماری استیطانی**)یەکەسەردەمی نەماوەوبەسەرچووە.

جێی سەرسوورمانەلەکاتێکداعەرەبی عێراق بەگژ داگیرکردنی خاکی عــەرەبی (**فلسطین**)دا دەچــنەوە بەلاٚم لەهەمان کاتدا هەق بەخۆیان دەدەن هەمان کاری دزێو ونامرۆڤانە دژبەکوردستان ئــەنجام بــدەن، کوردوەك میللەتێکی خاوەن خــاك وتایبەتمەنــدی خــۆی کەلــەقوولایی مێــژووەوەخۆی بــەخاوەنی ئــەم خاکەدەزانێ هەرگیزقایل نابێ تاوا نی بەعەرەبکردنی کوردســتان تاســەرجێبەجێ بکرێت،عەرەبــەکانی عێراق وبەتایبەت کاربەدەستان دەبــێ ئەوراســتییە بــاش بزانــنداگیرکردن وزەوت کردنــی خــاك وولاٚت وشــاروگوندی کوردســـتان هەروابــەخۆڕایی بەئاســانی بەسەرناچــێ،هەقە (رای گشــتی وئیســلامی وعەرەبی)یش لەم تاوانانە بێدەنگ نەبن.



# کۆمەڵکوژی فەیلییەکان

لــە ڕۆژی(٧)ی نیســانی ١٩٨٠ دا، ڕێــك لــە ســاڵیادی دامەزرانــدنی حیزبــی بــەعس دا، دەزگــا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم، لەکاتی کۆکردنــەوەی (٤٨٠) بازرگــانی عێراقــدا ،هــەموو بازرگانــە کــوردە فەیلییەکانیان گرت و ڕاپێچی زیندانەکانیان کردن. دواتر دەست بەسەر هەموو سەروەت وســامانیاندا گیراو،خۆیان لەســەر ســنووری ئێران -عێراق فڕێدران و ناچارکــران ڕووڵــە ژیــانی پڕلەچەرمەســەری وئاوارەیی بکەن و، پەنابەرنە بەرکۆماری ئیسلامی ئێران ..

شان بەشانی ئەم شاڵاوە نەگریسە،لە هەمووگەڕەکە فــەیلی نشــینەکانی (بغــداد)و(بصــرە)و(کــوت)و( عەمارە)و(بەدرە) و(جەسان) و(مەندەلی) و(خانەقین)و(علی الشرقی)و(علی الغربی) و(بابل)و(ســویرە) و .. لەهەموو ناوچەکانی ناوەراست و خوارووی عێراق ، پەلاماری کوردە فەیلییــەکانیان دراو زیــاتر لــە (٣٠٠)هــەزار کەســیان لەســەر مــاڵ و ســەروەت و ســامانی خۆیــان گــرت و دوای دەســت بەســــــەراگرتنی مــاڵ و موڵکیــان ، لەبەرانبــەر شارۆچــکەی (ســۆمار) ئــاودیوی ئــەو دیــو ســنــــــووری (ئێران) کران ..

ئەمە لەکاتێکدا بوو،هەموو ئەو گەنج ولاوانەی تەمەنیان لە نێوان (١٥) تا (٢٠) ســاڵان بــوو ، کــە ژمارەیان نزیکەی(١٠) هەزار کەس دەبوون ، ڕاپێچــی زیندانــەکان و بیابانــەکانی خــوارووی عێــراق کرابوون ..بەپێ ی هەندێ زانیاری کە میــدیاکانی ڕاگەیانــدن قســەیان لەســەر کــردووە ، دوو هــەزار

کەسیان بە بیانووی (پاکسازی بەندیخانەکان) لەساڵی ١٩٨٧ پاکتاو کران و هەشت هەزاریشیان بەر لە ئەنفالەکان بۆ مەبەستی چۆڵکردنی (نوگرەسەلمان) و چەند زیندانێکی تر بە کۆمەڵ کوژکرابوون ..

ئەم زووڵمە گەورەیە ، لە ڕۆژگارێکدا بەڕێوە چوو ، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی باسیان لەوە دەکرد گوایە تەکنەلۆژیا هێندە پێشکەوتووە (کەشتیە ئاسمانیەکان .. ئەگەرلە بیابانەکانی خوارووی عێراقدا (٣) پرتەقاڵ لەسەر یەك دانرابن ، یەکێکیان لابرێ پێ ی دەزانن ..) کەچی بەداخەوە ئەوێ ڕۆژێ لەبەر بەرژەوەندی زلهێزەکان .. کەس بەرانبەر بەو تاوانە هەڵوێستێکی شیاوی وەرنەگرت و جارێکی تر بەندەکانی جاری گەردوونی مافی مرۆڤـــ پێشێل کرانەوەو مۆتەکەی بێ دەنگی باڵی بەسەردا کێشا و سرپۆشکرا ...

ئەمرۆ لە کاتێکدا ئێمە کە دەبینین رژێمی جێبەجێ کاری ئەو تاوانە رووخاوە ،سەرانی ئەنجامدەری تاوانەکان هەندێکیان بەر تۆڵە و سزای یاسایی کەوتوون ، ئەوانی تریش لەرۆژانی رابردوودا خرانە قەفەسی تاوانەوە و بەبەر چاوی جیهانەوە دادگایی کران و تاوانەکەبەجینۆسایدناسراوتاوانبارنیش هەرکەسەیان بەپێی تەرازووی داد سزا دران، هەقە وەك چۆن کاتی خۆی بەو کارەساتە ماتەمبار ونیگەران بووین ،ئێستایش بەدەرچوونی ئەم بریارەی دادگای باڵای تاوانەکان فەرامۆشیمان بێت پیرۆزبایی لەیەك بکەین..



## رۆژێ لەڕۆژان

بەبیرم دێ رۆژێ لـەرۆژان لاوبـووم لەگوندێکـدا دەژیـام گوندەکـەمان بووبـوو بەلانکـەی کوردیـەتی، بنەماڵەکەی ئێمەیش وەك باقی دەوروبەر هەوڵی بەشـداری خـەباتیان دەدا ، بـاوکم(مەلامحمـدحاجی-شەوگێڕی) بە(مەلامحمدی شەل)یش ناسرابوو،شارەزایی باشی لە زمانی عربی هەبوو، یەکێك بـووە لـە فـەقێکانی (مـەلای گـەورە)هەربۆیـە پەیوەندیشـی لەگـەڵ رۆشـنبیرانی سـەردەمی خـۆی بـاش بوو،زۆرئاشنای خوالێخۆشبوو(گیوی موکریانی )بوو، زۆرجارن منیشی لەگەڵ خـۆی دەبـرد بۆهـەولێر، چاپخانەی کوردستان لەپاڵ قەلاً لەگەڵ کتێبخانەکەدا لەدوو دوکانی ئاسایی دابوون ،گیو منی منـاڵی زۆرخۆش دەویست، دیاری هەموو سەفەرێکم لای ئەو هەرکتێب بوو ،تائەنفالەکانیش(فـڕی فـڕی قـەل

فرِێ )و (دیاری مەلای کۆیە)و(دیوانی صافی )و(**دیوانی طاهربك**)..وەك بەنرخترین یادگاری لای من پارێزرابوون.لەگەڵ خوالێخۆشبوو(**محمدامین عصری**)دا زۆر دۆست بوو ،هەرجارێك بهاتینایە شار سەردانی خۆی وچاپخانەی (ترقی)وکتیبخانە بچکۆلانەکەیان دەکرد کە لەپشتی قەلاوەبوو،ئەویش دەیزانی من حەز بە (لعابە)ناکەم،هەمووجارلەچاپکراوەکانی خۆی(وەفاتنامە)و(لەیل ومجنون ) و(حیکایەتی دزوقازی )و(ئەمیرئەرسەلان)..پێشکەشم دەکردم، زۆرحەزی دەکرد لەگەڵ (عبدالخالق)ی کوری ببین بە دووهاورێ ،زۆرجار بۆکتێبخانەکانی سلێمانیش دەیبردم ..باوکم مەلایەکی نیشتمان پەروەربوو، زۆرتێدەکۆشا هەتا پەرە بەئاستی خویندەواریم بدەم ،تابتوانم ئەندامێکی چالاکی گەلەچەوساوەکەم بم. بەداخەوە هەلومەرج بۆمن لەبار نەبوو کەبتوانم درێژەبەخوێندن بدەم ،لەساڵی١٩٦٣وە تاساڵی١٩٧٠ بەشی ئێمەیش وەك باقی خەڵکی ناوچەکەمان هەرئاوارەیی ودەربەدەری بوو،ئیتر چەوسانەوە..بووبەقوتابخانەی کوردایەتی وکوردایەتی بوو بەوانەی روناکبیری وروناکبیریش فێری کردین هەق لەناهەق و رەش لەسپی..جیابکەینەوە ،لەکۆتایی شەستەکانەوە دەستم بەکاری پارتایەتی کردلەریزەکانی (پارتی)دا.لەساڵی (١٩٧٤)خەباتی شارم گرێدا بەخەباتی شـاخەوە هەربۆیە نازناوی(شاخی) یشم پێ برا..پتر لەساڵ ونیوێك لەشۆرشی ئەیلول دا لەهێزەدلێر و ئازاکەی (رزگاری)بەشانازی یەوە پێشمەرگەی دڵسۆزی رێگای رزگاری گەل و ولاتەکەم بووم.

ناهەقە ئەگەر ئەوراستییە نادیدە بگرم کە ئەوماوەی پێشمەرگەی ئەیلول بووم،بۆمن سەرەتایەکی باش بوو بۆ فراوانترکردنی ئاستی هۆشیاری وراهاتن لەسەر خەباتی سەخت و دژواری شاروشاخ ، زۆر راستی حاشاهەڵنەگر تێگەیشتم کە لەوەپێش هیچ زانیارییەکم لەسەریان نەبوو.

هەربۆیە کەئاورِ لە رابوردووی خۆم دەدەمەوە،مافی خۆمە شاازی بەو سەردەمەی خۆمەوە بکەم.



# نسكۆی ١٩٧٥

لەکاتێکدا بەدانپێدانانی سەرانی ڕژێم سوپای عێرق لەبەرانبەر هێزی پێشمەرگەی قارەمانی کوردستاندا لەپاشەکشەدابوو، زەخیرەی چەك وتەقەمەنییان لە تەواوبووندابوو. .سەرانی ڕژێمی بەغدا زانییان کاریان لەکار دەترازێ و دەسەڵاتیان لەکوردستان نامێنێ، هەربۆیەبیریان لەداڕشتنی پیلانێکی نوێ کردەوە، کەئەویش بریتی بوو لەپەیوەندی کردن لەگەڵ جامیعەی عەرەبی ودەوڵەتەدراوسێکان،ئەویش بەمەبەستی داڕشتنی پیلانێکی شووم دژی گەلی کوردستان. دوای ڕێکەوتنەشوومەکەی جەزائیری نێوان (شا- صدام) وپەرتەوازەبوونی پترلە(٢٠٠)هەزار پێشمەرگە وچەکداری شۆرشی ئەیلول هێزی رزگاریش وەك سەرجەم هێزەکانی تری شۆڕش ئاشبەتاڵمان لێ کرد ،هەندێکمان بەرەوسنوورەکانی ئێران وهەندێك خۆیان حەشاردا، ئەوانی تریش بەناچاری لەخوارووی عێراق لەسەربازگەیەکی شاری (دیوانیە) بەناوی(معسكرالعائدون) گیرساینەوە.ئەوسووکایەتی یەی لەوشوینەدا بەرانبەر بەقارەمانانی ڕۆژانی پێشترو تەلبەند کراوانی ئەورۆژە دەکرا مەگەر لەسەردەمی کۆیلایەتی دا لەمێژووی مرۆڤایەتی کرابێ، ئەوەی هەرگیز لەیادم دەرناچێ جگەلەوەی ڕۆژانە ناشایستە سەرژمێردەکراین،ناوەناوەیش بۆچاوشکاندنی نەیارانی خۆیان لەشاری دیوانیە راپێچی

سەرشەقامەکانیان دەکردین ، گوایەخۆنیشاندان دەکەین دژی سوریا، بەئارەزووی خۆیان هوتافی نامۆییان بۆدەگۆتین تائیمەیش بیلێنەوەوەك(جیش وشعب للمعرکە)خەلکەکەیش یەك دەنگ دەیانگوت(جیش وشعب للبحرکە) لەگەڵ ئەوەی بەخواردنەوەی ئاوی شوێر رانەهاتبوین، ئاووهەوایەکی ناسازی هەبوو، لەکاتی هەلکردنی رەشەبایەکدائاگریان لەکەپرەکانمان بەردرا، بەپەلە پروزێ خومان رزگارکرد، کەبەداخەوە پێشمەرگەیەك فریانەکەوت وسووتا، هەندێ لەکۆنە(عریف)ەکانی سوپای عێراق کەپێشتر لەناوشۆڕشداپلەیان هەبوو،لەوێش کێبەرکێیان بووخۆیان لەکاربەدەستان دەبردەپێشەوە، هەربۆیە بۆنارەزایی دەربڕین چوومەلای کاك (عریف نامیق رسول)و بێزاری خۆمم دەربڕی، لێم نەشاردەوە کەپەشیمانم لەگەڕانەوە،جارێکی ترئامادەیی خۆم نیشان دا بۆگەرانەوە بۆکوردستان، من بەوەم نەدەزانی کە ئەم هەلوێستەی من لای ئەوهەڤاڵە دەبێتەهۆی متمانەو دەگەڕێتەوەلای هەڤاڵەکانی کەلەرێکخراوێکی نهێنی بەناوی (کۆمەڵە) کاریان دەکرد ، بۆیانی دەگێڕێتەوە، ئیتر لێرەوە سەرەتای وەرچەرخانێك دەستی پێکرد.

## چۆن پەیوەندیم کرد..؟

هەلسوکەوتی سەرپەرشتیارانی کامپی گەڕاوەکان(عائدون) زۆر بیزاری کردبووین،لەنێو خۆماندا تایبەت ئەوانەی لە یەکترمان رادەبینی،نارەزایی و پەشیمانیمان دەر دەبڕی، زۆربەمان بیرمان لەوە دەکردەوە ئەگەربەهەرشێوەیەك بێت کار بۆگەڕانەوە بۆکوردستان بکەین،ئەگەر مردیشین با وەك هەلۆ لە شاخەکان بمرین.

رۆژی ٧-٤-١٩٧٥دوای خوێندنەوەی (پرۆژەی پێرۆی ناوخۆی کۆمەڵە رەزامەندی خۆم بەو هەڤالأنەی متمانەیان پێکردم دەربڕی و رایان سپاردم دەست بە کاری رێکخراوەیی بەشێوەی نهێنی بکەم..



# وەرچەرخان

ئەگەرچی لەسالآنی١٩٧٣-١٩٧٤لەرێی(کاك عبدالرزاق) ەوەلە(ئوتێل ئاشتی)لەشاری کەرکوك ولە(کاك علی صالح)ەوە لەکاتی پێشمەرگایەتی شۆڕشی پێشووکۆمەڵەم وەك رێکخراوێکی پێشکەوتووخواز ناسی بوو،بەلاّم ئەوێ رۆژێ پەسندم نەدەکردوپێم وابوو لەگەڵ هزری مندا ناکۆکە،ئەمجارەیان هەموو هاوسەنگییەکان گۆڕابوون، وەرچەرخانێکی سەیری بەقازانجی گۆڕان لەهەست وبیروهۆشی ئێمەدا هێنابووەئاراوە، هەربۆیە وەك پێشتر باسم کردووە بڕیارم دائەنجامەکەی هەرچی بێت بچمەسەنگەری بەرگری و تێکۆشانی نوێوە. ئیتر پەیوەندیمان بەچەند رۆژێك تەفروتونایان کردین و بەسەر سەربازگەکانی عێراقدا دابەشیان کردین، بەرێکەوت ئێە لەسەربازگەی (المنصوریە )لە نزیکی شارەبان گیرساینەوە، پاش مانگێك بەناچاری دەسبەردارمان بوون،دوای ئەوەی لەسەربازی

تەسریح کراین ..گەرامەوە شاری کەرکوك ، بەپێی رێنمایەکانی کۆمیتەی هەرێمەکان کەوتینە چالاکی ، بەدەیان پیاوی تیکۆشەری وەك (احمدعارف،مەلافەرمان،رەحمان حمیدجۆلا، عبدالحمیدعبدالله،برهان چوارداخی،نەعمان دڵسۆز، رەفعەتەسور،مام رەئوف کاولەسواری ،عبدالرحمان حاجی بەیخانی،محسن عمرصدیق (رەنجە) ،جوامێرجەوەجەوەیی، حەمەرشیدجەوەجەوەیی،مەلامحمد ئاومالی، صابرقادر، دکتۆرعصام شوانی،عبدالرحمان شکورقصاب(پیران)،مامۆستاعەلی( چێنەر). چەند کەسێکی تر کەئیستا ناوی هەموویانم لەیادنەماوە یان لەبەرچەندهۆیەك ناویان ناهێنم.پەیوەندیمان بەرێکخستنەوە کرد....

ئەوانیش لای خۆیانەوە بەشێوەی هێشوویی خەڵکی تریان رێکخستبوو.دوای دروست بوونی(کۆمیتەی ئاگر) ئێمە بوین بەکەرتی رێکخستنی (جەمالەڕەش) ئیترپەلوپۆمان هاویشت بۆ سنوری (بیبانی، سالەیی، شوان، شێخ بزێنی، دەشتی هەولێر) بەدەیان تێکۆشەرمان یان ریکخستبوو، یابەرەوبیشمەرگایەتی ئاراستەمان کردبوون ، لەوانە: سەربازمام حوسین، جەنگی، مەلاعبدالله،شەهیدملائاراس،شەهیدحاجی هەڵەت،شەهیدعوسمان جەمیل، شەهیدنقیب سیروان،شەهیدملاسەمد،شەهیدصالح B.k.C ،شەهیدمام برایم،(شەهید ئاکۆسور)،حسین عبداللە، لاوەکوێخایابە،حسین مولود، فقێ مولود، هەڤاڵ نەبەز، هەڤاڵ عەول، دکتورسلیمان، عوسمان محمدحاجی ، شەهیدمام کریم، هەریەکێك لەمانیش لەراست خۆیانەوەدەست بەکاربوون ، کۆمیتەی ئاگر هەرئێمە نەبووین، بەڵکوجگەلەکەرتەکانی ناوشار، لیژنەتایبەتیەکان ، بەدەیان هێلی تری لە دووبز وگەرمیان و چەمچەماڵ وزانکۆی سلیمانی وپەیمانگاکان ولەنێوسوپا..دا دروست کردبوو. شاعیرورۆژنامەنووس هەڤاڵ(أحمدعارف) حەساری لەلایەن دەزگاکانی ئەمنی رژێمەوەگیرا، ئێمە ئەوانەی ناسیاوی بووین ترسمان لێ نیشت، چەندمانگیك لەدڵەراوکێ و ئامادەباشی دابووین،بەلام خۆی وهاورێکانی بەڕاستی خۆراگروبوون، دوای ئەوەی لە ٦ تا ٢٠ساڵ حوکمەدران،بەلام هیچیان لەسەرئێمە نەدرکاند، ساڵی١٩٨٠ لەسەر داوای رێکخستن لە(ابوغریب) سەردانم کرد، یارمەتی رێکخستنم گەیاندە خۆی وهەڤاڵەکانی . دواتر (ع.م)گیرا،پاشان ئازادکرا،هەندێك لەهەڤالانمان لێی بەگومان بوون، بەداخەوەپاش ئازادبونی بەماوەیەك ،کۆمیتەی ئاگر کەوتە بەرشالاوی گرتن

وراودوونـان، مــەلامحی الـدین وهاورێکـانی ڕاپێچـی زینـدان کـران. لـەو سـەروبەندە دا مـن لـەدێی (بیرەسپانی خواروو) دادەنیشتم.

لەرۆژی١٩٨١\١٠\١٧ چەند سیخورێك لە ئەمنی پردێ (ئاڵتون کوپری) بەفێڵی ئەوەی گوایە **محسـن عمرصدیق**(ڕەنجە) ناوی گەڕاوەتەوە بۆخوێندن،خۆیان بەناوگوندەکەداکردو لەپڕێکداقۆلبەسـتیان کـردو رفانـدیان ، دواتـر ڕاپێچـی ئـەمنی کـەرکوك وهەیئـەی خاسـەی کـەرکوکیان کـرد، پـاش ئازاروئەشکەنجەیەکی زۆر بە ٢٠سال زیندانی حوکم درا...

جاریکی تر هەوری ترس ئاسمانی لیٚ تاریك کردینەوە،بەتـەواوەتی جێمـان لیٚ لـەق بـوو،لەگـەڵ چـەند هاورێیەك قسەمان کرد،بڕیارمانداخەبات لەنهێنییەوە بگویزینەوە بۆخەباتی پیشـمەرگانەی شـاخ ڕۆژی هـەینی وتـارێکی ئـاینی پـوختم ئامـادەکرد، لەمینبـەری مزگەوتەکـەوە لەبڵنـدگۆی زولالی ئەمپریفایەرەکەمەوە باسی زوڵم و زۆرو چەوسانەوە، باسی پاکتاوی نـەژادی و تاوانـەکانی تـری رژیـم ودەزگاسـەرکوت کـەرەکانیم بۆخەڵکەکـە ڕوونکـردەوە..سـەعات (٢)ی پـاش نیـوەڕۆ هـەواڵی دەستگیرکردنی نەعمان أنوەر احمد (دلّسۆز)و (ڕەحمان حمیدجۆلا) وچـەندهەڤاڵێکی تـرم پێگەیشـت، هەرئەوشەوە چووبوونە سـەر کۆنەماڵەکـەی مـن لـە ڕەحیمـاوا، خۆیـان بەماڵەکـەداکردبوو،دوای پشکنین و(تحقیق هویە)داوای لێبوردنیانکردبوو، پاسـاویان هینـابۆوە ، کەگوایەزیندانیـەك هـەلاتووەو بەهەڵە هەواڵیان پی دراوە هاتۆتە ئەم ماڵەوە..

مـن لـەخۆم حـاڵی بـووم رۆژی١٨ \١٠\١٩٨١ بەماتۆڕسـواری خـۆم گەیانـدە شـاری کـەرکوك لەگەڕەکی(ڕەحیماوا)چاوم بەچەند هەڤاڵێك کـەوت،لـەگیرانی(محسـن عمرصـدیق)ئاگـادارم کردنـەوە، بەرنامەی دەرچوون بەرەو(چەمی ڕەزان) و (هەرێمی 2 ی کەرکوك)مان دارشت، هەڤالێکمان راسـپارد بۆبەغـدا بـۆ هینانـەوەی کـاك (محمودمحمـد-مەلافـەرمان)شـوێن وکـاتی یەکگرتنـەوەمان بۆدیـاری کرد،کەسێکمان راسپارد، چووهەڤاڵ (نەعمان دلسۆز)ی ئاگادارکردەوە،یـەکێکی ترمـان ناردبۆمـاوەت ،بۆئاگادارکردنەوەی هـاوڕیٚ(ڕێبـوار)هـەڤاڵ (رحمـان حمیـدجۆلا) ئاگادارکرایـەوە کـە بلاۆکراوەکـان و بەڵگەکان حەشاربدات و بەپەلە بچێتە دەرەوەی شار ...

رۆژی١٩\١٠\١٩٨١ گەڕامەوە (بیرەسپان) هەرچی بڵاوکراوەو شتی نهێنی ڕێکخستن هەبوو ، مانەوەی پێویست نەبوو، هەمومان سوتاند، ئەوانەش بۆ ڕێکخستن زەروری بوو،دوای خۆمان دەشیا قازانجی هەبێت لەگەڵ هاوڕێ نامیق رسول ی ناسراوبە(عریف نامیق) حەشارمان دان.

٢٣/١٠/١٩٨١ هەرئەوپاش نیوەڕۆیە جلێکی خاکیم لەبەرکردو گەردن ئازایم لە منالەکان وکەس وکارم کردو ڕێی شاخم گرتەوەبەر.خۆم گەیاندە ناوچەی(شێخ بزێنی)و(هەرێمی2 ی کەرکوك)ی (یەکێتی ی نشتیمانی ی کوردستان) لە چەمی ڕێزان ، هەر بەدەم ڕێگاوە ئەم شیعرەم نووسی:-

**لەوساوەهەم**

**لەسای لوتکەو بنار ئەژێم،**

**هەروائەژێم،**

**لەورۆژەوە پیم گرتوە،**

**ڕێم گرتووە،**

**ئیستایش لەرێم.***

رۆژی٢٥\١٠\١٩٨١هاوڕێ (مەلافەرمان)و(ڕێبوار)و(١٠)هەڤاڵی ترسەنگەری خەباتی نهێنی و ژێرزەمینیان بەجێهێشت و پەیوەندیان کرد بە خەباتی پیشمەرگانەی شاخەوە.

هاوڕێ(نەعمان دلسۆز **)بێ سەروشوین کرا،دوای ڕاپەرین لەبەلگەنامەیەکدا کە لەکتێبەکەی برزۆعەلی هەژاردا بلاوکرایەوە. بۆمان روون بۆوە،هاوری(نەعمان انوراحمد) لەگەڵ(علی هەژار) وچەند تیکۆشەرێکی تری گەلەکەمان شەهیدکراون، پاش سێ مانگ ئازاروئەشکەنجەی زۆرهەڤالان(رحمان حمیدجۆلا)و (صابرقادرئاومالّی)و (احمد شەوگێری)و(سلیمان محمد حاجی) برام و(حسن حمەرەش)و چەندهەڤالێکی تر،لە(٦)ساڵ و(١٥)ساڵ تا زیندانی هەتاهەتای حوکم دران. لە رۆژی١\١١\١٩٨١من و کاك مەلا فەرمان یەکەم کۆبونەوەمان لەگەل هەڤاڵ (علی صالح)و (مەلائاراس)وچەند هەڤالێکی تری (هەرێمی 2 ی کەرکوك) ئەنجامدا،هەریەکەمان کاری نوێ، سنوری کاری نوێمان بۆدیاری کرا،کەوتینەوەچالاکی وبۆبلاوکردنەوەی ڕێبازی کوردایەتی رەسەن و بیروباوەری نوێ ی (ی.ن.ك) لەنیوان جوتیاراندا. بەپیچەوانەی جارانەوە، ئەمجارەیان لەشاخەوە

کەوتینەوەسەرپەرشتی کردنەوەی هەڤاڵەدابراوەکانی ناو شـار. بلاۆکراوەکـانی (کۆمەڵـە) و (ی.ن.ك) مان دەناردەوە ناوشارەکان..

زۆری پێ نەچوو هەڤاڵ(شیخ برهان شیخ رئـووف)یـش پەیوەنـدی پێـوە کـردین، رژێـم لـەبونی ئێمـە لەوناوچانە، لەجموجۆڵەکانمان زۆر نیگەران بوو،سـەرەتا بەنـەرمی و بەخۆشـی کەوتنـە نـاردنی خـەڵك بۆلامـان،داوای گەرانـەوەو لێبـوردن و تـەماحی پاداشـتی گـەورەیان نیشـان دەدایـن ،بـەلاّم لەراست(مبدا و)وبیروباوەری ئێمە ئەوشتانە هیچ نەبوون ..

کەنائومیـدبوون،کەوتنـە هەرەشـە لـە خۆمـان وکەسـوکارمان.چـەندین جـار بـە هەلیکۆپتـەرو دستەچەکدارەکان و مفرزە خاسەکانی وەك(قالەفەرەج)و (تحسین شاوەیس)و (مەجەدۆم) و (محمـدجلیل)و بەکرێگیراوەکانی تریان دەناردە سـەرمان، ئەفسەری ئەمنی ناحیەی شوان کەناوی (صفوان)بوو،چەند جارێك تەڵەوداوی بۆمن وهەڤاڵ (عبدالرحمن شکورقصاب )ناسراوبە (پیران)وچەندهەڤاڵی تر دەنایـەوە ٚهەتا وەك هەڤاڵ (کوردە) بەتەپکە بمانگرێت و بمانکاتە دیاری دەستی خۆی،بـەلاّم بـێ سـوودبوو.چـەم وشیوو بێشـەو ئەشـکەوتەکانی(شـێخ بزێنـی) مـەکۆی حەوانـەوەو حەشـارگەی ئێمـەو پارتیزانـەکان بـوو،هەربۆیـە بـەدەیان جـار(هـەنارە)و(گـێلێن)و(چـەم قـەلاّ) و(شـۆراو)و(دەورێـش غـولاّم..) بـە هەلیکۆپتەرەکانی رژێم کوێرانە ئاگرباران دەکران...

---

* ئەم چەندپەیڤەم لەسەرتاشەبەردێکی قەراغ رێگاکە کۆڵی بوو هەتاسەردەمی ئەنفالەکانیش بەباشی دەخوێندرایەوە

** لە دووتوێی کتێبێکی قەشەنگدا بەشێکی زۆر لەشیعروپەخشانەکانی لەگەڵ وەرگێڕدراوی بەڵگەنامەی شەهیدبوونی دەیان تێکۆشەری تری کوردایەتی لەسەرەتای ساڵی٢٠٠٧ لەچاپخانەی (کاروخ) چاپ وبلاۆکرایەوە.



# لێواری مەرگ

بەرەبەیانی ۱۹۸۲/۷/۲۳ لەگەڵ پ.م هەڤاڵ(احمدکویخا یابە) لەگوندی (کاولەسوار) بەڕێ کەوتین بەرەو هەڵەتەکان ،لە نیوەی ڕێگا هاوڕێ (احمد)داوای لێکردم ئەو ڕۆژە شوێن گۆڕکێ بکەین،ڕووبکەینە(حاوی) وچەمەکانی(شەوگێڕ) زۆر مکوڕ بوو لەسەرداواکەی خۆی،هەربۆیەش من لەبەرخاتری دڵی ئەو ڕێم گۆڕی و بەرەوخوارشۆڕبووینەوە،لەشوێنێکدا ماوەی سەعاتێك پشوماندا،کاتێك بەئاگاهاتین لەلایەن جاشەکانی (قالەفەرەج)و (محمدجلیل)ە وەناوچەکە گەمارۆدرابوو، کاك(احمد) فریای هەڵاتن نەکەوت دەستگیرکرا،من زووتر فریای خۆم کەوتم گوایەهەڵدێم وخۆم رزگاردەکەم، خۆم بە قەمیشەڵانێکدا کردوهەڵاتم. لەهەموولایەکەوە چەکیان لێ راکیشام داوای خۆبەدەستەوەدانیان لیکردم،(۱۰۰)مەتر لەهیزەکەدوورکەوتمەوە،پێم وابوو ئیتر دەربازبوومە،لەپڕ..لەپێچەیەکدا پەلاماردرام،باڵبەستیان کردم و بردمیان بۆبەردەستی (قالەفەرەج)،دەمانچەکەم لەگیرفانێکی ژێرەوەی مرادخانیەکەم دابوو، هەربەڕێوە بێ ئەوەی بهێلم بزانن،

بەرمدایەخوارەوەبۆناوشـــــــەرواڵەکەم،لوولەی دەمانچـــــــەکەم لەنێوشـــــــەورۆکەمدا گیربـــــــوو،ئەوکاتـــــــە(قاڵەفـــــەرەج)قاچـــــــی چـــــاك نـــــەبوبۆوە، کـــــەپیش ترلەشـــەڕی(ژاڵـــە)برینـــدارکرابوو،هەربۆیـــە ســـواری کـــەرێك کرابووبـــوو، پـــاش جـــوێن وهەرەشەیەکی زۆر.لیی پر سیم:

- ناوت چی یە؟ چ کارەی؟ خەڵکی کوێی؟ زووقسە بکە!

منیش بی ئەوەی هیچ شلەژان وگۆڕانم پێوەدیاربێت گووتم:

- من ناوم (علی)یە،خەڵکی(کاولەسوار)م(سەربازی هەڵاتووم)..ئەویش بەتوڕەییەوەگووتی: باش بوونەمان کوشتی،دەبڕۆملی خۆت بشـکێنەو بچۆناوسـەربازە هەلاتوەکانـەوە،باحاڵی تۆش حاڵی ئەوفیرارانەبێت ، ئەگەرئەوانمان بەردا تـۆش بـەردەدەین.....لـەنێوان ئـەوان و سەربازە هەڵاتووەکاندا هەڵم بۆهەڵکەوت دەمانچەکەم بەردایەوە ژێـر بڕکـە تەماتەیـەك .. بەرەو فیرارەکان ڕێم کرد،زۆربەی گیراوەکان پەیوەندیان بەریکخستنەوەهەبوو،چاویان بـەمن کەوت کەگیراوم ئەبلەق بوون.. ئەوەندەفریاکـەوتم دڵنیـام کردنـەوە،پێم گـووتن: نەترسـن، نەشلەژێن، من نەناسراوم، کەس قسە کات،هیچ ترسی پی ناوێت من ئەگـەر ئاشکرایشـبم نهێنییەکان دەپارێزم، هیچ مەترسیەك بۆسەر ژیانی ئەوان دروسـت ناکـەم..تەنیامەترسـی کەلەوانەبوو ببێتـە هـۆی ئاشـکرابوونم (یـەدەك)ی دەمانچـەکەم بوو،کەلـەکاتی هـەڵاتنم خزابووەناوقۆڵی کراسەکەمەوە، لەپەنایەکەوەئەویشم دەرهێناوکردمەناوتەیمانی کەپرێکەوە، لەوکاتەدا سەربازێکی جیهازبەکۆل چاوی لیّ بـوو یەکسـەر گەیشتەسـەرم(هـا..کاکەشـی تســوی؟)ئیترســام گرتمــی زانــی زۆرنیگــەران بــووم، بزەیــەکی هــاتوو بەپێکەنینــەوە گــووتی:(مایخـالف)ئیترلێــی دا ڕۆیــی.. کــەدڵنیابووم ســەربازە عەرەبەکــە چاوپۆشــی لێکردم،دەست وبرد بیرم لە هەڵاتن و کردەوە، بانگی سـەربازیکی هـەلاتووم کـرد، داوام لێکردبیّ سیّ ودووگویّ درێژێکم بۆپەیدابکات وبیهێنیّ،هیچ پرسـیاروبۆی نـەکرد، بەپەلـە

جێ بەجێێ کرد.خاوەنی کەپرەکە کـە(محمـد تۆفیـق) بـوو، چاکەتەرەشـەکەی بەسـنگێکی کەپرەکەوەبوو،بەپەلە لەبەرم کردو(بێل)ێکم دەست داێی،گـوێ درێژەکـەم بـەدوای خۆمـدا راکێشا..بەنێودەیان جاشدا بەرەولێواری چەمەکە شـۆربوومەوە، چەندجاشـێك کەخـەڵکی ناوچەکەبوون منیان دەناسی، پێکەنینیان بەوجل وبەرگەو بەدزەکردنی من دەهـات.. دوای ئەوەی (٥٠٠)مەترێك لە(قالەفەرەج) دوورکەوتمـەوە، چـاوم لێ بـوو دووجـاش هەربـەغار لەخوارێ را دەهـاتن، هـەردووکیانم ناسـیەوە،دووژمنی کـاك(احمدکۆیخایابـە)بوون،بەپەلـە چەکەکانیان سوارکرد،بێ ئەوەی پرس بەکەس بکەن..تەقەیان لە کاك احمد کـردوو خلتـانی خوێنیـان کـرد، (قالەفـەرەج)خـۆی لەسـەرکورتانی گـوێ درێژەکـەی بەردایـەوەوخۆی حەشاردا،جاشەکان هەموو ڕەوانەوە، هەریەکە خۆی کرد بەچالێکدا... منیش زانـیم تـازە هـیچ کـارێکم بۆناکرێـت ئەوچـەند چـرکەیەم بەهـەل زانـی کەچـاویان پێمەوەنـەبوو،خۆم بەچەمەکەداکردوو، لەژێر توتڕ کەکاندا خۆم حەشاردا... بکوژەکـان خۆیـان ئاشـکرا کـرد بـوو، ئـەنجامی دەرکـەوتنی مەسـەلەکەو کەسـایەتی کـاك احمدوپێناسـە (ی.ن.ك)و دەمانچەکەی بوون بەهۆی ئاشکرابوونی منیش، ئیترخۆشاردانەوەی ئەوان بوو بەگـەران بـە دوای مندا،هێندبەووردی گەرابوون دەمانچەکەشمیان دۆزیبوۆوە،بەلاّم من لەبازنەی گومـانی ئەوانـدا نـەمابووم، سـەعات ٩ی سـەرلەبەیانی جیهازیـان کردبوو،دووهەلیکۆپتەرهاتنـە ئاسمانی ناوچەکە،لەژێر توترك ودەوەنەکانەوە چاوم پێیانەوەبوو لە دەشتاییەکەی نێوان مـن وجاشـەکان نیشتنەوە،ئەودووچـەکدارەی کـاك(احمدیابـە)یـان شەهیدکردبوو،سـوارکران وبەرەوکەرکوك بەڕێ کران،تالەوێ (تکـریم) بکـرێن.ئیترجاشـەکان خۆیـان کۆکردەوەبـەرەو جوتیارەکـانی (پەڵکانـە) بـەرێ کـەوتن ،منـیش دزەم کـردو زیـاتر دوورکەوتمـەوە سەعات(١٠)ی پێش نیوەڕۆ دووهەلیکۆپتەری جەنگی لـەجۆری (ئـەلیوت) هاتنـەئاسمانی ناوچەکە،حەشارگەکەی منیان بەدۆشکە ئاگرباران کرد، بەلاّم شوێنەکەم بـاش بـوو، زیـانم

پێنە گەیشت، سەعات(١١)ی پێش نیوەڕۆ دڵنیابووم جاشەکان دوورکەوتونەتەوە،خۆم گەیاندەوەئەوێ،کەگەیشتمەوە سەر لاشەی هاوڕێ شەهیدەکەم زۆرلەناخەوەغەمباربووم، چاوم پێوەبوو(حاجی هەمین)ی دایکی گەیشتە سەرتەرمەکەی،گووتم ئێستادەیکات بەقوڕپێوان...دەستی نایە کەلەکەی وزۆربەهێمنی گووتی: کاکە مەلا...!کواشێرە ئازاکەی من؟ هیچ وەلاٚمم پێ نەدرایەوە،پێشی کەوتم بۆسێبەری کەپرەکە،بەدیار تەرمی کورەشەهیدەکەیەوە وەستا، دەستی نایەکەمەری،بێ ئەوەی دەنگی بگۆڕێ، رووی کردەمن وئەو خەڵکانەی لەوێ بوون وگووتی:

(بۆبگرێم؟! من ناگرێم! مادام احمد پێشمەرگەبوو، مادام کوڕی من لەڕێ ی خیانەت دا نەکوژرا، بەناهاق و ناڕەوا شەهیدکرا، هیچ جێی داخ نیە.بەرخی نێر بۆسەربرینە) ڕووی کردەوەئێمە(کەس نەگریێ! تازەبەگریان کوڕی من ناگەڕێتەوە،دەك لەمنتان نەکەوێ،ئەحمەد پێشمەرگەی کوردستان بوو، ئۆغری خێربێ، ئەمە ڕێگای کوێخایابەی باوکی بوو،سلاٚو لەهەموو شەهیدانی کوردستان.) هەرئەو ئێوارەیە لەگۆڕستانی(سەربڕاو) لەنزیك گوندی شەوگێڕ لەپاڵ دەیان شەهیدی گوندی(شەوگێڕ)وشەهید(خلیل گورزەیی) بەخاك سپێردرا....

---

* لەچلەکەی دا لەناحیەی تەق تەق خوێندرایەوە

- لەگۆڤاری شەهید ژ/١٦ تەموزی٢٠٠٢دابلاٚوکراوەتەوە.



## پیلانێکی ترسناك

دێی(گردخەبەر)ئاواییەکی(٥٠)ماڵی دەبوو،کەوتبووەنێوان چیای(خاڵخالان) و(زێی بچووك)ەوە، چەندین ماڵە پێشمەرگەو سەربازی هەلاتووی شەڕی عێراق-ئێران روویان لوگوندەکردبوو. بەڕێزوحورمەتەوەداڵدە درابوون. ئەوکادرولێپرسراوانەی(ی.ن.ك.) کەلەوئاواییەبەخێزانەوە پەنادرابوون وەك:(مەلافەرمان، رفعت عبدالله،سەربازحسین،ئاشتی،جەنگی)وچەندین هەڤاڵی تر. هەڤاڵ نورالدین سلیم (ئاشتی)پێشمەرگەی کەرتی رێکخستنی چەمچەماڵی(کۆمەڵە)بوو، هاورێی نهێنی پارێزی ئیش وکارەکانم بوو،هەرکاتێك جەولەوسەردانییەکانمان بهاتایەسنووری ئەوگوندە،من هەڤاڵێکی ترم پەیدادەکردو کاك( ئاشتی)م مۆڵەت دەدا.

شەوی١٧-١٨/٣/١٩٨٣بوو،تاکاتژمێر(١٠)ی شەو دانیشتنمان لەماڵی(حسین احمد ساڵەیی) ناسراوبە(مام شۆڕش) ی باوکی کاك ( سەرباز)بوو،هەڤاڵ(مەلاعوسمان حاجی کاکەخان) کادری محلی کۆمەڵە بوو لەو دەڤەرە، سەرپەرشتی چەند هێڵێکی رێکخستنی ئەوسنوورەی دەکرد، هات بەدوامدا تا شەو بچمەماڵی ئەوان هەم هەڤاڵ (عزیزگەڵناغاجی)و(مەلاعەودل قەسرۆکی*)

وشـانەیەکی ڕێکخسـتن لـەوێ مەوعیـدی کۆبوونـەوەمان هەبوو،هـەم بۆشـەویش لـەوێ بمێنمـەوە. ئیترمۆڵەتمـان لەدانیشـتووان وەرگـرت وچـووین بۆمـاڵی کـاك مـەلاعوسمان.دوای ئەنجامـدانی کۆبوونەوەکانمان کاك عزیزوهاوڕێکەی گەڕانـەوە،من و( مەلاعـەودل)لـەماڵی مـەلاعوسمان ماینـەوە، کاتژمێر دوای(١١)ی شەوبوو، لەپڕگوێم لە چرپەو دەنگەدەنگێك بوو، چەکەکەم سوارکرد........ کـاك (همزە کوێخااحمد*) کەخزمی خانەخوێ وهاوڕێی خۆشەویستی منیش بوو، بانگی کرد:-مەلاعوسمان ! مەلاعوسمان! میوانت هاتووە..

ئەوسا کاتی شەڕی ناوخۆبوو، پێویست بوو من زۆر بەئاگابم. خانەخوێ دوگمەی دەمانچەکەی ترازاند، بەهێمنی دەرگای ماڵەکەی خستە سەرپشت ،فەرمووی لێ کردن ...

بەلاّم من هیچ ماوەم پێ نەدان لەپڕێکدا دەرپەڕیم وچەکم لێ ڕاکێشان ودەنگم لێ کردن :-

(نەجولێن.! چەکەکانتان دانێن دەناکژراون.) ئەوان شڵەژان وفریای هیچ نەکەوتن،هەردووکیانم خزانـدە گۆشەی هەیوانەکەوە،هاواریان دەکرد:

( مـــەلاعوسمان ..خاترخوافریامـــان کـــەوە، میـــوانی تـــۆین، رزگارمـــان نەکـــەی کوژراوین...ئێمەلەخۆڕانەهاتووین ،نامەی تیپی٩٣ی کۆیە مان هێناوە...)

خوشکە (پەروین ) خیزانی مەلاعوسمان چراکەی هێناو دایە بەردەموچاویان، تا بزانێ ئەوان کێن، مەلاعوسمان هاواری لێ هەڵسا:-

دەخیلت بم تەقەنەکەی، ئەمانە ناسـیاون،ئەمانەخزمی خۆمـانن، چـانەبوو نەتکوشـتن،من کەفالـەتی ئەمینی ئەم پیاوانە دەکەم...

ئیتربەوەوەنەوەسـتا پـەلاماری دان ودەسـتی لـەمل کـردن و ئـەملاو ئـەولای مـاچ کردن،بـەناوی منیشـەوەداوی لێبـووردنی لێ کـردن کەگوایـە ناهـەق نیـە کەنـەم ناسـیون،لەپڕیەکێکیان دەسـتی بەگیرفانیداکردو نامەیەکی دەرهێنا،ویستی بەوفێڵەدەستی بگاتەمن..بـەلاّم مـن هێشـتالێیان دڵنیـا نەبووم،ئاگادارم کردنەوە بەهیچ شێوەیەك چەکەکانیان لەشانیان دانەگرن...

ئیتر کاك همزە زانی من لەوپیاوانە دڵنیانیم پێی وتم:

مـن وادەڕۆمـەوەماڵی خۆمـان ، هەرئێستاچـەکەکەی خـۆم دێـنم ولەبـەردەرگا دەبم بەپاسـەوان ، جاباپیاوهەبێت بتوانی نیازێکی خراپی بەرانبەر بە بەرێزتان هەبێت....

یەکسەر بۆی دەرچوو رۆیی، لەولایشەوە مەلاعودلی هاورێمان بۆئەوەی بەگوللەی نـاهۆزەوە نـەبێت خۆی لەژێر داروپەردوو حەشاردابوو،کاك مەلا..خـۆی وپـەروینی هاوسـەری رووی گلـەییان کـردەمن، گوایەزۆر نابـەجێ وبـەتوڕیی رەفتـارم لەتـەك میوانـەکانیان کردووە،هەربۆیـە خـەریك بووقەناعـەت بەمنیش بکەن کەئەودووکەسەجێی متمانەن ،بەلاّم هێشتاحیسابێکم بۆ تەنیایی خۆم کـرد ، هەربۆیـە گووتم:-

باشە.. دەی بائەوان بچنەژوورەوە دانیشن.. من دەچم بۆماڵێکی تر..........

دواجارلەسەرپێشنیاری کاك مەلاعوسمان لەسەرئەوە رێکەوتین کەئەوان بچنە دەرەوەی تەیمانی ماڵەکـە تاکاك هەمزە دەگەڕێتەوە، ئیترکـاك مـەلا دەسـتی خسـتە سەرشـانی یـەکێکیان وپەلکێشـی کـردن بۆدەرەوە،لەوکاتـەدا مـن دوودڵ بـووم جـاری وابـوو دەمگـۆ چـاکم کـرد .. پیـاو دەبێـت وریاوئاگاداربێت،جاری واش هەبوو بەرانبەر بەخانەخوێ کەم هەستم بەشەرمەزاریی زۆردەکرد. ئـەوان لـەودیوی تەیمانەکـەوە چـپە چـپیان بـوو ،بـەلاّم ئێمـەلێیان حـاڵی نـەدەبووین. لـەپڕوەك بلێـی بۆدڵنیاکردنەوەی من یابۆپتر وشیارکردنەوەم بووبێت خوشکە پەروین گوتی :-

(کاکەمەلاشاخی تۆناهەقت نیە چونکە ئەم دووپیاوە ناناسیت، یـەکیان نـاوی کـاك "ع.س"و خزمـی خۆمانە،ئەوی تریشیان ناوی کاك"س"ە بڕواناکـەم خیانـەت لەگـەڵ ئێمەبکـەن، ئاخرخۆکـاتی خـۆی یەکەمیان وەك تۆکادربوو پاشان شۆڕش بڕیاری گرتنـی دەرکردئـەویش تەسـلیم بـەڕژێم بـووەوە.)ئـەم وشانە لەدڵێکی بێگەردوپاکەوە هەڵدەقولاّن،بەلاّم گومانی منیـان نەدەرەوانـدەوە، هەربۆیـە یەکسـەر شوێنەکەی خۆم گۆڕی، چوومە پەنادیوارێکەوە کەگوللەیان نەمی دەگرتەوە، لەوکاتەدا لەپشتی مـاڵی مەلاعوسمان بووبەتەقە،دووەم دەسڕێژ لەبەردەمی مـن لـەزەوی دا،زانـیم کارلەکارترازا،لەسـەردیواری دراوسێکەیانەوە خـۆم هەڵدایەئـەودیوەوە ، زانـیم لەنێوگۆرسـتانەکەوە هـەلاّتوون و بەسـوودوەرگرتن لەتاریکە شەو دەربازبوون،تەقەی کویرانە هیچ سوودیکی نە دەبوو، بەڵکو بـۆ داهـاتوو کێشەشـی بـۆ درووست دەکـردم،بەپەلـە چوومەشـوێنی رووداوەکـە، تەماشـام کـرد هەڤاڵـە خۆشەویسـتەکەم شـەهیدبووە،کاك هـەمزە ومەلاعـەودل و خوشـکەپەروینیش گەیشـتنەلام ،لەگـەڵ کـاك همزەوچەندهەڤاڵێك بەپەلە خۆمان گەیاندە سەر بەلەمەکەی نێوان گردخەبەر و(سـاتووقەلا) بـۆ ئـەوی بگەین پێیان، بەلاّم بێ سوودبوو، ئەوان لەهەڵە تەکانی (چوخلیجە) خۆیان حەشاردابوو..

خەڵکی دێ وپێشمەرگەکان هــەموو کۆبوونەوە،براوکــەس وکــاری هــەمووئامادەبوون. پێشــتر هەنــدێ کێشەی کۆمەڵایەتی بەهۆی دابەشکردنی زەوی لەگوندە کەداهــەبوو، دیاربووگومــان لەســەرئاغاکانی گوندەکە هەبوو، کەسی واشیان هەبوو دڵــی لــەمن پــاك نــەبوو، بۆڕەواندنــەوەی هــەردوو گومانەکــە ناچاربووم بەپەلە کۆمکردنەوە، چۆنیەتی رووداوەکەم بۆگێڕانەوە...

كاك همزەومەلاعەودل وپەروین خان شاهیدی راستی رووداوەکەیان دا.. ئیترلەنێو کۆڕەکــەدا برایــەکی شەهید منی جیاکردەوە، هەندی نهێنی بۆباس کردم..

گوایە((بکوژی هەڤاڵ مەلاعوسمان لەکۆتایی حەفتاکانــدا کــادری بزوتنــەوەبووەو بــەنهێنی پەیوەنــدی لەگەڵ رژێم کردووە،نهینی ئەم پەیوەندییەی لای هــەڤاڵ مــەلاعوسمان درکاندووە،ئــەمیش بەنامەیــەك سەرووتری لێی ئاگادار کردۆتەوە،لەجێی گرتن وسزادان پێدەزانێتــەوە کــە کــێ بــەونهێنی یــەدەزانێ، ئەویش لەدڵی خۆیدا لەنێودوونانی گەرم بۆی هەڵدەگرێ...))بەرلــەم رووداوە بەچــەند رۆژێــگ نــاوبراو لەگــەڵ ئەفســەری(أمــن)ی ناحیــەی (تەقتــەق)کۆدەبێتــەوەو داوای لێ دەکــرێ کەبچــێت لەگونــدی (گردخەبەر)کەسێك بکژێ تا دوژمنکاری بکەوێتەنێوان خەڵکی گوندەکە ولەئەنجامدا لایــەکیان بــەلای رژێمدا بشکێنەوە.

ئیتر هەردوولا مەلاعوسمان دەکەنە ئامــانج و تــۆڕی پیلانێکــی بۆدەچــنن. بکوژەکــە..چــەندنامەیەك بەنهێنی دەنێرێ بۆ مەلاعوسمان وداوای لێ دەکات بازنــەی پەیوەنــدی بێــت لــەنێوان ئــەو وشــۆڕش. گوایەپەشیمانەلەوەی تەسلیم بەرژێم بۆتەوە...

لەپاش ماوەیەکی کەم هەرلەرێی ئەوبرایەی شەهیدەوە،کەخۆی ئەندامێکی چالاکی رێکخستنیش بــوو دووزانیاری گرنگم پێ گەیشت:

١-لەئــەنجامی لێکۆڵینــەوەی بەرێوەبــەری (أمــن)ی ناحیــەی (ئاغجەلــەر) لەگــەڵ(مختــار)ێکــی ناوچــەکە،دەرکەوت بکــوژانی شــەهید دوای گەڕانــەوەیان داوای پاداشــتی جــێ بــەجێ کردنــی چــالاکییەکەیان کــردووە، گوتویانــە جگەلــەناوبراو (مەلاشــاخی) یشــمان کوشــتووە،بەلاّم مختارەکــە لەوەلاّمداگۆتبووی:ـ نەخێر درۆدەکەن تەنیا کەسێکی ئاسایی وجوتیارێکی بێ وەییان کوشــتووە. ٢- نامەیەکی بکوژ(ع.س)ی لەجانتاکەی شــەهید دا دۆزیبــۆوە کــە داوای لەشــەهیدکردبوو کــەس بــەم نهێنی یە نەزانی تا(مام رۆستەم)خۆی دەگەڕێتەوە سنوورەکە..دوای ئاشکرابوونی پیلانەکەو بکــوژانی

(شەهیدمەلاعوسمان) هەردووبکوژەکە بڕیاری کوشتنەویان لەلایەن شۆڕشەوە بۆدەرچوو، کەسوکاریان پەیتاپەیتا جوابیان دەنارد ،پاکانیان لەخۆیان دەکردوئامادیی خۆیان نیشان دەدا کەئامادەن دژی ئەم خیانەتەهاوکاری شۆڕش وکەس وکاری شەهیدیش بکەن.هەربۆیە هەردوو تاوانبار بەماڵەوە باریان کرد بۆئۆردوگای (کەسنەزان)لەهەولێر،دواتر بۆناوچەی دوورە دەستی (ی.ن.ك) هەتا راپەڕینەکەی کۆمەلأنی خەڵکی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ لە (دیانە) واتە لەقەزای(صدیق)خۆیان حەشاردا...

لەکۆڕەوەکەی نیسانی١٩٩١برایەکی شەهید لە (حاجی ئۆمەران) بەڕێکەوت توشی بکوژەکەی(مەلاعوسمان) دەبێ و ئەوهەلە لەدەستی خۆی ناداو دەی کوژێتەوە.....**

هەر منیش لە دادگای هەولێر ئەستۆپاکی ئەوم سەلماند و ئازادم کرد،هەر بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆم بردمەوە ماڵی وخۆیان و دلی دایك وباوك وخانەوادەکەیم ئارام کردەوە...


پاش چەنساڵێك بە هیمەتی هەڤاڵ(جعفرسعید)وخزمانی هەردوو خانەوادە،بڕیاری ئاشتەوایی درا، لەسەر داوای هەردوولا بەندە راسپێردرام بەو (صلح)ە هەستم..

ئێستایش سوپاسگوزاری گەورو بچووکیانم ،بە هەموو پێشنیارەکانی من رازی بوون.

لە مەراسیمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی کەسایەتییەکۆمەلأیەتییەکان و بەر پرسانی حزبی و حکومی کۆیەو تەقتەق ..دوای خوێندنەوەی وتارێکی بەندە..خزمانی هەردوو خانەوادە دەستیان کردە مل یەکترو ئاشت بوونەوە..

* لەساڵی١٩٨٨بەخاووخێزانەوە ئەنفال کراو لەبیابانەکاندا زیندەچاڵکران.

** شایانی باسە لە چارەسەری ئەم کێشەیەدا برایەکی بکوژی شەهیدمەلاعوسمان کەناوی (کاك جەعفەر) بوو زۆرنیگەران بوو، لەلایەك بەهۆی دڵسۆزی بۆ(ی.ن.ك) ولەلایەکی تریشەوە خەمی لەدەست دانی خزمایەتی ئەودوو بنەماڵەچاکەی بوو،هەربۆیەبەهەوڵ وتێکۆشانی ئەو چەند کەسایەتییەکی کۆمەلأیەتی ناوچەکە شایانی رێزە..



# رەسوڵەشێتی سەرگەڵوو

لە ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٤ئەوسای کەئێمە پێشمەرگەی شۆڕشی ئـەیلول بووین،هەنـدێك لـەبارەگاکانی شـۆڕش (هێـزی ڕزگـاری)لەسـەرگەڵو وبەرگەڵووبوون،ئـەوێ ڕۆژێ سـەرگەڵو وەك شـارەدێ وا بـوو. هەرچـەند ژێرخـانی ئـابووری پشـتی بەئاژەڵـداری وبـەروبوومی کشـتووکاڵی (بەتایبـەت گـوێزوترێ ومێوژ...)دەبەست،بەڵام هێشتا لـەرووی بیناسـازی وخوێنـدەواری و شارسـتانیەتەوە..دووره شـاریی ئەوەندەپێوەدیارنەبوو. دانیشتووانەکەی لەچاو هەندێ شوێنی ترەوە زۆرپاك وخاوێن وپێشکەوتووبوون. ئابووری یەکێك لەهۆکارەکانی ئەم جیاوازییەبوو،یەکێك لەوقازانجانەی بەهۆی شۆڕشەوە بەدەستهاتبوو کردنەوەی ڕێگای ماشێنی نێـوان( گوندەکـە- چـوارتا- پێنجـوێن- ئێـران) بـوو.ئەمـە وای کردبـوو جموجوڵی بازرگانی پەرەبسێنێ. لەنێوئاوایی وئەشکەوتەکانی بەرگەڵو داچەندین بازارچـەوکۆگاودوکان دروستکرابوون،دەیان دوکانی ئاسنگری وچەخماخسازی ونالبەندی و جوانکاری..تێدابوو.خەڵکی لەبازاڕەکانی(سلێمانی وکەرکوك وگـەرمیان وبتـوین..)ەوە روویـان تێـدەکرد.کاڵاوکەلوپـەلی ئێرانـی

زۆربەهەرزان دەستدەکەوتن،تەنانەت پارەی ئێرانی ودۆلاری ئـەمریکی وەك پـارەی عێراقـی ڕەواجیـان هەبوو، گەرچی شۆڕش ئەرکی بەسەر خـەڵکی گوندەکـەوە زۆربوو،کـاری بێگـاری پێدەکردن،هەنـدێ لەلێپرسـراوان هەڵسوکەوتیشـیان جـوان نـەبوو...،بـەلاّم هێشـتا خـەڵکی ئـەم گونـدەو دەوروبـەری هەردڵسۆزی شۆڕش ومەسەلە ی ڕەوای گەلەکەیان بوون.

زۆر یادگاری تاڵ وشیرینم دەربارەی سەرگەڵو یاداشت کردبوو،بەلاّم بەداخەوە لەکاتی ئەنفالەکاندا بوون بەخۆراکی ئاگر..یەکێك لەو بیرەوەریانەی هەمیشە لـە ویـژدان وناخمـدا زینـدووبوون شـێتەکانی ئـەم گوندەبوون.(ڕەسوڵە شێت)و(حمەجووجە)هەمیشە دەهاتنەوە بەرچاوم..ئاخر ناهـەق نـەبوو ئەدووشـێتە لـەدڵی پێشـمەرگەو جـەماوەردا زۆر لەولێپرسـراوانە خۆشەویسـت تربـوون کـە کـە خـەڵك خۆشـی نەدەویستن...ڕەسوڵەشێت لە هاوشێوەکەی کۆمەلاّیەتی تربوو،بەهۆی خاوێنی وجگەرەکێشانەوە زۆرتـر تێکـەڵ بەخـەڵك دەبوو،هەنـدێ جارلەبەرانبـەر وەرگرتنـی جگەرەیـەك بەنـدێکی کورت،بەسـتەیەکی دەکردەپاداشت وهەرخۆی بۆخۆی چەپڵیەکی لێدەدا،ئیتر بەدەم ڕۆیشتنەوە مژێکی قـووڵی لەجگەرەکـە دەداو بەدەم خەنینەوە دەیگوت (بۆسەرێ..بۆسەرێ)...وبەپەلە دەی قووچاند.

من ڕەسوڵم زۆرخۆشدەویست ،بەهۆی هـەڤاڵێکی ئاشـنامەوەکە ناسـربووبەکاك(حمـەبۆر) چـەندجارێك لەنزیکەوەگوێبیستی بەسەرهات وهۆکاری شێتبوونەکەی بووبووم.

هەر ئەم پەیوەندییەبوو وای کرد کە هەواڵی نسکۆ بـلاّو بـووەوە.. ڕەسـوڵ لەسـێبەری دارەگەورەکـەی پشتی مزگـەوت ڕێـی بـەمن زچـەندهەڤاڵێك گـرت ..دەگریـاو دەپاڕایـەوە کـە بەقسـەی گـەورەکان نەکەین،بارەگاکان چۆڵ نەکەین،ڕەسول وخەڵك وسەرگەڵو جێنـەهێڵین..خۆئـەو لەسیاسـەتی نـەدەزانی بەلاّم بەزمانە سادەوساکارەکەی خۆی تکای لێ دەکردین :

- نەکەن بڕۆن ..! توخوا ..بەجێمان مەهێڵن...!

گریان وپاڕانەوەکانی ئەوندی تر خەم وکوڤانی دڵی ئێمەی پتردەکرد..

ئێ خۆنەدەکرا ئێمە بەقسەی سەرکردەکانمان نەکەین بەقسەی شێتێك بکەین...

ئەوسا بەفیڕۆدانی کات شتێکی ئاسان نەبوو،کارەساتەکە هێندە کاریگەربوو، خۆمـانیش نەمانـدەزانی چارەنووسمان بەکوێ دەگات... بەناچاری دوا نیگامان بڕییە گۆڕی شەهیدەکان وسیمای داماوی خـەڵك

وماڵئاواییمان لە(ڕەسوڵ)ودانیشتووانی بەئەمەك و وەفاداری گوندی سەرگەڵوو و دۆڵی جافایەتی کردو بەرەوگەرمیان شۆڕبووینەوە...

ئـیتر هەرلەنـەورۆزی ١٩٧٥تانـەورۆزی١٩٨٥مـن جـارێکی ترسـەرگەڵو و(ڕەسـوڵ)م نەدیتەوە،بـەلاَم هەمیشە هەرلەیادم بوون،بەبینینی هەرشێتێك،بە ناوهێنانی هەر ڕەسوڵێك،بە...بە..بە بۆنی دوکـەڵی جگـەرەیش بـرینم دەکولایـەوە...چەندسـاڵێك بـوو.. بـووم بەپێشـمەرگەی شۆڕشـی نوێ،مـانگی ئازاری١٩٨٥بوو،جارێکی تر هەروەکوجاران بەچەك وکۆڵەپشـتی ومانـدووبوونی ڕێگـاوە گەیشـتمەوە بەرسێیەری دارەگەورەکەی پشت مزگەوتی سەرگەڵو،یەکەم کەس کەپێشوازی لێ کردینەوە، دیسـانەوە هەر ڕەسوڵ بوو، بزەیەك هاتەوە سەرلێوانی(جگەرەیەکم دەرێ..!)

وەك نشتەری سوورەوەکراوبچزێنی بەکۆنەزامێکـدا ئـاوا کۆنەبرینـەکانی ڕۆژانـی خـەبات وقەتماغـەی یادگارییـەکانم هەڵدرانـەوە...ئـەو خـەم وئـازارەی دەسـاڵ بوولەناخمـدا دەپەنگانەوە،پێیانـەوە دەتلامەوە،بوون بەژانی لەدایك بوونی شـیعرێکی نوێ،هەرئـەورۆژە ئـۆقرەم نـەما تاشـیعری(شـۆڕش وشـێت)م نووسـی وپێشکەشـم کردبـە(ڕەسولەشـێتی سـەرگەڵو)ئەوشـیعرە بووبـوو بەشەوچـەرەی پێشـمەرگەکانی( تیپـی ٢١ی کـەرکوك)،هەرلەسـاڵی ١٩٨٥تـا١٩٨٨بـەدەیان جـار لەسـەرداوای پێشمەرگەوجەماوەرلەکۆڕوکۆبوونەوەکاندا دەخوێندەوە،دەبوو بەهەوێنی حەماس وبەرەنگاری..

لـەدوای ئەنفالـەکانیش بـۆ(یەکـەمین بـیرەوەری ئـەنفال وکیمیابـارانی هەڵەبجـە) لەکۆبوونەوەیـەکی جـەماوەری گـەورەدا لەگونـدی(لاوێـن)ی(پیرانشـار)دا لەبـەردەم هـەزارن کەسـداخوێندمەوەولەوێش هەرپێشکەشم کردەوە بە(ڕەسولەشێتی سەرگەڵو)جارێکی تر قەدەر وابوو من ورەسوڵ وسـەرگەڵو لێـك دابڕاینەوە،تاکاتی نووسینەوەی ئەم بیرەوەرییە،ئەوەبووبەرێکـەوت لەشـاری (سـلێمانی)ولـە(شـەقامی سالم)دا بەدیداری ڕەسوڵ شادبوومەوە،هاتەوە بەردەمم (جگەرەیەکم دەرێ..!) من جگەرەکێش نـیم وتم بەچاوان ،لەجگەرەفرۆشەکەی سەرشوستەکە پاکەت و شەمچـەلیەکم بـۆکڕی، بـە ڕێکـەوت ماڵەکـەم لەوشوێنەوە دوورنەبوو،ناردم کامێرکەیان بۆهێنام ،بۆدوادیدار وێنەیەکم لەگەڵداگرت...

٥\٧\١٩٩٩سلێمانی

# دیسان شۆڕش

لە بیرەوەری رێکەوتنەکەی جەزائیردا پێشکەشەبە(رەسولەشێتی) سەرگەڵو

پیاوێکی پیر
هەواڵێکی دڵتەزێنی پێدرابوو
وەکومەکۆی مامەجۆلأی بن دالأنیٚ.
لەبەرخۆوە،بۆڵەی دەهـات،
هاتووچۆی بوو.. لەسەربانیٚ.
وەک مناڵی دایک مردوو.
وەک مرۆڤی جگەرکون بوو
دابووی لـە هۆڕەی گریـانیٚ :
زۆر بینراوە ..
بەفر هەرەسی هێناوەلەبەرهەتاو.
نەبینراوە،نا نا.. هەرگیز نەبینراوە
مرۆڤـــــ ئاوا هەرەس بهێنیٚ لەناکاو.
( ١٥) سـا ڵە ..
چی نەفام وبیر مناڵە .
پێم دەڵێن (شـــێت).
ئیٚ دەبا هەرپێم بڵێن شێت.
ئەی خەڵکینە..
کە دەبینم(بڕنەوا)دەمی دادەخرێت.
کەدەبیسم فیشەک دەمریٚ و
لەگۆڕ دەنرێت.
داروەک ئافرەتی کۆسکەوتوو

پرچی دەرنێت ...

گرِ دەسێنم،جەرگم دەسوتێت.،

کەدەبیستم ،لەپاش کۆچتان ،

دەمی چەقۆی جەلادەکان ،

بەخوێنی سوورتان ،دەنەخشێت.

کوڵدەسێنم... گریانم دێت.

کەدەبیستم..لەسەر سنوور..

مرۆڤی کورد ،سەودادەکرێت،

دەفرۆشرێت.

ژیر دەبمەوە ،قسەم بۆ دێت:

بۆکویێ دەڕۆن !؟

مەکەن ..بەجێمان مەهێڵن !

ئێوەبڕۆن ..

ئیترکێ جگەرەم داتێ ؟؟.

ئێوەبڕۆن..

ئیتر کێ بۆم بکڕێ قاتێ؟.

ئیتر کێ چام بۆبکڕێ .

کێ سەروڕیشم بتاشێ،

نەشیان بڕێ؟!.

بۆکویێ دەڕۆن؟

مەکەن بەجێمان مەهێڵن !

ئێوە بڕۆن ،

حوشتربە(پلەیەدابان)داسـەردەکەوێ.

ئێوەبڕۆن ،

**ســـەری بەرزی(پیرەمەگرون)**

**لەژێر چەکمەوپۆستاڵی ڕەشدادەنوێ...**

**نا نا مەڕۆن !**

**ئێوەبڕۆن ،توتەڵەسەگی بیابان ،**

**لەسێبەری چنارەکانی(بەرگەڵوو)...**

**وەردەکەوێ .**

**نەکەن بڕۆن !**

**دوای ڕۆینتان،مردوو لەگۆڕ دەردەکرێ .**

**چیا دەڕوخێ، دار دەمرێ.**

**کانی هێندبەکوڵ دەگرێی،**

**تەڕی لەچاوانی دەبڕێ.**

**دایك جەرگی لەت لەت دەبێ،**

**دڵی دەشکێ، سۆمای دادێ،**

**بۆ پێشمەرگە ...**

**لەپ دەکوتێ.**

٦| ٣|١٩٨٥ سەرگەڵو

---

* ئەم شـــیعرە لە نەورۆزی (١٩٨٦) دا لە دەشتی کۆیە و

لە نەورۆزی( ١٩٨٩ ) دا لەئۆردوگای( لاوێن )خوێـنـدراوەتــەوە.

# شەهیدمحمود کاوانی

## دڵسۆزی ڕەنجدەران و قارەمانی کوردایەتی

شەهیدی فەرماندە (محمودکاوانی) یەکێکە لەو رۆڵە قارەمانانەی کورد کەبەئازایەتی ناوی خۆی لەمێژووی گەلی کوردستاندا تۆمارکردووە. (٣٠)ساڵی تەواو لەژیانداهەمیشە بەشی هەرماندووبون ورەنج وکۆڵنەدان بووە. بۆیە هەردەم جێی رێزوخۆشەویستی جووتیارانی خۆشناوەتی وزەحمەتکیشانی بناری سەفین بووە. نووسین لەسەرگەورەیی وجوامێری (محمودکاوانی) دێنی مرۆڤ لەجیاتی وتارێك کتێبێکی لەسەربنووسێت. بۆکۆکردنەوەی زانیاری وناساندنی کەڵەپیاوێکی مێژووی کوردایەتی، بەپێویستم زانی لەدەرگای هەڤالێکی دێرینی خۆی بەناوی(جلال کاوانی) بەدەم وچەندلاپەرەیەکی(**مذكرات الطبقجلي**)و(بیرەوەریەکانی عەریف سلیمان)هەڵدەمەوە.لە نووسراوێکی نهێنی وتایبەت(امرلوا ركن-علاالد ین محمود) موتەصەریفی لیوای هەلێری جاران،بەژمارە٣٢لەریکەوتی ١٣\١\١٩٥٩دا باس لەوە کراوە،کەچەند کێشەیەك لەسنووری قەزای شەقلاوە ڕویان داوە، کاربەدەستانی ئەوسای میری هەوڵی کۆنترۆڵ کردنیان داوە، لەو نوسراوەدا باس لەکێشەی نێوان(حاجی صالح)ی دوکاندارو (مشیری مجیدئاغای کۆری) کراوە کەلەئەنجامدا بۆتە هۆی کیشەیەکی کۆمەلایەتی نێوان جوتیاران وئاغاکانی ناوچەکە، لە ٣١\١٢ \١٩٥٩دا،ئەنجامی پەرەسەندنی کێشەکان دووسەیارە ئاگردەگرێت، کەسەیارەکان هی کەریم مجیدئاغاوعوسمان میران دەبن، لەو نووسراوەدا دەست نیشانی چەندهۆیەك کراوە،کەدەوری کاریگەریان هەبووە لەسەر هەڵگیرسانی کێشەکان هەر لە هەمان نووسراودا دوو پێشنیار کراوە:

١- بەتوندی سزادانی ئەوکەسانەی ئاژاوە درووست دەکەن

٢- دوورخستنەوەی عوسمان میران وصدیق میران ومحمودکاوانی بۆماوەی ساڵێك. هەرلەهەمان نوسراودا باس لەکیشەیەکی تر کراوە کەلەگوندی (سیساوە)و دەوروبەری قەوماوە لەئەنجامداسێ کەسی تیاکوژراوە وکۆیخای گوندی سیساوەیش برینداربووە. دوابەدوای ئەم دووروداوەی سەرەوە،لەگوندی کۆریێ- یش ناکۆکی لەنێوان جووتیاران وئاغاکاندا درووست دەبیت، ئەویش دەبیتە هۆی بریندار بوونی سێ کەس و هەلاتنی ئاغاکان بەرەو شاخەکان..کێشەی چوارەم کە لە هەریروباتاس سەرهەڵدەدات پوختەی کێشەکە ئەوە دەبێت لەشەوی٢٩=٣٠\١٢\١٩٥٨دا کیشە

لەنیوان شیخ جیتۆی کوری تەهاو جووتیارەکاندا درووست دەبێت لەئەنجامدا مامۆستایانی قوتابخانــەو خوێنــدکارەکانیش دەچــنە پــاڵ جوتیارەکــان و دەبیتــە هــۆی کۆبوونــەوەی جــەماوەرێکی زۆر لەبــەر دەرکی(سەرا)دا بۆچارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش بیر لەوە دەکرێتەوە:

أ- بەریوەبەرومامۆستاهاندەرەکان بگوێزرێنەوە.

ب- رابەری گوند خالیداحمد دووربخرێتەوە.

ج-شێخ جیتۆلەهەولێردەست بەسەر بێت تاکێشەکە چارەسەر دەکرێت.

د-ســکالآنووس نجــم الــدین مــامۆ لــەدادگای هــەولێر دەســت بەســەر بێــت تــا کێشــەکە چارەسەردەکرێت.دوابەدوای ئیمزاکردنی ئەم نوسراوە نهێنیە چەند وێنەیەکی لەبەر دەگیرێتەوەو ڕەوانی ئەم شوینانە دەکرێت:

١- فەرماندەیی گشتی هێزەچەکدارەکان

٢- بەرێوەبەرایەتی ئیستخباراتی عەسکەری.

٣- حاکمی گشتی عەسکەری. ٤- بەرێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس.

٥- فەرماندەی فرقەی دوو. ٦- حامییەی هەولێر.

٧- قائمقامی قەزای شەقلاوە. ٨ - بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر.

٩- معاونیەتی ئەمنی هەولێر.

بەدوای ئەم نوسراوە نهێنیەی موتەصەریفی هەولێر،نامەیەکی سکالاَ نووس (نجم الدین مــامۆ) هەیــە ئاراستەی محمود کاوانی کــراوە لەنامەکــەدا داوای رەزامەنــدی کــراوە لەســەر رێگــادان بــە ڕاپــەڕینی جوتیارەکان دژی کاربەدەستانی میری و ئاغاکانی هەریروباتاس.

## گیران وزیندانیکردنی محمودکاوانی

لەدوای شەرەکەی کۆڕێ محمودکاوانی وشەش چەکداری تر لە خزمەکانی دەچن بەهانای جوتیارانی(کۆڕێ) وە،لەوشەڕەدا سێ کەس لەهەردوولا بریندار دەبن. یەکێك لەبریندارەکان ناوی جمیل کاوانی دەبێت، رۆژی١\١\١٩٥٩لە هەولێرەوە بریاری گرتنی محمود کاوانی وجەلال کاوانی ولەشەقلاوەوە ڕەوانەی هەولێر دەکرین...

هەرچواریان لەدادگای سەربازی هەریەکەو بە١٨مانگ زینداندانی‌حوکم دەدرین...لەدوای گەڕانەوەی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی بۆعیراق ولەکاتی چوونی نوێنەری ناوچەکانی کوردستان بۆپێشوازی داوالەبارزانی دەکەن هەوڵی ئازادکردنی بدات، دواتر لەسەر داوای بارزانی بەپێی مەرسومێکی کۆماری هەرچواریان ئازادداکرێن،لەسەرەتای ئابی١٩٥٩دا دەگەنەوە سیدەکان وبۆماوەی١٠رۆژ لەگوندی شاناشان میوان دەبن.

رۆژی١٢\٩\١٩٥٩دەگەرێنەوە ناوچەی خۆشناوەتی ولەلایەن جووتیارانی ناوچەکەوە پیشوازی گەرم دەکرێن،دوای هەفتەیەك مانەوەیان لەنێوخزم وکەسوکاریان جارێکی تر لەلایەن کاربەدەستانی میری هەولێرەوە بریاری گرتنەوەیان دەردەچیتەوە.لەرێکەوتی ٢٠\٩\١٩٥٩دا بەریوەبەری ئەمنی هەولێرلەگەڵ ئەفسەرێکی ئیسخباراتی عەسکەری وچەندپۆلیسێك بەفەرمانی موتەصەریفی هەولێر دێنەسەرگوندی(کاوان)یان وداوای خۆبەدەستەوەدان لەمحمودکاوانی وهەڤالەکانی دەکەن،بەلاّم ئەوان خۆیان بەدەستەوە نادەن ولەئەنجامدا تەقەدەست پێ دەکات ،پاش شەڕێکی یەك دوو سەعاتی هێزەکەی میری شکست دەخوات ودوای برینداربوونی بەرێوەبەری ئەمنی هەولێر بەناچاری بەرەوشەقلاّوە پاشاکشەدەکەن، دوای ئەوشەرە ئیترجارێکی تر فەرمانی گرتنەوەی محمودکاوانی وجەلال کاوانی و١٥چەکداری خزمیان دەردەچێت ، بۆیەبەناچاری لە میری یاخی دەبنەوەوپەنا بۆشاخی سەفین دەبەن، پاش٣رۆژ گفتوگۆو هاتوچۆ لەنیوان ئەوان وکاربەدەستانی میری هەموو خزمانی دەگەرینەوە،تەنها محمودکاوانی و جەلال کاوانی بەشاخەوە دەمێننەوە. دواتردەچنەگوندی پونگینە چەندرۆژێکیش لەوێ خۆیان حەشاردەدەن ولەرۆژی١\١٠\١٩٥٩دا روودەکەنە گوندی( سەرکەپکان)

وهانابۆهەباس مامەندئاغا دەبەن،ئەویش زۆرپیاوانە ماوەی٣مانگ لەلای خۆی پاریزگارییان لێ دەکات، لەکۆتایی پایزدا دەگەرینەوە خۆشناوەتی.

لەسەرەتای زستانی١٩٥٩دالەگەڵ ٨٠چەکداری ناوچەی خۆشناوەتی دەکەونە رێ بەرەو بادینان،ئەویش بەمەبەستی فریاکەوتنی بارزانییەکان، بەلاّم بەرلەگەیشتنی ئەوان بەگەرانەوەی لۆلان-یەکان کۆتایی بەشەرەکە دێ و‌محمودکاوانی وهێزەکەی دەگەرینەوە خۆشناوەتی. ئیتر رۆژبەرۆژ کێشەو ململانێی کۆمەلاّیەتی لەناوچەکەدا پەرە دەستێنێ تالەسەرەتای سالی١٩٦٠دا صدیق میرانی میری خۆشناوان لەنزیك گوندی کاوانیان دەکوژرێ. جارێکی تر بەگومان وبەفەرمانی کاربەدەستانی میری هەولێر بریاری گرتنەوەیان دەردەچیتەوە،بەلاّم ‌محمودکاوانی وهەڤاڵەکانی خۆیان بەدەستەوە نادەن وجارێکی ترلەگەڵ ٣٠چەکداری گورج وگۆڵدا پەنادەبەنەوەبەر شاخ. پاش ماوەیەك مانەوەلەبناری شاخی هەورێ وسەفین،روودەکەنە ناوچەی پشدەر ولەلایەن ئاغاکانی ئەوێوە هەتا هاوینی سالی١٩٦١پەنا دەدرێن.

## پەیوەندی کردنی ‌محمود کاوانی بەشۆڕشەوە

دوای ئەوەی هەواڵی ناکۆکی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و میری لەنێوان خەڵکیدا بلاّودەبێتەوەو مەترسی گرتنی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دێتە ئاراوە،لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا هیزی چەکداری عەشایەر دادەمەزرێت ،بەدەیان پۆلیس رووله شاخ دەکەن و لەرژێم یاخی دەبن،ئیتر ئاهێك وەبەر‌محمودکاوانی وهەڤاڵەکانیدا دێتەوە. دوای مالئاوایی کردن لەخزمانی پشدەرو خۆشناوەتی..

رۆژی١٨ \٨\١٩٦١ دەگەنەوە بناری شاخی سەفین ولەوێ پەیوەندی بەدەستە سەرەتاییەکانی بزوتنەوەی چەکداری شۆرشەوە دەکەن و دەبن بە پیشمەرگە کەبریتی دەبن لەم هەڤالانە:-

١- محمود کاوانی.
٢ - حەمیدکاوانی *
٣- مام وسووکاوانی **
٤- جەلال رەسول کاوانی.
٥- فەتاح کاوانی.
٦- مورشدکاوانی.
٧- حسێن کاوانی.
٨-خالید کاوانی.
٩ - حەسەن کاوانی.
١٠-سمایل کاوانی.
١١ - جەمیل کاوانی.
١٢-رەشیدکاوانی .
١٣- جەوهەرکاوانی.
١٤-حسین عەزیز.
١٥ - وەستاسمایل.
١٦-خالیدئاشگەیی.
١٧ - وەسمان حوجرانی .
١٨ -عەزیزحوجرانی.
١٩- محمودحوجرانی.
٢٠-سالح حوجرانی.
٢١ - قەرەنی حوجرانی.
٢٢ -حەسەن ناسر شەقلاوەیی.
٢٣- سەعیدوەسفی.
٢٤-محمدئاشگەیی.
٢٥ - عزیزمستەفاسپیداری.
٢٦-عەولاّمستەفا سپیداری.
٢٧- جەلال رەسول کاوانی.

پەیوەندی کردنی ئەمان بەشۆرشەوە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبووە لەناوچەکەو دەوروبەردا.

* له سالی١٩٦٢لەگوندی تەگەران شەهیدبوو

** له ١٤\١٢\٢٠٠٠) لەسلیمانی کۆچی دواییکرد.

## چەندچالاکیەکی پیشمەرگانەی محمودکاوانی و هەڤاڵەکانی

*رۆژی ٢١\٩\١٩٦١بەشدارییان کردوە لە نەبەردییەکانی گوندی لاسێ وچنێران وکانی گێزۆ وبناری شاخی سەفیندا.

*رۆژی٢٨\٩\١٩٦١بەشداریەکی کاریگەریان هەبوە لە دانانەوەی یەکەمین کەمین لەسەر ریگای گشتی(شەقلاوە- سلاحەدین)لەوچالاکیەدا دووژمنانیان شپرزەکردو توانیان(جێگری بەریوەبەری پۆلیسی هەولیر عبدالقادرنجدی دەستگیربکەن)

*لەرۆژی٢٧\١٠\١٩٦١هیزیکی رژیم بەپال پشتی جاش و لەژیر سیبەری هیزی ئاسمان پەلاماری گوندەکانی پونگینەوئاقوبان دەدات محمودکاوانی وهەڤالەکانی بەشداردەبن لەبەرپەرچدانەوەیدا.

*رۆژی٢٩\١٠\١٩٦١دا هیزیکی گەورەی رژیم بەهاوکاری سەدان جاش ولەژیرسیبەری دەیان فرۆکەی ئەلیوشن ومیگ وهەنتەردا پەلاماری شاخی سەفین و دەدەنەوە ئەمجارەشیان محمودکاوانی و حەمیدکاوانی وهەڤالەکانیان بەژداری دەکەن لەبەرگری کردن لەسەنگەرەکانی جولاّنەوەی نویێ.

*١\١١\١٩٦١دالەگەل هیزیکی گەورەی پیشمەرگە بەفەرماندەیی ملاعەبدولائیسماعیل پەلاماری دەدەن دەستکەوتیان ٦چەك دەبیت .

*لەپاش نیبوەروی ٤\١١\١٩٦١دا دوای بەرگرییەکی قارەمانانە چیای سەفین چول دەکەن ودکشینەوە بەرەو چیای هەوری

*لە شەوی ٥\١١\١٩٦١دا رژیم بەتوندی توپبارانی چیای هەور ی وگوندەکانی دەوروبەری دەدا لەبەرنەبوونی تەقەمەنی وبۆسەلامەتی خۆیان و خەلکەکە بریاری کشانەوە دەدەن بەرەو (دەرەشیر).

*رۆژی١١\١١\١٩٦١لەکاتێکداهەمووهیزەکانی پێشمەرگەپاشەکشە دەکەن بەرەو گوندی پلّنگان محمودکاوانی وهەڤالەکانیشیان روودەکەنە دۆلّەرەقە.

*لەمانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦١وەهەتاسەرەتای هاوینی ١٩٦٢چالاکانە بەشدارییان کردوە لەهەموونەبەردییەکانی سنوری خۆشناوەتیدا.

*لەهاوینی١٩٦٢دالەسەرداوای هەڤاڵ مام جەلال بەهیزیکی ئازاوەوە روودەکەنە ناوچەی بالەك بۆکەمکردنەوەی فشاری هیزەکانی رژیم.

*لەکاتی پەلاماریکی گەورەی هیزەکانی رژیـم بۆسـەرگەلاڵە،محمودکاوانی وهەڤالـەکانی لەسـەرپردی بەرسیرین لەبۆسەیەکی تۆکمەودلیرانەدا دووژمن تێکدەشکینن، ئەنجام زیاتر لـە٥٠سـەرباز دەکـوژرین دوای هەلاتن وسەرلیشێوانی هیزەکەی میری،هەڤاڵ محمودکاوانی وهاوسەنگەرەکانی سەرلەدویان دەنـین لەویش لەشاخی کۆسـپی سـپی زیـاتر لـە٣٠سـەربازی تردەکوژریـت.لـەم نەبەردیـەدا(٤)پیشـمەرگە شەهیددەبن،کەیەکیکیان ناوی مورشیددەبێ وخەلکی کۆرێ دەبیت و ٨ پیشمەرگەش برینداردەبن.

## شەهیدبوونی محمودکاوانی

دوای گەرانەوەی محمودکاوانی وهەڤالەکانیان بۆسنوری خۆیان ولەگوندی ئاقوبان لەژیرچـەندپیرەداریکدا بارەگایەك دەکەنەوە، باسی قارەمانێتی و جوامێرییان لەناوجووتیارانی ناوچـەکەدا دەنـگ دەداتـەوە هەربۆیە بارەگاکەیان دەبێتە نزرگـەی رەنجـدەران، دیـارە لەبەرانبەردانـەیاران ونۆکـەرانی سـەربەرژیم بیزاردەبن،رۆژانە سیخوروچلکاوخۆران دەچـنە کۆیەوشـەقلاۆەهەوالی محمودکـاوانی وبارەگاکـەی دەدەن بەئیستخباراتی عەسکەری،سەرلەبەیانی١٦\٩\ ١٩٦٢جوتێ فرۆکەی مێك دەچـنەئاسمانی ناوچـەکەو گوندی ئاقوبان وبارەگای پیشمەرگەکان ئاگر بـاران دەکـەن بەداخـەوە سـێ پیشـمەرگە شـەهیددەبن کەبریتی دەبن لە: کوێخاحەویزی کانی بەردو سلیمان سوێرەیی.ئامۆزایەکی کوێخاحەویزی کانی بەرد.
هەڤاڵ محمودکاوانی- یش گوللەیەکی شەستتیر بەرسەری دەکەویت وبەتوندی برینداردەبیت.
دوای ئەوەی برینپێچێك دەگاتە شوێنەکەو چـەندجاریك تیمـاری برینەکـەی دەکـات ، بـەلاّم بـەهۆی مەترسی پەلاماری هیزەکانی رژێمەوە بەناچاری رەوانەی گوندی شیرێی دەکەن..
بەداخەوە لەپاش ٩ رۆژ برینداری، ٩ رۆژ زۆران بازی مردن وژیان لە٢٥\٩\١٩٦٢لەبناری شـاخی دەرەشیر دەبێتە دووەم شەهیدی بنەماڵەکەی و دەگاتەکاروانی شەهیدانی کوردستان.*

---

سەرچاوەکان:

١ - **مذكرات الطبقجلى،الطبعة الثانية**،١٩٨٦،ص ٣٩٥-٤٠١
٢- بیرەوەریەکانی عەریف سلیمان،بەرگی یەکەم١٩٩٩،سلیمانی.
٣- چاوپێکەوتنی جەلال کاوانی، نەورۆزی ٢٠٠٠سلیمانی.
* کوردستانی نوێ / ژمارە (٢٣٧٣) لە٧/٢/٢٠٠١




## ژانەکانی ئەنفال

بڕواناکەم نە لەکوردستان و نە لەهەندەراندا جگە لە خیانەتکاران و خۆفرۆشان وئەنفالچییەکان..کوردێك هەبی کەباس لەمەسەلەی ئەنفال و گۆڕەبەکۆمەڵەکان بکرێت،لەناخەوە نیگەران نەبێت و ویژدانی نەهەژی،ئەنفال ترۆپکی کێوی خەمەکانی هەموونشتیمان پەروەر و مرۆڤدۆستێکی دژبەچەوسانەوەیە،ئەگەربە بینینی ژنە رەشپۆشێکی مێردئەنفالکراو،منالەڕەنگپەڕیوێکی باوکئەنفالکراو، پیرەباب وپیر ژنێکی جگەرکەباب،بەبیستنی لاوانەوەیەك،سرودێك، لاوکێك.. ئەگەربەخوێندنەوەی شاکارێك،شیعرێك،چیرۆکێك، رۆمانێك،پەخشانێك، کتێبێك...ئەگەربەنمایشکردنی فلمێك، شانۆیەك، پیشانگایەك. برینی چەندین ساڵەمان بکولێتەوە، هێشتا بڕواناکەم ئێش وئازاری زامی هیچ دڵێك بەقەدهی ئەوکەسانەبێت کەخۆیان هەڵقرچاوی ناوکورەی شاڵاوەکان بوون،ئەوانەی کەسوکاروهاوڕی وهەڤاڵ وخوشك وبرای گیانی بەگیانییان.. ئازیزانیان بەزۆری زۆردارەکی لی ڕفێندرا، ئەگەر ئەنفالکراوەکان.. یەکجاررۆیشتن ویەکجاریش مردن.بەڵام ئێمە ئێمە هەمووشەوی ،هەمووڕۆژی.. هەمووچرکە ساتی.. مۆتەکەی ئەنفال دیتە وێزەمان وبە سەدانجار دەمانکوژی..چەم ودۆڵ وکێوەکان شاهیدن لەدوای ئەنفالەوە چەندین جار چووینەتەوە شیوەسوور و بێدەر و شیوهەنجیرەزەرد و دەرباز و بابەرووشە و نێوچەم وتوتڕکەکانی دەمزی...ئای چەند کۆنە پێلاو وپارچەپەڕۆی رزاوو کۆنەمەنجەڵی قوپاوو متومێرو بووکەشووشەی منالانمان دۆزیەوەو تێربۆنمان پێوەکردن وفرمیسکمان بۆڕشتن..گوندە وێرانەکان دەزانن

بەچ حەسرەتێکەوە جێمان هێشتن وبەچۆن (هەڵمەت)ێکەوە دوای راپەرین هاتینەوە زیارەتیان..ئای چەند کەلاوەم بینی دوای چەندین ساڵ ئێستایش کەس نییە ئاوەدانیان کاتەوە..ناهەقم مەگرن ئەگەر لەساڵی٢٠٠٨بەدواوە بڕیاربدەم جارێکی ترنەچمەوە هەواری خاڵی، تەپۆلکەیەك قرچەلەجەرگمەوە دێنی،ئەوە شوێن ژوورەکەی (.....)هاوڕێمە سەرم پێی دەسپارد،ناموسی لی دەرچی هیچی لەمن چاو نەبوو.. کەچی ئێستا کوێر بوونەتەوە، کەلاوەیەك، قوڵپی گریانم دێنی فرمێسکم پی لەدیدە سەردەکات...

ئەوە شوێن ئاگردانەکەی(خونچە) ئامۆزامە هەمووجار بەگوی گرتن لە چالاکییەکان دەخافلا.. شیرەکەی لەسەر ئاگرەکە هەڵدەچوو، دەیگووت:کوێراییم دایی بۆسبەینی قەیاغەکەیشی نەما تا بیکەم بەپێخۆری تۆو خاڵم ئەحمەد.. سێبەری تووەزرە شوێن تەشی ڕستنەکەی(میم ڕەعنایە)ئێستایش بچیتە ئەوسێبەرەخۆی ودار عاساکی زیاتر کەس نابینی،گوێی لی بگری هەرچی شتێکت بۆباس دەکات هەر دەچێتەوە سەردەمی ئەنفال وباسی(شەمخی)و(عەجاج)، چیرۆکی گەرمەسێر و سەگەڕەشەکە..

دەخوێنێتەوە، شیعری برسێتی وکولەمەرگی دەهۆنێتەوە، رۆژێك لێم پرسی:ئەری پووری تۆخۆت قوربانیت وبۆقوربانییەکان دەگری..؟ ئەی ئەگەر ئێستا تۆخوێنەوارونووسەربوویتایە دەتەگووت چی..؟؟ ئاە.. ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاوبەمەحزوونییەوە گووتی:

(کەس ناتوانی بەقەدەر ئێمە خەمخۆربی....

هەندەی ئێمەخەفەتی زۆربی.دەستێك بۆخزمەتی پاشماوەی ئەنفال کارنەکا،پێیەك بەرەوپیری پیرێکی گەڕاوەی نوگرەسەلمان ڕانەکا، زارێك بۆقاودانی تاوان هاوار نەکا ، قەڵەمێك بۆ بە دوادا چوونی سەرگوزشتەی شاهیدحاڵێك ئەم شاروئەوشار..نەکا..یاخوا ئەو دەستە خواروچوێڕبی،ئەوپێیە شەل و گێڕ بی، ئەوددەمە دەژەم برسی ژەمی تێربی، ئەوقەلەمە وردوخاش بی سەرەوژێربی، چاوی خاوەنەکەی کوێربی.....)

---

* لەرۆژنامەی جەلەمۆرد بڵاو کراوەتەوە

# داستانی تازە شار

لە رۆژی ١٩٨٨/٤/٩ دوای ئەوەی هێزەکە ی ڕژێم لـە هـەردوو شـەڕی ٧و٨ ی نیسـانی گونـدەکانی( تـالاّو ) و ( چەوری-لفتی ئاغا) شکست دەخون ،جارێکی تربەنەخشەو بەرنامەیەکی نوێترەوە خۆیان بۆپەلامارێکی گـەورەتر ساز دەدەنەوە ....پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی یەکی تیپی ٥١ ی گـەرمیانی ( ی.ن.ك ) وهـاوڕێ دلێرەکـانی کوردو عەرەبی ناو( حزبی شیوعی عێراق ) و (هێزی پشتگیری گەرمیان) بڕیاردەدەن جـارێکی تـر سـەنگەر بگـرن ولەگوندی ( تازەشار )دا بچنەوە شەڕێکی نابەرامبەرەوە ، روو بە ڕوولەگەڵ هێزێکی گـەورە وخـاوەن تەکنـەلۆژیای پێشـکەوتووی سـەربازی، تاریـك و ڕوونـی بـەیانی ئەنفالچـی یـەکان دەکەونـە پێشـڕەوی کـردن ، سـەعات ٨ ی سەرلەبەیانی فڕۆکە پیلاتۆس و هەلیکۆپتەرەکان دەگەنە ئاسمانی ناوچـەکە ، دەسـت دەکـەن بـەڕۆکێت بـارانکردنی گوندەکە،لەزەویشەوە هێزێکی گەورە، کەبریتی دەبن لەدەیان تانك و زریپۆش،لەڕێگای ( دووز )و( قادرکـەرەم )ە وە ئابڵۆقەی گوندەکە دەدەن ، ئیتر شەڕێکی زۆر گەورە دەست پێ دەکات ،ئەوگوندەو دەوروبەری دەبنە یەك پارچـە لـە گڕ وبڵێسەی ئاگر . هەرچەندە دوژمن لەپاش نیوەڕۆدا بەشێکی گوندەکـە داگیردەکـات ، بـەلاّم چـەند هاوڕێیـەکی حیزبی شیوعی عێراقی دەتوانن خۆیان لەنێو بازنەی گەمارۆکەدا بدزنەوە ودوای دەربـازبوون توانیـان بەچـەمەکاندا خۆیان بگەیەنن بە گوندی ( شێخ حمید) .باقی پێشمەرگەکانی تر بڕیاردەدەن کەشەڕی مان ونەمان بکەن ، هـەڤاڵ ( نازم بچکۆڵ) و(پێشمەرگەیەکی عەرەب) سوێند دەخۆن تـا خوێنیـان تێکـەڵ د ەبێـت، بـەرگری لەهێرشـی ئـەنفال بکەن،شەڕتا سەعات پێنجی ئێوارە درێژەی دەبێت،ئەگەرچی چەند جارێك هێزەکانی دوژمن تارو ماردەکەن، بـەلاّم شەڕەکە بەکاول بوونی گوندەکە و شەهیدبوونی١٣(پ .م) ی (ی.ن.ك) و ٨ ( پ.م)ی (حشع ) کۆتایی پێ دێت.

* لەدوای ڕوخانی ڕژێمی گۆڕی بەکۆمەڵ وجینۆساید،خاتوو( ئان کلود) نێردراوی تایبەتی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بۆ مافـەکانی مرۆڤـــ سـەردانی کوردسـتان وبەغـدا ی پایتـەخت وخـوارووی عێراقـی کـرد. لـەڕۆژی ٢٠٠٣/٦/٤دا لەشـاری دوزخورمـاتوو بەشـداری کـرد لەهەڵدانـەوەی گـۆڕی بەکۆمەڵی(٢٢)پێشمەرگە .کەپێکهاتبوو لە پێشمەرگەکانی(ی.ن.ك)و (حزبی شیوعی عێراق )، ئەوپارتیزانە قارەمانانەی لەنەبەردەکانی بەرگری ئەنفال لەشەڕی گوندی (تازەشار)داچەندکەسێکیان بەبرینداری کەوتبوونە دەست ڕژێم لەسەربازگەی قاتعی دوزخورماتوو خرابوونەوەژێر گڵەوە....

ڕۆژی٢٠٠٣/٦/٥لەڕێوڕەسمێکی شایستەدا بەئامادەبوونی لێپرسراوانی حزبی وحکومی تا یبەت کاك(عوسمـان حـاجی محمـود)و ( محمودسـەنگاوی ) و (عدنانی حەمەی مینا) و(هاوڕێ مەلاحسن) لەحزبی شیوعی کوردستان ونوێنەری دەزگای شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان و پتر لە (١٠هـەزار ) کەس لەخەمخۆرانی شـــەهیـــدان تەرمی هەر(٢٢) شەهیدەکە لەگۆڕستانی تایبەت بەشـەهیدان لەگـەڵ خوێندنـەوەی چـەندین وتـار و پارچـە شـیعر وپەخشان بەخاك سپێردرانەوە..

## شەهیدانی داستانی تازەشار

شەهیدەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان:-

| | |
|---|---|
| ١- نازم رشيد احمد ( نازم بچکۆل ) | ١٩٥٧ کفری |
| ٢- فاروق رشيد احمد | ١٩٧١ کفری |
| ٣- غالب عبدالله امين | ١٩٦٣ خورماتوو |
| ٤- احسان محمود صالح | ١٩٦٤ کانی قادر |
| ٥- حميد محمد صالح | ١٩٧١ یەنگیجە |
| ٦- ياسين سعدون سعيد | ١٩٦٥ کەرکوك |
| ٧- نیزام احمد رەمەزان | ١٩٦٢ خورماتوو |
| ٨- جبار عبدالكريم محمدعلی | ١٩٦٢ کانی قادر |
| ٩- شێرزاد حسن علی | ١٩٧٢ خورماتوو |
| ١٠- احمد امين رۆستەم(احمد مەسۆیی) | ١٩٦٦ مەسۆیی |
| ١١- نەجات فەتحوڵلاأمين | ١٩٦٦ هەفت تەغار |
| ١٢- عادل مجيد خورشيد(پشتگیری) | ١٩٦٥ تازەشار |
| ١٣- أحمد قادركريم | نەزانراوە |

ناوی شەهیدەکانی حیزبی شیوعی عێراق:

| | |
|---|---|
| ١- نازم علی عباس( ملازم سامی ) | ١٩٥٦ بابل |
| ٢- بها الدين علی محمد (ماجد | ١٩٦٠ خورماتوو |
| ٣- عبدالرحيم علی محمد(ئاشتی) | ١٩٥٦ کەرکوك |
| ٤ . تالب يوسف (علی عەرەب) | ١٩٥٨دیالی |
| ٥ .فوزی عبدالجبار(عامر) | ١٩٥٧ بابل* |
| ٦ . تارق محمد امين | ١٩٦٥ کانی قادر |
| ٧. عدنان رشيد غيدان | ١٩٦٩ کانی قادر |
| ٨ .عبدالله وەلی حيدر | ١٩٦٩ هەیەڕە سوور* |

• ( ئەنفالی رەش - گۆڕەبەکۆمەڵەکان- نووسەر)




بۆمەرگی دایکی حەوت شەهید و

تێکۆشەری رێگای کوردایەتی

## خاتوو مەحبووبەعوسمان*

شانازییە بۆمێژووی پڕلەسەروەری گەلی کوردستان کە ناوی شێرەژنی وەك زێرینی ئامێدی وقەدەخێر وحەبسەخانی نەقیب ولەیلاقاسم وخوشکەبەیان وزەکیەئالکان وخەجێ باوە ولەیلازاناوکوێخانێرگز...ی لەلاپەڕەکانی خۆیدا تۆمارکردووە.خاتوومەحبووبەعوسمانیش ژنێکی تێکۆشەری ئەم میللەتەیە کەخۆی وهاوسەرەکەی وحەوت رۆڵەی قارەمانی بوونەتەقۆچی قوربانی لەپێناو رزگاری کوردستاندا..جەماوەری خۆڕاگری ناوچەکانی گەرمیان وشوان وشێخ بزێنی باش لەیادیانە مەحبووبە عوسمان وصالح سعیدی هاوسەری چۆن لەشۆڕشی ئەیلوولدا بن کەپکەشاخ وئەشکەوتەکانی ماسقەلان وشیوەزلە یان کردبووە سەنگەری بەرخۆدان وشوێنی حەوانەوەی خۆیان وکۆرپەئاوارەکانیان...

نۆساڵ خەباتی پڕشانازی، نۆساڵ ئاوارەیی وخۆڕاگری،نۆساڵ برسێتی وهەژاری وململانێ وشۆڕش،نۆساڵ پێکەوەگرێدانی خەباتی شاروشاخ بوون بەقۆناغەکانی سەرەتایی وناوەندی

بۆپــەروەردەکردنی نــۆ کۆرپــەی چــاوگەش،نۆرێبواری رێگــای کــاروانی خــەبات..تائەوەبوولەبــەهاری ١٩٧٥داسەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول هەواڵی نسکۆ..یان راگەیاند. ئیتر

ئەوانیش وەك هەزاران تێکۆشەری تــر ناچــاربوون بگەڕێنەوە،چــوونەوە شــاری دێرینــەی کــورد شــاری کەرکوك.

بەڵێ..خاتوومەحبووبەعوسمان چونکە بۆی نەدەکرا لەئاست سیاسەتی (تعریب وتبعــیس وترحیــل..)ی خەڵکی کــەرکوك دابنیشــێ،بۆیە رۆڵــی کاریگــەری هــەبووە لەناســاندنی رێبــازی کۆمەڵەبەهاوســەرە ماندوونەناسەکەی وناردنی جگەرگۆشەکانی بۆئەوزانکۆیــەی مامۆســتایان خاڵەشــەهاب وهاورێکــانی تێیدا مامۆستابوون.

هەڤاڵی تێکۆشەر دکتۆرهادی ئەوپێشــمەرگەبرین پــێچ وهەڵمەتبەرەناســراوەی (تیپــی٢١ی کــەرکوك) لەئامێزی ئەمدا پەروەردەکرابوو،ئێستایش لەنێو گلێنەی چاوی پێشــمەرگەکانی کــەرکوك وخاڵخــالآن ..دا، دکتۆرهادی .. قەدوبالاوتفەنکەکەی ،بیروبڕواو رێبازەکــەی ،دەســت وپەنجەوحەقیبەکــەی ، مــاڵ بەماڵ وسەنگەرسەنگەر دەگەڕێن وهەرزیندوون ولەدڵی مێژوودا دەژین. ئێستایش لووتکــە بڵنــدەکانی پشتی (شاناخسێ)بۆنکروزی ئاواتەکانی دکتۆرهادی وبۆنی کیمیاوی رژێمیان لێ هەڵدەستێ..

ئێســتایش خــەڵکی گەڕەکەچەوســاوەکەی رەحیماوالەیادیانــە لەسەرشــەقامەی پــاڵ ماڵەکــەی کــاك ئەنوەردا،لەشارەکەی گاورباخی ولەبەرچاوی جەماوەردا، چۆن نارەوا کاك (رفیق)یان بێ سووچ وگوناح وتاوان دایەبەردەسرێژی گوللە وگەیشــتە رێــزی شــەهیدان..ئێســتایش دەرودراوســێکان لەیادیانەچــۆن ئەوخێزانە هەژارە،ئەوبنەماڵە نەبەزو فیداکارە،ئەنفال کران..ئەم خێزانەیش وەك هەزاران خێزانی ترلــەم ولاتە ژیلەمۆیە،لەم ولاتە بڕنسکۆیە،لەم واری مل وچەقۆیە،لەم سووتەنە پڕبۆن سۆیە..بــوون بــەنۆمۆم بەنۆچرا،ناویان لەلیستی نەمران لەدەفتەری سەروەری دا تۆمارکرا..

## ناوی سەهیدانی ئەم خێزانە:

| | |
|---|---|
| ١ – شەهید صالح سعیدبایز | سەرەك خێزان وپێشمەرگەی دێرین |
| ٢ – شەهید مەحبووبە عوسمان | دایکی حەوت کوڕی شەهید |
| ٣ – شەهید هادی صالح سعید | دکتۆری شۆڕش لەتیپی ٢١ی کەرکوك |
| ٤ –شەهید رفیق صالح سعید | لەرەحیماوا بەبەرچاوی خەڵکەوە شەهیدکرا |
| ٥ – شەهید عبدالوهاب صالح سعید | لەگەڵ چوار برا بێسەروشوێن کران |
| ٦ –شەهید صلاح صالح سعید | = = |
| ٧ – شەهید عادل صالح سعید | = = |
| ٨ – شەهیدسعدون صالح سعید | = = |
| ٩ - شەهیدمهدی صالح سعید | = = |

* بەلاٌوکردنەوەی ئەم بابەتە لەکوردستانی نویٚ دا دەبێتە جێی سەرنجی هەڤاڵ ( مام جلال ) ودوای چەندرۆژێك لەوتارێکدا ئامـاژەی بۆگرنـــگی ئەم جۆرە بابەتەکردوداوای کردبالەجێی بابەتی وەك(ئەندری پایدەر) ئەم جۆرە نووسینانە بلاٌوبکەنەوە..



# حەوت ئەستێرە

لەبەرساباتی کەپرێکدادۆشداماووم،فەرهەنگێکم لەبەردەستە،یەکە یەکە وشەکانی مێژووی شۆڕشی گەلانە.لەبەرسێبەری هەوارێك سام گرتوومی،کلاَفەی ژان دەکەمەوە هەرهەڵسانەوە و گلانە.لەگوێی رووباری (شیوەسوور)لەسەر رێبازی خۆم سوورم،هەرچەند دەکەم قەڵەمەکەم لە ئاست سەربەرزی(مام ئەحمەد)کەڕولاڵە.کەشکۆڵی وشەم بەتاڵە.بەناچاری دەچمەوەهەواری خاڵی، برووسکەیەك بەریَ دەکەم:ئێرەچەمی کاولەسوارە.لەشوێنێکدا کرنۆش دەبەم بەرلەئەنفال ئاوەدان بوو.بەرلەکۆچی زۆرەملیَ...شوێن ماڵەکەی مام ئەحمەدی قارەمان بوو.هەرلەوێوە دێم داستانێك دەگێڕمەوە.برینی خۆم دەکولێنمەوە.ئێرە..

مەکۆی پارتیزانی وئێرە تەکیەو دیوەخان بوو.هەرلێرەبوو(مام برایم)و(ئاکۆسوور)بەگژ ئاگردا چوونەوە (مەلائاراس)و(کاك عەلی)... بەدەیان جارکۆبوونەوە.

چی بنووسم؟!چیتر تیری بیرکردنەوەموەکوجارانی بڕناکا.دەستم لەحەیفا سڕبووە،ئاخر ئەنگوستم گۆناکا. تەماشاکەن !ئەم دیمەنەم لەپێش چاوە:

**پیرەمێردێك**..

گشت کوڕەکانی پێشمەرگەن،لێقەوماوە ، جوتیاریکی زۆرهەژار ومیوانداره چەند بلّێی هێندە ماندووە. ژێرهەردووپێی پۆقژەیە، هەردەپەنجە وهەردوو لەپی قلیشاوە.

---

*هەوێنی ئەم بابەتە شیعرێکە بەناوی (ساباتەکەی مام ئەحمەد)

**پیرەژنێك..**

هاوڕێی هەموو تەمەنییەتی لەتەنیشتی دۆش داماوە.
پێی لەسەر ملی بێلێکەو وەکوپەیکەر راوەستاوە.
بەرلەچەندسالێ ئێرە.مالّی مام ئەحمەدبوو.
ئەو دیمەنەی نیشانم دان ئەوەحالّی مام ئەحمەد بوو.
ئیتر دواترئەنفال هات و..لەزێدی خۆی تەولابوو.
ئاوارەی ئەودیو سێبەری منارەی چۆلی و قەلاّبوو.
دەسبەسەری (کەورگۆسك)وتووشی سەددەردوبەلاّبوو.
لەدوای لەت بوونی ...جگەری هەناوی پڕبوو لەژان و هەناسەی تەژی لەبۆن سۆ.
ئیتر زیکری پاش نوێژانی هەرپاڕانەوەی تەمەن بوو بۆ کاکە(یونس)و(ئاکۆ).
لەگەلّ چەخماخەی(بروسك)وراپەڕیندا.
لەگەلّ یەکەم بوومەلەرزەو ڕاچەنیندا.
تارماییەك دەرگای مالّی تاریك کردن.
بووبەچرای ئەوشەوەیان بەرلەمردن .
ئەوە یونس بوو هاتەوە گەردنی خۆی پیێ ئازا کردن.
رێبوارێکی بەپەلە بووپێلاّوەکانی دانەکەند دوای هیلاکی.
یەك سەر چووبۆ(گردەڕەشە)بۆسەرگلّکۆی هەردووکاکی.
ئیتر چیتر نەهاتەوە ،لەگەلّ نەورۆز هەنگاوەی نا،بەبیێ باکی.
بووبەفیدای کوردستان و بەجێی هێشتین بەغەمناکی .
هۆخەلّکینە تەماشاکەن!ئەوجێگایە ئێستاخانەقای ویژدانە.
سەربوردەی ژیانی مام ئەحمەدلەدەفتەری سەروەریدا
لەنێو پەڕەی دلّی من و..وا لەدەزگای شەهیدانە.
وەرن باهەموو پێکەوە بچینە زیارەتی مام ئەحمەد

گویٚ رادێرین بۆلاوك سروودەکان هەمووداستان و سەروەرین.
با تەماشای دڵی دایە (مریەم)بکەین ئەلبومێکی پڕلە خاچە
جا دەزانین پێنج ئەستێرە لەئاسمانی بەخشندەیی چۆن
ه ە ڵ وە ر ی ن...


* ئەستێرەی یەکەم:
شەهید صمدأحمدحمەعلی(مەلاسەمەد)لە١٩٥١لەگوندی سێگردکان لەدایك بوو.
لەمناڵییەوە چۆتە حوجرەی مزگەوتان بەمەبەستی خوێندن،
پاشان چۆتە قوتابخانە تاقۆناغی سەرەتایی وناوەندی تەواوکردووە.
لەساڵی ١٩٨١پەیوەندی کردووە بە(کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)ەوە.
کادیرێکی چالاکی نێوجوتیارانی (شێخ بزێنی) ببوە
لەدوای ئەنفالەکان ماوەیەك بەپارتیزانی دەمێنێتەوە
تا لەمانگی ئابی١٩٨٨ لەدەربەندی گومەسپان لەلایەن رژێمەوەدەگیریٚ و
رۆژی ١٢\١٠\١٩٨٨لەسەربازگەی (رەشکێن)ی هەولێر لەگەل برایەکی وچەندکەسێکی تر
بەبەرچاوی سەدان سەربازەوە گوللەبارانیان دەکەن.

* ئەستێرەی دووەم:
شەهید(صالح أحمدحمەعلی)ناسراو بە(صاڵح bkc)
لەساڵی١٩٥٤ لەبنەماڵەیەکی جوتیارداچاوهەڵدێنی ،
بەرەنجبەری وهەچاری تەمەنی منالّی ولاوی بەسەردەبات.
لەشۆڕشی ئەیلولدا لەدەستەکەی شەهیدی فەرماندە(د.خالدسعید)دەبێتەپێشمەرگە
تانسکۆی ١٩٧٥ پاشان ژیانی ئاسایی درێژەپێدەدات،
ماوەیەك بۆکرێکاری روولەشاری بەغدا دەکات.
لەرێی کۆمیتەی ئاگرەوە پەیوەندی بە(کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)ەوەدەکات.
لە١\١\١٩٨٢ لەلایەن دەزگای ئەمنی ناحیەی شوانەوە دەگیریٚ ورەوانەی زیندانەکانی(أمن کرکوك) دەکریٚ،لەویٚ لەگەڵ پێشمەرگەی زیندانکراو تۆفیق تورکەیی( کوردە) کەلەلایەن ئەمنی شوانەوە رفێندرابوو، لەژوورێکدا پێکەوە دەبن ، لەرێگای نامەیەکەوە هەڤاڵ(مەلاشاخی ) لەئاشکرابوونی ناوی ١٧هەڤاڵی رێکخستن لەسنوورەکانی شوان

وپردێ و تەقتەق ..ئاگادار دەكەنەوە..پاش ئازارو‌ئەشكەنجەی زۆر هیچ نهێنییەك نادركێنێ لەسەرەتای مانگی ئازار ئازاد دەكرێ.

رۆژی **٢١**ی ئازار دوای رووداوەدڵتەزێنەكەی گوندی مۆرخوادە وشەهیدبوونی كاك (علی صاڵح)وهەڤاڵكانی، بۆئەوەی سەنگەرەكانیان چۆڵ نەبێت ئەبێتە پێشمەرگە لە تیپی **٢١**ی كەركوك.

بەداخەوە ئەویش رۆژی١٢\٩\١٩٨٨لەهەولێرگوللەبارانكرا.



الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء

صورة قيد وفاة

رقم الشهادة الاصلية ٢٢٥٥٩
تاريخ تنظيمها ٢/١٠/١٩٨٨

الى /

نؤيد لكم بان الوفاة المسجلة اوصافها ادناه قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت تسلسل ٨٤٨ لسنة ٩٨٨

اسم المتوفى حمە ... الجنس ذكر الجنسية عراقي العمر ٢٤ سنة الديانة مسلم

اسم الاب احمد حمد ...

اسم الام مريم محمد

تاريخ الوفاة : رقما ١٢/ ٩/ ٩٨٨
كتابة الثاني عشر من شهر تشرين الاول ... الف وتسعمائة وثمانية وثمانون

محل وقوع الوفاة اربيل - ... المرتفع

سبب الوفاة الاعدام

اسم المخبر عن الوفاة

التوقيع

اسم المنظم ...
التوقيع
التاريخ ١٢/ ٢/ ٨٩

اسم الدكتور ... ختم المؤسسة

دەقی بەڵگەنامەی شەهیدبوونی هەڤاڵ (صالح B.K.C)

* ئەستێرەی سێیەم:

شەهید یونس أحمدحمەعلی لەساڵی١٩٦٤لەگوندی (شەوگێڕ)ی ناوچەی شێخ بزێنی تەمەنی مناڵی ولاوی بەهەژاری ورەنجبەری بەسەربردووە،ساڵی١٩٨٢پەیوەندی کردووەبە(کۆمەڵە)وە،لەساڵی ١٩٨٧بووە بەپێشمەرگە لەتیپی ٢١ی کەرکوك، بەشداری شەڕەکانی بەرگری لەئەنفالی کردووە، لەساڵی ١٩٨٩لەگەڵ دەستەیەك لەپارتیزانەکانی دوای ئەنفال گەڕاوەتەوە سنووری کەرکوك وسلێمانی،بەرلەڕاپەرینی ١٩٩١لەبارەگاکانی سەرکردایەتی بۆی گێڕامەوە لەکاتی پارتیزانیدا رۆژێك هێندەبرسیمان بووبوو،خواردنمان دەست نەکەوت خەریك بوو ئەومایندەی پێمان بوو، سەری ببڕین وگۆشتەکەی بخۆین..

لەکاتی راپەڕینەکەیشدا لەگەڵ هەڤاڵەکانی بەشداری لەراپەڕین کردو شەوی ١٩٩١\٣\١٣بەپەلە چووە ئۆردوگای (کەورگۆسك) لەوێ چاوی بەدایك وباوك وکەسوکاری کەوت وهەرئەوشەوە گەڕایەوە هەولێرو بۆبەیانی چووە گۆڕستانی (گردەرەشە)بۆسەرگۆڕی هەردووبراشەهیدەکەی، لەوێ بەڵێنی درێژەدان بەرێبازی شەهیدانی نوێ کردەوە وبەرێکەوت بەرەولای هەڤاڵەکانی لە محوەری پردێ-کەرکوك، دوای بەتەواوەتی رزگارکردنی کەرکوك ، رۆژی ١٩٩١\٣\٢٠لەگەڕەکی رەحیماوە لەئەنجامی کەوتنە خوارەوەی گوللەهاوەنێك

لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر و چریکێکی کۆمۆنیست بەرکەوتن وگەیشتنە کاروانی شەهیدان...

* ئەستێرەی چوارەم:

شەهید رەمەزان أحمدحمەعلی ناسراوبە(ئاکۆسوور) لەساڵی١٩٦٥لەگوندی (شەوگێڕ)چاوی هەڵهێناوە،ژیانی مناڵی پڕلەچەوسانەوە وکولەمەرگی بووە،لەساڵی ١٩٧٩پەیوەندی کردووە بە (کۆمەڵە)وە،لەگەڵئەوەی تەمەنی بچووك بوو،،بەلام هەڤاڵێکی چالاك بوو، لەنەورۆزی ١٩٨١بووبەپێشمەرگە لەهەرێمی ٢ی کەرکوك، لەدەیان نەبەردوچالاکی پێشمەرگانەدا دەوری جوامێرانەی هەبوو،لەکاتی هێرشەکانی ئەنفالدا دەوری کاریگەری بینی لەرزگارکردنی سەدان خێزانی ناوچەکانی شوان وشێخ بزێنی،لەدوای ئەنفالەکان فەرماندەی رەتلی ٩ ی پارتیزانەکان بوو، لەدەورووبەری پیرەمەگروون وخالخالان..،لەبەرئازایەتی ودانەبڕانی لەخەبات مەدالیای زێڕینی (ی.ن.ك) ی پێ بەخشرابوو، لەژیانی پێشمەرگایەتی چەندین پلەی پێدرابوو، دواپلەی(مقدم)بوو،لەشەوی٢٤-١٩٩٤\١٢\٢٥ لەچیای (سەفین) شەهیدکرا...

* ئەستێرەی پێنجەم:

شەهید بکرأحمدحمەعلی لەساڵی ١٩٧٠لەگوندی شەوگێڕ لەدایك بوو، هەل ومەرجەکانی ژیانی بنەماڵەکەی نەیتوانی درێژەبەخوێندن بدات،بەداخەوە ئەویش بەهۆی رووداوێکی دڵتەزێنەوە گەیشتە بارەگای سەروەری...

* ئەستێرەی شەشەم:

*شەهید **محمداحمد** حمەعلی (شاهۆ) ساڵی ١٩٦١لەناحیەی(سێگردکان)هاتۆتە دنیاوە، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەوێ تەواو کردووە، **لەساڵی١٩٨٢ پەیوەندی بە (ی.ن.ك )ەوە کردوە**،**ساڵی١٩٨٥ لە(تیپی٢١ی کەرکوك)بووەبەپێشمەرگە،بەشداری دەیان نەبەردوچالاکی کردووە، دووجار بەسەختی بریندار بووە،تاساڵی ١٩٨٨ درێژەی بە خەبات داوە.**

**لەهاوینی ١٩٨٨ لەگەڵ دووبرای(عبدالصمد)و(صالح) لەلایەن رژێمەوە دەگیرێن،لە زیندانەکاندا تووشی ئازارو ئەشکەنجەی زۆر دەبنەوە، هەردوو براکەی گوللەبارن دەکەن و ئەمیش دوای ئازادکردنی رەوانەی سەربازی دەکرێ. ساڵی ١٩٩١ لەشانەچەکدارەکانی (بروسك)سەرپەرشتی چەندشانەیەك دەکات،بەشداری رزگارکردنی شارەکانی هەولێر و کەرکوك دەکات.**

**دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پلەی (مفوچ) لە ئاسایش دادەمەزرێت.**

**– ساڵی ١٩٩٤ بەپلەی ئەفسەر لە بەرێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەست بەکار دەبێت.**

**– ساڵی ١٩٩٧دەبێتە بەرێوەبەری گومرگی هەولێر(ئیدارەی سلێمانی)لەکۆیە**

**– ساڵی ٢٠٠٦ دبێتە بەرێوەبەری پۆلیسی دەروازەی بازرگانی مەرزی (باشماخ)**

**– دوا پلەی (عقید) دەبێت، بە داخەوە لە رۆژی ١٠–٦–٢٠٠٧ لەکاتی بەرێوە بردنی ئەرکەکانی، بە رووداوێکی دڵتەزێن دەگاتە کاروانی پڕ لەسەروەری براکانی.**

* ئەستتێرەی حەوتەم

* شەهید دارا رمەزان احمدحمەعلی (کوڕی شەهید ئاکۆسوور)

ساڵی ١٩٨٦ لەگوندی (شەوگێر )ی (شێخ بزێنی) ئەورۆژەی فەرماندە ئازای یەکێتی (دارای مامە قالە) شەهید دەبێت لەگەڵ هەواڵی شەهیدبوونی ئەمیش لەدایك دەبێت،هەربۆیە ناوی لێ دەنێن (دارا)

لە تەمەنی ١٦ ساڵی دەبێت بە پێشمەرگە ، لە چاپووکی و گورج وگۆڵی هەر لەباوکی دەچوو،دوای پرۆسە و رووخانی رژێمی گۆڕبەگۆڕ بە ماڵەوە دێنە شاری کەرکوك و لە گەڕەکی (نەورۆز )نیشتەجێ دەبن.

رۆژی ٦-٧-٢٠٠٣ لە شاری کەرکوك ،لەکاتێکدا دەنگۆی هاتنی چەند چەکدارێکی تیرۆریست لە گەڕەکەکە بڵاو دەبێتەوە ،ئەویش لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی رووبەرووی تەقەکان پێشڕەوی دەکەن ، لەکاتی گەڕانە وە دا فیشەکێك بەری دەکەوێ و بەهۆی تیژڕۆییەوە ماشێنەکەی بە دیوارێك دەکەوێت و هەر لەوێ شەهید دەبێت.

** کورتەی ئەم بابەتە لە کوردستانی نوێ ژ٢٠٣٨ لە٢٨\١٢\١٩٩٩دا بڵاوکراوەتەوە.




# شاڵی کەسك

بۆ/ شەهید(مستەفا عوبێد محمد) ناسراوبە(مستەفا شەوگێڕی)

بەبیرم دێ مناڵێکی ژیکەڵە بووی لەبیلبیلەی چاوەکانتا خۆشەویستی بەدی دەکرا..

کەگەورەبووی شەست وسێ بوو،ئەوسای (حەرەس قەومی)هاتن،لەبەردەرکی بنکەیەکدا تۆم بینییەوە،تەماشای ئاسمانت دەکرد.چاوەکانت هەرلەچاوی ئەوهەڵۆ سوورخنە دەچووکەئێواران لەسەر (قوچە سۆران)ەوە تەماشای هەتاوی دەکرد،باڵات بەقەدباڵای بڕنەوێکی لێهات بوو ، ئیتر وەك هەردڵسۆزێکی ئەم وڵاتە بەشەوان هەرخەونت بە دووربین ورەختی پشت وبەکلێتەوە ..دەبینی.

کەخۆشەویستی گەل وعەشقی خاك وخەمی وەتەن بەرۆکتیان گرت،لەگەڵ(شێرکۆ)و (ئاکۆ)ی هاوڕێت بەچپەوە باسی پێشمەرگەتان دەکرد..

ئیترباڵای خەمەکانت لەگەڵ باڵای هەرسێکتاندا مەزن وبڵندتر دەبوو..

لەحەفتاو چوار،لەوساڵەدا بۆیەکەم جار،داڵی(ئەلیوت )لەگەڵ(غەزال) مەرگیان هێناو لەئاسمانی(سەفایی)یەوەدایانباراند وەك بارانی خوڕی بەهار..

ئێستایش دراوسێکان لەبیریانە هاوارت کرد : (دایە دایە ..! ئەوتفەنگە بخەفریام ..)

کاتێك تەرمی هەڤاڵ(خلیل)هاتەوە دێ سینەت وەك حەوجۆش دەکوڵا،گریای..گریام.

هەرئەوساڵە لەسەرگردی قەڵاتەوە.لەشوێنی ئاگری نەورۆزان لە جیگای حەرەسیاتەوە.بەچاوی خۆت چـاوت لـێ بـوو لەسەر (شاخەشینان)ەوە،هەوری رەشی سوپای دوژمن.وەك چۆراوگەی گەواڵەهەورێکی چڵکن.مەرگیان کردەگۆبەرۆك و گەردنەی بەرمل وگەردن.بۆدەیان منالی ساواوبۆپیرەمێردوپیرەژن... لەبەردەمی دیوەخاندا چواردە جۆگە لـەخوێنی سوور،چـواردە رووبار،تێکـەڵ دەریـای شـەهیدان بـوون، بـوون بەسـیروان و زرێبـار...سـاڵ هـات سـاڵ چـوو،زوڵم وزۆروچەوسانەوەت لەبیرنەچوو.دوای ئاشبەتاڵ ، ئەوسای (رفیـق)ە رەشـەکان ناوچـە بەناوچـە مـاڵ بەماڵ،لـەدوای قەوانێك دەگەڕان تاخاوەنی بنێنە چاڵ.ئەوجار، بیرکردنەوەوخەیاڵ،بوون بە بڕیار.لەوکاتەوە تـۆ هەرچـاوت لـە رێگـە بوو.تۆ هەرهۆشت لای شۆڕش وپێشمەرگەبوو.تابووی بەهاورێ وهەڤاڵی کاك (نازم)و(مـەلائاراس).بـووی بەهـەلۆی بەرزەفڕی رێی خەبات ولەسـەنگەردا قارەمـان بـووی.خـۆت هـەڤاڵی پـارتیزانی وبـارگران بـووی.بۆیـە ئێسـتایش خۆشەویستیت لەگەڵ خۆشەویستی گەل ونشتیمانە.ئاوێنەی بالاَنمای تۆ نەبەردییەکانی قەیوانە..
من هەرکاتێك بەفری قەندیل، لووتکەی سارا،شاخێکی سەرکەش دەبیـنم. نەبـەردەکانی دابـان وداسـتانی رزگـاری وساتی...چۆن بوون.. دینەوە بەرچاوم، دەکولێننەوە برینم..
ئەی هاورێ گیان ..!
دڵنیابە..تۆ چۆن لەژیاندا شابازی بەرزەفڕبووی.چۆن پڵینگی چنك بەگڕبووی.چۆن گڕی باباگڕگڕ بووی..
هەتا هەتا لەنێو دەفتەری سەروەری دڵی مندا تۆ هەر زیندووی.تۆهەر مستەفای جارانی تۆ نەمردووی..
کەینێ توانیم سەوزی شاڵ وشینایی چەم ودارستان ،جوانی دیمەنی کوردستان لەبیربکەم ،
دڵنیابە ئەوکاتەش تۆی پێشمەرگە،تۆی قارەمان وفەرماندەم لەبیرناچێ.
مەگەر رۆژێ،مەگەر کاتێ ئەوپەردەیەی ئێستا کەوتۆتەنێوانی ئێمەو ئێوە،
ژیان ومردن ..
ئەوپەردە یە بڕواو لاچێ.

*ئەم بابەتە لەژمارە(٨)ی گۆڤاری (شەهید)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩دا بلاّوکراوەتەوە



# بڵند بوون بەقەد خاڵخالان

بۆ کۆچی پێشمەرگەی ماندوونەناس هەڤاڵ ئەحمەد قەسرۆکی

من یەکەم جار،لەسێبەری هەنارەکانی(دەرەنار)لە نێوانی(سوورقاوشان) و (چەمی ڕێزان) لە نێو بازنەی(هەرێمی دوو) لە گەڵ تۆدا بووم بە هەڤاڵ، کاتێك ووتیان: کێ دەبێتەپێشمەرگەی باکوور؟

کێ دەخوازێ کوردستانی تێبکۆشێ ، لەدیاربەکرابۆشۆڕش ببێ بەگڕی سوور؟!

چاوم لێ بوو..سمێڵ ڕەشێك،هەرلەپیاوەدلێرەکانی (شێخ محمود)و(سمکۆ) دەچوو،

هەرلەپڵینگ وهەلۆ دەچوو، لەنێو بازنەی هاوڕێکانی هاتەدەرێ بە تەنیایی:

بنووسن(ئەحمەدقەسرۆکی) بەڵێنە وبەدڵنیایی،

من دەمەوێ یەکەم ڕۆڵەی (کەرکوکی)بم،بچمە کوردستانی مەزن،ببمە گەریلا وفیدایی..

لەوساکەوە هەڤاڵ ئەحمەد لەدڵی مندا بووبە پێشرەو،بۆئەستێرە سوورەکە بوو بە پرتەو،

لەدوای ئەوان هەموو یەکدەنگ بوون بەسرود، هاواریان کرد: بژی کورد..بژی کوردستان.

ئەم قەسرۆکە لە پاڵ (قەلاّی سەلّت احمد)ە،لانکەی هەڤاڵ(احمدبەگ)و

لەپاڵ چاکی(شێخ احمد)ە خەڵکەکەشی تێکۆشەر وخۆنەویست بوو،

من تەنها هێندە دەزانم ، لەو ڕۆژەوە، لەوگوندەدا،هەرکەسێك ناوی ئەحمەد بوو.

لە دڵی مندا خۆشەویست بوو. .

هۆخەڵکینە !

ئەم پۆلە ئەحمەدەی قەسرۆك بۆ یەکێتی،بۆ کوردستان هەریەکەیان لە شوێن خۆیان،

پیاوی مەیدان،گورو هێز بوون.

ئاخر پێش مەرگ ودوای مەرگیش لە دڵی خەڵك دا هەر بەرێز بوون.

بریا وەك ئێمە دەزانین .. ئێوەش هەموو دەتانزانی چەند ئازا بوون،

چۆن بە شیری مەردایەتی بەجوامێری وئازایەتی گۆش کرابوون،

لەقوتابخانەی(کۆمەڵە)و لە زانکۆی(یەکێتی)دا فێرکرابوون، بژین بۆ گەل،بمرن بۆ گەل.

بۆیە هەردەم لە نێو دڵی هەژاراندا، لە نێو ژوور و بەرهەیوانی جوتیاراندا، وەك چرا بوون....

یادیان بەخێر..!

یادی حەشارگە و پارتیزانی، یادی ڕۆژانی نێوسەنگەر بۆ چالاکی و قارەمانی،

یادیان بە خێر..!

یادی بناری قەندیل و چیای خاڵخالاڵن،

یادی ئێوارانی دەم زێ و(چەمی قالە)و (نهێنی شەو) لە بەرمالاڵن...

هۆ هاوڕێ گیان ! ئەو کۆچە ناوەختەی کردت ، لە دڵی من وئازیزاندا هێشتا زوو بوو،

تۆ پێم نالێیت،ئەو دڵەت لەکێ شکابوو،پەلەت چی بوو؟؟!

گشت دڵنیاین ڕۆحیانەتت ... وەك کۆترۆکەیەکی سپی ، بە ئاسمانی ئەم کۆڕەدا تێدەپەڕێ،

بە زمانی حاڵ پێمان دەڵێ:ـ

بۆیە وا زوو بەجێم هێشتن، بەرلەچەند ڕۆژ (مەلا ئاراس) بروسکەی پەلەی بۆ کردم...

( نەهرۆ)و(سەلام)ی ناردبوو، (ئەحمەد بەگ ) بە(شەمسە)ی گۆتبوو:

بڵێ کۆڕەکەت بێتە لام.

(مەلاعەودل) بۆ بناری هەنجیرەزەرد بۆنزرگەی ئەنفالەکان ناردییەدوام.

بۆیەمنیش پەیوەندیم کرد. ئێستا کوڕەکەی جارانم،

ئێستا پێشمەرگەکەی پێشوو،وام لە کەرتی شەهیدانم،

دڵنیا بن! ئەم سەفەرە ناچاری بوو،
دەنا زۆر زۆرم پێ خۆش بوو بۆ خزمەتی زەحمەتکێشان زیاتر بژیم ....
وا مەزانن من شەهید نیم ،
ئەی نازانن ؟ من وەکوو ئێوە زیندوو بووم ، هاتن و شەهیدیان کردم!!
من بە دەردی دوو بەرەکی ، لەداخی زۆڵە کورد مردم...*
سەفەر بەخێر ..!
برۆ ئاورِ مەدەرەوە ، برۆ دەرگای بەهەشتی خوا لە جوامێران بکەرەوە ،
دڵنیابە تۆ لە دڵی هەڤالاندا، لە ویژدانی رەنجدەراندا ، هەمیشە ئەستێرەی سووری ،
تۆ هەمیشە لە سەر گڵکۆی( مەلا میرزا) و( مەلا عوسمان ) قوببەی نووری،
تۆهەمیشە.لە دەفتەری سەروەری هاورِێ ی(مستەفا شەوگێرِی) و
( مام برایم) و(ئاکۆسوور) ی...

یادتان بەخێر...!
دڵنیا بن ناکرێ فەرامۆشتان بکەین ، سات ورِۆژ ومانگ وساڵان .
چونکە لە دڵی ئێمەدا..
بڵندن بوون بە قەد خاڵخاڵان.

## لەبیرەوەری
## شەهید محمد قادر زۆراب دا

مێژووی مرۆڤایەتی پڕاوپڕە لەزوڵم وزۆروچەوسانەوە،تەژییە لەخەبات وتێکۆشان وقوربانی دان، لێواولێوە لەگلان وهەڵسانەوە...دیارەگەلی کوردستانیش لەوگەلانەیە کەمێژوویەکی خوێناوی وپڕسەروەرییان هەیە.

شاعیری مەزنی گەلەکەمان (عەبدوللاّپەشێو)ناهەقی نەبووە کەگووتویەتی:

**لەسەر هەربستە زەمینێ**

**لەژێرهەرگەزەئاسمانێ**

**دامەمینەو..**

**تاجە گوڵینەکەت دانێ.**

کەرکوك وگەرمیانە وێرانەکەی ئێمەیش پشکی هەرەمەزنی لەقوربانیدان ولەفیداکاری بەرکەوتووە.ئەوەبەومانایە نییە کە لەبەخشندەیی هەرێمەکانی تر کەم بکەینەوە بەڵکوئامارەکانی (دەزگای شەهیدان)و (ئاماری ئەنفالکراوەکان) شایەدی ئەوڕاستییە دەدەن.

یەکێکی تر لەتێکۆشەرانی میللەتەکەمان شەهید(محمدقادر زۆراب)ە ئەم نشتیمانپەروەرە، ئازاوکۆڵنەدەرە تەمەنی منالّی ولاوی لەشارەکەی(ئەسیری)بەژێر دەستەیی وکولەمەرگی و بەسەربردووە،سیاسەتی(تعریب وترحیل وتبعیپ)هێندە دڵ و ویژدان ودەرونیان ئازار داوە، بەناچاری لە ساڵی ١٩٧٦ ڕێگای خەباتی نهێنی وژێر زەمینی لەریزەکانی تێکۆشەرانی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)لە(کۆمیتەی ئاگر)هەڵدەبژێرێ، لەدوای ئاشکرابوونی چەند هێڵێکی ڕێکخستن و گیران وراپێچکردنی (مەلامحی الدین )و هەندێ لەهاورێکانی بۆزینەدان و لێکۆڵینەوەیەکی

پڕلەئەشکەنجە...ئەم خۆی نادا بەدەستەوەو بەناچاری خۆی لەچاوی سیخوڕوپیاوەکانی رژێم وون دەکات وڕێگای گەرمیان دەگرێتەبەر...

ئەوسەردەمە گەرمیان قەلاّی پەنادانی تێکۆشەران و لێقەوماوان بوو، هەرگوندێك دالّدەی دەیان خیزانی پێشمەرگەوسەربازی هەلاّتووی بەرەکانی شەڕی( عێرق– ئێران)ی دابوو، ئەم پیاوە دلّسۆزەی (ی ن ك) یش رووی لەئاوایی (بەگزادە)دەکات و ،هەرلەوگونەوە دەست بەچالاکی لەبواری رێکخستن دەکات ، دواتر بۆبەرزکردنەوەی پلەکانی خەبات دەبێت بەپێشمەرگە. پاش ماوەیەکی کەم لەسالّی ١٩٨٦دا دەکرێت بە فەرماندی کەرتی (هێزی پشتگیری ) بەشداری چەندین نەبەردوچالاکی پێشمەرگانەی گەرمیان دەکات، لەچەندین شەڕدا چووە بەهانای تیپەکانی گەرمیانەوە ..لەسەرەتای نیسانی١٩٨٨ هەتا ئەورۆژەی بەرشالاّوەکانی ئەنفال کەوت لەچەندین شەڕی قارەمانانەی بەرگری لەشالاّوی ئەنفالی سێ بەشداری جوامێرانەی کردووە. بەداخەوە لەدوا ساتەکانی نائومێدی ووێرنبوونی تەواوەتی گەرمیاندا خۆی بەدەستەوەدەدات ولەگەلّ دەیان گەرمیانی تر لەسەرپشتی ئیڤا یەك شەتەك دەدرێ، پاش چەندرۆژ مانەوە لە(تۆبزاوا) بەرەو ئەودیوی حەمرین شۆڕدەکرێنەوە ، بەداخەوە لەوگەرمەسێرو بیابانەدا لەگەل هەزاران کەسی تر لەرۆلەدلّسۆزەکانی گەلەکەمان کۆمەلّکوژ دەکرێن...

تائیستایش کەسوکاری نازانن لاشە پیرۆزەکەی لەکام گۆری بەکۆمەلّدایە...

# شەهید کاروان
## تێکۆشەرێکی تری کۆمیتەی ئاگر

بەداخەوە دوای ئەوەی چەند بیرەوەریەکم دەربارەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان خوێندەوە.. ئەوەی تێبینیم کرد ئەوە بوو لە هەندێ لەو بیرە وەریانەدا باس لەشتی زۆرسادە وساکارکراوە، بەڵام باس لەیەکێك لەهەرە لایانە گرینگەکانی کەرکوك کە(کۆمیتەی ئاگر)ە بە تاکە دێڕێکیش نەکراوە.. هەر بۆیە ئەو بێویژانیانە پینووسە کلۆلەکەی منیان هێنایە وەلاّم ، کە ناچاربێت ناوە ناوە لەسەر (سەروەریەکانی کەرکوك -کۆمیتەی ئاگر- ئەنفال- پارتیزانەکانی گەرمیان) فرمێسکێك ئەگەر دلّۆپێکیش بێت برێژێ.

وا ئەمجارەیش باس لەتێکۆشەرێکی تری گومناوی (کۆمیتەی ئاگر)و(شاری کەرکوك) دەکەین کەئەویش شەهید (مدحت محمدتۆفیق)ناسراو بە(کاروان)ە

- لە ساڵی( ١٩٥٢ )دا لەگەڕەکی شەهید پەروەری (امام قاسم)لە ئامیزی خیزانێکی هەژاردا چاوهەڵدێنی،خوێندی سەرەتایی لە(أیوبیە )و ناوەندی لە(امام قاسم) ودواناوەندی لە(اعدادیەکوردستان)تەواو دەکات..

- هەر لەسەرەتای لاوێیەتیدا، باوك و دایکی بەهۆی ماندوویەتی ونەخۆشی وپیریەوە دەکەونە نێو جێگا.. هەربۆیە خەمی پەروەردە کردن وهاوکاری خوشك وبراکانی(حکمت و تەلعەت وفکرت وکریم وسامیە..)دەکەونە ئەستۆی ئەو..

- لەساڵی ١٩٧٣ لە رێگای (شەهید شەماڵ و شەهید بێستون عەسکەری ومامۆستاشێرکۆ) وە پەیوەندی بە رێکخستنەکانی(کۆمەڵە)وە دەکات.

- دواتر لەخانەی مامۆستایانی هەولێر وەردەگیرێ.

بەلاّم پیش تەواو کردنی ،بە هۆی دلّسۆزی بۆکوردایەتی لە ساڵی ١٩٧٤ روودەکاتە شاخ و لە(هێزی کەرکوك)دەبیت بە پێشمەرگە.

- لەدوای نسکۆی١٩٧٥بەناچاری دەگەرێتەوە شاروپاشان لە پایزی١٩٧٦خانەی مامۆستایانی لە هەولێرتەواودەکات.

- ساڵی١٩٧٧دەبێت بەمامۆستالەگوندی(ولاغلو)ی سەربەناحیەی ماوەت.

- لەکاری ڕێکخستندا سەرپەرشتی سێ پۆلی نهێنی دەکرد،
لیپرسراوی (کەرتی شەهیدئاسۆ)بوولە(کۆمیتەی ئاگر)
- لەساڵی ١٩٧٨گویزرایەوە بۆ گوندی سیامەنسوورلە پاریزگای کەرکوك.
- شانبەشانی کاری مامۆستایی ورێکخراوەیی هاوکارویارمەتی دەرێکی باشی مەفرەزە سەرەتاییەکان بووە لە گەرمیان، هەڤاڵێکی زۆر دڵسۆزوچالاکی کۆمەلەبوو.
- بەداخەوە لەرێکەوتی ١٩٨٠\٧\١٩ لەلایەن دەزگا کانی رژێمەوە راپیچی زیندان کرا،پاش چەندمانگ ئازاروئەشکەنجە، بە هەڵواسین وکارەبا لێدان ..بەهەمـوو جۆرە ئازاردانێکی جەستەیی ودەروونی نەیان توانی تە نها وشەیەکی پێی بدرکینن، ئازایەتی خۆراگری ئەم قارەمانەی ناوزیندان جگەلەوەی ورەی بەخشی بەهەڤالەکانی ناوزیندانی،ئومیدیشی دایەوە بەهاورێکانی کەدڵنیابن دوژمن زەفەری بەکێوی ورەی بەرزی نەبردووەو هیچ مەترسییەك لەسەر هەڤالاکانی رێکخستن نێیە.
- بستەبالاکانی رژێم دوای ئەوەی نائومێدبوون لەوەی هیچ نهێنییەکی لێ وەربگرن.هەر بەنهێنی شەهیدیان کرد ،کەسوکاریان لەژیانی نائومێد کرد،بەشێوەیەك سەرنگونیان کرد تەنانەت لاشە پیرۆزەکیشیان بە کەسوکاری نەدایەوە.
کەرکوکێیەکان ئەوانەی لەدوورو نزێکەوە شەهید(مامۆستامەدحەت)ناسراو بە(کاروان)یان ناسیبێت ، شانازی پێوەدەکەن ، ئەم جۆرە تێکۆشەرو قارەمانە هەرگیز لەبیری خەڵك ناچنەوە، روحیانەت و سەری بڵندوبەرزی ئەم مامۆستاشەهیدە و سەدان مامۆستای شەهید وئەنفالکراوی کەرکوك وگەرمیان ،وەك دووندی قەندیل لە ئاسۆی کوردایەتی یەوە دیارە..

حوزیرانی ٢٠٠٨ کەرکوك

* لەسایتی KirkukCenter و لە رۆژنامەی کەرکوکی نوێ
ژمارە (٥٠) ٢٠٠٨\١٢\١ دابلاۆکراوەتەوە.

# خوشكە پەرژین...

## چیرۆكی گیران وگەڕانەوەی خۆی لەئەنفالی گەرمیاندا دەگێڕێتەوە.

هەڤاڵ مام صالح یەكێك بوولەپێشمەرگە دلێرەكانی گەرمیان.خـاتوو (ئەسمـەر رەحمـان قـادر) ناسـراوبە(پـەرژین)ی هاوسەری یەكێك لە ژنەتێكۆشەرەكانی شاخ.ماوەی حەوت ساڵ بوو لەسنووری گەرمیاندا وچـانیان نـەدەدا.بـابزانین (پەرژین) چۆن فایلی ئەنفال هەڵدەداتەوە:

دوابەدوای شەڕەكانی بەرگری لەبارەگاكانی سەركردایەتی،ماوەیەك بوو(عوسمان)وهەڤاڵەكانی چـووبوون بۆسنووری قادركەرەم،سەرلەبەیانی رۆژی٧\٤\١٩٨٨ لەگەڵ دەستەیەك پێشـمەرگەدا،خۆیان بـەئاوایی (گەڕاو)داكرد،خەڵكەكە چاوەڕوانی دەنگوباسی هێڵەكانی تەماس بوون.

ئــەوان بەخــەڵكی گوندەكــەیان راگەیاند،كەهێرشــی ئــەنفال بەڕێوەیــە. ئامۆژگــاری دانیشــتوانیان كردكـەئازادبن لەرۆیشـتن ومانـەوە،دەكرێ فریـای خۆیـان كـەون،دوای ئـەوەی داوای گـردن ئازاییـان لەدراوسێكان كرد،ئیتر بەتوولـەرێگای بەرمالاَنـدا روویـان كـردە شـاخی ئاشـداخ.لەئاسـۆگەی دێـوە دوانیگــــای ماڵئاواییـــــان بڕییەئێمەوداروبـــــەردی ئەودەڤەرەولەچـــــاوان ونبـــــوون. رۆژی ٩\٤\١٩٨٨هەلیكۆپتەرەكانی ڕژێم كەوتنە ئاسمـانی ناوچـەكە، بەكاتیوشـا وتـۆپی دوورهاوێژكەوتنـە ئاگربـــارانی گـــەرمیان، جاشەخۆفرۆشـــەكان بوونەكەواســـووری بەرلەشـــكری داگیركەروپـــەلاماری ناوچەئازادكراوەكانی گەرمیانیان دا.

گوندی (گەڕاو) یش وەك گوندەكانی تركەوتەبەرشالاَوی ئەنفالچیەكان و داگیركراو دانیشتووانەكەیشی لەپاڵ گوندەكەراگیران وبەبەرچاویانەوە ئـاوایی تـەخت كراوپاشـان ڕیـێچ دران، منـیش وەك سـەرجەم خــەڵكی دێ بەچــوارمناڵەوە ئــەنفالكراین.ســواری ئیڤایــان كــردین بۆئێــوارە گەیشــتینە گونــدی (قــەرەتاموور) لــەوێ خــەڵێكی زۆر كۆكرابوونەوە،دووشــەو ودووڕۆژ لــەوێ ڕاگیركــراین،وەك رۆژی حەشرواببوو.

هەرلەوێ پیاوەكانیان لەژن ومناڵ جیاكردەوە،بەرەوچەمچەماڵ وكەركوك بـەرێیان خستن،بۆسـێیەم رۆژ ئێمەیشیان بردبۆچەمچـەماڵ،ئەوماوەیە زۆر بـەبێڕێزی هـەڵس وكـەوتیان لەگـەڵ دەكـردین.رۆژەڕەش

بوو،بەلێدان وشەق وقۆناغەتفەنگ بـەرێیان دەكـردین،وەك كۆیلـە رەفتاریـان لەگەڵـدادەكردین، دوای ئازاروئەشكەنجەیەكی زۆری جەستەیی وگیانی ودەروونی بـەرەو كـەركوك بـەرێیان كـردین.شـەورۆژێك لە(بەرێوەبەرایەتی أمنی كەركوك) دەستبەسەربووین،لەوێ زۆرسوكایەتی بەوخەڵكەزۆرلێكراووبێتاوانـە كرا...دواتر رەوانەی (تۆبزاوا)كراین،لەوێش لەبەرباران رایان گرتین،كەوتنە پرسـیارولێكۆڵینەوە..زمـان لەئاست گێڕانـەوەی زوڵـم وزۆری ئەوئەنفالچییانە جەللادانـەدا لاڵـە..لـەوێش گـەنج وپیریـان لێـك جیاكردەوە، چەندجارێك منداڵەكانیان لێدەسەندین ودەیان هێنانـەوە،دەنگی زریكـەی گریـانی منـاڵان وهاواروناڵەی دایكان دەگەییـەئاسمان ولەكاكێشـانی فەلـەك دەنگـی دەدایـەوە، مـن منـاڵێكی خـۆم كە شەش مانگان بوودووجـار بـەزیرو هـۆڕ لەچـنگیان دەرهێنـام وپـاش نزاوپاڕانـەوەی زۆرلـەقووڕیان هەڵكێشا، ئەوجاپێیان دامەوە. بۆمـاوەی ١٠رۆژ لـەهۆڵ وقاعـەكانی(جیشـی شـەعبی) لـە تـۆبزاوا زیندانییان كردین،خـواردن وخواردنـەوە بەئاسـتەم هـەبوو هـەربای ئەوەنـدەی زوونـەمرین. نەخۆشـی سكچـوون لەنێوانمانـدا بلاوبووبـۆوە..دوای ئەمانـە رۆژێـك كەوتنـە ناومـان رەوانـەی یـەكێك لەسەربازگەكانی(دووبـز)یـان كـردین..شـەش مـانگ ونیـو لـەوێ بێجـل وبـەرگ وپێخـەف لەسـەر ئەوچیمەنتۆڕەقە بەردەوام سوكایەتییان بەگەورەو بچووكمان دەكـرد..لـەوێش هـەرباس لەكولەمـەرگی وژیانی تاڵمان ناكرێ،رۆژواهەبوو چەندین مناڵ لەسەرماو لەبرساندا دەمردن،بەچاوی خۆم پێنج منـاڵی گوندی (سەرقەلا)م بینی كەچۆن لەبرسا مردن ،كەئەمەناوەكانیانە:

١ — سازگارفەرەج حمەأمین تەمەن ٣ساڵ

٢ _ كەژاڵ فەرەج حمەأمین تەمەن ١ ساڵ

٣ — یوسف عوسمان فەرەج تەمەن ٣ ساڵ

٤ — ڕێزان عوسمان فەرەج تەمەن ٤ ساڵ

٥ - سۆزان عوسمان فەرەج تەمەن ١ساڵ

ئەوە جگەلەوانەی دەمردن ،ئەوانەی لەگەڵ مردنیشـدا بـەرگرییان هـەبوو (ئەسـپێ)سـەری ژەنـدبووە خوێنیان...نەخۆشی پێستیش بەجارێ هەراسـانی كردبووین،منـاڵی وامـان لەگەڵـدابوو لەكەسـوكاری خۆی دابڕابوو،نەخۆشی پرزەی لێ بڕیبوو، لەسەرئەوچیمەنتۆ سـاردە هەردەنووزایـەوە..هـاواری دەكـرد (دایە..باوە..د..ا..ی..ە..ب..ا..وە..) هەتاگیانی دەردەچووكەسێكی نـەبوو نـازی بكێشـێ. هـەتا

دەمرم تائەورۆژەی سەرم لەبەردی ئەڵەد دەدات ئەوشەش مانگەم لەبیرناچێتەوە،چۆن لەبیرم دەچێتەوەخۆم ومناڵەکانم بەرگ بەقەدمانەوە دارزابوو،هیچ ئومێدێکمان بەژیان ورزگاربوون نەمابوو...ئەگەرچی پاش ئەوهەموناخۆشی وجەزرەبەو خەفەتە ئێمە بەرێکەوت لەتوونی مەرگ رزگارمان بوو وگەڕاینەوە بۆئۆردوگای شۆرش،بەڵام تاهەتا هەتایە تائەورۆژەی دەمرم هەرگیز ئەوزوڵم وزۆرەم لەبیرناچێتەوە.. بۆهەمیشە ئەوپیرولاوانەم لەیادە کەلە(تۆبزاوا)وە راپێچی (عرعر)و (نوگرسەلمان)کران وئیترنەگەڕانەوە..

**لیستی ئەنفالکراوەکانی(گەراو Garaw)**

| بوون | ڕەگەز | name ) ناوی سیانی( | | ز |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٥ | نێر | Khalid Tofiq | خالید تۆفیق رەشید | ١ |
| ١٩٦١ | نێر | Majid Tofiq | مجید تۆفیق رەشی | ٢ |
| ١٩٥٩ | نێر | Khalaf Said | خلف سعید محمد | ٣ |
| ١٩٥٦ | نێر | Nuri Said | نوری سعید محمد | ٤ |
| ١٩٦٤ | نێر | fatah Namiq | فاتح نامیق سعید | ٥ |
| ١٩٥٠ | نێر | Fariq Namiq | فریق نامیق سعید | ٦ |
| ١٩٥٥ | نێر | Mihiden Qader | محی الدین قادر سعید | ٧ |
| ١٩٤٧ | نێر | Qurbani Qader | قوربانی قادر سعید | ٨ |
| ١٩٦٥ | نێر | Wahed Sleman | واحد سلیمان مستەفا | ٩ |
| ١٩٥٥ | نێر | Anwer Omer | انور عمر مستەفا | ١٠ |
| ١٩٨١ | نێر | Muhammed Jabar | محمد جبار عباس | ١١ |
| ١٩٥٣ | نێر | Sleman Muhammed | سلیمان محمد حسن علی | ١٢ |
| ١٩٦٨ | نێر | Mustafa Hassen | مستەفا حسن محمد رەسول | ١٣ |
| ١٩٦٧ | نێر | Tahir Hamma Hassen | تاهیر حەمە حسن | ١٤ |
| ١٩٥٤ | نێر | Habib Rashed | حبیب رەشید محمد | ١٥ |



## شەهید(عوسمان حسین مستەفا)

ناسراوبە(مام صالح)هاوسەری پەرژین خان

-لەساڵی١٩٤٩ لەشاری کەرکوک لەدایك بووبوو.

-لە١٩٦٨ تا١٩٧٥ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە.

-لەدوای نسکۆلەساڵی١٩٧٩ پەیوەندی بەکۆمەڵەوە کردووە.

-لە ١٩٨٣\٣\٢٠ بووە بە(پ.م) لەهەرێمی پێنجی قەرەداغ

- تا هاوینی ١٩٨٨ پارتیزانی دوای ئەنفالەکان بووە.

-لەراپەرینی ١٩٩١ بەشداری کاریگەری کردووە ،

-دواپلەی کادرێکی چالاکی(مەڵبەندی ٢ی رێکخستنی کەرکوك)بووە

-بەداخەوە لەرێکەوتی ٢٠٠٢\٤\٦ دڵە ماندووەکەی لەلێدان کەوت وشەهیدبوو. *

* لەگۆڤاری شەهید ژمارە (١٧) ساڵی پێنجەم تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ بلاۆکراوەتەوە.



## پرسەوئاگرباران*

مەسەلەی پرسەوکۆڕی ماتەمینی جگەلەوەی یەکێکە لەونەریتەباوانەی لەکوردەواریدابۆتەمەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی.لەهەمان کاتدا..یەکێکە لەوبۆنە تایبەتییانەی کەبەهۆیەوەخەڵکی شیرازەی هەندێك لەپەیوەندییەکان نوێ دەکەنەوەوهۆیەکی کاریگەریشە بۆپتەوترکردنی خزمایەتی ودۆستایەتی لەنێوان جەماوەردا...

ماوەی دوورۆژبووخەڵکی میوانپەروەری (پاپیلان) لەخزمەتی ئەومیوانانەدابوون کەلەکەرکوك ناوچەکەوە بۆبەشداری لەپرسەی خوالێخۆشبوو(حەمەگوڵە)روویان لەوێ کردبوو.دوورۆژبووکۆڕی ژنانشین و شەپۆڕوگریان ولاواندنەوەو..مەجلیسی پیاوانیش بەوێندنەوەی قورئانی پیرۆزو وتاری ئایینی وکۆمەڵایەتی وئامۆژگاری وشیعر..ئارامی بەدڵ ودەروونی ئامادەبووان دەبەخشی..

کاتژمێر(٤)ی پاشنیوەڕۆی ١٩٨٧\٤\٢٠ بوو،چەند هەلیکۆبتەرێکی رژێم ئەوانەی لەناوجەماوەردا بەکوردکوژناوبانگیان دەرکردبوو،لەبۆردومانی گوندەکانی دەشتی کۆیەوبناری خاڵخالان دەگەڕانەوە،هەرچەندە بەنزین وتەقەمەنی زۆریشیان پێنەمابوو،بەلاّم لەکاتی تێپەڕبوونیان بەئاسمانی گوندەکانی پاپیلان وچەڵتووکەی ناوچەی شوان داچاویان بەچەندین سەیارەوتراکتۆر دەکەوێ،کەلەبەرمزگەوتی دێ کۆبووبوونەوە.

*ئەم بابەتە لەرۆژنامەی کوردستانی نوێ دابلاّوکراوەتەوە.

ئیتر یەکسەرکۆڕی پرسەوماتەمینی وخەڵکی هەردووگوندەکە دەدەنەبەر ریژنەی رۆکێت وشەستتیر..گەرچی تراکتۆرێك وئۆتومبێلێك دەسووتێن وکوڵ وکۆیان دادەمرکێ..بەلاّم خۆشبەختانە ئەودەستدرێژییە هیچ زیانێکی گیانی پێوە نابێ..

هەرئەورۆژە بۆ ئێوارە..هەواڵ بەهەمووگوندەکانی ئەودەڤەرە دەگات کەکۆڕی پرسەکە بۆردومانکراوە.جەماوەری ناوچەکە بۆدڵنیابوون لەئەنجامی ئەورووداوە روولەگوندی (پاپیلان) دەکەن.کۆمەڵێك لەدانیشتووانی گوندەکانی(حەسار)و(ئۆمەربەگ)یش بەسواری ئۆتومبێلێکی پیکاب(تویێتا) دەچن بەهاوارەوە،لەکاتژمێر ٧ ی سەرلەئێوارە لەرێگای گەڕانەوەیاندا سێ هەلیکۆپتەریان لێ پەیدا دەبێت.دوای ئەوەی چەندجارێك بەسەرسەیارەکەدا دەسووڕێنەوە،شوفێرەکە بەناچاری رایدەگرێ وهەموو سەرنشینەکانی کەژمارەیان ٢٢ هاوولاّتی بێچەك دەبێ ،دادەبەزن ودەستی پاڕانەوە بۆخواو بۆسەرنشینە جەللادەکانی ناو هەلیکۆپتەرکان بەرزدەکەنەوە..بەلاّم پاڕانەوە هیچ دادیان نادات،ئەوهەلیکۆپتەرانەی لەمەیدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاند دەچوونە تاقی ئاسمان،دوای ئەوەی دڵنیا دەبنەوە کە چەکداریان لەگەڵدانییە..

یەکسەر چەندمەترێك لەسەرسەری ئەوخەلچکە نەوی دەبنەوە،بەر رێژنەی نارنجۆك و دۆشکایان دەدەن..لەدوای گڕسەندن وسووتان ودامرکانەوەی سەیارەکە، زیانی سەرنشینەکانی بەم جۆرە (٨)شەهید و(١٠) بریندارو سێکەسیشیان بەم ناوانە(سلمان محمدأمین)و(مسعودکاکەمندقادر)و(عمرحەساری) دوای ئەوەی رێکەوت دەربازی کردن،خەڵتان لەخوێنی شەهیدوبریندارەکان، بەسوودوەرگرتن لەچڕەدوکەڵی سەیارە سووتاوەکە..خۆیان حەشاردەدەن ،دوای ئەوەی تاریك دادی بۆشەوەکەی بەسەلامەتی دەگەڕێنەوەلای کەسوکاریان.

## لیستی ناوی شەهید و بریندارەکان

| ز | ناوەکان | تێبینی |
|---|---|---|
| ١ | عمران کاکەمند قادر | شەهید |
| ٢ | أحمدمحمد سوٚته | شەهید |
| ٣ | شمس الدین أحمد | شەهید |
| ٤ | حمەسعیدعلی ئۆمەر | شەهید |
| ٥ | غازی صابرصالح | شەهید |
| ٦ | نیزام حمەبۆر | شەهید |
| ٧ | جەلیل خەلیل کەریم | شەهید |
| ٨ | جمعه محمد وەلی | شەهید |
| ٩ | رفیق حاجی فەرەج | بریندار |
| ١٠ | رفیق کوێخاعەبدوڵڵا | بریندار |
| ١١ | فارس تاهیر أحمد | بریندار |
| ١٢ | أحمدتاهیر أحمد | بریندار |
| ١٣ | رەحمان تاهیر أحمد | بریندار |
| ١٤ | سەنگەر تاهیر أحمد | بریندار |
| ١٥ | أمین حاجی محمد | بریندار |
| ١٦ | تاریق حمە گەنجە | بریندار |
| ١٧ | صالح حاجی محمد | بریندار |
| ١٨ | ئامینە شامارعزیز | بریندار |



# گوندی عەلاوەمەحمود چۆن وێران کرا ؟!

ساڵی ١٩٦٣دوای ئەوەی بەعسیەکان لەرێگەی کودەتاوە جەڵەوی دەسەلاٌتی عێراقیان گرت. بۆماوەی چەند مانگێك بەمەبەستی چەسپاندنی پایەکانی دەسەلاٌت، گفتوگۆیان لەگەڵ گەلی کوردو جولاٌنەوەکەی راگەیاند. لەکۆتای مانگی نیسان و سەرەتای مانگی ئایاردا جارێکی دی خەڵکی کوردستان بەگشتی وخەڵکی لەکەرکوك ودەوروبەری بەتایبەتی کەوتنەوەبەرشالاٌوی قۆناغێکی تری(ترحیل وتعریب)،لەجێگای میلیشیاکانی(المقاومەالشعبیه)و(حەرەس قومی)و چەند سەرۆك خێڵێکی عەرب و کوردیان لەپێکهاتەی چەکداری بەناوی (فرسان خالد بن ولید) و(فرسان صلاح الد ین) یان پێکهێنا، پاش نیوەرۆی1963/5/24قائیدی فرقەی دووی کەرکوك لەسەربازگەی شار لەگەڵ فەرماندە عەسکەریەکان و لێپرسراوەکانی (حرس قومی)کۆدەبنەوە، داوایان لێ دەکات کە بۆ

ڕۆژەی دواترئامـــادەبن ، ئـــەویش بەمەبەســـتی هێرشـــێکی بەربـــەڵاو بۆسەرناوچـــاکانی (شـــوان وقەرەهەنجیر)پێشـیان دەڵـێ(سـەربۆمن مـاڵ بۆئێـوە!!) هەرئەوشـەوە هـەواڵی ئامادەکـاری دوژمـن بەجەماوەری ناوچـەکە وهێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان دەگـات ، لەلایـەن (مـەلا)وپیـاوانی ئـاینی ونشتیمان پـەروەرەوە بانگەوازلەخـەڵکی خـۆراگردەکرێ هەرکەسـێك دەسـتی چـەك دەگـرێ بابڕواتـە سەنگەری بەرگری (فەتوا)دەدەن (ئەم شەڕە شەڕی هەقە دژی ناهەق)ە هەربۆیـە ئەوشـەوە بەسـەدان پیرولاو بەچەك وفیشەکی خۆیانەوە وبەکۆنە تفەنگی (قۆناغخڕ)و(کۆچك چـاپ)و(برنـەو) هوە،لەگـەڵ لقێك پێشمەرگەی (هێزی رزگـاری) لەهەڵەتـەکانی (کوێرەکـانی) نزیکـی گونـدی (چـیمەن) پەنجـە لەسەرپەلەپیتە چاولەسەرسێرە چاوەروانی هاتنی هێزەکانی دوژمن دەکەن،لەگەڵ تاریك ورووونی بەیانی ڕۆژی ٢٥\٥\١٩٦٣دا دەست بەتۆپ بارانی ناوچەکە دەکرێ، بێ ئاگا لە بۆسەی لەشکری شۆرشـگێری کوردستان وبەرگری میللی، هێزێکەی دوژمن دەکەونەناو تەڵەی مەرگەوە، لەگەڵ یەکەم دەسـت رێـژی پێشـــمەرگە..دووژمـــن تاروماروتـــەفروتونا دەکـــرێ وبـــەزەرەروزیانێکی زۆرەوە دوای ئـــەوەی زیاترلە(٥٠)چەکداری حەرەسی قەومی وسەرباز دەکوژرێن بە شکاوی پاشەکشە دەکەن. هەرئـەورۆژە تەرمی چەندچەکدارێکی(حرس قومی) و(فرسـان..) دەگەنـەوە گونـدەکانی (هندیـە)و(بـیتر)و(کـواز) کەدەکەونە باشـووری گونـدی (عەلاوەمـەحمود)و (٢٥کـم)ی خۆرئـاوای شـاری کـەرکوك پاشـنیوەرۆ (عەقیدخلیل) بەشداری ناشـتن وپرسـەی کوژراوەکـان دەکـات ولەسـەرقەبران بـەگیانی تۆلەسـەندنەوە لـــەکوردان هانیـــان دەدات، ئـــیتر یەکســـەر چـــەند چـــەکدارێك لـــەخزم وکەســـوکاری کوژراوەکـــان روولەگوندەکانی(نازم بەگ)بەتایبـەت روو لەگونـدی بـێ دیفـاعی (عەلاوەمـەحمود)دەکـەن، خـەڵکی ئەوگوندەش بـێ ئاگـا لەشـەڕەکە و ئەنجامـەکانی، ناخافـڵ لەشـکان وتـەگبیری زاڵمانـەی ناحـەزان، وەکوهەموو ئێوارەکانی پێشـوو لـەدرەوی جـۆ دەگەڕانـەوە، لەبەرسـێبەری ئێـوارانی مزگـەوت ،بـەو ماندوویی وشەکەتییەوە گوێیان لەقورئانی پیرۆز وفەرمایشتەکانی(مەلا)ی گوندەکـەیان دەگـرت، کـە دەیفەرموو: (وجعلناکم شعوبا وقبائـل لتعـارفوا ان اکـرمکم عنـدالله اتقـاکم..)لەپڕچـاویان بەچـەند چەکدارێکی فرسانەکانی(خالدبن وەلید) دەکەوێ،کەهاوسنوورو ناسیاویش دەبن، زۆر بەگـەرمی یـەوە پێشوازیان لێ دەکەن، لەهۆکاری پەشۆکان و شپرزەییان پرسیاردەکەن، ئەوانیش لەوەڵامیاندا دەڵێن:

فریامان کەون ! لێمان قەوماوە، لەرێگای هاتنماندا بۆئێرە سەیارەکەمان لەرێگا وەرگەڕاوە،سێ چوار کەسمان بوون بەژێرەوە، کورد خاوەن کەرەم و پیاوی رۆژی تەنگانەن، دەخیلە هیمەتێك ، لەگەڵ بیستنی ئەو هەواڵە زیاتر لە (١٥) کەس بەمەبەستی فریاکەوتن دەکەونە رێ، دەمەو بانگی شێوان لەنزیکی گوندی(قەرەتەپە)ی سەیدان لەهەڵسوکەوتوهەڵەشەیی چەکدارەکان دەکەونەگومانەوە، تێدەگەن کە فێڵ ودرۆیان لەتەکدا کراوە، دەکەونە مەقۆ مەقۆ، کەپیلانەکە ئاشکرا دەبێت، هەرکەسەلەلای خۆیەوە هەڵدێ،بەو دەشتەدا بەلاوەی لێدەکەن، ئیتر لەلایەن چەکداریانەوە بەتفەنگی(ئینگلیزی)و(هۆلەندی)تەقەیان لێدەکەن ولەوچۆڵ وبیابانە قەسدی کوشتنی هەرهەموویان دەکەن لەئەنجامداچوارهاولاتی (شەهید)و دووکەسیشیان برینداردەبن، ئەوانی تریش سودلە تاریکی ئێوارە وکەندولەند وئاودڕەکانی شیوی (ئیمام حسن) وەردەگرن و لەمردن دەربازدەبن، ئیدی ئەورۆژە بوو بەسەرەتای زوڵم و زۆری بەردەوام لەخەڵکی گوندی (عەلاوەمەحمود) و هەمووگوندەکانی نێوان کەرکوك-دوبز هەرناوە ناوە هەڵیان دەکوتایە سەریان، سەروەت و سامانیان لێ تالان دەکردن وخەڵکەکانیشیان بێزار دەکرد.ساڵ نەچوە سەر (٢٢)گوندیان فەرهودکردوخەڵکە کوردەکەشیان بە زۆرداری ئاوارە و شۆێنەکەشیان تعریب کرد. **ناوی شەهیدەکان:**

١- شەهید عەبدوللاحەمەڕەش (باوکی کاك رەفعەت عەبدوڵلا ).

٢- شەهید دەروێش حوسێن عەبدولا

٣- شەهید یابە عەبدوالکریم هەمەوەندی


٤-شەهید مەلامحەمەد شەوکەت صالح سێکانیانی(مەلای گوند)

**ناوی بریندارەکان :**

١- حەمەسالح رەسوڵ سلێمان(باوکی پێشمەرگەی دێرین وەستاسابیر)

٢_ ئەحمەد قارەمان. . *

* کوردستانی نوێ / ژ / ١٨٧٠



شەهید عەبدوڵلاٚحەمەڕەش(باوکی کاك ڕەفعەت عەبدوڵڵا )

لە.ساڵی١٩٦٣ لەگوندی (عەلاە محمود) شەهیدکرا



مەلای گوندی(عەلاوەمحمود)ساڵی ١٩٦٣ شەهیدکرا



# تۆڵەی شەهیدان

**پاش (٢٣) ساڵ... تۆڵەی شەهیدانی گوندی (سێکانیان) کرایەوە** *

تاریك وڕونی بەرە بەیانی٥\٦\١٩٦٣هێزێکی گەورەو پۆشتەی ی رژێم، کەپێکهاتبوولە (حرس قومی)وزیاترلە لیوایەك سەرباز لە(فرقەی یەك)بەفەرماندەیی(عقیدخلیل)گەمارۆی گوندی(سێکانیان)یان دا، کەدەکەوتە(٧کم)باکوری شاری کەرکوك و(٣کم) رۆژهەڵاتی بیرەنەوتەکانی(بابەگورگور) ەوە،نەیان هێشت کابان بڕوا بۆ مەردۆشین،شوان ڕانەکەی لەبێرە بدا،سەپان بچێتەبەردرەو..هەمووگەورەوبچوکی ئەو دێیەیان لەبەرماڵان کۆکردەوەو بەبەرچاوی هەموانەوەگسکیان لەماڵان داو سەروەت وسامانی گوندەکەیان بەتاڵان برد. بە(هەڵهەلە)و (هۆسە)کێشانەوە،بەری رەنج و ماندووبوونی چەندساڵەی ئەوخەڵکە زەحمەتکێش وهەژارەیان تاڵان و فەرهودکرد. دواترچەندپیاوێکیان لە ژن ومناڵەکان جیاکردەوە، لەپاڵ گردۆڵەکانی(کەل مەر)دا، لەشوێنێکدا کەپێیان دەگووت (جۆدرەوهەوار) بەریزەوە ڕایان گرتن، چاویان بەستن ودواتر بەردەسترێژیاندان و شەهید یان کردن ..

## ناوی شەهیدەکانی گوندی(سێکانیان):

| ز | ناوی شەهید | ساڵی بوون | شوێنی بوون |
|---|---|---|---|
| ١ | جوامێر فتح الله محمد | ١٩٢٧ | سێکانیان |
| ٢ | سلێمان فتح الله محمد | ١٩٣٧ | سێکانیان |
| ٣ | ئەحمەد صالح حسێن | ١٩٢٠ | سێکانیان |
| ٤ | تەهاباوە مەعرووف* | ١٩٢٥ | قۆریتانی |

لەدوای شەهیدکردنی ئەوچوارهاووڵاتییە بێتاوانەوتالان کردنـی تـەواوەتی گوندەکـە، بۆمـاوەی چـەند رۆژێك ناوە ناوە(حرس قەومی) چەکدارە خێڵەکییە عرەبـەکان دەهاتنـەوە سـەرگوندەکە بەمەبەسـتی فەرهودکردنی پاشماوەی مەڕوماڵات وماڵەتالانکراوەکان..رۆژی ٢١\٦\١٩٦٣چەند چەکداریك هەڵ دە کوتنە سـەرگوندەکە ،جگەلـە ژن ومنـاڵ کەسـیان بەردەسـت ناکـەوی تـابیکوژن دواتـر جوتیـارێکی بەتەمەنی گوندەکە لەدووربەدی دەکەن ودەچن بۆپارێزی ،هاووڵاتییەبێتاوانەکە کەدەزانی هەوڵی گـرتن وکوشـتنی ئـەودەدەن بـەرەو خۆرئـاوی دێ بۆناودۆڵـەکان هەڵدێ،لـەنێو چـەند تاوێرێکـداخۆی حەشـاردەدا،بەلاّم بێسـوود دەبێـت ودەیدۆزنـەوەو هەرلـەوێ شـەهیدی دەکـەن کەئـەویش هاووڵاتی(محمدأسعدرحمان جمعە)لەدایك بووی ١٩٢٨ بوو..

---

*شەهید تەهاباوە چوتیارێکی دزەیی خەڵکی گوندی(قۆڕیتان)ی دەشتی هەولێر دەبێ،ناوبراو چەندساڵێك پێشتر سەرکاری شاعیری شۆڕشگێڕی کەرکوك(ئەسیری)دەبێت ،بەخێزانەوە لەوگوندە دەژیان،دوای شەهیدبوونی و نەمانی پیاوان لەگوندەکە خێزانەکەی بەناچاری لەنێوژووری ماڵەکەی خۆیان چاڵێکی بۆهەڵدەکەنن وبەخاکی دەسپێرن،پاش چەندرۆژێك کەبۆگەن دەبێ جاخەڵکی دەگەڕێنەوە گوندەکە لەپاڵ شەهیدەکانی تربەخاکیان دەسپێرنەوە.



## پیرۆزبێ یادی حزبی شەهیدان*

ئەگەر بەویژدانەوە تەماشای مێژووی سیاسی گەلی کوردستان بکەین،دەبینین پڕاوپڕە لەراپەڕین و شۆڕش وجوولانەوەی گەورەومەزنی خوێناوی...کە زۆربەیان بەئاگروئاسن وەلاّم دراونەتەوە. مێژووی هیچ نەتەوەیەك هێندەی مێژووی کورد پڕاوپڕ لەکارەسات ورووداوی دڵتەزێن نییە.. کاتێ کەباس لەمێژووی کوردو ئازایەتی وقارەمانیەتی خەڵکی کوردستان دەکرێ،ناشێ وناکرێ سەرەتاو ناوەرۆکی خەباتی یەکێك لەهەرە لایەنە تێکۆشەرەکانی فەرامۆش بکرێ..کەئەویش (یەکێتی نشتیمانی کوردستان)ە. سەرەتای مانگی حوزەیران. .رۆژێکی پیرۆزە لەدیدی کەسوکاری شەهیدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا..چونکە لەو رۆژەدا کە یادی دامەزرانی حزبی شەهیدان دەکرێتەوە..

١-٦-١٩٧٥ بۆیە رۆژێکی پیرۆزە لەویژدانی تێکۆشەراندا چونکە یادی دامەزراندنی لایەنێکی پێشڕەوی کوردایەتی وفیداکاری تێدا دەکرێتەوە..هەموو لاپەڕەکانی مێژووی ئەم حزبە تێکۆشانی بێ وچان وقارەمانیەتی وگەلان وهەڵسانەوەو کۆڵنەدان وسەروەری وسەرکەوتن و بووژانەوەوئاوەدانکردنەوەیە...

لەسەرەتای حوزەیراندا یادی دامەزراندنی رێکخراوێك دەکرێتەوە،کە تەنیا سێ مانگ لەدوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ،مەشخەڵ وبڵێسەی شۆڕشێکی نوێی لەشاخە سەرکەشەکانی کوردستانەوە هەڵگیرساندەوە..بەدۆست ونەیارانی سەلماندەوە دوژمن هەرچەندە بەهێزو خاوەن جبەخانەی گەورەبێ لەبەردەم هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەری شۆڕشگێڕدا بەچۆکدادێت ...

ئەگەر دوژمنان پێیان وابێ بەکارەساتی هەکاری وبەکیمیابارانی هەڵەبجە وخۆشناوەتی وقەرەداغ وقەلاسێوکەو...بەوێرانکردنی (٤٥٠٠)گوندی کوردستان وبە کارەساتەکانی ئەنفال وکوڕەو.... توانیویانە ودەکارن باسکی بەهێزی کوردایەتی (ی.ن.ك) لاوازبکەن،تۆوی ترس ودڵەڕاوکێ لەناخی تاکەکانی میللەتەکەماندا بڕوێنن..بێگومان خەیاڵیان خاوە..دیارە کەرۆژگار سەنگی مەحەکە،تاقیکردنەوەسەلماندی هەتا گەل خاوەنی حزبێکی پێشڕەو و هۆشیاری ئا وابێت..

کەمافی خۆشیەتی شانازی پێوەبکات،کە (حزبی شەهیدان)ە ،بۆهەمیشە هەرسەرکەوتو وسەربەرزو سەرفرازدەبێت..

گۆڤاری شەهیدلەیادی ...دامەزراندنی حزبی شەهیداندا، چەپکە گوڵی رێزووەفاداری دەکاتە باشترین دیاری بۆسەرمەزاری شەهیدان وبۆرۆحی رەوانی ١٨٢ هەزار بێ سەرو شوێنکراوی ئەنفال و... بۆسەرمێزی تێکۆشەرانی کۆڵنەدەری رێبازی پیرۆزی کوردایەتی..



## خوێنی شەهیدان لەیادناچێ

پـــاش تێپـــەربوونی(٢٣) ســـاڵ وهەرلـــەمانگی ئایـــاردا لـــە ســـاڵی١٩٨٦، پێشـــمەرگە قارەمانەکانی(تیپی٢١ی کەرکوك)بەفەرماندەیی قارەمان(ابـراهیم غفـور) ناسـراوبە(برایمـە سـوور)* بیریان لەئەنجامدانی چـالاکییەك کـردەوە کـە تۆڵەسـەندنەوەی خـوێنی شـەهیدانی سـێکانیان بێـت. دەمەوئێوارەی ٢٠ \٥\١٩٨٦بوو، بەنێوتەلان وقۆپە نەگەنمی دەشتی (شوان)و (بیبانی)دا بەرەوهەردەو هەڵەتەکانی گوندەکانی (سێکانیان)و (کۆچەك)و(یاروەلی)بەرێ کەوتن.. لەگەڵ زەردەی خۆرئاوابووندا، تێرتێرتەماشـــای گرەســـوورەکەی(بابـــەگورگور) یـــان کرد،جـــوان جـــوان لەقـــەدوبالای بڵندی(قەلاّ)رامان.سلاّوی وەفادارییـان نـارد بـۆرۆحی بێگـردی (ئەسـیری)و (شـێخ رەزا)و (نـەعمان دلسۆز)..کرنۆشی وەفاداریـان بـرد بۆخـاك و سـەری رێزیـان لەئاسـت شـەهیدانی کۆمیتـەی ئـاگر و (ئەنوەرزۆراب) و(ئەنوەر حەسەن)وهاورێکانیان دانەواند..سوێندیان بەشەهیدانی (گاورباخی)و بەگیانی زیندووی(مامەریشـە) خـوارد، ئەوشـەوەبکەنەئاگردانی پشـکۆی گـری تۆڵـەی تاوانـەکانی(تـەعریب وتەرحیل)و چەوساندنەوەی کورد.. بەنێو دەیان کێلگەی بـەمین چێنراودا،بەسـەرهەزاران کەپکـە شـاخ وتاشەبەردی گەورەی نێو قاتەقاتەکاندا، بەپاڵ دەیان دیواروتـەیمانی تەلبەنـدکراودا،بەسـەرلێوارەکانی کەندەلاّنی مەرگدا وەك بروسکەتێپەریان کرد.

*دواتر لەشەری سێ مانگەی قەیوان- ماوەت لەسەرشاخی دووبرا شەهیدبوو.

رەتڵی یەکەم و دووەم:

بەسەرپەرشتی (مام برایم) وبەهاوکاری(وەستاسابیر) هەڵمەتیان بردەسەر بازگەی(کەرکوك- هەولێر) ورەبایەکانی دەوروبەری،دەستیان بەسەرداگرتن.

رەتڵی سێیەم:

بەفەرماندەیی (ئاسۆسووور)و بە شارەزایی ی (هیواچیمەنی) بۆسەیەکیان لەسەر رێگای هێزەکانی کۆمەکی دووژمن، لەسەرپردەکەی بەرمالآنی گەڕەکی (رەحیماوا) دانایەوە. لەسەعات(١٢)ی شەودا هێزی یەدەکی دووژمن لەسەربازگەی(کەرکوك)وگەرەکی (عەرەفە) وە هاتن بەهاواری هێزەکانیانەوە، ناخافڵ لەو تەڵەی مردنەی بۆیان لەکەمین وەستابوو، بەبەرچاوی خەڵکەوە، کەوتنەناو بۆسەی پێشمەرگەو لەچەندچرکەیەکدا چرکە بڕکران.

## زیانەکانی دووژمن:

١- کوژران وبریندا‌ربوونی زیاترلە(٥٠) چەکداری رژێم

٢- تێکشکاندنی سێ سەیارەی شۆفرلێت،

سێ لاندکرۆزەر، دووسەیارەی (هینۆ)

٣- گرتنی یەك جیهازی(ڕاکاڵ)بە(مجفرە)وە...

## زیانی پێشمەرگەکان:

شەهیدبوونی سێ پێشمەرگە بەم ناوانە:

١- رزگار احمد (پ.م)

٢- رحیم احمدعبدالله (پ.م)

٣- بهاالدین نجم الدین (چالاك)(پ.م)

تێبینی: ئەم سێ شەهیدە،شەهیدانی دووەم وسێەمیان لەپێناوی رزگارکردنی تەرمی شەهیدی یەکەم گیانی خۆیان بەخت کرد........

* کوردستانی نوێ / ژ / ١٨٦٢ /١٨/٥/١٩٩٩



## مەلاکان:

### کوردایەتی یا دژایەتی..؟!

بۆسپی کردنەوەی لاپەرەکانی مێژووی داهاتوومان وبەرچاوڕوونی نەوەی نوێ ونەوەکانی داهاتوومان، لەقاودان وئاشکراکردنی ناوی ئەنفالچی و جاش قەڵەم و جاش مەلا و ..خۆفرۆشانی تری کورد بە شێوازێکی واقیعبینانەو بابەتیانە رەنگە کارێکی ئاسایی بێت. باشتر وایە مەسەلەکان راست ودروست وەکوخۆیان تۆمار بکرێن، نەك بۆمەبەستی ململانێی حزبی ودارکێشەکێشە ناوخۆییەکان دیزە بەدەرخۆنە بکرێ..

لەمەسەلەی خیانەت وجاشایەتیدا،هەڵسەنگاندن وهەڵوێست وەرگرتن بەرانبەریان بەشێوەی(گشتاندن) کارێکی نادرووستە،ئەگەر بلێین هەموو جل بۆرو چەك بەشانێك پێشمەرگەبووە،ئەوە وانییە،ئەگەر بشڵێین هەموو نووسەرو رووناکبیرانی کەلەکەمان لە بەرەی شۆڕش بوون ..ئەویش هەروانییە،خۆئەگەر بلێین هەموو (ئاغا وبەگ ومیر وکویخا وکرێکارو جوتیار..تاد ، دژی شۆڕش بوون...هەمدیسان وانییە،کەواتە نەبۆ (باش)ە نەبۆ(خراپ)ە ناکرێ و ناشێ بلێین (هەموو)یا(گشت)، ماوەیەکە لێرەو لەوێ دەستێکی نادیار..دەیەوێ ئاگری ئاژاوەیەك لەنێوان رووناکبیران ومەلاکانی کوردستان هەڵگیرسێنێ ، بەوەی گوایە مەلاکان لەسەردەمی رژێم لەبەرەی دوژمن بوون وئیستاش لە بەرەی دواکەوتن و کۆنەپەرستین ،دەیانەوێ کوردستان بگێڕنەوە بە (١٥٠٠)ساڵ لەمەوبەر....

لەلایەکی تریشەوە هانی مەلاکان دەدریّ، کە فلانە شاعیر کافرەو فلانەرووناکبیر ئەو پەیڤەی کوفرە و ئەبێت فتوای لەسەردەربکریّ،هەندیّ جارلەسەرلێکدانەوەی وشەیەك هەڵلا بەرپادەکرێت،وەك لەسەر وشەی (حێندەر)رووی دا.

بەرێزان...هەم لەبەر ئەوەی خۆم لە بەرەی رووناکبیران و دژی کۆنەپەرستی دا دەبینم ..وە هەم لەبەر ئەوەی(مەلازادە)و تێکەڵی باشیشم لە گەڵ مەلاو(یەکێتی ی زانایانی ئاینی کوردستان)هەیە، تکا دەکەم با رووداوخی کوردستان زۆر مەترسی دارە،لەولاوە دوژمنانی وەك (الچاری)و(عبدالکریم زیدان) لە سەرداواکردنی مافی رەوای خۆمان تکفیرمان دەکەن..لەملایشەوە هەندێك لەکۆنەهەڤاڵەکانی خۆمان، ئەوانەی تادوێنی پێشمەرگەی راپەرین و پێکهێنانی حکومەتی کوردستان بوون..وا ئەمڕۆ بەیان بۆ رووخانی و زەمینە بۆ هاتنەوەی سوپاکەی بەغدا بۆسلێمانی خۆش دەکەن. ئێمە بەدەستی خۆمان زەمینە بۆ ئەو جۆرە ناحەزانە خۆش بکەین.لەم رۆژانەدابوو لەچەندسایتێکی کوردی بابەتێکی نووسەر(دەرسیم دیبەگەیی)م خوێندەوە،کەهەندێکی هەق .. وە هەندێکی تری ... نەدەبوو بەوشێوەیە هێرشی بکردایەتە سەر مەلاکان.

رووناکبیر..نابیّ زمانی زبربەکاربهێنێت ،وەك(شەلم کوێرم..کەس نابووێرم)دۆ و دۆشاو تێکەڵ بکریّ. ئەگەر لەسەردەمی رژێمدا.. چەند مەلایەکی ترسنۆك ، لەترسی نان برین.. لەوتاری رۆژانی هەینی دا ناچارکرابن دوعا بۆسەرۆکی دیکتاتۆر بکەن.. جێی خۆی نییە زمانی(هەموو)یا(گشتاندن)بەکاربێت . ئیّ خۆئەگەر لەسەردەمی رژێمدا(ئاغاوکوێخا وبەگ ومیرو کرێکاروجوتیاروفەرمانبەرو مامۆستاوخوێندکار..هتد)

ئەشیّ هەبوو بن .. هاوکاری ئەنفالچییەکان و رژێمی شۆڤینییان کردبێت..ئەوە مانای ئەوەنییە(کە ئەو چین وتوێژ وکەسایەتییانە..پیاوی تێکۆشەرو گیانفیدا و دڵسۆزی کوردایەتییان تێدا نەبووە..بەراستی ماوەیەکە دەبینم خەریکە بەدەستی خۆمان هەموو پیرۆزییەکان.کاڵ دەکەینەوە،ئەریّ توخوا..؟ناوی پیرۆزی(سەرکردەوپێشمەرگەوشەهیدوئەندام پەرلەمان و..) کاڵ نەبوونەتەوە..؟؟

بۆچی هەموو هەر خائین و گەندەڵ و خرا پن....؟؟!

هەربۆیە..دەمەویّ لێرەوە ئەم راستییانەی لای خوارەوە بخەمە بەردەستتان:

<u>*دەوری مەلا و مزگەوتەکان لە شۆڕش دا:</u>

هەق نییە کەس بەتایبەت ئەوکەسانەی لەریزەکانی شۆڕشەکانی کورد دا بەشداری یان کردووە، نکوڵــی لەدەوری (مەلا)و(مزگەوت)ەکان بکەن ، لەخزمەت بە پێشمەرگەو ئاوارەولێقەوماواندا..

ئەی کەسانی وەك (مەلای جزیری و شارەزووری ونۆدێیی و بێتووشی و ابن خەلەکان..) وشاعیرانی وەك(عێل بەگی جاف و بێسارانی ومەولەوی و نالی و مەحوی وحاجی قادری کۆیی وهێمن و هەژار..... ) هەرپەروەردەی مزگەوتان و بەردەستی (مەلا)نەبوون..؟؟

سەرکردە نەمرەکانی وەك(عبیدوللای نەهری وشێخ سعیدی پیران وسەیدرەزای دەرسیمی وسمکۆی شکاك وقازی محمد ومەلامستەفای بارزانی وشیخ محمود)کەم یا زۆر سیپارەی کوردییان بۆ رەواندنەوەی تاریکی جهل ونەخوێندەواری لەلای(مەلا)رەوان نەکردوە..

کەی رەوایە ئۆباڵــی پەیدابوونی کەسانی وەك (سلمان رشدی)و(کوەرت ڤیستەرگورد)بخرێتە ئەستۆی مەلای کورد..بۆ تەڕو وشك پێکەوە بسووتێ..؟!

کەباس لە مەلای جاش دەکرێ،ئەی بۆباس لە سەدان مەلای شەهید وئەنفالکراو نەکرێ.

نازانم لە کێوە دەست پێبکەم..؟

- مەلاعلی کتکە..سەرلق لە شۆڕشی ئەیلول لەبەرپەرچدانەوەی تعریب لەبیبانی شەهیدنەبوو..؟
- مەلا محی الدین کادری (کۆمیتەی ئاگر)ی (ی.ن.ك) لەکەرکوك .. لەموصل لەسێدارە نەدرا.؟
- شەهید مەلاعلی شاعیرو پێشمەرگەی (ی.ن.ك) لە موصل اعدام نەکرا.؟
- مامۆستاعبدالقادرمەلائۆمەرگومبەتی کادریپێشکەوتووی (ی.ن.ك)لەکەرکوك.. لەسێدارەنەدرا..؟
- مەلاسعید قەرەناوی لەداستانی (قوڕەبەرازە)کۆپتەر شەهیدی نەکرد..؟
- مەلاشەریف هەولێری لە نەبەردەکەی (مۆردخوادە)لەنەورۆزی١٩٨٢دا لەگەڵ شەهیدعلی صالح و هاورێکانی شەهید نەبوو..؟
- مەلا ئاراس کە(١١)جار بەخەستی بریندار بوو،هەرکۆڵــی نەدا ،کاتێ کەشەهیدبوو سەدان پارچەساروخ لەجەستەی دابوو،تەنانت بەرلەشەهیدبوونی دکتۆرێکی ئێرانی پێی گوتبوو (١٥٤) پارچەئاسن تەنیا لەسەرت دایە..
- مەلاجوهەر لە شیوەسوور شەهیدبوو..

- مەلائەحمەدی مام رەش،مەلاوشیاری ئیلنجاغی،مەلائەحمەدی لالۆ،مەلاعبدللای جوتیار، مەلانجم،ەمەلاجەوهەری پەڵکانە،مەلاعوسمانی گردخەبەر...

- مەلاعبداللە ناسراوبە(شەهید عبدالرزاق)کەلەرزگاری کەرکوك شەهید بوو،مەلانەبوون؟

- (مەلاعارف)ی مزگەوتی(اخوان)لەکەرکوك،دووجارلەلایەن(مدیرأمن کرکوك)ەوەبانگکرا.. نەچوو، کەبەقۆڵبەستراوی بردیان، لێی پرسیبوو:

بۆچی دووجار بانگم کردی نەهاتی..؟ ئەویش لەوەڵامیدا فەرمووبووی:

(جناب من رۆژی پینج جار بانگی تۆ دەکەم تۆ بۆ نایێی .؟؟!دەی پێم بلیێ بۆچی بانگتکردووم.؟)

ئەویش پێی گوتبوو: بۆچی لەوتارەکانتدا لەرۆژانی هەینی دوعابۆ(سید الرئیس) ناکەیت؟

هەینی داهاتوو ئەگەر دوعای بۆنەکەی (ترحیل)ت دەکەم...!

دوای دلنیابوونیان کەبەقسەیانی نەکرد..ترحیلیان کرد و هەرلە ئاوارییش سەری نایەوە..

پیرۆزی ناوی مەلا..

جاران ناوی(مەلا)هێندە پیرۆزو خۆشەویست بوو،کەدەرچووانی زانکۆوپەیمانگاکان دەهاتن بۆناوشۆڕش، کەرووناکبیران .. ڕوویان دەکردەشاخ، ناوی مەلایان دەکرد بەپێشگری ناوەکانیان،

هەربۆبەڵگە:- شەهید ئارام ماوەیەك ناوی (مەلابکر)بوو،حکمت حمەکریم بووبە (مەلابەختیار)تەنانەت من کەناوی خۆم (أبوبکرمحمدحاجی)یە بەجۆری بوو بووم بە(مەلاشاخی)دوای راپەرین کەمناڵەکانم لە (هەریر) چوونە قوتابخانە ،مامۆستاکان بەناوی جارانیم ناویانی خوێندبۆوە، کەهاتنەوە لێیان پرسیم ..باوە ئەوە بۆمامۆستاکان ناوی عەرببیەیان لێتناوە؟؟

- من بەشبەحاڵ چەند جارێك بەگوێی خۆم گوێم لە سەرۆك مام جەلال بووە،کەچۆن بە باشە باسی لە خزمەتی مزگەوت و مەلاکانی کوردستان کردووە لەشۆڕشەکانی کورد دا ..

لەکۆتاییدا با داکۆکییەکی ویژدانی لە مەلا ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان بکەین

ئەگەر کەسێکیش دەیەوێ بەچاوی خۆی ببینی کەداکۆکیەکە رەوایە یا نا. با بفەرمووێ سەردانی کتێبخانەی پەرلەمان یا کتێبخانەی گشتی هەولێر بکات ،تا بەچاوی خۆی بەپرۆتۆکۆلەکانی پەرلەمان ببینیێ،ئەوسا بۆی روون دەبێتەوە مەلاکانی ناو پەرلەمان چۆن بەشدارییان لە

گفتووکۆکانی نێو پەرلەمان کردووە..دەوریان چۆن بووە لە دارشتنی یاساو بڕیارەکانی (پێکهاتنی حکومەتی کوردستان)و(جاری فیدرالی)و(ئەنفال)وهەموو مەسەلە چارەنووس سازەکانی تر دا..

کێن ئەوانەی بە ناوی ئایینەوە دژایەتی دەکەن..؟

ماوەیەکە هەندێ کۆلکەمەلا،نازانم چۆن وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێیان دەگەڕێ،بچنەسەرمینبەری مزگەوتەکان وبەئارەزووی خۆیان وتاری رۆژی هەینی بخوێننەوە..
وتارخۆینەکان دووجۆرن،هەندێکیان پیاوی ئاینی نشتیمانپەروەرن،پێیان وایە(خۆشەویستی نشتیمان لەئیمانەوەیە) هەربۆیە هەردەم وتارەکانیان لە نێوبازنەی بەرژەوەندی گەل و وڵات وئاین دەرناچێت..هەشیانن لەژێرکاریگەری توندڕەوەکاندا،بەبیروباوڕی کۆنەپەرستی پەروەردەکراون. کەهەرگیز حەزناکەن لەسەر نەخشەی جوگرافیای جیهاندا وڵاتێك هەبێت ناوی کوردستان بێت..
لە سەرانسەری ئەو کوردستانیشدا تاقە حزب ورێکخراوێك هەبێت،باس لە ئاشتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤــ و مافی چارەنووس....بکات.
ئەوانە خۆیان.. یامامۆستاکانیان ئەو کەسانەن کەتا دوێنی لە شاخەکانی هەورامان و لەودیوی حەمرینەوە.. هانی تیرۆریستانیان دەدا ئەزموونی هەرێمی کوردستان برووخێنن،هیچیان بۆنەکرا،
ئەمرۆ بەهەرجۆرێك بێت،سەنگەریان گۆڕیوە،دەیانەوێ ئەومزگەوتانەی کە تا دوێنی دالــدەی پێشمەرگەو پێشکەوتنخوازان بوون،بکەنە شوێنی بانگەشەی بیروباوەڕی نامۆ و ئارستەیەکی نادرووست ،کە ئەنجام شەڕو مالــوێرانی لێ دەکەوێتەوە..جێی خۆیەتی بۆ لەمەولا (پەرلەمانی کوردستان) بیر لەدارشتنی یاسایەکی وابکاتەوە،کەدیاری بکات کێ مافی وتارخوێندنەوەی هەیە، چوارچێوەی وتارەکان چۆن بن ،لەهەر شارێکدا لەکام ولەچەند مزگەوتێکدا نوێژی هەینی بکرێت،شێوازی بانگدان و سەلا و تەراویحی مانگی رەمەزان چۆن بێت.
ئێمە مەبەستمان ئەوەنییە یاساکە ئازادی بیروباوەڕی ئاینی لە قالب بدات، بەلام خۆ دەکرێ تەماشایەکی ولاتە ئیسلامییەکانی دەوروبەر بکەین،وەك من خۆم بینیوومەو بیستوومە ئێستا ئەو شێوازەی لێرە پێڕەو دەکرێ نەلە(سعودیە)ونەلەکۆماری ئیسلامی ئێراندا ... پێڕەو ناکرێ.

* ئەندامی خوولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان

* لە چەند ماڵپەڕێك دا بلاوکراوەنەوە

# تا پاشماوەكانی رژ ێمی پێشوو بمێنن
# مەترسی رووداننەوەی ئەنفالێكی دی لە ئارادایە

بۆمێژوو دەیگێڕمەوە چەند رۆژێك بەرلە راپەرینی ساڵی 1991 لە یەكێك لەبارەگاكانی(ه.پ.ك ) هەڤاڵێكی سەركردایەتی بەرەی كوردستانی لە كۆبوونەوەیەكەدا لەگەڵ دەیان كادروپێشمەرگە.. باسی لەبەرنامەی راپەرین ورزگاركردنی شاروشارۆچكەكانی كوردستان كرد،بە كەركوكیشەوە، یەكێك لە هەڤالان هەڵساو رووی پرسیاری لێكرد :

ئایە ئێمە بەم هێزەی كە ئێستا كە هەمانە دەتوانین پارێزگاری لەوهەموو شاروشارۆچكەوئۆردوگا وساختمان ودەزگاو بانك و باڵەخانانە..بكەین.!؟

ئەویش لەوەلامدا فەرمووی نەخێر... بەلام پێویستە لەهەموو جاش و موستەشارو خیانەتكارنی ناخۆ ببوورین ،لاپەرەیەكی نوێ هەڵبدەینەوە ...

هەڤاڵێكی تر پرسی ئەی ئەوانەی لەسەردەمی ئەنفالداسەدان وهەزاران كەسیان بەگرتن داوە.؟

لەوەلامی ئەویشدا گووتی: ئێمە وەك شۆڕش لێیان خۆشدەبین،تۆڵەیان لێ ناكەینەوە..بەلام قەت مافی ئەوەمان نییە لە مافە یاساییەكانی خەڵك خۆشبین.. ئەوێ رۆژێ ئەوانە بۆیاسا دەمێننەوە.. یاسا سەروەر دەبێت..

وائەمرۆ نزیكەی بیست ساڵ بەسەر راپەرین وپترلە حەوت ساڵ بەسەرپرۆسەی رووخانی رژێم و هاتنە سەركاری حكومەتی هەڵبژێردراوی خەڵكدا تێدەپەرێ..

خەڵکیش هەقیانە لەسەرکردەکانی ئـەوی رۆژێ وبـە کاربەدەسـتانی ئـەمرۆی هـەرێمی کوردسـتان و عێراقی فیدراڵ بڵێن: لێگەرێن بایاسا سەروەربێت، ئەوتانێ کەسـوکاری ئـەنفالکراوەکان لـەدادگاکانی هـەرێم و لـە دادگـای بـاڵای تاوانـەکان.. سـکاڵای خۆیـان تۆمـارکردووە،بـا ئەوسـەرۆك جـاش و موستەشارانەی تاوانبارن، بەسزای یاسایی خۆیان بگەن ، ئەوانەیش ئیـدیعای ئـەوە دەکـەن بیتـاوانن ولەسەردەمی ئەنفالەکاندا بەسەدان هاووڵاتیان رزگارکردووە،حسابێکی تریان بۆبکرێ .

لەکۆتایی دا ماوەتەوە ئەوەبڵێم:

راستە رژێمی گۆڕبەگۆڕ رووخاوە، بەڵام هێشتا فەرهەنگی بـەعس،هێشـتا پاشماوەکـانی رژێم،هێشـتا هـەوادارانی رژێمـی پێشـوولە عێـراق ولـە کوردسـتان هـەرماون..لـە هەڵبژردنەکانـدا..لـە خۆپیشاندانەکاندا..

لەهەندێك لەراگەیاندنەکاندا شوێنەواریان بەدی دەکەین...

بەسە...!هەق نییە چی تـر لەبـەر خـاتری ململانێـی حیزبایـەتی وسـۆزوعاتیفە لـێ بگـەڕێین شـانە مردووکانی پاشماوەی رژیمی پێشووهەڕشە بن لەسەرهەرێمەکەمان و نەوەکانی داهاتوومان..

دەبا ئەوانیش وەك سەرانی گۆڕبەگۆری رژێمی پێشوو بچنە ناو قەفەسەکانی دادگاوە، ئەوسا هەمووان دڵنیا دەبینەوە کە ئەنفالێکی تر روونا داتەوە.



## لەبیرەوەری ئەنفال وکیمیابارانی قەڵاسێوکەدا

لە (١٩٨٨/٥/٣)داخولێکی تری ئەنفال،قۆناغێکی تری جینۆسایدی کورد دەستی پێکرد.
چەندرۆژێك بووهەواڵەکان لەئۆردوگاوشارانەوەوابڵاودەکرانەوە کەرژێم بەهێزێکی زۆرەوە،
بەنیازە هێرش بکاتە سەر ناوچەکانی(قەڵاسێوکە)و(شوان)و(شێخ بزێنی)و(دەشتی کۆیە)
خەڵکی ئەو دەڤەرانە لەدڵەڕاوکێیەکی ترسناکدا کاتیان بەسەر دەبرد.
لەولاشەوە هێزی پۆشتەو سازو ئامادەی ئەنفالچی یەکان چاوەڕوانی فەرمانی کاربەدەستان بوون،
تا هێرشەکانیان لەم قۆڵانەوە دەست پێ بکەن:-
لەکەرکوك ودارەمانەوە، لە ئالتون کۆپریو شوانەوە، لەچەمچەماڵو تەکیەو بازیانەوە،
لەپیرەمەگرونو دوکانەوە، لە کۆیە ولە سێگردکانەوە،لەبەرانبەردا
باس هەر باسی سەنگەر لێدانو کەمینو مین نانەوەوبەرگریو کشانەوەبوو.
لێرەو لەوێش پرسیار هەر پرسیارەکانی پێشوو بوو...
لەدۆڵی جافەتی، لەقەرەداخ، لەگەرمیان چی کرا؟ ئەی ئێمە چی بکەین؟!
ئەو رۆژە لەهیچ رۆژێکی رابردوو نەدەچوو، رەنگو رووخسارو باری دەروونی خەڵك گۆڕابوو،
تەنانەت گردۆلکەکان لەجاران نزم تر دەبینران،
لوتکەکان بە بەراورد لەگەڵ تەکنەلۆژیای سەربازی و نا بەرانبەری هێز..
ئەو رۆژەکورتەباڵابوون.ئەو پاش نیوەڕۆیە هەتاو..تیشکەکانی شێوابوون،

وەك پرچەكەی دایكی شەهید (مەلا ئاراس) تێك ئاڵابوون.
ئای كە ئێوارەیەكی شووم و زەردەپەڕێكی سامناك بوو.
(دوكان) جەڵەوی شەپۆلەكانی زێی شل كردبوو،
گەڵای دارەكان بەدەم باوە شنەشنیان نەدەكرد..
ئای كە دیمەنێكی خەمناك بوو.
(گۆپتەپە)..هەرلە هەڵۆیەكی پێكراو دەچوو،
لەبەر نائارامی زامی باڵەكانی هەڵكوڕمابێ..
(عەسكەر)و(حەیدەربەگ)یش بۆن سۆی سووتانی ساڵانیان لێ دەهات.
لەپڕ ئاسمان شریقاندی، لە حەژمەتا دارو دیوار زریكاندی.
(قاڵە داوود) ، پیرەمێردی دنیا دیدە، هاواری كرد:
فڕۆكە هات، فڕۆكە هات...كێ ئازایە فریاكەوێ!!
هۆ خەڵكینە بڵاوەكەن، كیمیاویە، وا تەرزەی مەرگ دەبارێ،
تەماشاكەن وا كۆترەكان هاتنە خوارێ..!
ئیتر خەڵكی دڵنیابوون ئەوە دەستپێكی هێرشە.
(حەسۆ).. لەسەر قەڵاتەوە، لەشوێن پەیكەرەكەی ئێستا،
لەسەرنگەرێكی بچوكدا راكشابوو، وەك كۆترە شینكە دەیناڵاند.
(ئامانج).. بەشەلەشەل دەهاتەوە،
سۆمای چاوی لەناو گۆمی فرمێسكو خوێن..
نەدەستی دەگەیی بەكەس، نەدەنگی دەگەییە ماڵان.
باری.. باری (رشانەوە)و (تاعون) باری.
هەر ئەو رۆژە (مام بێستون) لە (رەزگە)و (چەم رەزان)ەوە.
دوو بروسكەی ئاراستەكرد بۆ ئەشكەوتەكانی (كانیبی)و بۆ (هەكاری).
(عەلی ساڵح)و (شاخەوان) لەبناری (خاڵخاڵان)ەوە چاویان لێ بوو...
لە (چەمە خڕكە) و (رەندی خان) پۆل پۆل روحانیەتی سپی،

قات قات دوکەڵی هەناسە.. دەفڕین وەك ڕەوە پاساری.

باری.. باری (خەردەل) باری.

بوو بەخەزان.. مردن و خەمخانە باری.

قەلاَسێوکە.. هیچ کەس نەهاتە هاواری.

لەو ئێوارەیە بەدواوە، کەسێك نەما.. ئیتر گوێی لەقاسپەی کەو بێ.

لەو ڕۆژەوە کۆترێك نەما بگمێنێ، وەك کچی شۆخ بکات لەنجە.

لەو ئێوارە سامناکەوە، (گۆپتەپە)یش بوو بەشەهیدو..

بوو بەخوشکە بچکۆلانەی (شێخ وەسانان)و (هەڵەبجە).

ئەنفالی چوار... زریانێ بوو

بەسەدان چڵە زەیتونو چەپکە نێرگسی تێك شکاند.

ئەنفالی چوار.. شەوگارێ بوو

سەدان شەمچەی خامۆش کردو سەدان هەڵۆژەی هەڵوەراند..

بەهەزاران قانە مۆردی هەڵپڕوکان..

دەستی نایە بینی ڕووبار،سەدو پەنجاکانی خنکان.

بەهەزاران کۆتری سپی لەهێلانەی خۆیدا تاران..

ئەنفالی چوار..، بوو بەداوو، بوو بەتۆڕو

ڕێی (دەرباز)و دەربازبوونیشی لێ گرتن،

ئەنفالی چوار بوو بەڕەشمار،

بوو بەگورگو ئەژدیهای هار..

بوو بەگێژەنێکی چڵکن.

زۆربەی ئەوانەشی لوول داوبەرەو چارەنووسی نادیار..

بەرەو گەرمە سێری بردن.



# لەساڵیادی کۆرەودا...

دوابـەدوای ڕاپەڕینەمـەزنەکـە ی ١٩٩١ دیـارە کارەسـاتی کـۆڕەو وەك کارەسـاتەکانی پـێش خـۆی. نـاوی خـۆی هاویشـتە نێـو لاپەڕەپڕلەسەروەریەکانی گەلەکەمانەوە، هەربەوبۆنەیەوە دەمـەوێ چـەند بیرەوەرییـەك لەسـەرکۆڕەو و ڕۆژانـی دوای کـۆرەو بکـەم بـە مەلۆیەك هەتالەداهاتوودا مێژوونووسان بیخەنە سەرخەرمانی پڕلەشانازی خەبات وسەروەریەکانمان ...

- دوابەدوای شکانمان لە شارەکانی کەرکوك و هەولێر و سلێمانی..پاش کۆرەوی سەدان هەزار خێزانـی بەروشاخەکان وپشتی سنوورەکان..ئێمەیش کە بریتی بووین لە دەیان کادیروپێشمەرگەی دێرینی تیپـی (٢١)ی کەرکوك، زۆربەمان لەوانە بووین دوای ئەنفالەکان تەسلیم بەرژێم نەبووبووینەوە، هـەمومـان بەشداری راپەڕینەکەو رزگارکردنی کوردستانمان کردبوو،بەر لەنەبەردەکەی(کۆڕێ) لـە قـەزای(سـۆران) بڕیاری کۆتاییمان داکەجارێکی ترنەچینەوە تاراوگەو پەناهەندەیی.. هەموومان لەسەرئەوەرێککەوتـین کە بروسکەیەك ئاراستەی بەرێزان مام جەلال وکاك مەسعود وبەرەی کوردستانی بکەین.

- بروسکەکە لەلایەن بەنـدە( مەلاشـاخی) وە ئامـادەکراو بـە بێتـەل نێـردرا..پوختـەی نـاوەرۆکـی بروسکەکە پێشنیارو ئامادەیی دەربڕین بوو بۆدروسـتکردنی هێڵێکـی بـەرگـری هـەر لـە دەریاچـەی دوکانـەوە تـا کـۆڕێ، هـەر هـەمـان رۆژ لـەلایـەن هـەڤـاڵ مـام جـەلالـەوە وەڵامـی بروسـکەکە درایەوە..ئامادەیی خوێ وکـاك مەسـعودی نیشـان دابـوو بۆهەمووهاوکارییـەك، هەرهـەمـان کـات بروسـکەیەکی تـر لەلایـەن بەنـدە(مەلاشـاخی) لـەڕێی رادێـۆی ( دەنگـی گـەلی کوردسـتان ) ەوە

بۆپێشـــمەرگە پەرتـــەوازەکان بلاْوکرایـــەوە، لەبانگەوازەکـــەدا داواکرابـــوو لەســـنووری (ســـۆران و رانیە)پەیوەندی بە تیپی ٢١ ی کەرکوکەوە بکەن ..

- لە ١\٤\١٩٩١هەڤالاْن ( مەلاشاخی، سەربازحسین، نەهرۆقەسرۆکی، ســەرکەوتەڕەش، خالّەبەخــە، محمدحەساری وچەند هەڤالّێکی ترکۆبووینەوە بەمەبەستی خۆرێکخستنەوە.

-هەرهەمان رۆژ لەوچەکەزیادانەی لەڕاپەڕینەکە گیرابــوون(٥)(BKC) و (RPG)وچــەن کلاشــینکۆفێك درابە(جلال حــاجی)و(تۆفیــق کــانی وەتمــانی) و (مــام غــەفوور)وچــەند پێشــمەرگەی تر،بەمەبەســتی بەهێزکردنی بەرەی کۆڕێ.

- رۆژی ٢\٤\١٩٩١ لە (کێوەرەش و کۆلین و بتوێن ...) سەنگەرمان گرتو بانگەوازمان کردەوە ،لــە چەن بینای حکومی و مزگەوتی ڕەشەمێرگ لەناو (رانیە)بــارەگامــان دانــا ..جێــی خۆیــەتــی دەوری جوامێرانەی ئەو خێزانانەی لە رانیە مابوونەوە فەرامۆش نەکرێ.. لەهاوکاری کردنی پێشمەرگەکان.

- لە هەفتەی یەکەمی مانگی نیساندا بەدەیان کادر وفەرماندەی مەیدانی وەك هەڤالاْن(وەستاســابیر، کاکــە مــەند،مــەلافــەرمان،کــاك رەفعــەت عبــدالله، کــاك رزگــارعلی، مامۆســتاجەلال جــوهر، راپەرعارف..)ودەیان تێکۆشەری تری کەرکوك ..کۆ بوونەوە..

- دواتــر زۆر لــە تێکۆشــەرانــی دەڤەرەکەیشــگەڕانەوە..تێکۆشــەران خۆیــان سازدایەوە،هەرلەشــاخی (ئەزمەڕ،سورداش،چەمیڕێزان.کۆلێن،کێوەڕەش ،کۆڕێ، تابادینان توانرا بەرەیەك بۆبەرگری پێك بێــت ، پاش چەندین سەرکەوتن ئیتر رژێم ناچاری گفتوگۆو دان و ستان کرا...

کەرکوك ٣١\٣\٢٠٠٨

---

*ئەم بابەتە لە سایتی ( kurdistannet ) دا بەناوی أبوبکرشێخ بزێنی بلاْوم کردۆتەوە.



# تراکتۆرەکان

ئەگەر تێکۆشەرانی سەردەمی شۆڕشەکانی پێشوو زۆرئیش وکارو پێداویستیان بەهۆی وڵاغی بەرزەی وەك(بارگیر وئەسپ وهێسترو کەر..)ە وە راپەڕاندوەو لەتۆمار وبیرەوەریەکانیاندا شوێنێکی شایستە بەقەد ماندووبوونی خۆیان پێدراوە.. هەق ولەجێی خۆیدایە ئێمە تێکۆشەران وپێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێ دەوری ئامرازەکانی گواستنەوە، بەتایبەت (تراکتۆر وعاربانە) فەرامۆش نەکەین ..

بڕواناکەم تەنیا پێشمەرگەیەکی شۆڕشی نوێی گە لەکەمان هەبێت ئەو رۆژانەی لەبیرچووبێتەوە کەبەسەر پشتی تارکتۆرەکانەوە بەخۆمان وباری گرانی چەك وتەقەمەنی وکۆڵە پشتییەکانمانەوە رێگای دووری خەباتیان بۆ نزیك دەخستینەوە، بەسەدان پێشمەرگەی نەخۆش وبریندارو کەم ئەندام بەکۆڵی ئەم ئامرازە خزمەتگوزارەی شۆڕشی نوێ لە مردن رزگاریان بووە.. چۆن لەبیرمان دەچێتەوە شەوی وا هەبووە خاوە ن تراکتۆرێك دوای نیوە شەو لەسەفەری یەکەمی گەیاندنی دەستەیەك پێشمەرگە دەگەڕایەوە تا لەئامێزی خێزانەکەی پشووبدات ،کەچی بەگەیشتنەوەی بە گوندەکەیان دەیبینی دەستەیەکی تری پێشمەرگەی شەکەت وماندووی رێگای خەبات واچاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو دەکەن،

تا ئەوانیش بەلایکی تردا ببات.. ئەویش بێ سێ و دوو ئامادەیی دەردەبڕی و هەمووشەوەکەی لەرێگای هات ونەهات و بەسەرپشتی تراکتۆرەکەوە تەواو دەکرد..

هەمیشە لە بیرم ناچێتەوە لەمانگی تموزی ١٩٨٨دا لەدوای ئەنفالە کان ،ئەنفالچییەکان چۆن دەگەڕان تەنانەت کولانە مریشکێکیش بەپێوە نەهێڵن و کەپرەکانیش بسووتێن بەهەمان شێوە رقی گەورەیان لەتراکتۆرەکان بوو، ئەوانەی بەردەست کەوتن تالاّن کران ،ئەوانەیش کەحەشاردرابوون سووتێندران ولەکارخران..هەلیکۆپتەرەکان بەئاسمانی ناوچەکانی ئەنفالدا دەسووڕانەوە و هەولی دۆزینەوەی تراکتۆرە شارەوەکانیان دەدا تا بیان سووتێنن...

لەپێش وەفاداریمان بۆیادکردنەوەی تراکتۆرەکان هەق و پێویستە سەری رێزو کرنۆشی ئەمەکیش بۆ جوتیاروگوند نشینەکان دابنوێنین وداواش لە (حکومەتی هەرێمی کوردستان)ی لەمەڕخۆمان بکەین هەمووئەو جوتیارانەی زەرەرمەند بوون،تراکتۆرەکانیان لەسەردەمی ئەنفالەکاندا سووتاوە یا بەتالاّن براوە بۆیان قەرەبووبکەنەوە یا سەرو تراکتۆریان بەدیاری پێشکەش بکرێتەوە ..کەئەوە کارێکی ئاستەم نەشیاویش نییە .

دەبا چۆن رابردوومان لەبیرناچێتەوە ، بۆئایندەیش زۆر بەوەفا بین و...

ترکتۆرەکان و خاوەن تراکتۆرەکانیشمان لەیادنەچنەوە...

جارێکی ترهەرزیندووبێت یادی پڕشکۆی تراکتۆر و خاوەن تراکتۆرەکان.

٢٠٠٩\٤\٥

کەرکوك

---

* لە کتێبی (ئەنفالی خاڵخالاّن) دا ئاماژەم بە بیرەوەری چۆنیەتی سوتانی یەکێك لەوتراکتۆرانەداوە...



# پیرۆزبێ یادی حزبی شەهیدان

ئەگەربەویژدانەوەتەماشای مێژووی سیاسی گەلی کوردستان بکەین،دەبینین پڕاوپڕە لەراپەڕین وشۆڕش وجوولانــەوەی گەورەومەزنی خوێناوی...لە بەگژدا چوونەوەی زوڵم و زۆرداری وچەوسانەوە..کەبەداخــەوە زۆربــەیان بەئاگروئاســن وەلآم دراونەتەوە. مێژووی هیچ گەل ونەتەوەیەك هێندەی مێژووی کوردپڕلەکارەساتی دڵتەزێن نییە. کـاتێ کـەباس لەمێژووی کوردو ئازایەتی وقارەمانیەتی خەڵکی کوردستان دەکرێ،ناشێ وناکرێ سەرەتاو ناوەرۆکی خەباتی یــەکێك لەهەرە لایەنە تێکۆشەرەکانی فەرامۆش بکرێـت.کەئــەویش(یــەکێتی نشــتیمانی کوردســتان)ە. ســەرەتای مــانگی حوزەیران..رۆژێکی پیرۆزە لەدیدی کەسوکاری شەهیدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا..

چونکە لەورۆژەدا کە یادی ١دامەزرانی حزبی شەهیدان دەکرێتەوە..

١-٦-١٩٧٥ بۆیە رۆژێکی پیرۆزە لەویژدانی تێکۆشەراندا چونکە یادی دامەزراندنی لایەنێکی پێشڕەوی کوردایەتی وفیداکاری تێدا دەکرێتەوە..

هەموو لاپەڕەکانی مێژووی ئەم حزبە تێکۆشانی بێ وچان وقارەمانیەتی وگلان وهەڵســانەوەو کۆڵنــەدان وســەروەری وسەرکەوتن و بووژانەوەوئاوەدانکردنەوەیە...

لەسەرەتای حوزەیراندا یادی دامەزراندنی ڕێکخراوێك دەکرێتەوە،کە تەنیا سێ مانگ لەدوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ،مەشخەڵ وبڵێسەی شۆڕشێکی نوێی لەشاخە سەرکەشەکانی کوردستانەوە هەڵگیرساندەوە..بەدۆست ونەیارانی سەلماندەوە دوژمن هەرچەندە بەهێزو خاوەن جبەخانەی گەورەبێ لەبەردەم هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەری شۆڕشگێڕدا بەچۆکدادێت ...

ئەگەر دوژمنان پێیان وابێ بەکارەساتی هەکاری وبەکیمیابارانی هەڵەبجە وخۆشناوەتی وقەرەداغ وقەلاسێوکەو... بەوێرانکردنی(٤٥٠٠)گوندی کوردستان وبە کارەساتەکانی ئەنفال وکۆڕەو.... توانیویانە ودەکارن باسکی بەهێزی کوردایەتی (ی.ن.ك) لاوازبکەن،تۆوی ترس ودڵەڕاوکێ لەناخی تاکەکانی میللەتەکەماندا دەڕوێنن..بێگومان خەیاڵیان خاوە..دیارە کەرۆژگار سەنگی مەحەکە،تاقیکردنەوەسەلماندی هەتا گەل خاوەنی حزبێکی پێشڕەو و هۆشیاری ئا وابێت..

کەمافی خۆشیەتی شانازی پێوەبکات،کە (حزبی شەهیدان)ە ،بۆهەمیشە هەرسەرکەوتو وسەربەرزو سەرفرازدەبێت..

گۆڤاری شەهید لەیادی دامەزراندنی حزبی شەهیداندا، چەپکە گوڵی ڕێزووەفاداری دەکاتە باشترین دیاری بۆسەرمەزاری شەهیدان وبۆڕۆحی ڕەوانی ١٨٢ هەزار بێ سەرو شوێنکراوی ئەنفال و...

بۆسەرمێزی تێکۆشەرانی کۆڵنەدەری ڕێبازی پیرۆزی کوردایەتی..

سلێمانی
حوزەیرانی ٢٠٠٠

---

※ ئەم بابەتە وەك سەروتار لەلایەن نووسەر(بەرێوەبەری نووسین)ی گۆڤاری شەهیدەوە لە ژمار(١٠)ی حوزەیرانی٢٠٠٠دا بلاۆکراوەتەوە.

## نامەی پشتگیری لە دادگایی کردنی
## تاوانبار نزارالخزرجی

بۆ/ بەڕێز کاك ڕێکەوت صدیق /دانیمارك

بابەت/پشتگیری

هەرکەهەواڵم پێگەیشت گوایە بەنیازن بەڵگە لەسەر تاوانباری ئەنفالچی (نزارالخزرجی) کۆبکەنەوە بەمەستی تۆمارکردنی داوا وسکالاٰ لەسەری، هەر بۆیە من وەك ئەندامی یەکەم پەرلەمانی کوردستان و وەك ئەندامی دەستەی کارگێڕی لە (کۆمەڵەی ڕووناکبیری وکۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوك)و وەك ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری(سەنتەری بەگژداچوونەوەی پاکتاوکردنی نەژادی لە کوردستان)

١- پشتگیری و هاوهەڵوێستی خۆم لەگەڵتاندا ڕادەگەیەنم .

٢- وەك بەڵگە بۆ تاوانی ئەنفال دەتوانن لە(دەستەی بەرگری لەکەرکوك) کتێبی (ئەنفالی خاڵخالاٚن) کە لە نووسینی منە وەربگرن و بیکەن بە بەڵگە لەسەر تاوانبار (نزار الخزرجی) و پێشکەش دادگای بکەن چونکە ئەوتاوانبارە بەشداری ئەنفالی چواری کردووە....

لەگەڵ ڕێزماندا....

مەلاشاخی

سکرتێری ڕووناکبیری

کۆمەڵەی ڕووناکبیری کۆمەڵایەتی کەرکوك

٢٠٠١/١٠/٢٣

سلێمانی

## نامەی مێژوو نووسێکی کۆیە

برای خۆشەویستم أبوبکرشاخی

ڕۆژباش

لەدوای هەواڵ پرسینتان ئومێد دەکەم کە لەئەوپەری لەش ساغی دابن

نامەتان گەیشت وا لەسەرداواتان ئەوەندەم پێ کرا ، بۆم نووسیون، نەختێ مێژووی ژیانی خوا لێ خۆش بوو مامۆستا(مەلاراجی)وەمامۆستا(مەلامەیلی) ئێوەش دەتوانن لەم لاو لەولا وەرگرن و لێ یان زیاد بکەن.

وەبەخەونەخەوش لەکتێبی مێژووەکەی کۆیەکەدەست خۆشیتان لێ کردووم زۆر سوپاستان دەکەم، لەخوام دەوێ چاوەکانت بۆخوێندنەوە هەرساغ ودەستەکانت بۆنووسینەوە هەرسەلامەت بێ.

وەسەلامان هەیە بۆ هەمووتان

ئیدی بەخێرچی

خۆشەویستتان

واژۆ

**طاهر أحمد حویزی**

* لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٦دا ئەوسای لە دەشتی کۆیە پێشمەرگەبووم چەند شیعرێکی بلاۆنەکراوەی کوردیم لەمزگەوتەکان کۆکردبووە وە، لەوانە چەند شیعریکی هی (راجی) و (مەیلی ) دووشاعیری کۆیی بوون ، منیش بەنیازبووم لەگۆڤارەکانی یەکێتی ی نووسەرانی کوردستان دا بلاۆیان بکەمەوە، بۆئەو مەبە ستە (نامەیەکی نهێنی) ئاراستەی مامۆستا(تاهیر حەوێزی) کرد داوای زانیاری پترم لەسەر ئەودووشاعیرە کردبوو،ئەویش بەهەندی زانیاری وبەونامەیە بە خەتی خۆی وەلامی دامەوە ..

# نامەی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

برایبەرێزوهەمیشەلەیادم *
کاکەئەبوبەکرگیان
ئەوپەڕی رێزوخۆشەویستی وسلاوی گەرمم،بەپەرۆش وتاسەوەدەستت ئەگوشم وهەواڵتان ئەپرسم . لەگەڵ ماڵ ومناڵیشدا هەواڵی ماڵومناڵتان ئەپرسین .
بیرتان ئەکەم ودەمێکەبەخزمەت نەگەیشتووم، نامەودیارییەجوانەکەت هەرزووپیمان گەیشت و سوپاسی هەستی بەرزتان ئەکەین،دیارەئێستاوەلامی نامەکەت وەرگرتۆتەوە کەبەخۆشحاڵییەوە بەئەندام وەرگیرایت لە یەکێتیی نووسەرانی کوردستاندا، هیواداریین شایستەتان بێ وقۆڵی ئەدەبیشی لێهەڵماڵن بۆخزمەتی وشەی کوردی، کەهیواداریین بەهیمەتی هەمووئەدیبانی دڵسۆزو ئەمەکداری گەلەکەمان نەیەڵین ئاڵای یەکێتی نووسەرانی کوردستان بنەوێ و،هەربشەکێتەوە، کەدوا تەقەلای هەموولایەکمان لەودیارییە بچووکەی ژمارە - ١٥ - ی گۆڤاری نووسەری کوردستانداخۆی ئەنوێنێ، کەلەگەڵ هەڵگری نامەدا بەخزمەتتان ئەگات و، ئومێدئەکەین جێی رەزامەندیتان بێ و ،ئێوەش هاوکاری لەگەڵ بکەن و،هەرسەرنج ورەخنەیەکیشتان لەگۆڤارەکەهەبێ،ئامادەی قەبوڵکردن وچاککردنەوەیەتی ..
من ئەم ماوەیەهەندێکاری ئەدەبیم هەبوو،ئەگینائەهاتمەخزموتتان، خۆزگەئێوە دەرفەتتان هەبوایەوتەشریفتان بهێنایەتەلامان،کەدیارەلەنزیکەوەزۆرتر ..
لەبارەی نووسەران ونوسەرەوەقسەئاڵوگۆڕئەکەین، کەیەکێتی وگۆڤاری خۆتانەو، بێگومانیشین،هەرخۆتان ئەیلاوێنن.
دووبارەرێزوخۆشەویستیم
بەئومێدیدیداروبەختەوەریتان ...

هەربژین.

براتان
محەمەدحەمەباقی
سەقز -١٩٨٩\٦\٢٣

* دەقینامەی (محمدحمەباقی) بۆ (شاخی) بەبۆنەی بوونی بەئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

# بانگهێشتکردن بۆ
# کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

بۆ کاك أبوبكرشاخی *

سلاّوێکی برایانەی گەرم وگوڕ

لەپێناوی زەمینە خۆش کردنی یەکخستنی ووشەی کوردی رەسەن و گفتوگۆکردنی لەسەرچۆنیەتی پێکهێنانی چوارچێوەیەکی لەباربۆ کۆکردنەوەی زۆرترین ئەدیب ونووسەرانی گەلەکەمان لەرێکخراوێکی یەکگرتووی ئەدەبی دا .

پێمان خۆشە سەعات (١٠) ی بەیانی رۆژی ١٠ \ ١٩٨٩\٧ لەبارەگای راگەیاندنی بەرەی کوردستانی لە راژان ئامادەبن .

هاتنتان لەخزمەتی ئەدەبی شۆڕشگێڕی کوردی دایە.

واژۆ

راگەیاندنی بەرەی کوردستانی

١٩٨٩ \ ٦ \ ١٢

* دەقی داوەتنامەی راگەیاندنی بەرەی کوردستانی بۆ(شاخی) بەمەبەستی ئامادەبوون لە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی(یەکێتی ی نووسەرانی کوردستان)و(کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان)

# شاعیری میللی (مامەپیرە)

شاعیری میللی ناوچەی بیبانی (أمین رشیدفقێ سـعید)ناسـراوبە(مامــەپیرە) لەسـاڵی١٩١٧لەگونـدی (گۆڵـدەرەی باشتەپە)ی سەربە ناحیەی پردێ نزیك شاری کەرکوك لەبنەماڵەیەکی جوتیار لـەدایك بـووە.لـەحوجرەی مزگـەوتان قورئانی پیرۆزو چەند کتێبێکی سەرەتایی خوێندووە.. شیعری زۆرلە شاعیرە ناودارەکانی وەك نالی وقانع و بێکەس و گۆران وهەژار....ی لەبەرکردووە.ماوەیەکی زۆر پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلول بـووە،دوای وێـران بـوونی گونـدەکانی ناوچەی ساڵەیی وبیبانی (مامەپیرە)یش وەك سەرجەم راگوێزراوەکان تـری کـەرکوك رووی لـە ئۆردوگازۆرەملێکـان کردوە،لە مجمع (بنەسراوە) گیرساوەتەوە. لەگەڵ راپەرینەکەی بەهاری ساڵی١٩٩١دا ئەویش پەیوەندی دەکاتـەوە بـە رێکخستنەکانی(ی.ن.ك)ەوە، بووبەئەندامێکی تێکۆشەرە دێرینەکان..

غەریبی وئاوارەیی وهەستی شۆرشـگێری ووای لێدەکـەن کـە لەتەمەنیحـەفتا سـاڵە روو دەکاتـە مەیـدانی شـیعر نووسین.. لەبارەی پیری خۆی ونەبوونی توانای پێشمەرگایەتی لەشیعرێکدا دەڵێ:

چاوم کزەدەست بەگۆچان

دڵم تـــوندە بۆ گۆرەپـــان

شەرتم کردووە شەرتی مەردان

هـــــەر دەســتێنم مافی کوردان

لەبەر ئەوەی لە شۆرشی ئەیلول ماوەیەك کادیر بوو،زۆر خولیای خوێندنەوەی رۆژنامە بوو،لەگەڵ دەرچـوونی یەکـەم ژمارەی رۆژنامەی رۆژانەی (کوردستانی نوێ) دەردەچێ ودەگاتــە دەســتی ئــەویش زۆر بەشـانازییەوە وەری دەگـرێ ولەگەڵ خۆی دەیباتە نێوکۆری پیرەمێردان وباسی گرنگی رۆژنامەکەیان بۆدەکات ...دیارە بەهۆی بـوونی بـیرووڕای جیا لەنێودانیشتوواندا تووشی هەندێ مناقەشەوململانێ دەبێت .. ئەویش بەم شیعرە هەستی خۆی دەردەبڕێت:

کەس بانگم نەکا بەحاجی ئەمین

ئێسـتا سـەیدم لەنـاوگەل و چین

(کوردستانی نوێ)م کردووە بەرابەر
تا رزگاریم بێ لە دەســــــت داگیرکەر

ڕێگەی من بگرن روونە وەك هەتاو
کۆنە ڕێ بەردەن ،دەرچن لەناوداو

هەندی نەزان و ئەختیار..تۆزاوی
گازندەم دەکەن... دەڵێن گۆڕاوی

رۆژیکیان لەکۆڕی پیرەکاندا شیعر بەسەر یەکەم ئەزموونی کوردستاندا بۆ ئامادەبووان دەخوێنێتەوە..چەندکەسێکیش رەخنەی لێ دەگرن، بەتوانجەوە پێی دەڵێن:-باشە تۆبەشەو وبەرۆژ بەشــان وبــاڵی پەرلــەمان وحکومــەتی هــەرێم دا هەڵدەدەی ..ئەوان چییان بۆکردوو وی ؟؟ئەویش لەوەلاٌمیاندا دەڵێ:
مامە پیرەی سەر ..ئاشم
دڵسۆزی بێ مەعاشــــــم

بۆگیان زۆڵە کورد تیژم
وەکو گوێزان ..دە تاشم

مامە پیرە زۆر ئاشتیخوازو نشتیمان پەروەربوو، زۆردژی شەڕی ناوخۆبۆیی بوو هەربۆیە دەربارەی شەڕی براکوژی دەڵێ:
سی سال من گەڕام لەناوکوردستان
نەمدی میللەتم .. وا گێل و نەزان

براکوشتنیان لا سووکەو ئاسان
لاشە کەوتووە لە جادە و کۆلاٌن

بەسەپەندبگرن لەرەنج لەدەست چوون
بن بەیەك ریز.. بۆ بەرەو پێش چوون.

بەداخەوە شەوی هەینی ڕێکەوتی ١٥-١٦\٩\١٩٩٤ دڵی پڕ لەهیوا وئاواتی بۆ رزگاری تەوای کوردستان وبەختیاری گەلەکەی لە لێدان کەوت.

* رۆژنامەی(کوردستانی نوێ) ژمارە(٧٩٢) ٢٣\٩\١٩٩٤



## بۆخاتری خوا..!

- هەر لەسەرەتای بەعەرەبکردنی کەرکوکەوە ، تا شۆڕشی١٤ی گەلاوێژ..

- لەسەردەمی(حەرەس قەومی)یەکانەوە تاسەردەمی (عبدالرحمن عارف).

-لەکودەتاشومەکەی١٩٦٨ی بەعسەوە،تابەیانی١١ئازاری١٩٧٠لەباشگەزبوونەوەی رژێم لەمافەکانی گەلی کوردستان لەبەهاری١٩٧٤ تارێککەوتننامەی جەزائیری١٩٧٥ونسکۆی شۆڕشی مەزنی کوردستان..

لەهەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ بەرابەرایەتی(ی.ن.ك)ەوە تاگفتووگۆی ساڵی (١٩٨٤)ی شۆڕش ومیری.

- لەداستانی (دابان- هەلاج) ەوە تاهەرهەشت قۆناغەکەی ( ئەنفال)..

لەراپەرینەکەی١٩٩١ەوە بەرابەرایەتی بەرەی کوردستانی..تا(کۆڕەو)ە مەزنەکەی کورد،کەدنیای هێنایە هەژان.

لەهەڵبژاردنی (پەرلەمان) وپێکهاتنی (حکومەتی هەرێمی کوردستان)ەوە

تاهاتنی (گاردی کۆماری)..لەساڵی ١٩٩٦ بۆپایتەختی کوردستان.

لەپرۆسەی ئاشتی کوردستان وئاوەدانی تاپرۆسەی رووخانی رژێمی عەفلەقی لە ساڵی ٢٠٠٣تابوونی پێشمەرگەیەك بەسەرکۆماری عێراق. تائێستا کوردوکوردستان هەلومەرجی وەك ئێستای بەخۆیەوە نەبینیوە.. هەرێمی کوردستان هەنگاوی مەزنی لەپێشکەوتنی کۆمەلایەتی بەخۆوە بینیوە،بەشێکی زۆری ناوچەدابڕێندراوەکان کاروباری کارگێڕی شارەکانی بەکەرکوکیشەوە لەلایەن خەڵکی کوردەوە بەڕێوەدەچێت..

ئێستالەبەردەم وەرچەرخانێکی تری مێژووییداین رۆژئاوای کوردستان وەك دیفاکتۆ(امرواقع) خۆبەرێوەبەرایەتیەکی راگەیاندوە،کوردنەوتی خۆی خۆماڵیکردووە لێرەوەلەوێ، لەراپرسی و لە سەر لاپەڕەی رۆژنامەعەربی وئەوروپییەکاندا..باس لەنزیکبوونەوەی درووستبوونی دەوڵەتی (کوردستانی گەورە)دەکەن. لەکاتێکدائێستا (تیرۆر)بەهەموجۆرەکانیانەوە بوونە بەهەڕەشە

لەسەر (قامیشلۆوهەولێروکەرکوك وسلێمانی..)

هەردۆێنی بوو (مام )و(کاك)و(ئۆجەلان) داوای کوردایەتییان لێدەکردین..

(خەڵك)داوای یەکێتی نەتەوەیی ویەکریزیمان لێدەکەن..

کەچی هەندێ بەرژەوندخوازوبازرگانی شەڕوسوودمەندبوولەناکۆکی یەکان هەندێ دەزگای راگەیاندنی خۆڵەمێشی وکۆلکەنووسەری قەڵەم فرۆش.

دەیانەوێ..ئاگری ململانێی حزبی وناوچەگەری وبەرژەوندخوازی جۆش بدەنەوەو بەری رەنجی چەند ساڵەی گەلە ستەمدیدەکەمان، کەبەرهەمی خوێنی شەهیدان وئەنفالکراوەکان و پێشمەرگەدێرینەکان و کەمئەندامانی سەنگەروقوربانیدانی کۆمەلانی خەلکی کوردستانە..بەفیڕۆی بدەن.

دوێنی بەخزمەت ژنێکی کەرکوکی،بەخزمەت خاوەن پۆلێك لەکوڕوبرای شەهید(شەمسە محمدامین )گەیشتم..دوای ئەوەی سەری رێزم بۆدانواند. پاش هەواڵ پرسینی ئەولەتەندروستی (سەرۆك مامجلال) گوتی:

(بۆخاتری خوا..)بیکەنەخاتری خوێنی شەهیدەکان،ئەم ئاگری فیتنەیە بکوژێننەوە.بابەس رادیۆ و تەلەفیزیۆنەکان..برینی دڵی ئێمە بکولێننەوە.. تکایە..تکایە..هەموودەست بکەنەناودەستی یەکترو پشتیوانی لەئیدارەی کەرکوك بکەن، پشتگیری خزمەتگوزاری وئاوەدانی بکەن. هاوکاری بەرێز پارێزگار بکەن. بەتەبایی وپێکەوەیی پترمان ولاتەکەمان ئاوەدانترو..

روحی پاکی شەهیدان شاد و ئاسوودە دەکەن.

٢٠١٣-١٢-٧

کەرکوك

## ناوی هەرچوارکوڕەشەهیدەکەی:

1- شەهید قارەمان کاکەمەد قادر (کۆمیتەی ئاگر)

- لە ١٧-١٠-١٩٨١ لەگەڵ هەڤاڵانی کۆمیتەی ئاگردەستگیرکرا

- لەساڵی١٩٨٣لەسێدارەدراو. تەرمەکەشیان پێنەدانەوە..

2- شەهید ئیدریس کاکەمد قادر(پ.م)یتیپی٢٥یخاڵخالان

- لە ١٩٨٨لەدەوروبەری هەولێردەستگیرکراو

تەرمەکەشی بەکەسوکاری نەدرایەوە.

3- شەهید عمران کاکەمد قادر(رێکخستنی ی.ن.ك)

- لەرۆژی ٢٠-٤-١٩٨٧ لەگەڵ ١١ هاولاتی تری ناوچەی شوان

هەلیکۆپتەرەکانی رژێمی بەعس شەهیدی کردن.

4- شەهید سەمەد کاکەمد قادر (رێکخستنی ی.ن.ك)

- لەساڵی ١٩٩٥ شەهیدکرا

## ناوی هەرچواربرا شەهیدەکەی:

1- شەهید مامۆستا ڕەشاد محمد امین مستەفا(کۆمیتەی ئاگر)

2- شەهید عدنان محمد امین مستەفا (کۆمیتەی ئاگر)

3- شەهید سیروان محمد امین مستەفا(کۆمیتەی ئاگر)

4- شەهید تحسین محمد امین مستەفا(شۆڕشی ئەیلول)




# بەعەرەب کردنی کوردستـــان

## ( تعريب كوردستان )

**إعداد وتحقيق محمدسعيدالوجي**

و\ مەلاشـاخی

ناحیەی (الباب) کەدەکەوێتە نێوهەڵەتەکانی حەلەب وسەربە بارێزگای (حلب) ەدەکەوێتە سەر (٢٢) باکوری هێڵی پانی(٣٦)و(٣١) لەرۆژهەلاتی هێڵی درێژی (٣٧) لە٥٦گوندو٤٩ کێڵگە پیکهاتووە، لەباکووری رۆژ هەلاتی شاری حەلەبەو،سنووری باکووری ناحیەی (الراعی)یەو لە رۆژهەلاتەوە ناوچەی (منبج)ە، لە باشوورەوە ناحیەی(تادف)ە و سنووریرۆژئاواشی ناوجەکانی (اعزاز) و چیای(سمعان)ە.

لەم گوندانەپێکهاتووە :

**١ـ إعبد ـ ٢ ـ البرج ـ ٣ ـ البريج ـ ٤ ـ بزاعة ـ ٥ ـ تل جرجي ـ ٦ ـ تل رحال ـ ٧ ـ الحدث ـ ٨ ـ حزوان ـ ٩ ـ السفلانية ـ ١٠ ـ سوسنباط ـ ١١ ـ سوسيان ـ ١٢ ـ شدود ـ ١٣ ـ شعالة ـ ١٤ ـ شيخ جراح ـ ١٥ ـ شيخ علوان ـ ١٦ ـ صوران ـ ١٧ ـ عولان ـ ١٨ ـ قباسين ـ ٢٠ ـ قبة الشيخ ـ ٢١ ـ قديران ـ ٢٢ ـ القمة ـ ٢٣ ـ المديونة ـ ٢٤ ـ ٢٥ ـ مروان ـ ٢٦ ـ ٢٧ ـ مقري ـ ٢٧ ـ نعمان ـ ٢٨ ـ أم شفيق ـ ٢٩ ـ أولاشته ـ ٣٠ ـ إيلان ـ ٣١ ـ جب البرازية ـ ٣٢ ـ برشاية ـ ٣٣ ـ البويهيج ـ ٣٤ ـ ترحين ـ ٣٥ ـ تفريعة كبيرة ـ ٣٥ ـ جبلة الحمرة ـ ٣٦ ـ جب نعسان ـ ٣٧ ـ الجرنية ـ ٣٨ ـ الحجلية ـ ٣٩ ـ حوته ـ ٤٠ ـ سكرية صغيرة ـ ٤١ ـ سكرية كبيرة ـ ٤٢ ـ شدار ـ ٤٣ ـ شويحة شدار ـ ٤٤ ـ العروبة ـ ٤٥ ـ العريمة العميانة ـ ٤٦ ـ قنيفذ ـ ٤٧ ـ كريدية ـ ٤٨ ـ المرزوقة ـ ٤٩ ـ المضيق ـ ٥٠ ـ**

**نباتة كبيرة ـ ٥١ ـ الوادي ـ ٥٢ ـ النيربية ـ ٥٣ ـ الشيخ كيف ـ ٥٤ ـ الثعلبية ـ ٥٥ ـ جب الدم ـ ٥٦.جب سلطان.**

:هەروها لەم کێڵگەکشتوکاڵیانە پیکهاتووە

**١ ـ شبيران ـ ٢ ـ الحسامية ـ ٣ ـ أبو الزندقة ـ ٤ ـ أم العمد ـ ٥ ـ خربشة ـ ٦ ـ الفوز ـ ٧ ـ زويان ـ ٨ ـ تليل العنب ـ ٩ ـ وقاح ـ ١٠ ـ نراعف ـ ١١ ـ سوسنباطة ـ ١٢ ـ الدوير ـ ١٣ ـ العزيزية ـ ١٤ ـ الجديدة ـ ١٥ ـ عدسة قباسين ـ ١٦ ـ نبان ـ ١٧ ـ الخليلية ـ ١٨ ـ الأزرق ـ ١٩ ـ الكفير ـ ٢٠ ـ سليمة ـ ٢١ ـ خان جفرة ـ ٢٢ ـ أحمد الهلال ـ ٢٣ ـ المنطار ـ ٢٤ ـ وريدة ـ ٢٥ ـ سربس ـ ٢٦ ـ الشجرة ـ ٢٧ ـ سرجة كبيرة ـ ٢٨ـ سرجة صغيرة ـ ٢٩ ـ الدرعية ـ ٣٠ ـ الطنبر ـ ٣١ ـ زمار ـ ٣٢ ـ علي الحسون ـ ٣٣ ـ زرزور ـ ٣٤ ـ شيخ ناصر ـ ٣٥ ـ الذئب ـ ٣٦ ـ الديبة ـ ٣٧ ـ كندرلية ـ ٣٨ ـ زمكة ـ ٣٩ ـ مصيبين ـ ٤٠ ـ تفريعة صغيرة ـ ٤١ ـ صيجان ـ ٤٢ ـ تل تورين ـ ٤٣ ـ الظاهرية ـ ٤٤ ـ الرشيدية ـ ٤٥ ـ الغطاسة ـ ٤٦ ـ السنبلة ـ ٤٧ ـ نباتة صغيرة ـ ٤٨ ـ اللواشي ـ ٤٩ ـ العجل.**

:تێبینی

ئەوگوندوکێڵگانەی کەناویان هاتووە ناوەکانیان وەك چۆن لەتۆماری فەرمی حکومەتی سوری دا تۆمارکراوە هەرئاوا هاتووە، دەتوانن ئەوخشتانەی لای خوارەوە تەماشابکەن بەمەبەستی زانینی ناوەراستیی ئەوگوندو کێلگانەی توانیومانە بەدەستیان بێنین کە دەشی بێ کەم وکورتی نەبن،بەوئومێدەی دڵسۆزانی گەلەکەمان یارمەتیمان بدەن بەناردنی ناوەراستییەکانی تر بۆئەوەی پیکەوە بگەین بەوراستییانەی کەلەلایەن رژێمی دەسەلأتدارەوە لەسوریاچ سیاسەتێکی شۆڤینیستانە ورەگەزپەرستانە دەرهەق رۆڵەکانی گەلی کوردمان ئەنجامدراوە، دەبائەورژێمانەی یاری بەچارەنووسی گەلانی خۆیانەوەدەکەن باش بزانن کەرۆژێك دیت بەرانبەربەکردارەکانیان بەر لە هەمووکەس لەلایەن گەلەکانیانەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدەکرێت..

بەوئومێدەی بەخۆدابچنەوە و پەلە بکەن لەدڵنەوایی گەلەکانیان، بێ گومان گەرانەوەی ماف بۆخاوەنەکانیان بەخشش نیە بەڵکو وەفایەو، داننانیشە به یاساکانی خواوسرووشت

# Erebkirina Navê Gundan - li Herema Bajarê Elbab
# arabisierung die Namen der Dörfer - In Kreise Elbab

| الرقم المسلسل | أسماو القرى الكرديه التابعه لمنگقه كوبانى ـ ناحيه صرين ـ بعد التعريبب | الأسماو الأصليه للقرى الكرديه التابعه لمنگقه كوبانى ـ ناحيه صرين ـ قبل التعريب | Dörfer im Kreis Koban - ei Al Arab -Gemeinde Sirin- nach der Arabisierung | Dörfer im Kreis Koban - ei Al Arab - Gemeinde Sirin- vor der Arabisierung |
|---|---|---|---|---|
| | | | Navê Gundên Dora Kobanê - Herema Sirîn- di pê Erebkirnê de. | Navê Gunên Kobanê - Herema Sirîn- berî Erebkirnê |
| **1** | القمه | دالبش | **El Qîme** | **Dilbaş** |
| **2** | أولاشه | أولاشلى | **Olaşa** | **Olaşlî** |
| **3** | الجزنيه | بشجرن | **El Cezniyê** | **Beşcirn** |
| **4** | المچيق | بوغاز | **El Medîq** | **Boxaz** |
| **5** | الوادى | چقلى بجوك | **El Wadî** | **Çeqelê Biçûk** |
| **6** | اليعلب | چقالى مزن | **El se,ileb** | **Çeqalê Mezin** |
| **7** | شويحه | شويحه | **Şiwêha** | **Şuwêha…** |
| **8** | الغگاسا | بته جك | **El xetasa** | **Betecek** |
| **9** | العروبه | عرب ويران | **El Urûba** | **Êreb Wêran** |
| **10** | جوب الدم | قانلى قويى | **Cub Al Dem** | **Qanilê Qoyê** |
| **11** | الحجيله | كاوكلى | **El Huceyla** | **Kawiklê** |
| **12** | العسيانا | گر هيوك | **El Îsyana** | **Gir Hiyok** |
| **13** | السنبله | ساب ويران | **El Sunfila** | **Sab Wêran** |
| **14** | أيلان | يلانلى | **Aylan…** | **Yelanlî…** |
| **15** | الشيخ ناصر | شيخ ناصر | **El Şêx Nasir** | **Şêx Nasir** |
| **16** | الزئب | قور ويرانا مزن | **El zi,eb** | **Qort Wêrana Mezin** |
| **17** | الدبيه | قورت ويرانا بجوك | **El Dubiyê** | **Qort Wêrana Bcûk** |

# منطقة الباب ( قرى ناحية تادف) ـ

**Kreis Albab ( Gemeinde Tadf )(**

| الرقم المسلسل | أسماء القرى الكرديه التابعة لمنگقه الباب ـ قرى ناحيه تادف ـ بعد التعرييب | الاسماء الاصليه للقرى الكرديه التابعة لمنگقه الباب ـ قرى ناحيه تادف ـ قبل التعريب | Dörfer im Kreis Elbab - Gemeinde Tadf - nach der Arabisierung | Dörfer im Kreis Kreis Elbab -Gemeinde Tadf - vor der Arabisierung |
|---|---|---|---|---|
| | | | Navê Gundên Dora Gunên Babê - Herema Tadif - di pê Erebkirnê de. | Navê Gunên Babê - Herema Tadif - berî Erebkirnê |
| | خربه كبار | خربكبار | Xirft kibar | Xirbe Kibar… |
| | اللواو | بيرقدار | Bêreqdar | Bêreqdar |
| | | | | |

**Kreis Albab ( Gemeinde Al Raiî )** منگقه الباب ) ناحيه الراعى

| الرقم المسلسل | أسماء القرى الكرديه التابعة لمنگقه الباب ـ ناحيه الراعى ـ بعد التعرييب | الاسماء الاصليه للقرى الكرديه التابعة لمنگقه الباب ـ ناحيه الراعى ـ قبل التعريب | Dörfer im Kreis Albab - Gemeinde Alrai - nach der Arabisierung | Dörfer im Kreis Albab - Gemeinde Alrai - vor der Arabisierung |
|---|---|---|---|---|
| < > | | | Navê Gundên Herema Babê - Elraiî - di pê Erebkirnê de. | Navê Gunên Herema Babê-Elraiî-berî Erebkirnê |
| 19 | شاوه | شاوه | Şawe | Şawe… |
| 20 | الروجه | سينكلى | El Rewda | Sênikilê |
| 21 | تل الاعمى الصغير | گـر هوكا بچوك | Tel Alama alsaxîr | Gir hoka Biçûk |
| 22 | تل الاعمى الكبير | گـر هوكا مزن | Tel Alama alkebîr | Gir hoka mezin |
| 23 | | | | |

هەروەك لەسەرەتادابۆتانمان روونکردەوە دڵنیاتان دەکەینەوە
هەرچیمان پێ بگات وەك ئامانەتێك پارێزگاری لێ دەکەین، و ناوی خاوەنەکانیان بێرەزامەندی خۆیان بلاۆناکەینەوە،
دەشتوانن ناوی نهێنی(خوازراو)مان بۆبنێرن بەمەبەستی بلاۆکردنەوە.
بۆروونکردنەوەی پتر و وردەکاری یان بەمەبەستی راستکردنەوە دەکارن پەیوەندی بکەن بە
مامۆستامحمدسعیدالوجی لەسەرئەم ناوونیشانە :

info@kurdistanabinxete.com

---

*المصدر :کردستانا بنختی
www.kurdistanabinxete.com

* * ئەم بابەتە پێش چەندساڵێك لەلایەن وەرگێڕەوە لە ماڵپەڕی (کوردستان گەورە) بلاۆکراوەتەوە

# سەروەرییەکانی کەرکوك

بەداخەوەدوایئەوەیچەند بیرەوەریەکم دەربارەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان خوێندەوە.. ئەوەی تێبینیم کردئەوەبوولەهەندێ لەوبیرەوەریانەدا باس لەشتی زۆرسادەو ساکارکراوە، بەڵام باس لەیەکێك لەهەرەلایانە گرینگەکانی کەرکوك کە(کۆمیتەی ئاگر)ە بەتاکەدێڕێکیش نەکراوە..هەربۆیە ئەو بێویژدانیانەپێنووسە کلۆلەکەی منیان هێنایە وەلام، کەناچاربێت ناوەناوە لەسەر(سەروەریەکانی کەرکوك، کۆمیتەی ئاگر، ئەنفال،پارتیزانەکانی گەرمیان..) فرمێسکێك ئەگەردڵۆپێکیش بێت بڕێژێ.

**<u>شەهید کاروان تێکۆشەرێکی تری کۆمیتەی ئاگر</u>**

وا ئەمجارەیش ئاوڕ لە تێکۆشەرێکی تری گومناوی (کۆمیتەی ئاگر)و (شاری کەرکوك) دەدەینەوە کە ئەویش شەهید (مدحت محمدتۆفیق) ناسراو بە (کاروان) ە

- لە ساڵی(١٩٥٢)دالەگەڕەکە شەهیدپەروەری(امامقاسم) لەئامێزی خێزانێکی هەژاردا چاوهەڵدێنێ، خوێندی سەرەتایی لە(ایوبیە)و ناوەندی لە(امامقاسم)ودواناوەندیلە(اعدادیەکوردستان) تەواودەکات.

- هەرلەسەرەتای لاوییەتیدا،باوك ودایكی بەهۆی ونەخۆشی وپیرییەوە دەکەونە نێوجێگا..

خەمی هاوکاری خوشك وبراکانی(حکمت وتەڵعەت وفکرت وکریم وسامیە..)دەکەونە ئەستۆی ئەو..

-لەساڵی١٩٧٣لەڕێگای (شەهیدشەماڵ وشەهید بێستون عەسکەری ومامۆستاشێرکۆ) وە پەیوەندی بەرێکخستنەکانی(کۆمەڵە)وەدەکات.

- دواترلەخانەی مامۆستایانی هەولێر وەردەگیرێ.

بەڵام پێش تەواوکردنی،بە هۆی دڵسۆزی بۆکوردایەتی لەساڵی ١٩٧٤ روودەکاتە شاخ ولە(هێزی کەرکوك)دەبێتبەپێشمەرگە.

- لەدوای نسکۆی١٩٧٥بەناچاری گەڕایەوە شارو پاشان لەپایزی ١٩٧٦ خانەی مامۆستایانی لە هەولێرتەواوکرد.

- سالی ١٩٧٧بووبەمامۆستالە گوندی(ولاغلو)ی سەربەناحیەی ماوەت.

- لەکاری رێکخستندا سەرپەرشتی سێ پۆلی نهێنی دەکرد،لێپرسراوی (کەرتی شەهیدئاسۆ)بوو لە(کۆمیتەی ئاگر)

- لەساڵی ١٩٧٨گوێزرایەوە بۆگوندی سیامەنسوورلەپارێزگای کەرکوك.

- شان بەشانی کاری مامۆستایی ورێکخراوەیی هاوکار ویارمەتیدەرێکی باشی مەفرەزەسەرەتاییەکان بوولەگەرمیان، هەڤاڵێکی زۆردڵسۆزوچالاکی کۆمەڵە بوو.

- بەداخەوەلەرێکەوتی ١٩\٧\١٩٨٠ لەلایەندەزگاکانی..

رژێمەوەگیراوراپێچی زیندانەکان کرا، پاش چەندمانگ ئازاروئەشکەنجە، بەهەڵواسین و کارەبالێدان. بەهەموجۆرەئازاردانێکی جەستەیی ودەروونی نەیانتووانی تەنیا وشەیەك چیبەپێی بدرکێنن، ئازایەتی خۆڕاگری ئەم قارەمانەی ناوزیندان جگەلەوەی ورەی بەخشی بەهەڤالەکانی ناوزیندانی، ئومێدیشی دایەوە بە هاورێکانی کەدڵنیابن دوژمن زەفەری بەکێوی ورەی بەرزی نەبردووەوهیچ مەترسییەك لەسەرئەوانوهەڤالاکانیرێکخستننییە.

- پیاوە بستەبالاکانی رژێم دوای ئەوەی نائومێد بوون لەوەی کە ناتوان هیچ نهێنییەکی لێوەربگرن.. هەربەنهێنی شەهیدیانکرد،کەسوکاریان لە ژیانی نائومێدکرد، بەشیوەیەك سەرنگونیان کرد تەنانەت لاشە پیرۆزەکەیشیان بەکەسوکاری نەدایەوە.

کەرکوکییەکان ئەوانەی لەدوور و لە نزیکەوە شەهید(مامۆستامەدحەت) ناسراوبە (کاروان)یان ناسیبێت،شانازی پێوەدەکەن، ئەمجۆرەتێکۆشەرو قارەمانە هەرگیزلەبیری خەڵك ناچنەوە، روحیانەت وسەری بڵندوبەرزی ئەم مامۆستاشەهیدە وسەدان مامۆستای شەهیدوئەنفالکراوی کەرکوك وگەرمیان ..وەك دووندی قەندیل لە ئاسۆی کوردایەتییەوە هەمیشەدیارە... هەرئەوەندە ماوە بڵێین :

نەمری وسەربەرزی بۆشەهیدانی رێگای رزگاری کوردوکوردستان وشەهیدانی کۆمیتەی ئاگر .

* لەماڵپەڕی (کوردستانی گەورە) دابلاوکراوەتەوە



# سەروەری و بیرەوەری

- دوا بە دوای شەهیدبوونی(مامۆستا جمهور)وكاك(شوانەی تەنسیق)وكاك (نەوزادعوسمان) لیژنەیەك پێكهات لەسی هەڤاڵ كاك(احمدكرێكار)و (وریائاغجەلەری)و (مەلاشاخی) بۆسەردانی خانەوادەی شەهیدەكان و پارستنی ئەو نهێنییانەی لە جانتای ئەم هەڤاڵە كادرانە دا هەبوون...

ئەوەی لە بیرەوەری من هەرگیز ون نابێت ئەمەبوو:

دوای كۆكردنەوەی هەموو نهێنییە تایبەتییەكانی رێكخستن،لەگیرفان كورتەكی (مامۆستاجمهور)دا ئەلبومێكمان دۆزییەوە كە ئەم شتانەی تیابوو:

١- بیست دینار واتە دوو (١٠) دیناری.

٢- وینەیەكی خۆی.

٣- ئەم وێنەیەی كچەكەی.(كە لای سەرەوە بلاۆم كردۆتەوە)

ئەوەی كەهەرسێكمانی هینایە گریان وێنەی كچەكەی بوو..

- ئەووێنەیە ئێستاش شوێنەواری پارچەی فیشەكێك بە لاسەریەوە دیارە..

فرمێسك لەچاوەكانی دەبارێ ئەلێی بۆ شەهید بوونی باوكی و...

پارچەكەی سەری خۆی دەگرییێت..

پێش چەند رۆژێك لەسەردانێكی خوشكە (شەرمن)ی خێزانی مامۆستا جمهور دا.

ئەم بیرەوەرییەم بۆی گێڕایەوە...ئەوەی زۆرسەرسامی كردم ئەوەبوو..

دەستی كرد بەگیرفانی دا (٢٠) دینارەكەو وێنەكەی شەهیدو وێنەی كچە گریاوەكەی) لە بەردەمم دا دانا...

منێش هەر ئەوەندم بۆ كرا، لێی پارامەوە هەردوو وێنەكەم بداتێ تا (سكان)یان بكەم و لە (فەیسبووك)دا بلاۆیان بكەمەوە...

جارێكی تر سلاۆ..بۆ گیانی پاكی شەهیدان..

سەری رێز لەئاست كەسوكاریان دادەنوێنم..

● ماڵپەڕی كوردستانی گەورە



# شەهید کامەران اسعد علی

- -لە دایك بووی شاری کەرکوك گەڕەکی امام قاسم ساڵی ١٩٦٠
- - دەرچووی پەیمانگای پزیشکی کەرکوك ساڵی ١٩٨٠
- -لەسالأنی ١٩٨٠-١٩٨٣ چووە نێو ڕێکخستنەکانی
- کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە شاری کەرکوك
- -لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی کرد بە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
- بوو بە پێشمەرگە لە تیپی ٢١ کەرکوك
- -لە مایسی ١٩٨٦ لە دێی گردخەبەر سەر بە ناحیەی تەق تەق

بە پیلانێکی ڕژێمی بەعس دەرمان خوارد کران بە ژەهر لە گەڵ ٢ لە هاوڕێکانی.

- بە داخەوە هەر سێکیان شەهید بوون
- هەزاران سلاّو لە گیانی پاکی و تێکڕای شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان

# چاوپێکەوتنی گۆڤاری ئاران

- پرسیارەکانی گۆڤاری ئاران :

١ — ئایندەی کەرکوك چۆن دەبینن؟

٢-لەکاتێکدا بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش بەراشکاوی ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کەکوردەکان لەماڵوجێگەی خۆیاندا لەدەستی سوپای دڕندەی عێراقدەپارێزێ... کەچی بێ گوێدانە ئەم بڕیارە.دەسەڵاتداریێتی عێراق تادێ شاڵاوی(ترحیل وتعریب)ی کەرکوك وناوچەکانی دەوروبەری توندتردەکات..ڕێکخراوەکانی سەربەنەتەوەیەکگرتووەکان وخێرخوازەکان لەبری ئەوەی فشاربخەنەسەررژێمی عێراق بۆجێبەجێکردنی بڕیاری ٦٨٨و ڕاگرتنی ڕاگوێزانی کورد..کەچی لەناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا (خانوو) بۆتازە دەرکراوەکانی کەرکوك دروستدەکات...ئەمە هۆکارێك نییە بۆدرێژەدانی سیاسەتی ڕاگواستن؟گەرنا..لایتۆچی دەگەیەنێت؟

٣- بە بۆچوونی بەڕێزتان چۆن دەتوانین فشاربخەینەسەرئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆگێڕانەوەی دەرکراوەکانی کەرکوك؟

٤- ڕژێمی عێراق بەنیازی دروستکردنی چەندین(مجمع سكنى)یە بۆ عەرەبەکان لەناوچە کوردنشینەکان،ئایەچۆن دە توانین ڕێ لەجێ بەجێ کردنی ئەم بەرنامەیە بگرین؟

٥- هەرچەندە شاڵاوی ڕاگوێزانی کورد، ئێستا لەقۆناغێکی پڕمەترسی وفرەواندایە.. بەڵام هەست بەبێدەنگی دەکرێت،هۆکاری ئەم بێ دەنگی یە لەچیدادەبیننەوە؟

فەرموون.. لەخوارەوە وەڵامەکانی(مەلاشاخی) سکرتێری ڕاگەیاندن و ڕووناکبیری (کۆمەڵەی ڕووناکبیری وکۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوك)ببینن :

وەڵامی — پ ١ :

کەرکوك شارێکی مێژوویی کوردستانە، ئایندەی کەرکوك لەگەڵ ئایندەی کورد لێك جیاناکرێتەوە... ئەگەرپرۆسەی ئاشتی سەربکەوێ،ئەگەر کوردماڵی خۆی ڕێکبخاتەوە،پەرلەمان وحکومەتی یەکگرتووی هەرێم پێك بێتەوە،ئەگەرئایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئایندەیی ڕووناك بێت،

ئەوەبێگومان ئەوکاتە بەرانبەرئایندەی کورد بەرانبەرئایندەی کەرکوك بەرانبەر هەڵوەشانەوەی پیلانی داگیرکەران گەشبین دەبین....

بەپێچەوانەوە،هەرکاتێ ماڵی کوردشێوابێ، هەرکاتێك کورد دەستی لەیاخەی یەك نابێ، ئەوکاتە پرۆسەی (تعریب وترحیل) بەردەوام بووەو دوژمن هەوڵیداوەئایندەی کەرکوك بەرەوئایندەیەکی تاریك وترسناك بەرێ.

و – پ ٢ :

راستەلەئەنجامی سیاسەتی چەوتی رژێم،لەئەنجامی چەندین لاساری یەك لەدواییەك نەتەوەیەککگرتووەکان ناچاربوون بڕیارێکی گرنگ بەقازانجی گەلانی عێراق دەربکەن،بەلاّم وەك تێبینی دەکرێت ئێستا یەکێك لەو بڕیارە گرنگانە کە بڕیاری(٦٨٨)ە نەچۆتەخانەی جێبەجێکردنەوە.

ئەگەرئەوبڕیارەهەنگاوی جێبەجێکردنی بۆبنرایە،بڕواناکەم دەسەلاّتدارانی عێراق بەم شێوەیە زاتی ئەوەیان بکردایە درێژە بەچەوسانەوەی کوردو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤـــــ بدەن..

دەمێنێتەوە سەرفشارخستنە سەررژێم ، هەقوایە بەرلەوەی چاومان لەخەڵك بێت،بەرلەوەی داوا لەرێکخراوەکان بکەین، باشتروایە خۆمان رێك بخەینەوە..

بەشێوازی نوێ بەخەباتی گونجاوکۆك لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەم، بەخۆپیشاندان وماتگرتن ویاداشتنامەنووسین وکۆڕوکۆبوونەوەوسمینار. بەهەر شێوەیەك دەکرێ بەگژیاندابچینەوە.پێم وانیە مەسەلەی خانوو دروستکردن بۆ تازە دەرکراوەکان، هۆکاری دەرکردن بێت،مەسەلەی دروستکردنی خانوو هۆنی یە،ئەنجامە ، رەنگە پترمەسەلەی چەوسانەوە، مەسەلەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤـــ،مەسەلەی جیاوازی کردن وبێ بەشکردن لەخزمەتگوزارییەکان، مەسەلەی تەماشاکردنی کورد وەك هاولاّتی پلە دوو وەك برابچووك وکۆیلە..ئەوهۆکارانەبووبن کەهەندێ خەڵك لەژیانی ژێردەستەیی بێزاربووبن وزۆرخێزانی کوردیان وا لێکردبێ .. ئەگەرباس لەتەعریب وتەرحیلکردنیش کرابێ، زۆربەلایانەوەگرنگ نەبووبێ. لای من مەسەلەی هاوکاری ویارمەتی ئاوارەکان پێویستی سەرشان و مەسەلەیەکی ویژدانییە،مەسلەیەکی ئینسانی یە ..

لەکاتێکدالێرە خەڵك بەئازادی دەژین،ئەوان لەزێدی باوباپیرانی خۆیان دەردەکرین، هەستبەجۆرێك لەدڵبرینداری دەکەن.کاتێك لە(دەربەندیبازیان) لەکامپی بەردەقارەمان، لەکوچەوکۆلآنی شارەکان بەمیوانی دادەبەزن..

هەق وانی یە لەوێ لەهەمووخزمەتگوزارییەکان بێبەشکراون لێرەیش ئاوا فەرامۆش بکرێن...

ئەگەررێزیان لێ بنرێ،ئەگەرخیوەت وپێداویستی یە سەرەتای یەکانیان بۆ دابین بکرێ، جگەلەوەی کەزۆرپێی دڵخۆش دەبن.رێگالەخەڵکانی هەلپەرست وگێرەشێوێن وئاژاوەچیش دەبەسترێ تابێنەناویانەوە بە مەبەستی بەمەبەستی کێشەدروستکردن بۆحکومەتە دڵسۆزەکەی خۆیان ..

پیم وایەوەك هەنگاوی یەکەم پێویستەلیژنەی پێشوازی و بەخێراتن هەبێ، لەخیوەت نیشتەجێیان بکەن،ئاووئاوەرۆوبنکەی تەندروستیو قوتابخانەو. ئاسایشیان بۆدابین بکرێ. هەنگاوی دووەم هەوڵ بدرێ لەخانوو وکامپی نوێ نیشتەجێ بکرێن، هەمووپێداویستییەکانی ژیان وکاریانبۆدابین بکرێ.

هەنگاوی سێیەم.. بەشێوەیەك رێك بخرینەوە تابن بەهێزێکی یەکگرتووی هۆشیار بۆفشارو بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی تەعریب وتەرحیل بەوشێوە خەباتانەی پێشتر ئاماژەمان بۆکردن..

هیوادارین کاربەدەستانی عێراقیش بیرێك لەدوارۆژی برایەتی گەلانی عێراق بکەنەوە، کارێکی وانەکەن رۆژێکدابێت..کوردیش بیرلە زەبروزەنگ.. بکاتەوە ، وەك چۆن لە ناوەراستی شەستەکان لە (بیبانی) ولەناوەراستی هەشتاکاندا لە(گورزەیی)و (مەچلووبە)روویاندا..

و پ٣ : ئەگەرچی لەوەپێش هەوڵی لەوبابەتە زۆردراوە،هەرکاتیك نوێنەری(un ) یا نوێنەری تایبەتی(کوفی ئەنان)هاتبێتەکوردستان مەسەلەی کەرکوك یبۆروونکراوەتەوە،ئەگەرچی سەفیرەکانی کوردایەتی لەسەفەرەکانیاندا بۆدەرەوە درێغی یان نەکردووە، ئەگەرچی لەئێستاو لەرابردوودا..

(کۆمەڵەی رووناکبیری وکۆمەلآیەتی پارێزگای کەرکوك)و چەندین حزب ورێکخراوی کوردستانی وکەسایەتی ناسراوی کوردلەوبارەیەوە هاواری خۆیان بەرزکردۆتەوە.ناشێ وناکرێ هەولوکۆششەکانیان فەرامۆش بکرێ.. ئەگەرچی لەراپۆرتەکانی سەرۆکی ئەمریکابۆکۆنگریس لەچەندین راپۆرت لەوراپۆرتانەی کەتەعبیر لەسیاسەتی ئەمریکادەکەن،مەسەلەی پێشێلکاری مافی مرۆڤ وزوڵم وزۆری رژێم لەسەرخەڵکی کەرکوك وخانەقین وگەرمیان. رەنگیداوەتەوە،بەلآم هێشتامانای وانی یە ئەوەی

کراوە بەسە.. هەقە تازوڵم وزۆرو(ترحیل وتعریب)بەردەوام بێت تێکۆشانی ئێمەیش بۆبەرپەرچدانەوە توندوتۆڵ وبەردەوام بێت..

و پ٤ :

مەسەلەی دروستکردنی(مجمع سکنی) بۆخێڵەعەرەبەکان بەمەبەستی نیشتەجێکردن وبەعەرەبکردنی چەندناوچەیەك تەنیانیازنییە، بەڵکوپێشتر نەخشەوبەرنامەی بۆدارێژراوە،تائێستاچەندین ئۆردوگای بۆدروستکراوە، چەندین ئۆردوگای ترلەناوچەکانی (ساڵەیی)و(بیبانی)و(پردێ)و(گەرمیان) لەقۆناغی تەواوبووندان.. چۆن دەتوانین رێ لەجێبەجێکردنیان بگرین..

ئەوەپەیوەندی بەدوارۆژی خۆمان،پەیوەندی بەهێزی داهاتووی خۆمانەوە، بەگۆڕانکارییەکانەوە، بەیەکێتیی خۆمانەوە هەیە..

و پ ٥ :

مەسەلەی بێدەنگی وهاتنەدەنگ لەئاست شالاوی راگۆیزانی کوردپێم وانییە هەقبێ ئەگەربگوترێ کەس بەدەنگ نەهاتووە، لێرەولەوێ هەمیشە دەنگی نارەزایی هەرهەبووە، بەلاّم راستەئەودەنگانە لەئاست ئەو هەموو زوڵم وزۆرەی کراوە ودەکرێ،دەشێ هێشتابلێین کەمە..

دیارە ئەم کەم دەنگییە لەرابردوودا. هۆکارەکانی بارودۆخی نالەباری کوردستان بووە.هەربۆیە هیواداریین لەداهاتوودا ئەوبازنانە هەڵوەشێنەوە، تاهەموبەیەکدەنگ هاواربکەین:

- نەفرەت لەشەڕ....بژی ئاشتی.
- نەفرەت لە (تعریب وترحیل) بژی کوردایەتی.
- شەکاوەبێت ئالاّی یەکێتیی ریزەکانی گەل.

---

* دەقی ئەم چاوپێکەوتنەلەژمارە(٨)ی گۆڤاری (ئاران)ی تشرینی دووەمی١٩٩٨ دا بلاّوکراوەتەوە.

# چاوپێکەوتنی

## ڕۆژنامەی کەرکوکی نوێ:

کەرکوکی نوێ:

- یادەوەریتان لەسەردرمی راپەرین..؟

و/راپەرین دیاردەیەکی خۆرسك وبێ پێشەکی نەبوو، لەهەرشوێنێکی ئەم دنیایەدا زوڵم وزۆر وچەوسانەوە گەیشتبێتە لووتکە.. دەرئەنجامەکەی شۆرش وراپەرین بووە، دیارەگەلی کوردیش لەباشووری کوردستاندا لەبەرانبەرپێشێلکردنی مەفەرەواکانی چەندین شۆرش وراپەرینی ئەنجامداوە..

کەدواشۆڕشیان شۆڕشی نوێ بوو.بەرابەرایەتی(یەکێتی نیشتمانی کوردستان)و گەورەترین راپەڕینیش هەر بەرنامە دارێژوجێبەجێکاروهەڵسووڕێنەروپشتیوانی سەرەکی(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بووە.

من وەك پێشمەرگەیەکی دێرین شانازی بەوەوەدەکەم لەرۆژی(٣-٥-١٩٩١)ەوە لەرزگارکردنی (رانیە، چوارقوڕنە، حاجیاوا،کۆیە،دێگەڵە،هەولێر\وکەرکوك)دالەگەڵ کۆمەلانی خەڵکدا بوومە، هەم بۆجۆشدانی راپەڕینەکە..هەم بۆسەرخستنی..

ئەوەی راستی بێت بۆ(ی.ن.ك)یش شانازییە کەپشکی شێری هەبووە لەراپەرین ورزگار کرنی زۆربەی شارەکانی کوردستان بەکەرکوك وبادینانیشەوە..

ئەوەی ماوەتەوەبیلێم هەندی لایەنی کوردستانی لەوسەردەمەدا یا هەرنەبوون..

یا دەوری کاریگەریان نەبووە..هەربۆیەلەدەزگاکانی راگەیاندنەوەدەیانەوێ لەدەوری (ی.ن.ك)و پێشمەرگەکانی کەهەمیشەرۆڵەی هەڵقولاوی جەماوەربوونە .. کەمبکەنەوە.

دەوری جوامێرانەی(پارتیزانەکان)وشانەچەکدارەکانی(بروسك)و(شالاو)نادیدە بگرن..

هەزاران رەحمەت لەگیانی پاکی (پیرەمێرد) کەفەرموویەتی:

لەگەرمەی شەڕدا کەس دەنگی نایە.

کە دوژمن شکا.. زۆر کەس ئازایە.

ئێمە رۆڵی کاریگەردەدەین بەجەماوەرەکەمان..

لەگەڵئەوەیشدابەشداری ورۆڵی هیچ کەس ولایەنێکیش بەکەم تەماشا ناکەین..

کەدەشڵێین خۆمانپێشرەوی راپەڕین بووین ..بەتایبەتی لەکەرکوك ..

خوێنی شەهیدان،.رۆحی بەرزەفری شەهیدعبدالرزاق وحاجی هەڵمەت وهەڤاڵە شەهیدەکانیان گەواهیمان بۆدەدەن.

*کەرکوکی نوێ:

- خوێندنەوەتان بۆ رەوشی سیاسی کوردستان وئێستای(ی.ن.ك)چییە؟

و/ رەوشی سیاسی کوردستانی گەورە لەبەردم گۆڕانکاری گەورەدایە..شۆڕشی باکوور ورۆژهەلاّت ورۆژئاڤا بەردەوامن..بیری نەتەوایەتی، نیشتمانپەروەری، ئاینی، کۆمەلاّیەتی لە گەشکردن وپێشکەوتندان باهۆزی (دیموکراسی) لەبەرژەوندیماندایە.

هەربۆیە ئەگەرسەرکردایەتی لایەنەکوردستانییەکان بەدەسەلاّت داروبێدەسەلاّتەوە ..

ژیرانە لەگەڵ بارووداۆخەکە هەڵسوکەوت بکەن .. رەوشی کوردستان گەش دەبینم..

دیارە(ی.ن.ك)یش لەم هەلومەرجەدا ئەرکی قورسی لەسەرشانە،نەیارانی ناوە خۆودەوروبەر

بەپێی قەوارەی کاریگەری لەشۆڕش ولەراپەڕیندا..

بەپێی شوێنی بەرچاوی لەجوولاّنەوەی نەتەوەیی ودەسەلاّتی هەرێمی کوردستاندا..پیلان لەدژی دا دەرێژن..

هەوڵی پارچەپارچەکردن وبچووك بوونەوەی دەدەن..

دەیانەوێ وارابگەیەنن کەمانەوەی کاریگەری ئەم حزبە بەندە بەمانەوەی جەنابی (مامجەلال)ەوە.

بێگومان هەمووهەڤالاّنی(ی.ن.ك)بەچاوی رێزەوە دەروانننە هەڤاڵ مامجەلال،

بەلاّم قوتابخانەکەی (ی.ن.ك) کەلەسەردەستی (مام+وەستا)کەی بە دەیان شاگردی پێگەیاندووە ..

هەر یەکەیان دەتوانن رابەرایەتی پارتێکی سیاسی بکەن..

بێگومانم (یەکێتی ناویەکێتی)یان لەهەمووکەس لەلا گەورەتروگرنگترە..

هەربۆیە خوێندنەوەم بۆدوا رۆژی (ی.ن.ك)یش بریتییەلە:

- درێژەدان بەرێبازەپیرۆزەکەی...

وەك هەمیشەحزبی رەنجدەرانی بیروبازوودەمێنێتەوە..

**کەرکوکی نوێ:**

**- پێتان وایەراپەرینی ١٩٩١ ئامانجەکانی هاتوونەدی..؟**

و/ ئامانجی راپەرین لەسەردەمی خۆی زۆرلەوەکەمتربووکەئەمرۆهاتوونەتەدی..

ئەوەی ئەمرۆبەدەستهاتووە،هەرلەپەرلەمانوحکومەتی هەرێمی کوردستان وپێشکەوتنی کۆمەلاّیەتی و رووناکبیری وئابوورییەوەبیگرەتائاوەدان بوونەوە...

هەمووئەمانەوبەشداریکاریگەرلەدەسەلاّتی ناوەندوبوونیپێشمەرگەیەکی کوردبەسەرکۆماری عیراق.. ئامانجی بالاّترن ونابێنادیدەبان بگرێن..

ئەگەربمانەوێ باس لەئامانجی ئێستاشمان بکەین..من پێموایەهەمووکوردێکی دڵسۆز دژی گەندەڵی و نەبوونی عدالەتی کۆمەلآیەتی.وئامانجی گەڕانەوەی ناوچەدابرێندراوەکان ورزگاربوونی پارچەکانی ترو گەیشتنی کوردستانی گەورەیە بەمافی چارەنووس.

کەرکوکی نوێ :

پەیامتان چییەبۆکەرکوکییەکان لەساڵیادی راپەریندا..؟

و/ پەیامی خۆم لەچەندخاڵێکداکورت دەکەمەوە:

- لەناوحزبدا ..لەبەرئەوەی (ی.ن.ك) هەم دەوری کاریگەری لەراپەرین ولەکاتی پرۆسەی رۆخانی دیکتاتۆرداهەبووە،هەم لەهەڵبژاردنەکاندا براوەی (یەکەم) بووە،پەیامم بۆهەڤالآن وجەماوەرەکەی ئەوەیە (یەکێتی)خۆیان بپارێزن..!

-ئەورێکەوتنەچەندخاڵییەی ئەمدواییەی لایەنەکوردستانییەکان بەگرنگ تەماشابکەن

- پەیوندی لەگەڵ پێکهاتەکانی تری شارەکە باشتربکەن..

- وەك چۆن داکۆکی لەمافەکانی خۆمان دەکەین ..

ئاواش داکۆکی لەمافەرەواکانی برا (مەسیحی)و (تورکمان)ەکان بکەن..

- پشتیوانی لەئەنجومەنی پارێزگاو (د.نجم الدین)وپرۆژەکانی خزمەتگوزاری بکەن

- لەدوژمنانیش خافڵ مەبن..جونکەبۆیان بلوێت لەجاران خراپترمان بەسەردێنن..

- جاوتان لەکرێکاران ورەنجدەران وهەژار وکەمدەرامەتی شارەکە بێت.

- بنەماڵەی شەهیدان وئەنفالکراوەکانیش فەرامۆش مەکەن..

چونکە ئەوان(سەروەری)ی ئێمەن..

٢٠١٢ - ٣ -١٥

# دەربارەی گفتووگۆی نێوان ئۆردوگان و ئۆجەلان

دوابەدوای روخانی میرنشینەکان ودامرکاندنەوەی جەندین شۆڕشی یەك لەدوای یەکی کورد،جارێکی تر لەکوردستانی باکووری ژێردەسەلاتی (تورکیا) دا بڵێسەی شۆڕشێکی نوێ لەلایەن(PKK)ەوە ،هەڵگیرسایەوەو ئوجەلان وهەڤاڵەکانی رابەرایەتی ئەوشۆڕشەیان گرتەئەستۆ..

بەدەستپێکردنەوەی شۆڕش لەم بەشەی کوردستان ئەوراستییە بەرجەستەبووەوەکەکێشەی کورد کێشەیەکی لەمێژینەیە و ولاٌتان بەئاگرو ئاسن وسەرکوت کردن .. ناتوانن هیچ گەل ونەتەوەیك خامۆش بکەن.. ئەگەرچی لەدوای راگەیاندنی شۆڕشی باکوور،دەوڵەتی تورکیا بەهەموو هێزی خۆی وبەهاوکاری هاوپەیمان ولایەنگرانی ،بەپشت بەستن بە جبەخانەی مەزنی سەربازی وتەکنەلۆژیای نوێ نەیتوانی گڕی شۆڕش وبەرخۆدان کپ کاتەوە..

هەربۆیە نزیکەی(٣٠)ساڵ(داڵی شەڕ)باڵی(کۆتری ئاشتی)هەڵپروکاندو بەهۆیەوە بەهەزاران دایك جگەریان سووتاوخوێنێکی زۆرلە هەردوولا رژا..

سەروەت وسامانێکی زۆرکەبەری رەنجی پێکهاتەکانی تورکیابوون کرانە دۆڵەدانەی ئاشی شەڕەوە،بەهەزارن کەس بوونبە قوربانی..هەرچەن رابردووئەوراستییەی سەلماندووە کەلایەنی کوردستانی شەڕخواز نەبووە،هیچ کات حەزیان لەدرێژەپێدانی شەڕنەبووە، ئەگەرهەرچالاکی وکارێکی پارتیزانی یانیش ئەنجامدابێت هەرلەپێناوی رزگاری مرۆڤەکان و بۆبەدەستهێنانی ئاشتی ومافی رەوای نەتەوەیەك بووە..

هیچ کات لایەنی کوردی لەگەڵ شەڕودرێژەکێشانی نەبووە،ئاگربڕی یەکلایەنەی کورد باشترین بەڵگەی سەلماندنی ئەم راستییەن..

ئەوە کوردنەبووە شەری هەڵگیرساندۆتەوە،بەڵکوخەڵکی تربوون بەبیانووی (شەڕی تیرۆر)ەوە تەڕووشکیان پێکەوەسوتاندووە،هەرکاتێك دەنگی تەقەی تفەنگەکان زاڵ بووبێت، زوڵم وزۆر وچەوسانەوەکوردیان ناچارکردووە دەستبداتەوەچەك وهەزاران کچ وکوڕیان والێکردووە رووبکەنەوە چیا.
ئەگەرئێستایش(ئۆروگان)وپارتەکەی دەیانەوێ هەنگاو بۆ ئاشتی بهاوێژن، ئەگەربەنیازن کێشەی کوردبەشێوەی ئاشتی چارەسەربکەن هەق نییە رێگابەپیلانگێری وەك تیرۆرکردنی سێ ژنەکوردە چالاکوانەکەی فەرنسا بدەنەوە،نابێ رێگا بەهێزی ئاسمانی بدەن لەکاتی دان وستاندا، لەکاتی ناردنی شاندەکاندا بۆردومانی بارەگاکانی قەندیل وگارا...بکەن.
ئێمەکەباوەڕی تەواومان بەئاشتی ودیموکراسی ومافی مرۆڤ هەیە ئەوە چەندینساڵەسکرتێری گشتی یەکێتییەکەمان (سەرۆك مام جەلال) بەرنامە داریژەری ئەم هەوڵە ئاشتیخوازانەیە بووە، هەربۆیە ئیستا ئێمەیش هەموو پەیڕەوانی (رێبازی مام) و پشتیوانی لە هەوڵی ئاشتی وشاندی نێوان (ئەنقەرە-ئیمرالی- قەندیل)دەکەین.هیواداریین ئەنجامی باشی هەبێت و ئیرادەی ئاشتی سەرکەوێ، دەرگای زیندانەکانی هەردوولابخرێنەسەرپشت. دواترئاگربڕی یەکجارەکی رابگەیندرێ وچەکەکان خامۆش بکرێن وبرایەتی وپێکەوەژیان ببێتەجێگرەوەی ناتەبایی وبەفیرۆدانی وزەی مرۆڤەکان..
لەکۆتاییدادەڵێم:
ئاشتی لەبەرژەوەندی تورك وکورد و هەمووناوچەکەدایە
- نەفرەتلەشەڕ،شەکاوەبێت ئالای ئاشتی.

٣- ٣-٢٠١٣
کەرکوك



## سوتانی وشە..

### زامەکان دەکولێنێتەوە .

لەمێژوودازۆرجاران بەهۆی شەڕولەشکرکێشی یەوە کتێب و وشەی پیرۆز سووتێندراون،لەم رۆژانە دا جارێکی تر میدیاکان بە باسکردنی سووتانی

کتێب و شیعرەکانی(جمال غەمبار) کۆنەبرینەکانی منیشیان کولاندەوە.

ئاخر منیش ناهەقم نی یە بەم هەواڵە (غەمبار) بم:

1- لەساڵی ١٩٦٣ (حەرس قومی)یەکان کتێبخانەکەی باوکمیان سووتاند.

2- لە پەلاماری ئەنفالی چوارداکتێبخانەکەم کەپترلە(١٥٠٠)کتێب و بلاَوکراوەی تێدابوو سووتێنران.

3 - لەشەڕی نەگریسی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٦ داجارێکی تر کتێبخانەکەم کە پتر لە ٢٠٠ کتێب بوو تالاَن کرا و پاشماوەکەی کرا بەخۆڵەمێش..

ئێستاش هەرجارێك کتێبێکی نوێ دێنمەوە ماڵەوە(گوڵەسوور) پێم دەڵێ:


-کۆی کەوە... بۆسووتان!

ئەرێ هاوڕێیان دەبێت ئەو رۆژە نەیەت سووتانی (وشە)

وەك چەکی کۆمەڵکوژ قەدەغە بکرێ؟؟

کەرکوك

٢٠١٣-٧-١٩



## چاوپێکەوتن
## رۆژنامەی هەواڵ

## مەلا شاخی: لە قاسمەڕەشەوە کە بەرنامەی راپەڕین دانرا رزگارکردنی کەرکوك خاڵی سەرەکی نەخشەکە بوو

ئا/ هێمن حەسیب

مەلا شاخی کادری سیاسی و پێشمەرگەی ئەو کاتی تیپی (٢١) کەرکوك، نووسەری کتێبی (راپەڕین و رزگاری کەرکوك)کە ئێستا بەرپرسی لقی کەرکوکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانە، باس لە لاپەڕەکانی مێژووی رزگاکردنی شاری کەرکوك لە بەهاری ساڵی (١٩٩١) دەکات و ئاماژە بەوە دەدات، کە وەك (ی ن ك) و بەرەی کوردستانی پێیانوابوو، راپەڕین بێ کەرکوك نابێت و هاوکات باس لە گرنگی رزگارکردنی کەرکوك لەو کاتەدا دەکات و دەڵێت: تەنها یەکێتی لە پێناو کەرکوکدا (٣٥٠) شەهیدیدا.

### تیپی (٢١)ی کەرکوك یەکەم هێز چووە ناو رانیەوە

مەلا شاخی ئاماژە بەوە دەکات، کە تیپی (٢١)ی کەرکوك کە ئەو کات لە (٢٩) پێشمەرگە و چەند کادرێکی سیاسی پێکهاتوون، یەکەم هێزی پێشمەرگە بووە،کە سەر لەبەیانی رۆژی (٦/ ٣/١٩٩١)، چونەتە ناو شاری رانیەی دەروازەی راپەڕین و لە بڵندگۆی مزگەوتی رانیەوە وتاریان بۆ خەڵکداوە، وەك خۆی دەڵێت:"بە مەرجێك ئەو کاتەی ئێمە وتارمان لە بڵندگۆی مزگەوتەوە دەخوێندەوە، دەبابەکانی رژێم هاتبوونە ناوچەی کۆڵێن (کە نزیکەی یەك بۆ دوو کیلۆمەتر لە خوار رانیەوەیە)، بەنیازی پەلاماردانی شارۆچکەی رانیە و دوبارە داگیرکردنەوەی.''

لە درێژەی گێڕانەوەی ئەو رۆژگارەدا، مەلا شاخی دەڵێت:"لە ترسی کیمیابارانکردنی شارۆچکەی رانیە وەك هەڵەبجە، خەڵکی بە کۆمەڵ بەرەو بنارەکانی قەندیل کۆچیان دەکرد، و شارۆچکەکە نیمچە چۆڵ بوو بوو"، هەروەها رونیدەکاتەوە:"کاتێك لە بڵندگۆی مزگەوتی رانیەوە بانگەوازمان بۆ خەڵك دەکرد، دەمانوت ئێمە پێشمەرگەکانی تیپی (٢١) کەرکوك، ئەو تیپەی لە رادیۆوە دەتان بیست لە دەشتەکانی گەرمیانەوە رژێمی خستۆتە زەلا زەلاوە، ئەمرۆ ئێمە لە ناو ڕانیەین و ئامادەین دەبابەکان بەسەر پشتماندا برۆن، بەلاّم ناهێلێن جارێکی تر رانیە داگیر بکرێتەوە."

## بێ کەرکوك راپەڕین نابێت

مەلا شاخی، کە ئەو کات، پێشمەرگە و کادرێکی سیاسی تیپی (٢١)ی کەرکوك بووە، دەربارەی ئەو تایبەتمەندییەی بۆ رزگارکردنی کەرکوك لە پڕۆژەی راپەڕین و رزگارکردنی شارەکانی کوردستان لە بەهاری ساڵی (١٩٩١) دانرابوو، دەڵێت:"ئێمە وەك (ی ن ك) پێمانوابوو راپەرین بەبێ رزگارکردنی کەرکوك، راپەڕینێکی ناتەواوە، هەر بۆیە لە قاسمەڕەشەوە کە بەرنامەی راپەڕین دانرا، رزگارکردنی کەرکوك خاڵی سەرەکی نەخشەی راپەڕین بوو، بۆ ئەو مەبەستەش هەموو کادر و پێشمەرگە کۆنەکانی (ی ن ك) ئەوانەی لە ناو شار بوون، پەیوەندییان پێوەکرا و شانەبەندی و پڕ چەککران"، ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتی:"بۆیە ئەگەر هەر شارێکی تر بە راپەرێنی جەماوەری رزگار کرابێت، کەرکوك بەهێزی پێشمەرگە رزگارکرا"، ئەوەش دەخاتەڕوو:"دەمانزانی کەرکوك باجی دەوێت، یەکەم بەهۆی ئەوەی لە رووی جوگرافیەوە، کەرکوك لە بارەگاکانی ئێمە وەك هێزی پێشمەرگە دوور بوو،دووەم بە چەند پشتێنەیەکی ئەمنی تۆکمەلەلایەن رژێمەوەئابلوقە درابو وپساندنی ئەوپشتێنانە زۆرسەخت بوو.

## بروسکەی فرۆکەوانی هەلیکۆپتەرەکان

ئەو پێشمەرگەی تیپی (٢١)ی کەرکوك، باس لە بروسکەیەکی کۆپتەرەکانی رژێمی بەعس دەکات، کە خۆی لە رێگەی رادیۆوە گوێی لێ بوو، لەو کاتانەی هێزی پێشمەرگە هاتونەتە ناو شاری کەرکوکەوە:"دوای ئەوەی هێزەکانی (ی ن ك) هاتنە ناو شاری کەرکوکەوە و راپەرین لە ناو شارەوە بە لێدانی بنکەی پۆلیسی رەحیم ئاوا و چەند شوێنێکی تر دەستپێکرد و بەشێکی ناو شار رزگار کرا، هەموو هێزەکانی تری پێشمەرگە لە شارەکانی ترەوە هەواڵەکە لە رادیۆوە دەبیستن، بەرەو کەرکوك جوڵە دەکەن، لەو کاتەدا خۆم لە رێگەی مەوجی(FM) ی رادیۆوە، گوێم لە فرۆکەوانی هەلیکۆپتەرەکانی رژێم بوو، کاتێك فەرمانیان پێدەکرا لەو هێزانە بدەن کە لە پشتەوە دەیانوێت بێنە ناو کەرکوکەوە، لە وەلاّمدا فرۆکەوانی هەلیکۆپتەرەکان دەیانوت(لە چی بدەین، لە هەولێرەوە هێزە تا دەگاتە ناو کەرکوك، لە سلێمانیەوە هێزە تا دەگاتە ناو کەرکوك، ئەوەندە زۆرن هێزەکان، نازانین لە کوێ بدەین)، هێزەکان ئەوەندە زۆر بوو بوون وەك زنجیرە نەدەپسانەوە، چ بە پیادە و چ بە سەیارە، بۆ نموونە، تیپی (٢١)ی کەرکوك، کە

سەرەتا هاتینە ناو شارۆچکەی رانیەوە، ژمارەمان (٣٠) پێشمەرگە بوو، بەڵام کە هاتینە ناو کەرکوکەوە، ژمارەمان (٣٠٠) پێشمەرگەی تێپەڕاند بوو.''

**هەموو هێزەکان بەشداربوون**

نووسەری کتێبی راپەڕین و رزگاری کەرکوك، لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی جگە لە تیپی (٢١)ی پێشمەرگەکانی کەرکوك، چ هێز و تیپێکی تر رەوانەی کەرکوك کرا، گوتی:''لە (١٢ / ٣ / ١٩٩١) بەدواوە، لە دوای رزگارکردنی هەولێر، پێشمەرگەکانی سنوری هەولێر و کۆیە و سلێمانی و گەرمیان هەر هەمووی هاتنە ناو پرۆسەی رزگارکردنی کەرکوك، هەر هێزی زنجیرەیەك چیا و ناوچەیەك و میحوەرێکی پێ سپێردرا، وەك زنجیرە چیای کانی دۆمەڵان و زەنبور و.. هتد، واتا ئەو سێ پشتێنە ئەمنیەی رژێمی بەعس شاری کەرکوکی پێ ئابلوقەدا بوو، دابەشکرا بەسەر هەموو هێزەکان، بە هێزی حیزبە کوردستانیەکان و هێزی جەماوەریشەوە.''

**کێ فەرماندەی میحوەرەکان بوو؟**

سەبارەت بە سەرکردایەتیکردنی بەرەکانی شەڕی پرۆسەی رزگارکردنی شاری کەرکوك و سەرکردایەتی ئەو قۆڵانەی لێیەوە هێرش دەکرایە سەر سوپای رژێمی بەعس، مەلا شاخی دەڵێ:''کاك نەوشیروان سەرکردایەتی راستەوخۆی پرۆسەی رزگاری کەرکوکی دەکرد و بەردەوام لە نێوان پردێ و چەمچەماڵ هاتوچۆی دەرکرد بۆ سەرکردایەتی هەر دوو قوڵی سلێمانی ـ کەرکوك و قوڵی پردێ ـ کەرکوك''، هاوکات ناوبراو رونیدەکاتەوە:''قوڵی سلێمانی ـ کەرکوك لەلایەن بەڕێزان سیروان کوێخا نەجم و مولازم عومەر و شەوکەت حاجی موشیر و مام رۆستەم لە چەمچەماڵەوە بەرەو قەرەهەنجیر و کەرکوك سەرکردایەتی دەرکراو، لە قۆڵی هەولێر (پردێ) ـ کەرکوك، راستەوخۆ لەلایەن بەڕێزان کاك کۆسرەت و شەهید حەسەن کوێستانیەوە سەرکردایەتی دەکرا.''

**خورماتوو کلیلی ئازادکردنی کەرکوك بوو**

مەلا شاخی وتی:''پێش ئەوەی ناو شار رزگار بکرێت، دەروبەری کەرکوك رزگارکرا، وەك پردێ و قەرەهەنجیر و لەیلان و خورماتوو، بۆ نموونە شارۆچکەی خورماتوو بۆ ئێمە کلیلی کەرکوك بوو، بەوەی رێگەی (بەغدا ـ کەرکوك)مان بۆ کۆنترۆڵ دەکات، هەر واش بوو.''

**خۆرئاوای کەرکوك خاڵی لاوازی کورد**

ناوبراو ئەوە ناشارێتەوە:''ئەوە ناوچە و شارۆچکانەی بۆمان رزگار نەکرا، بریتی بوون لە ناوچەکانی رۆژئاوای کەرکوك، وەك سەربازگەی خالید و شارۆچکەی دوبز، کە بە داخەوە دواتر ئەو شوێنانە بوونە هۆکاری ئەوەی نەمانتوانی کەرکوك بپارێزین و پێش بە کۆڕەو بگرین''، نووسەری کتێبی (راپەڕین و رزگاری کەرکوك) مەلا شاخی لەم دیدارەدا ئەوەش دەڵێت:''هەر چەندە ئەو رۆژەی هاتینە ناو شاری کەرکوکەوە، بڕیار بوو هێزێك بچن بۆ رزگارکردنی قەزای دوبز، بەڵام هەموو پێشمەرگە و هێزەکان و خەڵك دەیانویست کەرکوك رزگار بکەن، دەیانوت

کەرکوك رزگار بکرێت، رزگارکردنی دوبز ئاسان دەبێت"، ئەگەری ناوبراو ئەوە ناشارێتەوە، کە بەهۆی سەختی جوگرافیای قەزای دوبز، رزگارکردنی ئەو شارۆچکەیە ئاسان نەبووە، بەوەی ئەو ناوچەیە لای کۆمپانیای نەوتەوە و بۆ لای هەولێرەوە، هێزێکی زۆری رژێمی لێبووە، وەك بانی زنجیرە (بەرازە)، کە دەکەوێتە پشتی قەرغەتو و کتکە و گورزەی، بۆیە چەند رۆژێکی پێویست بووە تا رزگار بکرێت، بۆیە فریای رزگارکردنی دوبز نەکەوتون.
مەلا شاخی دەڵێت:"بەداخەوە دواتر بەو هۆیەوە دوژمن لەوێوە هێرشی کرد، بە شێوەیەك، هێزی پێشمەرگە لەناو کەرکوك بوو، دەبابەکانی بەعس پردێ و دوریانی پردێ ـ شوانیان گرت، دواتریش ناوچەکانی سێکانیان و دارەمان و سەقزلیان داگیرکرد و پێشمەرگەیان لە ناو شار بە شێوەیەك لە شێوەکان گەمارۆدا.''

## سەربازگەی خالید هۆکاری لە دەستدانی کەرکوك نەبوو

لە وەڵامی ئەوەی ئایا مانەوەی سەبازگەی خالید بەدەستی سوپای بەعس هۆکار بووە بۆ دوبارە داگیرکردنەوەی کەرکوك لەلایەن رژێمی بەعسەوە، ئەو نووسەرە دەڵێت:"سەربازگەی خالید هۆکاری سەرەکی نەبوو بۆ داگیرکردنەوەی کەرکوك لەلایەن بەعسەوە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی ئەوە بوو، تیشکێکی سەوز بۆ عێراق هەڵکرا، بەوەی دەتوانێت فرۆکەکانی هەڵفرێنی و جوڵە بە تانکەکان بکات، و بتوانێت سەدان تانك لە قۆڵەکانی موسڵ و گوێرە و بەغداوە بەرەو کەرکوك بێنێت"، ناوبراو وتیشی:"هەر چەندە هەوڵی زۆر زۆر درا، شەهیدێکی زۆر لە هەموو حیزبەکان لە سەربازگەی خالید درا، بۆ نموونە جگە لە (ی ن ك) کە لە هەموو پرۆسەی رزگارکردنی کەرکوك نزیکەی (٣٥٠) پێشمەرگەی لێ شەهید بوو، حیزبی سوسیالیستش دەیان شەهیدیدا، بەڵام هێزێکی زۆری رژێمی بەعسیش لەوێ کۆکرابوونەوە.''

## لە (٩٥%) پێشمەرگەکانی ناو شار بوون

بە وتەی مەلا شاخی، هەموو سەکردایەتی (ی ن ك) رۆڵیان هەبووە لە رزگاکردنی کەرکوك و هەر کەسە بە رێژەیەك، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە وەك خۆی دەڵێت:"لە (٩٥%) ئەو پێشمەرگانە شەوی رزگاکردنی کەرکوك وەك پێنج هێزی پێشمەرگە هاتنە ناو شاری کەرکوکەوە، ئەو پێشمەرگانە بوون، کە لە دوای ئەنفالەوە گەڕابونەوە.''

## راپەرین و تورکمان

مەلا شاخی لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی رزگارکردنی کەرکوك لە بەهاری ساڵی (١٩٩١)، باس لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەی تورکمان دەکات و ئاماژە بەوە دەدات، کە پێش راپەڕین پەیوەندی بە تورکمانەکانەوە کرابوو و لەلایەن سەرکردایەتی (ی ن ك) و مام جەلالیشەوە رێنمایی کرابوون، کە کارێك نەکەن تورکمانەکان تێدا زەرەرمەندبن و دەبێت کارێك بکەن سەر و ماڵی تورکمانەکان پارێزراو بێت، و ئەوە بسەلمێنن کە ئەوان تەنها بۆ رزگارکردنی کورد نەهاتوون و بۆ رزگارکردنی هەموو نەتەوەکانی کەرکوك هاتوون، ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا باس لە یادگارییەك دەکات و دەڵێت:"لە ناوچەی قاسمەڕەش، شەهید (ئەتیلا)، کە خەڵکی کفری بوو، بانگمانکرد و

داوامان لێکرد هەندێ دروشم بە زمانی تورکمانی بۆمان بنوسێت، تا کە هاتینە ناو کەرکوکەوە بە بڵندگۆ بیڵێینەوە، یەك لەو دروشمانەی وتی بیڵێین وشەی (قاخن) واتا هەستن بوو، من نەمدەزانی (قاخن) واتای چیە، کە هاتینە ناو کەرکوکیشەوە دروشمە تورکمانیەکانمان دەوتەوە بێ ئەوەی بزانین مانای چیە."!!


## حەویجە و رزگاری کەرکوك

وەك لە کتێبەکەشیدا بە ناوی (راپەرین و رزگاری کەرکوك) ئاماژەی پێداوە، مەلا شاخی باس لەوە دەکات، کە عەرەبەکان و شێخەکانی حەویجە نامەیان نارد بوو بۆ سەرکردایەتی (ی ن ك)، بەوەی بە هیچ شێوەیەك دژایەتی راپەرین و رزگاری کەرکوك ناکەن، و بەڵکو پشتیوان و هاوکار دەبن، هەر بۆیە دەڵێت:"ئێمەش بەرنامەمان نەبوو بەرەو حەویجە بچین"، رونیشیدەکاتەوە:"پێش راپەرینیش، کۆمەڵی کادری (ی ن ك) لەگەڵ شیخ ئەنوەر عاسی و کۆمەڵی شێخی عەرەبی حەویجە لە عوبێد و جبور بۆ هەمان مەبەست قسەیان کرد بوو."

## لە نێوان هەردوو بەهاری ١٩٩١و ٢٠٠٣

لە کۆتایی دیدارەکەیدا، مەلا شاخی باسی لەوەکرد، کە پێش رزگارکردنی کەرکوك، بەرنامەرێژی کرابوو، بۆ بەرێوبردنی شار، بۆ ئەو مەبەستەش بینای پارێزگا کرابوو بە سەرکردایەتی شار، بەلاّم بەهۆی کەمی ماوەکەوە نەتوانرا ئیدارەی شار بکریت، ئەوەش دەڵێت:"رزگاری کەرکوك لە ساڵی (١٩٩١) زۆر گرنگ بوو بۆ مێژوو، چونکە سەلماندی کەرکوك کوردستانیە، بەلاّم رزگارکردنی کەرکوك لە ساڵی (٢٠٠٣) بەرهەمی باشتری بۆ کورد هەبوو."

*رۆژنامەی هەواڵ: ژمارە (٥١٣) ١٦یئازاری٢٠١٣



چاوپێکەوتنی

# گۆڤاری کەرکوك

رژێم هەرگیز ناتوانی بەتەعریب وتەرحیل ..
کوردستانی بوونی کەرکوك بسڕێتەوە.

کاربەدەستانی شۆڤینی بەغدا لەسەرەتای گرتنەدەستی دەسەلاتەوە بەدڕندانەترین شێوە کەوتوونەتە وێزەی گەلانی عێراق بەگشتی وکوردستان بەتایبەتی.. تاوانەکانی ئەم رژێمەئەوانەی کەبەرنامەرێژی بۆکراوەو دەچنە قالبی جینۆسایدەوە بریتین لە(تەعریب وتەرحیل وکیمیاباران و ئەنفال.. هەروەها ماوەیەکە کەوتوونەتە راگواستنی خەڵکی ناوچەکانی کەرکوك و خانەقین ومەخموورو جەلەولاو چەند شوێنێکی تری کوردستان. . رۆژانەچەندین خێزان ئاوارەودەربەدەردەکەن، کەچی هێشتا نەیانتوانیوە سیمای کوردستانی بوونی کەرکوك بسڕنەوە.. بەمەبەستی بەدەنگەوەهاتن و بەرپەرچدانەوەی ئەوسیاسەتەنەگریسە (تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشان) سەردانی(کۆمەڵەی رووناکبیری وکۆمەلایەتی کەرکوك)ی کرد، لەگەڵ بەرێز (أبوبکرمحمدحاجی) ناسراوبە(مەلاشاخی)سکرتێری رووناکبیری ئەم چاوپێکەوتنە ئەنجامدرا :

پ: سەرەتا...پێمان باشە بەکورتی باسێك لەچۆنیەتی درووستبوونی کۆمەڵەی روونـاکبیری وکۆمەلاّیەتی کەرکوك وئامانجەکانی بکەن؟؟!

و:دوابەدوای راپەڕینی کۆمەلاّنی خەڵکی کوردستان، بیرمان لەوەکردەوە کەرێکخراوێك دروستبکەین، بەناوی(کۆمەڵەی روناکبیری وکۆمەلاّیەتی کەرکوك)ەوە،لەساڵی١٩٩٥کۆنگرەی یەکەمان بەست ومۆڵەتی یاساییمان بۆوەرگرت. دەربارەی ئامانجەکانی کۆمەڵە،چەندین ئامانجی پیرۆزمان هەن :

١- هەوڵدان بۆپاراستن وگەشەپێدانی کەلتووری فکری وئەدەبی ومێژوویی وشوێنەواری پارێزگاکە.

٢ - کارکردن بۆبرەودان بەبزوتنەوەی رۆشنبیری وهونەری وزانستی ووەرزشی.. پارێزگاکە.

٣ — بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی ونشتیمانی...

٤ — پتەوکردنی پەیوەندییە رۆشنبیری وکۆمەلاّیەتی وئابوورییەکانی..

٥ — چارەسەرکردنی کێشەکۆمەلاّیەتییەکان...

٦ — زیندووکردنەوەی بۆنەنشتیمانی ونەتەوەیی ویادکردنەوەی کارەساتەکانی سنووری پارێزگاکە.

٧ — چەسپاندنی گیانی برایەتی وخۆشەویستی وهاوکاری ..

٨ — هەوڵدان بۆکۆکردنەوەی زانیاری وئاماری تەواولەبارەی لایەنەکانی خەڵکی پارێزگاکەو ژمارەی ئاوارەوکۆچپیکراووکەسوکاری ئەنفال وراگوێزراوەکان .. .ئەمە لەگەڵ چەندین ئامانجی ترکەماوەمان نییەهەمووی باس بکەین.

پ : مێژووی ترحیل وتەعریب لەکەرکوك بۆکەی دەگەڕێتەوە؟؟!

و : شێواندنی سروشتی نشتیمانی ونەتەوایەتی مێژووی کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆناوەڕاستیبیستەکان،ئەوکاتەی ئینگلیزەکان حکومەتی عێراقیان لەنوێ دروستکرد ،سەرەتا سنووری حکومەتەکەهەتازنجیرەچیای حەمرین بوو، دوایی بەبڕیارێکی ناڕەواباشووری کوردستانیشی بەعێراقی عەربییەوەلکاند. سەرەتاحەزیاندەکردخەڵکی کوردخۆی ئەوبڕیارەبدات..

ئەوکات راپرسی لەکوردستاندابۆئەومەبەستەکرا، لەوراپرسییەدا زۆرینەی خەڵکی کەرکوك دژی لکاندنی کەرکوك وکوردستانی باشووربوون بەعێراقی عەرەبییەوە..کاتێکیش بڕیاری لکاندنەکەسەپێندرا ئەوان زۆربەتوونـدی دژیوەستانەوە.دواترلەناوەراستی بیستەکانداکۆمپانیاتورکی وئینگلیزییەکان هاتن لێکۆڵینەوەیان لەسەر بیرەنەوتەکانی(باباگڕگوڕ)کرد، دواترکۆمپانیاکانیان

هێناونەوتەکەیان دەرهێنا،لەساڵی١٩٢٧دوای دەرهێنانی نەوت لەبیرەنەوتەکان (ملیك غـازی) خـۆی هاتەکەرکوك بەچاوی خۆی ئەوخێروبێرەی بینی، چاوی تەماحی بریەئەولاٌتە بەپیتە...
لە ساڵی١٩٣٧دا سەرۆك وەزیرانی حکومەنی عێـراق(یاسـین الهـاشمی) هاتەکـەرکوك، یەکـەم بڕیـاری تەعریبی دەرکرد، بۆجێبەجێکردنی.. ئەوخێڵەعەرەبانەی بانگکردکەلەدەوروبـەری شـارەکانی(تکریـت وموصـل ورمـادی)مەڕلـەوەوەڕین بـوون، داوای لێکـردن کەبێنەناوچـەی (مەڵحـە) کەئەوسـا (چەندمەڕدارێکی کوردی سمایل عوزێری وشوان وساڵەیی ... مەڕومالاٌتیان لەحەویجە دەلەوەڕاند..) سەرەتاعەشیرەتەکانی(العبید والبوحمدان وجبور) بـەپیریی ئەوسیاسـەتەوەهاتن ولەدەشـتی (حویجـە)دا دەواریان هەڵداوجێگیربوون..
بەپێی سەرژمێری ١٩٥٧ئەوعەشیرەتەعەرەبانەی هاتبوونەسنووری کوردستان لەلیوای کەرکوك بـریتی بـوون لەعەشـیرەتی العبیـد (١١)هەزارکـەس وعەشـیرەتی البوحمـدان(٢١٤٠)کـەس وعەشـیرەتی جبور(١٢٥٩٥) کەسبوون. یەکـەم هـەنگاوی حکومـەتی پاشـایەتی لـەعێراق بەتـەعریبی کـەرکوك دەسـتپێکرد.. کـاتێکیش لەسـاڵی١٩٥٨کـاتی حکومـەتی پاشـایەتی داڕووخـا، عبدالکریمقاسـم رابەرایـەتی شۆرشـی١٤ی گەلاوێـژی کرد،کـورد زۆربەدڵخۆشـییەوە پێشـوازییان کردوپێیـان وابـوو مافەکانیان دەسەلمێنێ وسیاسەتی تەعریب هەڵدەوەشێنێتەوە، خـەڵکی کـورد بـەخاکی داگیرکراویـان شاددەبنەوە..بەلاٌم بەداخەوەدواترهیچ هـەنگاوێکی نـەنا.. لەسـاڵی١٩٦٣یـش کاتێـك بەعسـییەکان بەکودەتایەك هاتنەسەرکارئەوانیش خراپتر لەسەردەمی پاشایەتی دەستیان بەتەعریب کرد، گوندەکانی دەوروبەری (دووبز)و (کەرکوك) یان وێران کردوخەڵکەکـەیان ئـاوارەکرد، لـەدێی سـێکانیان وعـەلاوە محمود وقەرەدەرەو قەلاعەربەت.. چەندین کەسیان شەهیدکرد. ئـەوزوڵم وزۆرانەبوونـەهۆی چـۆڵ بـونی هەمووگوندەکوردنشینەکانی نێوان (کەرکوك-دووبـز)هەربەوەنـدەوە نەوەسـتان دواترچـاوی تـەماحیان بڕییەناوچەکانی (ساڵەیی وبیبانی وجەباری..)
لەرۆژی ١٩٦٣\٦\١٦هێرشێکی گـەوریان هێنایەسەرناوچـەکانی (شـوان وشـێخ بـزێنی وسـاڵەیی..) هەموو ئەو گوندانەی کەوتنە بەرشالاٌوەکە سوتێندران و تالاٌنکران..
و پترلە(٧٥) کەسی بێتاوانیش گوللەبارانکران ..

لەساڵی ١٩٦٦ جارێکیترچەندهۆزێکی چەکدارکراوی عەربی تریان هێنابۆ گوندەکانی (ساڵەیی وبیبانی)وخەڵکەکەیشیان ئاوەرەودەربەدەری دەوروبەری (پردێ ودەشتی هەولێر..)کرد.
لەوماوەیداچەندجارێك سەرۆك هۆزومەلاو ریش سپی کورد سەردانی ئەوشێخەعەرەبانەیان کردو نامەیانب ۆدەناردن، خەڵکیان دەکردبەگژیاندا کەخوا قبوڵناکات.. باسیاسەتی کاربەدەستان جێبەجێ نەکەن وبگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان..هەمووهەوڵەکان بێسوود بوون تائەوەبوو لەشەوی١٨\٣\١٩٦٦ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراوهەڵمەتیان بردەسەرئەوخێڵەعەرەبانە لەگوندەکانی(بیبانی وزەردك وبیرەسپان)،لەئاوایی (بیبانی)باوکی (مشعان الجبوری)و ١٨ کەس لەچەکدارنی هۆزەکەکوژران، لەگوندی(بیرەسپان) و(زەردك)یش زیانیان هەبوو، لەونەبەردەدا سەرلق(مەلاعلی کتکەیی) پێشمەرگەیەك خەڵکی گوندی (گورگەچاڵ) شەهیدبوون. ئیترئەم چالاکییەبووە هۆی هەڵوەشانەوەی تەعریب لەنێوان (کەرکوك —پردێ)..
دوابەدوایکودەتایدووەمیبەعسییەکانلەساڵی١٩٦٨جارێکیتردەستیانبەتەعریبکردەوە،کەهەموناوچەکا نیکەرکوکوخانەقینوجەلەولادووزوپردێودووبزومەخموورشێخانیگرتەوە.
قۆناغی سێیەم لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول وقۆناغی چوارەم لەسالانی١٩٨٧-١٩٨٨دەستیپێکرد،کەچەندین ناوچەی کوردستانی گرتەوە، ئەویش دوابەدوای ئەوەهات کەچالاکی هێزی پێشمەرگەدەگەیشتەکەرکوکودەوروبەری ...
ئیتررژێم بەپێی بەرنامەیەکی زاڵمانە (١٢٨٧)گوندی پارێزگای کەرکوکی وێرانکردو خەڵکەکەیشی ئەنفال وترحیل کرد بۆئۆردوگاکانی (بنەسەراوە)و (دارەتوو)و(کەورگۆسك)و (جدیدە)و (تۆبزاوا)و (قوشتەپە)و (شۆڕش)... دیارەیەکێك لەهۆکارەکانی تەعریب لەسنووری کەرکوك ئەوەبوو لەسەرژمێری١٩٥٧رێژەی کوردلەگەڵ عەرەب نابەرانبەرییەکی زۆری هەبوو، دەیویست بەجێبەجیکردنی ئەم سیاسەتەئەورێژەیەبگۆڕێ، فەرموون ئەمەرێژەی کوردبووە لەسەرژمێری١٩٥٧ بابزانین دوای (٢٠) ساڵ چۆن گۆڕاوە:-

| ڕەگەز | ئاماری ١٩٥٧ | ڕەگەز | ئاماری ١٩٧٧ |
|---|---|---|---|
| کورد | ٣، ٤٨ ٪ | کورد | ٥٣، ٣٧ ٪ |
| عەرەب | ٢، ٣٨ ٪ | عەرەب | ٤١، ٤٤ ٪ |
| تورکمان | ٤، ٣١ ٪ | تورکمان | ٣١، ١٦ ٪ |

پاش چەندین قۆناغ لەسیاسەتی تەعریب.. ڕێژەی کوردوتورکمان وکەمایەتییەکانی تر هاتنــەخوارێ.. لێرەدا جێی خۆیەتی باسی چۆنیەتی تەعریب لەناوناوەندی شاری کەرکوکیش بکـەین. لـەدوای ئـەوەی ڕژێم لەجێبەجێ کردنی ناوەرۆکی بەیانی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠ پاشگەزبۆوە،شـەڕ لـەنێوان کـوردورژێم دەستی پێکردەوە، لەناوشاریش تەعریب دەستی پێکرد،کەئەمەی خوارەوە چەندنموونەیەکیانە:

**ناوی قوتابخانە تەعریب کراوەکان**

| ژ | قوتابخانەی کوردی | دوای تەعریب | ژ | قوتابخانەی کوردی | دوای تەعریب |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پیرەمێرد | البکر | ٦ | ١١ی ئازار | میسلون |
| ٢ | مەولەوی | الادریسی | ٧ | کاوە | معاد بن جميل |
| ٣ | هەڵمەت | العرقیە | ٨ | ئامادەیی کوردستان | عبدالملك بن مروان |
| ٤ | بەرزان | ام أيمن | ٩ | ئامادەیی زێوەر | الاندلس |
| ٥ | بێکەس | حسن بن هیپم | ١٠ | ڕێزان | الرافدين |

جگە لەهەردووناوەندی (بابـاگوڕگوڕ)و(شـۆڕش)کەیـەکجاری هـەڵگیران.. سیاسـەتی تـەعریب تـەنیا بەگۆڕینی ناوی قوتابخانەکانەوەنەوەستا، بەڵکوناوی گەڕەك وشەقام وکتێبخانەکانیشی گرتەوە ...

هەرسێ کتێبخانە گەورەکـەی ناوشـاریش تابلۆکوردییـەکانیان پـێ داگیراوبـەزۆرناوەکانیان پێکـردن بەعەرەبی،ئەویش تەنیالەبەرئەوەی بووبوون بەبنکەی ڕووناکبیری.

کتیبخانەی(ئاسۆ)کرابە(**الطليعة**) و(دارا)بوبە(الحريە) و(هندرێن)بوو بە(التأميم)

جگەلەمانە کەوتنە دروستکردنی چەند گەڕەکێك بۆعەرەبی هاوردە بەم جۆرە:

| ز | ناوەی گەڕەك | ژمارەی خانوو | شوێنی دروستکردن |
|---|---|---|---|
| ١ | الفين دار | ٢٠٠٠ | عەرەفە |
| ٢ | المثنى | ٦٠٠ | ئیسکان |
| ٣ | المثنى | ٥٠٠ | ئازادی |
| ٤ | الاندلس | ٢٠٠ | رحیماوا |
| ٥ | | ٢٠٠ | دووبز |
| ٦ | | ١٠٠٠ | دووبز |
| ٧ | عمل الشعبی | ١٠٠٠ | کەرکوك |
| ٨ | | ٥٠٠ | نزیك فڕۆکەخانە |
| ٩ | البعث | ٨٠٠ | کەرکوك |
| ١٠ | الواسطی | ٥٠٠ | کەرکوك |
| ١١ | حی السكك | ٥٠٠ | رێگای تازە |
| ١٢ | حی الاشتراكية | ٨٠٠ | کەرکوك |
| ١٣ | حیالغرناطة | ٥٠٠ | کەرکوك |
| ١٤ | حی الحجاج | ١٠٠٠ | کەرکوك |
| ١٥ | العروبة | ٢٠٠ | کەرکوك |
| ١٦ | حی الشرطة | ٢٠٠ | کەرکوك |
| ١٧ | الوحدة | ٤٠٠ | کەرکوك |
| ١٨ | الحرية | ٢٥٠ | کەرکوك |
| ١٩ | دورالآمن | ٢٥٠ | کەرکوك |
| ٢٠ | دوميس | ٢٥٠ | کەرکوك |
| کۆی گشتی | | ١١٦٥٠ | |

جگە لـەم ئامـارەی سـەرەوە،ئەوهەزاران خـانووەی باسمـان کردن،بێگومـان هـەزاران خـانووی تریـان لەناوکـەرکوك ولـەجێی گوندەتـەعریبکراوەکان دروسـت کردووە،بـەلاّم ئێسـتا ئامـاری تـەواومان لەبەردەستدانییە....

پ : وەك زانیومانە چەندین یاداشتنامەتان بەرزکردۆتەوە ،لەوانەهەندێکیان بۆدەرەوەی ولاّت..بـابزانین ئاکامەکانی بەچی گەیشتووە؟ هەڵوێست بەرانبەر ئەویاداشتانە چی بووە؟؟!

و : لەوەتی کۆمەلەی رووناکبیری..پێکهاتووە،چـەندین ئامارمـان لەبەردەسـت دایـە،ئاماری ئەوانـەی سەردانی کۆمەڵەیان کردووە ولەرێی کۆمەڵەوە نێردراون بۆنووسینگەی ئاوارەکان،یاخۆیـان راسـتەوخۆ چـــوون،ئەوەی تائێســـتا ســـەرژمێرکراون تاکۆتـــایی ١٩٩٨بـــریتین لـــە(١٤٨١٠)خێزان،کـــۆی گشـتییان(٨٧٣٣٩)کەسـە،لەدوای ئـاوارەبوونی ئەوهەمووخەڵکـە ،ئـاوارەی شـەڕی ناوخۆشـی هاتۆتەسەر،بۆپشـــــتیوانیان چـــــەندین خۆپیشـــــاندانمان ســـــازکردووە بۆبـــــەردەم بارەگاکانی(نەتەوەیەکگرتووەکان)ورێکخراوەکانی مـافی مرۆڤـــ ورێکخراوەخێرخوازەکـان.لەبـەردەم بارەگاکانیان مانمان گرتووە،یاداشتنامەمان بەرزکردۆتەوە،بۆسکرتێری گشـتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـــەڕێز(کـــوفی ئـــەنان)وبـــۆ(الجامعـــە العربیـــە)و هەرشـــوێنێك زانیبێتمـــان گوێمـــان لێدەگرن.لەهەمووئەویاداشتنامانەدا روونمان کردۆتەوە کە کاربەدەستانی عێـراق بەبەرنامـە..خـەڵکی کوردلەنشـتیمانی باوباپیرانیـان دەربەدەردەکەن،مافـەکانی مرۆڤـــ پێشـێل دەکـەن.بڕیـاری (٦٨٨)فـــەرامۆش دەکـــەن ،جینۆســـایدئەنجامدەدەن،ئەنفالی کوردیـــان کردووە،خـــەڵکی کۆمەڵکوژدەکەن،مەبەست لەیاداشـتانە پاڵەپەستۆخسـتنە سـەر رژێمـی عێراقـە،بۆراگرتنی تـەرحیل وتـــەعریب...جگەلەوانـــە چـــەندین ئەنـــدامی فـــەخریمان لـــەدەرەوەی هـــەرێم هەیـــە،وەك بەرێز(د.بەرهەم)لەئەمریکاو بـەرێز(نـوری تاڵـەبانی )لەبـەریتانیا...بـەهۆی فاکسەوەیاداشـتنامەمان ئاراستەکردوون ،داوامان لێکردوون ئاراستەی ئەوشوێنانەی بکەن کەبایەخ بەمەسـەلەی کـورد دەدەن، بێگومان ئەوهەولاّنە کاریگەرییان هەبووە،لەچەندشوێنێك رەنگدانـەوەی هەبووە،رەنگدانـەوەی هـەوڵ وکۆششی حیزب ورێکخراوەکـانی تـرو ئێمـەیش کاریگـەری باشـی بووەلـەلای نەتەوەیـەکگرتووەکان وچەندشوێنی تر...

وەك ئاگادارن نوێنەری نەتەوەیەكگرتووەكان هاتەكوردستان ،سەردانی پارێزگای كەركوك(ئیدارەی گەرمیان)ی كرد،بۆخۆی لەچاوپێكەوتنی جەنابی پارێزگاردا باسی نارەوایی بەرحیل وتەعریبی كەركوكی كردووە، ساڵی پارو ئەمساڵیش(بیلكلنتۆن)ی سەرۆكی ئەمریكا لەدووراپۆرتدا بۆكۆنگریس باسی لەمەسەلەی تەرحیل وتەعریب لەپاریزگای كەركوك كردووە.لەمانەوە ئاشكرابەدیاردەكەوێ یاداشتەكان ...كاریگەری خۆیان هەبووە.ئەمساڵیش كەساڵی(١٩٩٨)ە كاربەدەستانی عێراق بێگوێدان بە بڕیارەكانی UNونارەزایی دەرەوەوناوەوە..ئامادەنەبووە ئەوسیاسەتانە رابگرێ،بەڵكو هەربەردەوامە لەپێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤ ،لەتەرحیل و تەعریب لە كەركوك ودەوروبەری،لەخانەقین ودووز ومەخموور وشێخان... بەپێی ئەونووسراوەی لەنووسینگەی ئاوارەكانەوە هاتووە لە(١٠)مانگی رابردوودا (٢٧٨)خێزانی تری كورد لەكەركوك ودەوروبەری دەركراون كەكۆی هەموویان بریتییەلە(١٧٦٦)كەس ئەمە جگەلەوانەی كەزانیومانە (١٥٣)خێزانی تر ...روویان كردۆتە هەولێر وئۆردوگاكانی دەوروبەری..لەوێ شوێنیان بۆدابینكراوە..

پ : ئایە ئێوە ئاماری گشتی ئاوارەكانتان لاهەیە؟!

و : پێمان وانییە ئاماری گشتی لەلای كەس هەبێ لەناوەڕاستی سییەكانەوە تەرحیل هەرهەیە،ئۆردوگاكانی دەوروبەری هەولێروسلێمانی وچەمچەماڵ هەموو تەرحیلكراون،رەنگە تائێستا زۆریان ناویان تۆمارنەكرابێ، نزیكەی یەك ملیۆن كورد تائێستا رژێم بەرەوسنووری حكومەتی هەرێم ئاوارەی كردوون...دیارە ئێمە لەچەندین یاداشتنامەدا بەبیركاربەدەستانی عێراقمان هێناوەتەوە كەوازلەسیاسەتی تەرحیل وتەعریب بهێنێ،چونكە ئەوسیاسەتە بێئەنجامەو هەڕەشەلەیەكپارچەیی عێراق وبرایەتی لەمێژینەی كوردوعەرەب وئاشتی ناوچەكە دەكات..

ئەوان لەجیاتی وەڵامدانەوەی ئاشتیخوازانە بەوەهەراسان دەبن كەكورد ماڵی خۆی رێكدەخاتەوە،ئیتر دەكەونەهەراكردن كوردجوداخوازە،بەنیازە سەربەخۆیی راگەیەنێ،پیلانی نوێ دادەڕێژن،درێژەبەتەرحیل دەدەنەوە، كوردهەمیشە دیموكراتخوازبووە،هەمیشەپێچمان گوتوون:-

ئەوەئێمەنین كوردستان بەرەوجیابوونەوە دەبەین،بەڵكوئەوەئێوەن بەكردەوەكانتان والەخەڵكی كوردستان دەكەن كەبیرلەجیابوونەوەبكەن، تا لەدەست زوڵم وزۆر رزگاریان ببێت.ئەگەركاربەدەستانی عێراق

هەربەردەوام بن لەسەرتەرحیل وتەعریب ونکوڵی لەمافـەرەواکانی کـورد، ئـەوە لـەداهاتوودا ئۆبـاڵی جیابوونەوەی کوردستان دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان نەك کورد...

پ : بەڕای ئێوە بۆبەرپەرچدانەوەی ئەوسیاسەتە چی بکرێ باشە؟؟!

و : ئێمەپێمان وایە هەموولایەنەکان وەك یەك وەڵامیان بەوسیاسەتە نەداوەتەوە،ئێمە وەك کۆمەڵـە داوا لەهــەمووحیزب و ڕێکخراوەکوردســتانییەکان دەکــەین کــاتێ مــاڵی کــورد ڕێکدەخەنــەوە، دەبــا هەڵوێستیشیان یەکخەن بۆبەرپەرچدانەوەی تەرحیل وتەعریب...

هەروەها داوالەئاوارەکانیش دەکەین لەسای کۆمەڵەو هەر ڕێکخراوێکی تردان باپێکەوەخۆیان ســازدەن بۆئەوەی لەداهاتوودابتوانین زیاتر خوپیشاندان وڕێپێوان ومانگرتن..پەرەبەخـەباتمان بـدەین بەنووســین، بەنارەزایی،بەیاداشت بەرزکردنەوە..هەوڵ بدەین تابەرپەرچی دوژمنەکانمان بدەینەوە.بەبێ خەبات هــیچ بەهیچ ناکەین،بەراپەرین نەبووایە ساڵی١٩٩١ڕژێم لەم بەشەی کوردستان دەرنــەدەکرا..هەربەراپــەڕین بووشــاری کــەرکوك ئازادکرا،ئەگــەر خۆمــان یەکگرتووبین،ئاشــتی لەکوردســتان ســەربگرێ ،دەکــرێ ئەوسابڵێین ئومێد هەیە بەگۆڕانێکی تربەراپەرینێکی تر بەهۆیەوە کـەرکوك وناوچـەبەعەرەبکراوەکانی تر بگەڕێنەوە سەرهەرێم...

<u>پ : ئێستا ئەوئاوارانەی دەگەنە سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن پێشوازی دەکرێن؟؟!</u>

و : دیارە ئاوارەکــان کــە ڕوودەکەنــە هــەرێمی کوردســتان لەبازگــەکانی (کــەلار وچەمچــەماڵ وپــردێ ..)وەدێن ئێمە وەك کۆمەڵە لەنووسینگەکانی (چەمچەماڵ وکەلار) لیژنــەی پێشــوازیمان هــەبووە،وەك هەنگاوی یەکەم هەوڵمان داوە لەکەمپی بەردەقارەمان شوێنیان بۆدابین بکرێ،ئێمــە..حــەزمان دەکــرد زیاتریــان بۆبکرێ،پێمــان وایــە ئــەوەی کــراوە کەمە،چــونکە ئەوانــەی دێــن ماڵوێرانن،لــەجێوڕێی پۆشــــتەوپەرداخی خۆیــــان هەڵکەندراون،ئێســــتا لەژێرخیوەتەشــــرێك لــــەبن دارێك،لــــەپاڵ شــاخێك..گیرســاونەتەوەبیگومان دڵبرینــدارن،موعاناتیان هەیە،لەگــەڵ ٚهەمووداخوازییــە ڕەواکانیــان داین،داوالەحکومــەتی هــەرێمی کوردســتان دەکــەین بەپیریانــەوە بچــن،داوا لەهــەمووحیزب وڕێکخراوەکوردستانییەکان،لەمرۆڤدۆستانی جیهان دەکەین کە بەهاواریانەوە بچن...

پ : ئایه تائێستا رێکخراوەکان هیچ کۆمەکیان بەئاوارەکان کردووە؟!

و : بەڵێ هاوکاری کراون،بەلاَم لەئاستی پێویستی نەبووە،هەق وایە هەرچاومان لەدەستی خەڵك نەبێت،خۆمانیش دڵسۆزی ئاوارەکانبین، دەبووهەمووحیزب ورێکخراوەکانی کوردستان هەریەکە بەپێی قەوارەو توانای خۆی بچوونایە بەهانایانەوە،داوا لەحکومەتی هەرێم وحیزب و رێکخراوەکان دەکەین هەوڵی پەیداکردنی کۆمەك بۆئاوارەکان لەدەرەوەوناوەوە بدەن،ئێمە وەك(کۆمەڵەی رووناکبیری کەرکوك)سەردانی چەندین رێکخراومان کردووە،داوامان لێکردوون کۆمەکەکانیان زیاتربکەن، پێمان گوتوون کۆمەکەکانتان لەئاستی پێداویستی ئاوارەکاندانییە...

پ : وەك زانیومانە رژێم بەنیازەقەلاَی کەرکوك وێران بکات، ئێوەلەوبارەوە پەیماتان چییە؟!

و : قەلاَی کەرکوك یەکێکە لەشوێنەوارەمێژووییەکانی کوردستان،رژێمی عێراق بەبەرنامە کەوتۆتەوێرانکردنی،بەشی زۆری رووخاندووە،دیارە مزگەوت و شوێنەپیرۆزەکانیشی دەربازنەکردووە،لەرووخاندنی قەلاَچەندین ئامانجی هەیە:

یەکەم :_دەیەوێ بەدوای شوێنەوارەکانیدابگەرێ،بەتایبەت ئەو شوێنەوارانەی کوردستانی بوونی دەسەلمێنن،دەیانەوێ بیانشارنەوە...

دووەم :-دەیانەوێ قەلاَکە کەیەکێکە لەگەرەکەکۆنەکان،چۆڵ بکەن وبیکەنە شوێنێکی سەربازی بۆکۆنترۆڵکردنیشارەکە..

پ : ئێوە وەك(کۆمەڵەی رووناکبیری کەرکوك)پەیامتان لەوبارەوەچییە؟!

و : ئێمە لەبلاَوکراوەی( کەرکوك)لەسەریمان نووسیوە،لەگەڵ دەزگا راگەیاندنەکاندا چاوپێکەوتنمان کردووە،وتاروراپۆرتمان لەوبارەوەبلاَو کردۆتەوە،یادشتنامەی زۆرمان نووسیوە،هەوڵمان داوەلەسەری بیکەین بە هەڵلاَ. دیارە رژێم هەربەقەلاَوە نەوەستاوە ،دەستی بەسڕینەوەی چەند گۆڕستانێکیش کردووە،چونکە بیستووبانەتەوە کەئێمە گوتوومانە گۆڕستانەکان باشترین شاهیدی کوردستانی بوونی کەرکوکن،دیواری پەرژینی هەردووگۆرستانی (ئەحمەدئاغا)و(تەپە..)یان رووخاندووەو کەرستەکانیان

بۆخۆیان فرۆشتووە.تابلۆی بەکوردی نووسراوی سەر گۆڕەکان دەشێوێنن،کێلی قەبرەکان دەشکێنن،چی بکرێ درێغی ناکەن..

پ : دواپەیامتان بۆئاوارەکان چییە؟!

و : داوا لەئاوارەکانی کەرکوك وگەرمیان دەکەین پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن،هەوڵی چەسپاندنی یاسابدەن، هێمنی وئارامی شاری سلێمانی وشوێنەکانی تربپارێزن...کەبەباشی تیا میوانداری کراون، رێز لەخانەخوێ بگرن،پاك وخاوێنی دەوروبەر راچاوبکەن، کاربۆئاوەدانکردنەوەو..پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بدەن...

ـ ئێمە هیچی ترمان نەماوە!

و :منیش لەکۆتاییدا دەڵێم زۆر سوپاس.*

* دەقی ئەم چاوپێکەوتنە لە بلاوکراوەی (کەرکوك) ژ٤ کانوونی دووەمی ١٩٩٨دا بلاوکراوەتەوە.



## شەهید عەبدوڵلا لاوەند

- لە سالی ١٩٤٤لەکوردستان باکور لە گوندی (هیلال) ی نزیك (شە رناخ) لە دایك بووە

- لە تافی گە نجی دا تێکەلاْوی خە بات و کوردایە تی بووە.

- لە گە لْ(دکتور شڤان) پیکفە لە یەك گروپ خە باتیان کردووە .

- لە سالی ١٩٧٢لەگە لْ پۆلێك تێکوشە رودلْسۆزی کوردایە تی بەهۆی باری رامیاری ئەو سەردەمە ڕوو لە شاری زاخو دە کە ن،بە لاْم بە هۆی ناکۆکی سیاسییەوە.. دە خرێنە زندانی (خە لان)ە وە

- دوایی دوور دە خرێنە وە بۆ بێتواتە.. لە وێش بە بریاری سە رکردایەتی ئەوسای شۆڕش،دە نێردرێنە گوندەکانی ( شێخ وەسانان) و( بالیسان).

- شەهید عەبدوڵلا دووخێزانی دەبێت ،هەرئەوسالە ،یەکێك لە ژنەکانی لە گە لْ پووری. روولە شاری بەغدا دەکەن.خۆی و ژنە بچووکەکە ی بە منالەوەروو لەئیران دەکەن لە کاتی ئاوارە بۆنیان ئەوژنەی بریندار دە بیت..

-ماوەیەك لە ئوردوگای سەراب دەمیننەوە،دوایی دەچنە تاران و لەوێ نیشتە جی دەبن.
-بەهۆی ئەوە وە پە یوە ندیی لە میژینە ی لەگەڵ بە ڕیز مام جلال هە بوو لە گە ڵ هە ڵگیرساندنەوەی شۆرشی نۆی.. پەیوە ندیی دە کاتە وە بەشۆڕش.بەلاّم پێش گەیشتنی بەناوچەکانی ژێردەسەلاّتی شۆڕش..
لە لایەن ئیران دە گیریت ،هە ر بە هەوڵی بەرێز مام جە لال ئازاد دەکرێت..
- خیزانەکەی ومناڵەکانی لە ژیر دەستی حکومە تی ئیران بە جیدە مینن.
- دوایی گەیشتنی بەشاخ حکومەتی ئیران هاوسەرەکەی بۆ ماوەی سێ مانگ سجن دەکە , پیێی دەڵێن تاهاوسەرەکەت نەگەرێتەوە،ئازادت ناکەین،
بەلاّم کەدڵنیادەبن ناگەڕێتەوە، ئازادی دەکەن.
- لەکۆتایی سالی ١٩٨٣ سەرەتای گفتوگۆی (ی.ن.ك) لەگەڵ میری دا
هەڤاڵ عەبدوڵلا دەچیتە بەغدا وهاوسەری دووەمی دێنێتەوە بۆ کوردستان.
-شەهید دەستێکی بالاّی لە شیعروئە دە بی کوردیدا دەبێت..
- هەمیشە ماڵەکەی لە بالیسان پڕ لە میوان و
شوێنی خوێندنەوەی شیعری نیشتیمانی و شۆرشگێری دەبێت..
- کەسایەتییەکی زۆر بە میوان و دۆستخواز وجە ماوە یی بووە،
هەمیشە خەریکی چارەسەرکردنی کیشە و گرفتی خە لك بووە.
-ساڵی ١٩٨٦بە رێزمام جە لال بانگهێشتی دە کا ت بۆ سە رکردایتی..
بە مە بە ستی بە رپرسیایە تی بادینان لەکاتی بەرێکەوتنیان بۆ دەڤەری بادینان
بە داخە وە لە گە ڵی کونە فلوسە دە کەونە بۆسەیەکی دوژمنانەوە
لە گە ڵ دوو هەڤاڵی تری بە ناوەکانی (حاجی ئە حمەد شێخ وەسانی)و
(ئە کرە م کونە فلوسە یی) شە هید دە کرێن..
پاشان تەرمە پیرۆزەکەی لە (کانی بە رد) بە خاك دەسپێردریت..

- شەهید لە دوای خۆی ١٢ منال و دوو خیزان

بۆ خزمەت بە کوردو کوردستان بە جێ دە هێڵێت..

-ئەم شەهیدە هەمێشە زیندووەی گەلەکەمان،بروای بە سنوورە دەستکردەکان نەبووەو

یەکێك لە سەرقافڵەی تێکۆشەران بووە لە پێناوی کوردستانی گەورە.هەمیشە ئاوارە بوون.

سەرئەنجام هەر لەوپێناوەشدا گیانی خۆی بەخش

.- ئێستا چەند کەسێك لە خێزانە تێکۆشەرەکەی لە سلێمانی وباقی خانەوادەکەی لە باکوور دەژێن

-خوشکە (بێریڤان عەبدوڵڵا) ئەندامی(ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ە

کچی ئەم شەهیدە قارەمانەی گەلی کوردستانە

-هەزاران سلاڤ..لە گیانی پاکی شەهید عەبدوڵڵا و

هەموو شەهیدانی کورد وکوردستان.




## دەربارەی سوریا

لەسەرەتای پێکهاتنی دەوڵەتی سوریا وە تا هەتنەسەردەسەلاّتی بەعسی یەکان..

نزیکەی (١٠) دە کەسایەتی کورد(یا بەرەچەڵەکی کورد) بە پۆستەکانی سەرۆك و سەرۆك وەزیرانی سوریا ی نویّ گەیشتوون، کەبریتین لە :

- محمد علی بیك العابد : یەکەم سەرۆك لە (١٩٣٢ بۆ ١٩٣٦ ).
- عگا الایوبی : سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆك وەزیران بۆ دوو خوول.
- حسنی الزعیم :
- فوزی السلو : لە (١٩٥١ بۆ ١٩٥٣).
- أدیب الشیشکلی : لە (١٩٥٣ - بۆ ـ ٢٤ فبرایر ١٩٥٤).
- شکری القوتلی : لەنێوان ( ١٩٤٣ - ١٩٤٩ تا ١٩٥٥ — ١٩٥٨)
- جمیل مردم بك : سەرۆك وەزیران چوار جار.
- حسنی برازی : خەڵکی شاری حماه، سەرۆك وەزیران دووجار.
- محسن البرازی : سەرۆکی حکومەت.

هەروەها بەپێی ئامارێکی ئەرشیفی بەریتانی لە ساڵی ١٩٤٧
پێکهاتەی کورد لە نێو سوپادا بریتی بووە لە
٢٢,٧٪ بەلام لەدوای هاتنە سەردەسەلاّتی بەعسی یەکان دابازیوە بۆ ١٪
لەبەر ئەوەی نەبوون بە بەعسی.

هەر وەها ( أحمد نامی) کە دووەم سەرۆك دەوڵەت بوو لەسوریا،بەرەچەڵك ( شرکسی/ ترکمانی)بوو
بۆ ئێستایش لەسەر سەرۆك دەوڵەت پێویستە شانازی بە عەربچێتی موسلمانەتییەوە بکات تا ببێت بەسەرۆك.



# مەرگەساتی ئۆمەربەگ

دێی(ئۆمەربەگ) یەکێکە لە ئاواییەکانی ناوچەی( شوان)ی پارێزگای کەرکوك ئەم گوندە زۆر بە هەژاری و جوتیاری و کولەمەرگی ژیانیان دەگوزەراند.

سالی ١٩٦٦ هێرشێکی بەعەرەبکردن رووی کردەوە گوندەکانی دەوروبەری

کەرکوك، لەوپرۆسەیەدا گوندەکانی (ساڵەیی )و(بیبانی)و چەند گوندێکی (شوان)بەر ئەو شالاوە نەگریسە کەوتبوون....

شەوی١٦-١٧-٣-١٩٦٦هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە فەرماندەیی شەهید(مەلاعلی کتکەیی) هەڵمەتیان بردە سەر گوندەکانی بیرەسپان و زەردك وبیبانی بەمەبەستی دەرکردنی هۆزەعەرەبەکان.. لەئەنجامدا پترلە(20) عەرەب کوژران.لەنێوانیاندا(**شیخ ضامن شیخ رکاض الجبوري**) باوکی (مشعان الجبووری) لەبەرانبەریشدا چوار (پ.م)شەهید بوون کەیەکێکیان سەرلق بوو بەناوی (مەلاعلی کتکەیی)

سەرلە ئێوارەی رۆژی٢٠-٣-١٩٦٦ لەکاتێکدا گەورەو بچووکی گوندی(ئۆمەربەگ) بێ ئاگابوون لەهەرمەترسییەکی چاوەڕوان کراو خەریکی ژیانی ئاسایی و بەنیازی ئامادەکاری یادی نەورۆزبوون..

٢٠ چەکدار لە خزم وکەسوکاری (مشعان الجبوری) وەك تۆڵە سەندنەوە لە خەڵکی سڤیل و بێ چەك، پەلاماری (ئۆمەربەگ)ی ناوچەی (شوان)یان داو کەوتنە کۆکردنەوەی دانیشتووانی ئاوایی لەبەر ماڵانی گوند..پاش بێ حورمەتی وسووکایەتی زۆر.. رووی لوولەی چەکەکانیان کردە ژن و منداڵ و پیرەمێردو بی بەزییانەئاگربارانیان کردن..لەئەنجامدا تاوانێکی تریان خستە پاڵ سەدان تاوانی پێشوو تریان و(١١)هاووڵاتی بێوەی،(١١)مرۆڤی بێتاوان لە سەرخاکی باب و باپیرانی خۆیان خەڵتانی خوێن کران و خوێنی رژاویان بوو بە سووتەنی مەشخەڵانی گری ئاگری نەورۆز ورۆحیان بوو بە ئاوازی سروودی ئەمساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە..

(٥)هاووڵاتیش بریندار بوون و تا شەوەکەی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر هاتن بە هانایانەوە..

لە نێو خڵتانی خوێنی خۆیان دا دەتلانەوە..

**لیستی ناوی شەهید و بریندارەکان:**

| ز | ناووەکان | شەهید یا بریندار | ساڵی بوون | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نەوزەر رەمەزان فەقێ | شەهید | ١٩٥٧ | |
| ٢ | بەهرۆز رمەزان فەقێ | شەهید | ١٩٦١ | |
| ٣ | ڕووناك رمەزان فەقێ | شەهید | ١٩٦٣ | |
| ٤ | ئامینە محمد قادر | شەهید | ١٩١٢ | |
| ٥ | خالید محمد قادر | شەهید | ١٩٣٠ | |
| ٦ | عبدالرحمان محمد هەمین پاپیلانی | شەهید | ١٩١٠ | |
| ٧ | صبریە کاکە میرمحمدقادر | شەهید | ١٩٣٥ | |
| ٨ | سروە مجید ملاحمدامین | شەهید | ١٩٦٥ | |
| ٩ | صباح خالید محمد | شەهید | ١٩٦٤ | زراوی رژا |
| ١٠ | نجات حەمشریف کۆچەکی | شەهید | ١٩٦٣ | |
| ١١ | خێزانی حەمشریف کۆچەکی | شەهید | | دایکی نەجات |
| ١٢ | قدریە یونس تۆفیق | بریندار | | |
| ١٣ | گوڵە حەمصالح | بریندار | | |
| ١٤ | جیهاد حمە صالح | بریندار | | |
| ١٥ | زێرین حمە صالح | بریندار | | |
| ١٦ | مەجید مەلا حەمەدەمین | بریندار | | |

ئازادی     شیعری / شاخی

لـــە پێناوی ئـــازادی دا.
لەپێناوئاشتی وشادی دا.
هەم لەپێناوی یـــەکێتی.
گەلی ئێمە.. لەسەرگێتی.
خوێنی هەزارن لاوی رژا.
هەزاران گوڵی..لێ  پژا.
بەسەدان لاو لەداردران
هەزاران ماڵ کاولکران.
رێی رزگاری دەبێ وابێ.
بێ هەوڵ هیچ پەیانابێ.
لەپێناوچوون ئەومناڵانە.
خەوتبوون لەسەرجۆلانە.
لەگەڵ گزنگی بەیـــانا.
ناحەزدایان بەسەریانا.
ناحەزیدرِندەی مەغروور.
بە مرەمرِ دەچوونە  ژوور.
لەپێـــش تفەنگ تەقینەوە.
دوای هەلهۆ لە بەقینەوە:
ئەمانەش هەرمناڵەکوردن.
مەڵێن ئیـستا ساواو وردن.
لەدوارۆژدا دەبن بەلاو
بەئاســـانی ناکرێن راو.

**لوولەی تفەنگیان نابووە دەم.**

**مناڵەیش مژی بووی وەک مەم.**

**بەدەم لوولەوە ێکەنی بوو.**

**جارناجارەیش راچەنی بوو.**

**پێکەنین پەستی کردبوون.**

**بای ڕەگەز..مەستی کردبوون.**

**دوا ی هۆسەیە ک دە قیژانێ.**

**تەقە و!!، مێشکی دەپژێنێ.**

**وەکوگوڵێ دەی پوشکێنێ.**

**بەخوێنی خۆی دینەخشێنێ.**

**کە خوێن دێتەخوار لەلانک.**

**دەڕژێتەسەرزەوی تک تک.**

**بەڵام نێوئەو لانکە ..قوولە.**

**پێچرابوو ،نەی کردبوو جوولە.**

**کەدادەچۆڕێ خوێنی سوور.**

**جەرگ ودل دەکەن بەتەنوور.**

**سەدان واکوژرن بەبێ جەنگ.**

**تایبەت لە ( سۆریا ) و (ئۆمەربەگ)**

**ئاوا   بەخوێن مناڵ ولاو.**

**بەدەربەدەری وماڵ سوتاو.**

**لەم وولاتەدا گەلی کورد.**

**داوای مافی رەوای خۆی کرد.**

*ئەم شیعرم لە ساڵی ١٩٦٩دا بۆکارەساتی شەهیدانی ( ئۆمەربەگ )نووسی و لەئاهەنگی گەورەی حەسار لەساڵی١٩٧٠ خوێندمەوە.

## با گوندەکان ئاوەدان بکەینەوە !

هەزاران ساڵ پترەباوباپیرانی ئێمەگوندەکانی کوردستانیان ئاوەدان کردۆتەوە، بەدەیان جارئەم نیشتمانەی ئێمەکەوتۆتە بەرشالاّوو پەلاماری لەشکری داگیرکەران وکاول وێرانکراوە، هەمووجارێك وابەستەیی مرۆڤـــــــ بەخاکەوە وای کردووەئاوەدانیانکردۆتەوە، رابردووبۆخۆی شاهیدەکە هەر گوندەکان بوون سەرچاوەی بژێوی شارەکان ودەستەبەری پێشکەوتن وئاوەدانی وگەورەبوونیان..

لەسەرجەم پەلامار و لەشکرکێشی داگیرکەراندا بۆ سەرکوردستان،هەررۆڵە ئازاکانی ئەوان سووتەمەنی کوورەی جەنگ وشەڕەکانی بەرگری بوون، لەسەرجەم شۆڕش وراپەڕینەکانی ئەم دواییەشدا کەس نییەنکوڵی لە دەوری جوامێرانەی گوندنشینەکان بکات جارێکی ترلەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول رژێمی ئەوسای عیراق لەئەنجامی لەخۆبایی بوون کەوتەوە وێرانکردنی هەموو گوندەکانی سنوور(عێراق-ئێران-تورکیا)وراگوێزانی دانیشتووانەکانی بەمەبەستی بڕینی پەیوەندی ..

دوابەدوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ جارێکی تربەچڕی کەوتەوە وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان،خۆمان باشمان لەیادە کە لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا دەمانگووت:-

شۆڕش وجەماوەر هەر وەك ماسی وئاو وان ،چۆن ماسی بەبێ ئاوناژی،ئاویش بە ماسی یەوە جون ترو خاوێنتردەبێت...

ئیترکەناوچەئازادکراوەکان بوونەوە بەقەلاّوسەنگەری بەرەنگاری و ومەکۆی ئۆپۆزسیۆنی عێرقی وشۆڕشگێرانی دەوروبەر، لەشارەکانیش مەترسی گەورەکەوتە سەر رژێم، هەربۆیە بەبەرنامەونەخشەی بۆداڕێژراوتاوانبار علی حسن مجید(علی کیمیاوی) بووبەخاوەنی دەسەلاّتی رەها،جارێکی ترکەوتنەوە وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان بەگشتی ودەوروبەری کەرکوك بەتایبەتی...

وا لەلای خوارەوەناوی ئەوگوندە وێرانکرانە یاداشت دەکەم کە لەدەفتەری بیرەوەری پێشمەرگەیەکی (تیپی ۲۱ی کەرکوك)دا تۆمارکرابوون:

| ز | ناوی گوند | سەربەناحیەی | ڕۆژی رووخاندن | راگویێزان بۆ.. |
|---|---|---|---|---|
| ١ | گۆپتەپە | ئاغجەلەر | ١٩٨٥\٢\٧ | ئاوەدانکرایەوە |
| ٢ | قولی بەگ | شوان | ١٩٨٦\١٢\٢١ | = |
| ٣ | تۆمار | شوان | ١٩٨٧\١\٢٩ | هەولێر-شۆڕش |
| ٤ | قەفار | شوان | ١٩٨٧\١\٢٩ | هەولێر-شۆڕش |
| ٥ | گورگان | شوان | ١٩٨٧\١\٢٩ | هەولێر-شۆڕش |
| ٦ | ئیلنجاغ | شوان | ١٩٨٧\٢\١٠ | هەولێر-شۆڕش |
| ٧ | یارمجە | پردێ | ١٩٨٧\٢\٢٨ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ٨ | سەقزلی | پردێ | ١٩٨٧\٣\٨ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ٩ | دارەمان | پردێ | ١٩٨٧\٣\١٠ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ١٠ | جاجی بەیخان | شوان | ١٩٨٧\٣\٩ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ١١ | بیرەسپان خواروو | پردێ | ١٩٨٧\٣\١١ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ١٢ | بیرەسپان سەروو | پردێ | ١٩٨٧\٣\١٢ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ١٣ | سمایل بەگی | شوان | ١٩٨٨\٣\١٢ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ١٤ | قادرباغر | پردێ | ١٩٨٧\٣\٢٤ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ١٥ | کەڵووڕ | پردێ | ١٩٨٧\٣\٢٨ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ١٦ | حەسار وەلی پاشا | پردێ | ١٩٨٧\٣\٣٠ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ١٧ | ڕۆژبەیانی | پردێ | ١٩٨٧\٤\٢ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ١٨ | زەردك | پردێ | ١٩٨٧\٤\٣٠ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ١٩ | بیبانی | پردێ | ١٩٨٧\٥\٢ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ٢٠ | گۆڵدەرە | پردێ | ١٩٨٧\٥\٣ | ئۆردوگا-هەولێر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢١ | تۆراغ | شوان | ١٩٨٧\٥\١٠ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ٢٢ | قادرزەمە | شوان | ١٩٨٧\٥\١٠ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ٢٣ | دووبزنی | شوان | ١٩٨٧\٥\١٠ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ٢٤ | کارێز | شوان | ١٩٨٧\٥\١١ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ٢٥ | بیرالَك | شوان | ١٩٨٧\٥\١١ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ٢٦ | حەسار تەها | شوان | ١٩٨٧\٥\١٤ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ٢٧ | رێدار | ناوەندی شوان | ١٩٨٧\٦\٢٨ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ٢٨ | قەرەسالم | پردێ | ١٩٨٧\٦\٢ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ٢٩ | ئۆمەرمەندان | شوان | ١٩٨٧\٦\٢ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ٣٠ | نەبیاوە | پردێ | ١٩٨٧\٨\٢٦ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ٣١ | قولی بەگ-دوەمجار | شوان | ١٩٨٧\٩\٧ | ئۆردوگا-هەولێر |
| ٣٢ | گۆگجە | کەرکوك | ١٩٨٧\٨\٢٣ | ئۆردوگا-هەولێر |

* لەژمارە (٩٠٥) رۆژی ٢\٢\٢٠٠٩ی رۆژنامەی ئاسۆدا بلاَوکراوەتەوە .

## وەڵامێکی پێویست *

ماوەیەکە لێرە ولەوێ لەهەندێك سایت ورۆژنامەی ئەلکترۆنییەکاندابەناڕەوا بابەتی نادروست لەسەر سەفەرەکەی جەنابی مامجەلال بۆکەرکوك بلاۆدەکەنەوە ،وەك ئەوەی کەگوایە (مام جەلال دەزانێت نابێت بەماندێلا بۆنەتەوەی کورد) و(خەڵکی کەرکوك بەهاتنی مام جەلال لەناخەوەدڵیاندا دەخورپێت) و(هێندەی پرۆژەی پێیەبۆعەرەب وتورکمان چارەکێکی پێنیە بۆکەرکوك..) هەربەوەندە ناوەستن کە بە تەنیا پەلاماری بەرێزمام جەلال بدەن ، بەڵکوپەلاماری سەرۆکی هەرێم کاك مەسعودیش دەدەن...

ناشێ وناکرێ ئەوجۆرەبابەتانەبێ وەلاّمدانەوەتێپەڕبن، لەوەلاّمی یەکێك لەوولاّتپارێزەبێ ئاگایانەدا ئەم روونکردنەوەیە بەپێویستدەزانم:

- هەرکەسێك ئەگەرتۆزقالّێك شارەزایی لەئەلفوبای کوردایەتی هەبێت وخوێندنەوەی بۆکێشەیەکی چارەنووسسازی وەك کێشەی کەرکوك هەبێت،هەرگیزبەوجۆرەبیرناکاتەوە...

مەگەرهێشتانازان نچارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك وەك نشتەرگەری دەماغ وایە.؟

من گومان دەکەم کەنووسەری ئەوبابەتەخۆی لەکەرکوك بێت، ئەگەرئەولەکەرکوك بوایە بێشك ئەو هەموو پرۆژانەی نادیدە نەدەگرت کەبەیارمەتی خودی مام جەلال وبودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە(تۆبزاوا)و(شۆراو)و (سێکانیان)و(پەنجاگوندی خوارووی کەرکوك )و گەڕەکی کوردستان (فەیلەق)و(پەنجاعەلی)و(کوردەمیل)...

ئەنجامدراون،ئاخرکاکی خۆم تۆزێ ویژدان..زۆرباشە... مام جەلال سەرکۆماری هەمووعێراقییەکانە، تەنیاسەرکۆماری کوردنییە،چی دەبێت ئەگەربڕیاری دروستکردنی(١٠٠)خانووبۆوارسی سەدقوربانی تورکمانی دەستی رژێمی پیشووبدات!؟ ئەویش بۆ شەهید نەك وەك جەنابتان بەمردووناوتان بردوون،ئەویش سەدخانوونەك وەك جەنابتان نووسیوتانە(١٠٠)شوققە.

ئەگەرکەسێك هەبێت دانی مافی رەوای تروکمانەکان نادیدەبگرێت،ئەوەهێشتاماویەتی بابچێت (جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤـــــ )بخوێنێتەوە، ئەوسابەهەقی دەزانێ لەسێ پۆستی سەرەکی شارەکە دووەمیان بۆدووەم پێکهاتەی بێت..

کاکی برا...! ناهەقتان ناگرین ئەگەرلەدوورەوە قسان دەکەن، ئێمەلەنزیکەوە ئاگامان لەسەفەرەکەی ئەم جارەی بەرێزمام جەلال هەبوو، وەك خۆی بۆمیوانەکانیش روون دەکردە وەئامانجی ئەم سەردانە بەئاگاداری کاك مەسعودسەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بووە...

ئەگەردەتانەوێ لەنزیکەوەلەشەقامی کەرکوك ئاگاداربن وەرن لەکاسبکارەتورکمانەکان بپرسن، ئەوجا زۆرباش دەزانن ئەم سەفەرەچەندلەقازانجی هەمووپێکهاتەکانی کەرکوك بووە...

ئەوەی هەرتۆزێك ئاگای لەتەمەنی پڕلەخەبات وماندووبوونی جەنابی مام جەلال هەبێت،بڕواناکەم وابەناڕەوا لەئەهەمییەت وگرنگی سەفەرەکەی کەمبکاتەوە،باهەرنەبێت ئەوجۆرە نووسەرە بەراوردێك لەنێوان تەمەنی خۆیان وتەمەنی پێشمەرگایەتی وخەباتی مام جەلال بکەن..

ئەوجائەگەرلەروویان هات بابەوجۆرەقسان بکەن..

مام جەلالێك کەسەرۆکی هەمووعێراقییەکانە بەهەرێمی کوردستانیشەوە.. باش ئەوراستییەدەزانێ ئەوپۆستە بەریرەنج وخەباتی پێشمەرگایەتییە،بەخوێنی شەهیدان وئەنفالکراوەکان بەدەستهاتووە، هەربۆراستی ئەم قسەیەشمان لەکاتی گەیشتنی بەشوێنی حەوانەوەی لەکەرکوك،بەچاوی خۆمان بینیمان یەکێك لەپێشمەرگەکانی دەستەکەی ویستی گۆچانەکەی لێوەربگرێ ولەکامێرادووری بخاتەوە،نەبادا دۆستودوژمن...بڵێن ئەوەنیشانەی پیربوون وپەککەوتەییەتی ..

کەچی بەرێزمام جەلال گۆچانەکەی لێ سەندەوە،گووتی :(رۆڵە..! من ئەوگۆچانەم بۆچەندهۆیەك هەڵگرتووە،یەکێك لەومەبەستانەئەوەیەکەگۆچانەکەی سەردەمی پێشمەرگایەتی، سەردەمی قەندیلم لەبیرنەچێت کەئێمەی گەیاندەئەم شوێنە..کەئێمەی گەیاندبەکۆشکی ئاشتی لەبەغدا..)

ئەگەرراستەکورددەیەوێت کەرکوك بگەڕێتەوەسەرهەرێمی کوردستان،هیچ رێگایەکی تری لەبەردەمدا نەماوەتەوەتەنیاوتەنیائەونەخشەی رێگایەنەبێت کەجەنابی مام جەلال کێشاویانە..

لەکۆتاییدابەوجۆرە بێ خەبەرانەدەڵێم (ئەگەرگوڵنابن دڕکیش مەبن..!)

---

* ئەم بابەتەلەسایتی (PUK MEDIA ) دابلاۆکرایەوە

# کاربەدەستان...
# لەسەرپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەردەوامن

لەکاتێکدا زۆربەی ولأتانی جیهان ئەمساڵ یادی(٥٠)ساڵەی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ دەکەنەوە،کەچی لەعێرقدا لەهەمان کاتدا تاوان لەدوای تاوان ئەنجام دەدەن،بەند لەدوای بەندئەوجارنامەیە پێشێل دەکەن و هیچ پەندێك لەرابردوو وەرناگرن. بەپێی هەواڵەکان:

١ — ئەوهاوولأتییانەی رۆژانە هاتوچۆی (سلێمانی وهەولێر)دەکەن لەبازگەکانی رژێمدا هەریەکەهەزاردینارچاپی عێراقییان سەرانە لێ دەسێنن، ئەوجا رێگایان پێدەدەن.

٢ — لەدرێژەی کۆچی زۆرەملێ کاربەدەستانی رژێم بڕیاریان داوە کۆمەڵێکی زۆری تری عەرەب لەخوارووناوەراستی عێراقەوەبهێنن ولەکو ردستان نیشتەجێیان بکەن.بۆئەومەبەستە دەستکراوە بەدرووستکردنی چەندگوندیك لە سنووری کەرکوك.بۆهەرخێزانێکی عەرەبی هاوردە(٦٠٠)م زەوی بۆخانوولەگەڵ(٢٠٠ تا٤٠٠)دۆنم زەوی کشتوکاڵی دابین کراوە.

٣ — لە گەڕەکی شۆڕیجەی کەرکوك (٣٥)خێزانی کورد ئاگادارکراونەتەوە کە خۆیان ئامادە بکەن بۆکۆچکردن بەرەوناوچە ئازادکراوەکانی ژێردەسەلأتی حکومەتی هەریچمی کوردستان.

٤ — دێی تۆبزاوا کەپێشتر ماڵەکوردتورکمانەکانی لێ دەرکراوە، چەند خێزانێکی عەرەبیان لێ نیشتەجێ کردووە کەئەم ناوانە سەرپەرشتییان دەکەن وهەرخێزانێکیش دووهەزاردۆنم زەوییان پێداوە:

| | |
|---|---|
| ١-علی حسن | ٢- عگوان أحمد |
| ٣ —شجاع محسن | ٤-محمدنعمان |

٤ — گوندی سەیدوەلی کەپێشتر دانیشتووانەکەی کۆچی پێکراوە، چەندخێزانێکی عەرەبیان بۆهێناوەو لەجێی کوردەکان نیشتەجێیانکردوون،هەرخێزانەو ٢٠٠٠ دۆنم زەوی پێدراوە لەوانە:

| | |
|---|---|
| ١ — هیشام علی | ٢ — جبار خلف |
| ٣ — محسن خلف | ٤ — عبدالله سند |

**٥**– ئاوایی (علی سەرا)کاکەییەکان :ب

ەپارەیەکی کەمی قەڵبی عێراقی زەوی وزاری کوردەکانیـان خەملاڵندووەوچـەند خێزانێکـی عـەرەبیان هێناوە لەجێی کوردەکان نیشتەجێیانکردوون،بۆهەرخێزانەو هەزاردۆنم زەوی دابینکراوە،کەئەم ناوانن:

**١ – عمیدحسن عطیة ٢ – اسود هزاع ٣ – عطیة شنداغ**

**٦**– ئاوایی زەنقری کاکەییەکان:کوردەکانی لێ دەرکراوەوزەوی زارەکانیان دراوە بەعەرەب و عەشیرەتی (البوغنام)بۆهێنراوە کە(سیدمهدی)ناوێك سەرپەرشتییان دەکات.

**٧**– دێی فەریقاوا:

ئەم گوندە بەهۆی نزیکی لەشاری (داقوق)ەوەئێستا وەك گەڕەکێکی لێهاتووە،

لەسنووری ئەم ئاواییە ٢٠٠٠پارچەزەوی ئیفرازکراوە، هەرپارچەی لە

( ٦٠٠م)ەودراوەبەوعەرەبەهاوردانەی سیاسەتی تەعریب جێبەجێ دەکەن.

**٨**– ئاوایی محمودکارخ... :

کەدەکەوێتە ناوچەی تاڵەبان ماوەیەکی زۆرە خەڵکەکەی راگوێزراون بـەرەو ئۆردوگایـەك لەدەوروبـەری (فلوجـــە)کەئێســـتا ئەوخەڵکـــە لەهەلومـــەرجێکی زۆرناهـــەمواردا ژێـــان بەســـەردەبەن کراوەبە(العصریە)وتەعریب کراوە.*

---

*بلاوکراوەی (کەرکوك) ژ٤ کانوونی دووەمی ١٩٩٨

# تراژیدیای مەرگی ئاوارەیەك*

## عەبدول ئەمیر کەرکوکی چۆن سەری نایەوە؟

لەئەنجامی زۆڵم وزۆروچەوسانەوەی کورد،لەئەنجامی ئەنفال وتەعریب وتەرحیلی کورد،کۆمەڵ کۆمەڵ مرۆڤی بێتاوانی ئەم ولاّتە ئاوارەی ئەودیوی سنوورەکان دەبن،زۆرین یالەپەڕینەوەی سنوورەکاندا (مین)یان پێدا دەتەقێتەوەوبێسەروشوێن دەبن هەروەك بەسەر(قاسم عبدالله عبداللە)داهات کەچەند ساڵێکە هاوسەروکەسوکارومناڵەکانی لەچاوەروانی هەواڵێکی ژیانی کولەمەرگی بەسەردەبەن،یالەئاوەکانی ئیجەویۆناندا دەبنەخۆراکی ماسی ...یالە غوربەتدا ئاهو هەناسەبۆزێدی باو وباپیرانیان هەڵدەکێشن.

عبدول ئەمیر خەدام خەڵکی شاری کەرکوك ،دوای ئەوەی لەشارەکەی خۆی ئاوارەکرا،لەرێگای (سلێمانی-پێنجوێن)ەوە بەرەو ئێران پاشان پاکستان رێگای غەریبی دەگرێتەبەر،ماوەیەکی زۆرلەشاری (کوێتە) لەگەڵ سەدان ئاوارەی تری کورد داژیانی پڕلەچەرمەسەری ودەردەسەری بێزاری دەکات.

تالەزستانی١٩٩٥ لەگەڵ کۆمەڵێك ئاوارەی تردا لەبەردەم(un )دا مان لەنان خواردن دەگرن وداوای مافی پەنابەری سیاسی دەکەن،بەلاّم لەلایەن پۆلیسەکانی پاکستان و(un)ەوە زۆر بەنارەوا وەلام وەردەگرنەوە..

لەبەرانبەردا (عەبدول ئەمیرکەرکوکی )ماوەی (٥٣)رۆژ نان ناخواو لەوغەریبییەدا سەردەنێتەوەو شەهید دەبێت.

تراژیدیای مەرگی ئەم ئاوارە کەرکوکییە لەتراژیدیای شەهیدانی باکوری کوردستان وشەهیدانی خەباتی ئیرلەندیەکان دەچێ.......

---

*بلاوکراوەی (کەرکوك) ژ٤ کانوونی دووەمی ١٩٩٨بەناوی خوازراوی (ئومیدکەرکوکی).

## مامۆستانەریمان لەیادمەکەن

نووسراوێکی تری گەلەکەمان کەمامۆستاهێژامستەفاسییدئەحمەدبەرزنجی ناسراوبە(نەریمان)بوو،پێش ماوەیەك ماڵئاوایی لەکاروانی ئەدەب وپەروەردەوفێرکردن ومەیدانی خەبات وکوردایەتی کرد.

مامۆستای نەمر هەروەك چۆن هەمووتەمەنی تەرخانکردبووبۆخزمەت بەگەلەکەی لەپاش مەرگیشی بەوەسێتەبەنرخەکەی جارێکی تر هاتەوە خزمەت شارەکەی خۆی وسەلماندیەوەکە هەمیشە هەردڵسۆزی ئەو زێدونشتیمانەی باوباپیرانیەتی کەلەساڵی ١٩٢٥تێدا هەڵهێنابوو.

- ئاخرمامۆستابۆیەزێدلەهەمەووشاران لەگەڵ دوانیگای ماڵئاوایی داوای کرد کتێبخانە تایبەتییەکەی پێشکەش کتێبخانەی گشتی کفری بکرێت، چونکەهەمیشەیادگاریەکانی سەردەمی منالی کفری هەمیشەشنەشنیان بوو هەردەم لە بیروهۆشیدا ئەو وێنانە دووبارەدەبوونەوە کەلەساڵی ١٩٣٠دا لەسەرتەختەی قوتابخانە پەڕپووتەکەی ئەوسای شارەکەدا مامۆستاکەی فێری یەکەم وانەی نشتیمانپەروەری کرد.

- ئاخر لەوەێش نا هەقی نەبووئەگەردەروونی بووبوو بەکانی ئەدەب وزانست..چونکە لەکۆتایی سییەکاندابوو بۆتەواوکردنی قۆناغی ناوەندی رووی لەشاری کەرکوك کردبوو، بە رووناکایی گڕەپڕسۆزەکەی (باباگوڕگوڕ)دیدی روونا کتر بووبووەوە.هەرلەوشاردا لەساڵی١٩٤٢پەیوەندی کردبووبە(حیزبی هیوا)وە وەك ئەندامێکی چالاکی ئەوئەوحیزبە چەندین ساڵ لەریزەکانی خەبات و کوردایەتی دادرێژەی بەتێکۆشان دابوو.

- دواتر بۆتەواوکردنی(دارالمعلمین)رووی کردبووەشاری بەغداولەساڵی ١٩٤٤ بەسەرکەوتوویی گەڕاوەتەوە گەرمیان ولەقوتابخانەکانی(کەرکوك و کەلار وکولەجۆ وسەرقەلاٌ..)نەوەکانی داهاتووی دەرس داداوە، تاساڵی ١٩٤٥ لەگۆڕەپانی پەروەردەولەچالاکی وتێکۆشانی هۆشیار کردنەوەی رۆلەکانی گەلەکەیدا درێغی نەکردووە.

- هەر بەهۆی چالاکییەکانیەوە دوژمنانی نیگەران ونارەحەت کردووەو هەراسانیان لێ هەڵگیراوە وکەوتوونەتە سووسەکردنی ولەئەنجامداتووشی راونان وگرتن وئازاروئەشکەنجەولەسەرکارلابردن

ودوورخستنەوە هـاتووە،زیندانـەکانی (جلـولا)و(رمـادی)و(کـوت)و(بەغـدا)...بەڵگـەی تێکۆشـەری وئازایەتی وقارەمانییەتی مامۆستا(نەریمان)ن

هەرلـە ناوەراسـتی چـلەکانەوە هەتاسـاڵی ١٩٧٠ ژیـانی پڕلـە کـوێرەوەری و غوربـەت وئـاوارەیی لەشارەکانی(کوت)و(عمارە)وچەندشارێکی تری خوارووی عێراق بەسەربردووە.

- لەساڵی١٩٥٨یەکەمین رۆژژمێری کوردی بەناوی(کوردستان) ودواتـر بـەناوی (پیرەمێـرد)ەوە چـاپ وبڵاوکردۆتەوە،هەرلەهـــەمان ســاڵدا لەگـــەڵ چـــەندین کەســـایەتی تـــردا یاداشـــتنامەیەکیان داوە بەکاربەدەستانی ئەوسای عێراق و داوای بەکوردی کردنی خوێندنیان لەکوردستان کردووە.

- لەرۆژی ١٩٥٨\٧\٢٨دا ئەنـدامێکی ئەوشـاندەکوردییەبووە کـەبۆپیرۆزبایی سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ی گەلاوێژ چوونەتە بەغدای پایتەخت.

- ئەندامێکی چالاکی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد بووە لە(شەقلاوە)

- بەشداری کاریگەری هەبووە لەنووسین و وەرگێڕان وئامـادەکردنی (١٧) کتێبـی سـەربەقۆناغەکانی سەرەتایی وناوەندی و..دواتریش کتێبی (لەناوبردنی نەخوێندەواری)چاپ کردووە.

- لەوماوەیەدا یەکێك بووە لەئالاهەڵگرانی مەیدانی رۆژنامەگەری کوردی وبە سەدان بابەتی ئـەدەبی وپەروەردەیی وروونا کبیری...لە(گەلاوێژ وهەتاو و دەنگی گێتی تازە وژیـن وهـەولێر وشـەفەق وبـەیان وکاروان وهاوکاری و عێراق و رۆشنبیری نوێ....)بلاوکردۆتەوە.

- ماوەتەوە لەکۆتاییـدا بڵـێین..لـەیادی مەکـەن ئەوروونا کبیرەمەزنـەی بەهۆشـیاری وزیرەکـی خـۆی لەساڵی١٩٥٩بوو بەئەندامی(یەکێتی ئەدیبانی عـیراق)ولەسـاڵی١٩٧٢بووبەئەنـدامی کـارای(کـۆڕی زانیاری کورد)ولەساڵی ١٩٧٢تا١٩٧٦سکرتێری نووسینی گۆڤاری(بەیات)بوو.


-سـلاو ...هـەزاران سـلاوڵەژیانی پڕلەخـەبات وتێکۆشـان وئـاوەرەیی ونەبـەزینت ئـەی مامۆسـتای قوتابخانەی هەرێمی کۆچ وئاوارەیی وئەنفال..

ئەی تێکۆشەری جێگای شانازی گەرمیان وسێبەری (قەلای شێروانە)ی

لانکەی ئەدەب وهونەر و شارستانیەت...*

---

* بلاوکراوەی (کەرکوك) ژمارە ٤ی تشرینی یەکەمی١٩٩٨




شەهیدی سەرکردە خاڵەشەهاب

- شەهاب شێخ نوری شێخ ساڵح ساڵی ١٩٣٢ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە،باوکی شاعیرێکی گەورەی کوردستان بوو،ئەوان لەگەڵ عەبدوڵلاگۆران-داشیعری نوێیان داهێنا،لەبیستەکانی سەدەی رابردوودا سەرنووسەری رۆژنامەرەسمییەکەی حکومەتی شێخ مەحمودبوو.

- کاك شیهاب ساڵی ١٩٣٩چۆتەقوتابخانەی (فەیسەڵی)یەو

ساڵی ١٩٤٦ لەکۆلیژی فەیسەڵییە لەبەغداوەرگیراوە.

- لەخۆپیشاندانەکەی ساڵی١٩٥٠ی بەغدابەشداری کردووەو بریندابووە، بەوهۆیەوە

وازی لەخوێندن هێناوە،هەرلەتەمەنی لاوییەوە پەیوەندی کردووەبەپارتی دیموکراتی کوردستان ەوە

- لەسەرهەڵوێستی سیاسی خۆی چەندین جارزیندانی کراوەوتووشی ئازارودوورخستنەوە بووە.

- هەوڵی داوە لەناو ریزەکانی (پارتی)دا برەو بەبیروڕای سۆسیالیستی بدات لەم پێناوەشدا ماوەیەك لە بەغداکتێبخانەیەکی داناوە بۆ بلاۆکردنەوەی سەرچاوە زانستی یەکانی سۆسیالیست، لەسەرەتای حەفتاکاندارۆڵێکی گەورەی بینی لەدامەزراندنی(کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)دا. کەئەوکات پێیان ئەوت (کۆمەلەی مارکسی- لینینی).

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول هاورێ لەگەڵ ژمارەیەك تێکۆشەری تردا بۆپەیوەندی کردن بەسەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان- ەوە، ویستیان لەئێرانەوەخۆیان بگەیەننەدەرەوەی عێراق تاسەبارەت بەبارودۆخی تازەی کوردستان و ئەرکەرێکخراوەیی وسیاسیەکان بیروڕابگۆڕنەوە،بەلاّم رژێمی شای ئێران ئەم پۆلەتێکۆشەرەیان دەستگیرکردورادەستی کاربەدەستانی عێراقیان کردنەوە.

ئەم سەرکردەگەورەیە رۆژی۱۹۷٦/۱۱/۲۱و لەگەل شەهیدان جەعفەرعەبدولواحید و ئەنوەرزۆراب دا لەسێدارەدران.

هەزاران سلاّو لەگیانی پاکیان.

---

* ماڵپەڕی کوردستانی گەورە



# پەرژین کانەبی
# تەواری دوای ئەنفال

ئەگەرچی لەمێژا بوو پەندی پێشینانی کوردی ئەوراستییەی سەلماندبوو (شێر لەلانە دەرچێ چ نێر چ مێ ) بەلاّم مێژووی گەلانی ئازادیخوازیش پڕاوپڕە لە هەلّوێستی بەرزو شکۆمەند،زۆرن ئەومرۆڤە ناودارانەی ، بەبێ جیاوازی لە رەنگ وبیروباوەڕورەگەزو ئاین..بەقارەمانییەتی خۆیان ،ناوی خۆیان لە لیستی ناوە درەوشاوەکانی مێژووی مرۆڤایەتی تۆمارکردووە...

لە دیرۆکی تاریك وروونی کوردەواری خۆمانیشدا، وەك چۆن زۆر پیاوی جوامێروفەرماندەو کەسایەتی گیان بەخش و سەرکردەی ناودارونەمر هەن،هەلّو ئاسا چوونەتە لوتکەی هەلّویست ودوای شەهیدبوونیان ناوی خۆیان لەدەفتەری سەروەریدا تۆمارکردووە..

بەهەمان شێوە زۆرکچ و شێرە ژنی خاوەن هەلّوێستیش کۆتی دیلییەتییان پچڕاندووەو چاونەترسانە وەکو تەوار لەشەققەی بالّیان داوەو چوونەتە نێو رەوی بەرزەفڕەکان و لە ئاسمانی نەمرایدا بوونە بەئەستێرە و ناوی خۆیان خستۆتە پالّ ناوەکانی (زێرینای ئامێدی) و (قەدەمخێر)و(کوێخانێرگزی شوان) و(لەیلاقاسم ) و(زەکیەئالکان)و...سەدان شێرەژنی تر.

چیا سەربەرزەکانی (قەندیل )و (کێلەشین )و(خالّخالاّن) و(گارا)...شایەدی دەدەن کەچۆن ژنانی ولاّتپارێز لەپالّ هاوڕێ وهەڤالّ وباوك و براو هاوسەروکەسانی جێ متمانەی خۆیاندا ،لەسەنگەرەکانی داکۆکی لەمافە ڕەواکانی گەل بەگشتی وژن بەتایبەتیدا..گیانی خۆیان لەسەر لەپ دا دەناوەو پێشکەش بارەگای سەروەرییان کردووە..

شۆڕشی نوێی گەلەچەوساوەکەمان،جارێکی ترئەوراستییەی سەلماندۆتەوە،نەمەل بەبالّێ دەفرێ ونەچەپلّیش بەدەستێك لێدەدرێ ونەشۆڕشی درێژخایەنیش بە تەنیا یەك رەگەز دەگات بەئامانج..فەرموون ئەوەخەباتی دژواری رابردووی شاروشاخ ، ئەوە خەباتی نهێنی وخۆڕاگری ناو زیندان ورۆژگارەتالّەکانی سەردەمی بەرخۆدان..ئەوە ساتە پڕمەینەتییەکانی سەردەم ودوای ئەنفال و ئاوارەیی وراپەڕین وکۆڕەو...ئەوە ململانێی رەش وسپی ،هەق وناهەق...

ژنانی کوردستانیش درێغییان نەکردوە ،ئێستا مافی خۆیانە بەشانازییەوە داکۆکی لەمافەکانی خۆیان بەتایبەتی و مافی مرۆڤ بەگشتی بکەن.هەقی خۆشیانە، شایستەن بەوە کە زۆرلەئیستا پیرۆزتر،زۆرلەئیستا مەزن تر بەچاوی رێزەوە تەماشابکرێن ..

خاتوو (پەرژین کانەبی شێخ بزێنی) یەکێکە لەو ژنە تێکۆشەرو دلێروئازایانەی لەدوای ئەنفالەکان ،ژیانی کۆیلەیی و ئۆردوگاکانی بۆ قەبووڵ نەکرا،بۆئەوەی وەك هەزاران ژنی تر راپێچی زیندان و گەرمەسێرەکانی (رمادی)و(نوگرەسەلمان)نەکرێ .. لە رۆژی ١-٩-١٩٨٨ دا رووی کردە چەم وهەردەکانی شێخ بزێنی و خۆی گەیاندە پۆلێ لەپێشمەرگە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال ،کە بریتی بوون لە هاوسەرەکەی وچەند هاورێ وهەڤاڵێکی شەهیدان ( مام برایم ) و(مەلائاراس)...

ئیتر ئەمیش بەرگی خاکی پۆشی و چەکی کردەشان،بوو بەتەواری دوای ئەنفال وبەقارەمانی تێکۆشان،بووبە پارتیزانی چنگ بەگڕ.. بەپێشمەرگەی کوردستان.

لەولایشەوە سیخوڕو جاش وخۆفرۆشان، عەلی کیمیاوی و هەواڵگری و سوپای تالاَن..کەوتنە شوێن پێ هەڵگرتنی ئەمان، کەوتنە کۆکردنەوەی هێزو دارشتنی نەخشەی تاوان، تائەوەبوو لەرۆژی ١٥-٩-١٩٨٨ دا ، لەگەڵ گزنگی خۆرەتاو ،هێزێکی بێشوماری داگیرکەر..بەپاڵپشتی دەیان تانك وزرێپۆش و ( ١٦ )هەلیکۆپتەر و(٤) فڕۆکەی ( pylatos ) هیرشیان کردە سەر ( دوڕگەی مام نەجیم) لەسەر زێی بچووك،لە نێوان هەردوو گوندی (تولکی) و(ئاومال) ئەو رۆژە هەتا ئێوارە شەڕێکی نا بەرانبەر، نەبەردێکی قارەمانانەی تر، لەمێژووی ئازایەتی رۆڵەکانی کەرکوك وگەرمیان نووسرایەوە..

**زیانەکانی دوژمن لەو بەرگرییەدا :**

- کوژرانی ئەفسەرێك و پتر لە (٥٠ ) سەرباز بوو
- سەرلەئێوارە هێزەکەی رژێم گەڕایەوە مۆڵگەکانی خۆی ،
- باجی ئەو سەرکەوتنەیش شەهیدبوونی (پەرژین) وچوار هەڵوی تری کەرکوك بەناوەکانی( نەجات و رحمان و سعد و مەشعەل ) بوو.

# پەیامی کامەرانی

بۆ \ شەهیــدی نەمر کـامەران جەلال عەزیز *

- خۆ تۆش وەك شەهیدانی دەڤەرەکەت ( کوێخایابەی کاولەسوار )و( عەلی بڕنەو ) و ( عوسمان شێخ بزێنی )...
ئاوی سازگاری کانیاوەکانی ( هەنارە ) و ( ڕەزحەلە )ت نۆش نەکردبوو،خۆتۆ لەبەر مانگە شەوی بناری چیا..
گڕی پشکۆی کوانوی خامۆشی شۆڕشت..خۆش نەکردبوو،هەتا ئێستا ئێمە بڵێین هەقی خۆت بوو ئەوان ئاسا چۆن
لەسەرەتای شەستەکاندا خۆیان گەیاندە بنکەکانی ( چەمی ڕێزان )و( دەربەند )و( بەردەقارەمان )..
ئەمرۆکە تۆش ئەوان ئاساخۆت بگەیەنییەکاروانەنوێخوازەکەی(کاك ئارام)و(ئەنوەر)و..
ببیتە هاوڕێ وهەڤاڵی ڕێبازەکەی (مەلائاراس)و(ئاکۆسوور)...؟؟!
- خۆتۆ وەك ئێمە.. چەوسانەوەی چینایەتی لادێ و ژیانی پڕلەکولەمەرگی باوباپیرانی خۆت نەبینیبوو،
ئەی چی وای لێکردی خۆت پێ ڕانەگیرێ وبگەیتە خویدنگاکەی (خاڵەشەهاب)و
لەسەرتەختەبەردی ڕەقی بنکەکانی (شیوەسوور)و (خاڵخالان)..
فێری وانەی خەبات وپێشمەرگایەتی و تێکۆشان..بیت ؟؟!
- ئەوە چ ڕێبازێکی دەروێشانە،چ حاڵەتێکی حاڵگرتنی سۆفییانەبوو تۆی والێکرد بەوتەمەنە کەمەتەوە
بگەیتە خانەقاکەی (مام هێمن)و لە سوورقاوشان ،لەکۆرشی زیکری ڕەنجدەراندا ،
لەتەکیەکەی (کۆمەڵە)دا فێری وانەی (یەکێتی)بیت..؟؟!
- ئەی پێشمەرگەژیکەلەکەی(هەرێمی دوو)ئەورۆژەی تۆ بەکەرکوك گووت: من ماڵئاوا ..
ئەورۆژەی بەبێ چرپە جیابوویتەوە لە گەڕەکی ڕەحیماوا..
بۆئێوارە تفەنگێك وکتێبێك و ئەشکەوتێك پێیان گووتی : تۆ بەخێربێی..
!ئەی کوڕەکەی باباگڕگڕ تۆ خۆشهاتی..!
- لەئەم وڵاتی پڕ زوڵم مەرگەسات وغەدرەنەبێت، لەکام وڵاتی دنیادا ،یاسا واپێشێلکراوە..؟
مافی مرۆڤ واشێواوە،گەنجی تەمەن خوار (١٦) ساڵ ، کراوەبە(٢١)ساڵ و..مەرگی بەسەردا سەپاوە.؟

- لەزیندانەکانی کەرکوك و( هیئەی خاصە )و قەسابخانەکەی موصل نەبێ لەکام زیندانی تاواندا مرۆڤـ گاڵتەی بەمەرگ هاتووەو بەرلەشەهیدبونی خۆی سروودی (ئەی شەهیدان )ی بۆلاواندنەوەی مەرگی خۆی گووتۆتەوە..؟!

- ئەی هەڤـاڵە شەهیدەکەم..!

کاتێ هاورێکانت هاتن ..لەگەڵ خۆیان نامەیەکی وەك چکلێت و کتێبۆکەیەکی(کۆمەڵە)و

نامەکامی ژمارە(٤٢)و (٤٣)یان گەیاند پێمان..منیش لەوەلاّمدانووسیم:

ئەی هاورێیان..! گەلێك خاوەن رۆلەی ئازای وەکوهاورێ (کامەران) بێ،

رۆژێ هەردێ دەبێ بگا بە ئامانج و کامەران بێ.

## کورتەی ژیانی شەهید

- ناوی (کامەران جەلال عەزیز)
- لەدایك بووی ١٩٦٥گەڕەکی (ئیمام قاسم) ی کەرکوك بوو
- لە بەهاری ١٩٨٠ لە هەرێمی دووی کەرکوك دەبیت بە پێشمەرگەی (ی.ن.ك).
- لە ١٠-٣-١٩٨١ لە نزیك کەرکوك بەدیلی دەکەوێتە دەست دوژمن و راپێچی زیندان دەکرێ.
- لەرۆژی ٢٣-٥-١٩٨١ دادگایی دەکرێ وسزای لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت.
- بەرلە سێدارەدانی لەزیندانەوە چەندین نامە بۆ هەڤاڵەکانی دەنێرێ،
که لە نامیلکەی کۆمەڵە بلاۆکراونەتەوە.
- لە رۆژی ١٣-٦- ١٩٨١ لە قەسابخانەی موصل لەسێدارە دراوە .

* ئەم بابەتە وەك سەروتار لەلایەن نووسەر(بەرێوەبەری نووسین)ی گۆڤاری شەهیدەوە لە ژمار(١٠)ی حوزەیرانی٢٠٠٠دا بلاّوکراوەتەوە.



# لەیادی *
# مامۆستا عەلی مەردان دا

جێی خۆیەتی ئەگەرگەلانی دنیا شانازی بە شاکارەکانی خۆیانەوەبکەن،شانازی بەئەدەب وفلکلۆرومێژووی خۆیانەوە ، شانازی بەهونەرمەندانی خۆیانەوە بکەن..

هەروەها ئێمەی کوردیش ناهەقمان نییە ئەگەر شانازی بەمامۆستای هونەرمەندانی خۆمان، بەلووتکەی مقامی کوردی بە ئەستێرەگەشەی ئاسمانی هونەری کەرکوك وگەرمیانەوە بکەین.

مامۆستا بەڕاستی فریشتەی پەیام پەروەری ئەوهونەرە زولاڵ ورەسەنەبوو،هەرخۆشی شکۆمەندی بەمەقام وبەستەوگۆرانی کوردی بەخشی یەوە..

ئەی مامۆستای نەمر..!

یادی تۆ بۆهەمیشە لەویژدان وناخی ئێمەدا هەربەرزو بڵندوپیرۆزە..

ئەمرۆ لەهەمووشارولادێی ئازاد وتازە ئاوەدانەکاندا،لەکەرکوکی داگیرکراوی ژێرچەقۆی جەلادەکاندا، لەهەمووکوچەوکۆلان وکەپروهەوارێکی هەرێمی کوردستاندا..عاشقاتی هونەروریبازەکەت...

سەری رێزلەئاست پەیکەری بیرەوەرییەکانتدا دادەنوێنن،ئەمرۆ لەکاتێکدائێمە لەبلاوکراوەی (کەرکوك)ەوە یادی تۆپیرۆزدەکەین،لەهەمان کاتدا شارەکەت، نشتیمانەکەت،لانەکەت، خاسەوقەلاجوانەکەت،شۆریجە و لەیلانەکەت،کەرکوکی قودسی کوردستانەکەت..وێران دەکەن.

دڵنیابە ئەگەرچی توانییان(٥)هەزارگوند بروخێنن،ئەگەرچی توانییان(١٨٢)هەزار هۆرەوقەتارو ئەڵلاوەیسی لەگەرمیان وکوێستانەکەت بدزن..

بەلام دڵنیابە..! تۆلەجیهانی نەمراندای...هەرگیزاوهەرگیز ناتوانن لووتکەی بەرزی هونەرکوردی نەوی بکەن.. قەت ناتوانن هەلۆی بەرزەفڕی خەبات کەوی بکەن.

* لە ژمارە (٣)ی بلاوکراوەی (کەرکوك) ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨دا بلاوکراوەتەوە.

# کەرکوك و
# چەندشالاوێکی تری تەعریب *

* حکومــەتی زاڵــم وزۆرداری عێــراق لەچوارچــێوەی درێــژەدان بەسیاســەتی تەعریبکردن،لەکــەرکوك وناوچــەکانی دەوروبەریدا ،هەستاوە بەدرووستکردنی (٧) مجمع بۆعەرەبی هاوردوو بۆناوچەکانی(ساڵەیی وبیبانی)بەم شێوەیە:

١ – لەسنووری گوندی (حەساری گەورە) مجمعی ژمارە(١)ی دروستکردووە بـەناوی (السـعیر) بـۆ چـەندخێزانێکی سەربەهۆزی(لهیب) کەشێخەکەیان ناوی (شیخ خلف) ە و تا ئێستا نزیکەی (٥٠) ماڵی بۆ هاتووە..

٢ - لەسنووری گوندی (کەڵۆر) مجمعی ژمارە(٢) بۆ چەندخێزانێکی (حدیدی) دروستکراوە،کەنزیکەی(٦٠) خێـزان دەبن دووشیخ سەرپەرشتییان دەکەن بەناوەکانی (حاج حسن) و(شیخ مهرد).

٣ – لە سنووری گوندی (بیبانی) مجمعێکیان دروستکردووە بۆ نزیکەی (٦٠) خێزانـی سـەر بـە هـۆزی (العبیـد)و لەلایەن کەسێکەوە سەرپەرشتی دەکرێن کە ناوی (شیخ مالك)ە .

٤ – لەئاستی گوندی (یارمجە) لەسەر رێگای گشتی (کەرکوك- هەولێر)مجمعێکیان دامەزراندووە بۆ پتر لە(٣٠) خیزانی عەرەب، کەبەخۆشیان دەڵێن (سید) شیخەکەیان ناوی (سیدیوسف)ە .

٥ – لەسنووری گوندی (نەبیاوا) چەند خانوویەکیان دروستکردووە،بەناوی (الصمود)ە ،ئەوعەرەبانەی بـۆی هـاتوون بریتین لەپتر لە(٥٠)خێزان)وسەر بەهۆزی(العزە)ن وشێخەکەیانیش ناوی (حسین شاکرالعزاوی)یە.

٦ – لەنزیك گوندی (گەڵۆزی) چەندین خانوو درووستکراوە بۆ ئەوعەرەبانەی کەبۆی هاتوون، پتر لە(٤٠) خێزان دەبن وشیخەکەیان ناوی (نجم)ەو ،هەندێکیان لە (بایچی)یەوە هاتوون.

٧ – لە نزیك ناحیەی(پردێ ) خانوو بۆ (٥٠)خێزانی هۆزی (جبور) کراوە، کەشێخەکەیان ناوی (شیخ سعیدسعد الجبوری)یە.

٨ – گوندی (ترکەلان)ی تورکمان نشین خەڵکەکەی ترحیل کراوە وگوندەکەیانیان بەخشیوە بە (سیدسفیان) ناوەکەیشیان کردووە بە(قریە سید سفیان).

٩ – گوندی (تۆبزاوا)ی خوار کەرکوك ئەوشوێنەی ئەنفالکراوەکانی لێ کۆکرابۆوە، خەڵکەکەی پێشتر دەرکرابوون ،ئێستا دراوە دراوە بە (سید خلف) ناوەکەشیان گۆڕیوە بۆ(قریە سیدخلف).

* هەروەها هەواڵەکان وارادەگەیەنن،بریاروایە بەم نزیکانە (٢٥٠) خێزانی تری عـەرەب بهێنن بۆسنووری گوندەکانی (بیرەسپان،کارێز،بیرالك،ئالی بەیان)و لەو ناوە جێگیریان بکەن، گوایە لەمانگی تموزی١٩٩٨دا (گە الجزراوی)خۆی هاتۆتە ناوچەکەو سەردانی هەندێ لەومجمعانەی کردووە،زۆرهانی داون کەخانووی باشتر دروست بکـەن،پێی گووتـوون دڵنیابن کە جارێکی تر کوردەکان ناگەڕێنەوە...

بەلێنی هەڵکەندن و تجهیز کردنی (١٠٠) بیری ئیرتیوازی پێداون و رێگاشی پێداون کە کرێکاری کورد بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکانیان بهێنن..

* هەرچەند رژێم بۆسەرکەوتنی سیاسەتی تعریبکردنی دەوروبەری کەرکوك بە هەزاران دۆنم زەوی مولکی کوردو تورکمانی داگیرکردووەو بەسەر عەرەبە هاتووەکاندا دابەشی کردووە،بەلاّم تائیستا هێشتا ناوێرن خانووی باش درووست بکەن وبەتەواوەتی جێگیربن..

تائێستا هەر ئەوخێزانانە بەکاتی هاتوون کە لە ژمارەکانی پێشوودا باسمانکردوون.

* لەسنووری گەرمیانیش لەکۆتایی مانگی ئابی ئەمسالّدا،پارێزگای (دیالی) بەنووسراوێك ئاگاداری قائیمقامییەت وشارەوانی خانەقینی کردووە، دەبێ بەزووترین کات گەرەکەکوردییەکانی(ئەرکەوازی، ٧نیسان ،١٧ تموز ،ئاغاخلیفە) بروخێنن وخەڵکەکەی سەرگەردانکەن بەبیانووی ئەوەی گوایە (تجاوز)ن.

- هەروەها ئاگاداری هەموو عەرەبەهاوردەکانی خانەقی کراوەتەوە،بەتایبەت ئەوانەی کە لەناوەراست وخوارووی عێراقەوە هاتوون،بەپەلە رەگەزنامەکانیان بگوێزنەوە بۆ سەر خانەقین ئەگەرنا ئەوزەوی وئیمتیازانەی پێیان دراوە لێیان دەسەندرێتەوە....

- لەسنووری (دوز)یش لەکاتێکدا چەند خێزانێکی( شێخانی)کورد ، داوای گەرانەوەیان کردبوو بۆگوندەکانی خۆیان لە (چاڵە و دوانە) و (میل ناصر)و (عزیزبەگ)تا ئاوەدانی بکەنەوە،رژێم لەوەلاّمیاندا ئەومەرجەی داواکردبوو : لەهەر گوندێك لەگەڵخۆیان (١٠)خێزانی عەرب جێگیر بکەن وزەویان پێبدەن و خۆشیان بەعەرەب تۆماربکەنەوە، ئەوسا رازی دەبن ..خەڵکەکەیش ئەومەرجانەیان رەتکردۆتەوە...

- هەروەهارژێم لەسنووری (ناحیەی جبارە)لەمانگی ئابی ئەمسالّەوە هەمووخێزانە کوردەکانی ئاگادارکردۆتەوە ،ی ادەبێت رەگەزنامەی خۆیان بگورن بەعەرەب، یاهەرچی زەوی وزاریان هەیە لێیان دەسەندرێتەوە ودەدرێت بەعەرەبی هاوردە..

- هەر لەسنووری جبارە وقەرەتەپەوە هەواڵەکان وا دەگەیەنن کەحکومەتی عێراق بەنیازە لەشوێن گوندە کاولکراوەکانی کورد ی ساڵی١٩٨٧دا پێنج (مجمع) بۆعەرەبی هاوردەبکاتەوە، بەتایبەت لەسنووری گوندەکانی (قەرەیاتاغ وتەپەعلی وأحمدئاغا)لە نزیك (کولەجۆ)و(جبارە).

* بلاّوکراوەی کەرکوك ژمارە (٣) تشرینی دووەمی ١٩٩٨

وتـاری سکـرتیـری رووناکبـیری

# لەیادی ڕاپەڕین ورزگارکردنی کەرکوک دا *

خوشك وبرایانی بەرێز..

کەسوکاری شەهیدوئەنفالکراوەکان.

ئاوارە خۆڕاگرەکان.

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ هەوڵەکانی ئاشتی لەکوردستاندا

بەبۆنەی حەوتەمین یادی ڕاپەڕین ورزگارکردنی کەرکوك وجەژنی نەورۆزەوە پیرۆزبایی لەئێوەی بەرێزو سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەگشتی وخەڵکی کەرکوکی خۆڕاگر بەتایبەتی دەکەین..!

ماوەمان بدەن بالەئاست مێژووی پڕشانازی وبیرەوەری رزگارکردنی شاری کەرکوکدا هەڵوەستەیەك بکەین..

مێژووی چەوسانەوەوخۆڕاگری ودیرۆکی خوێناوی ئەم شارە خۆی شاهیدە، کەهەزاران ساڵە لەبەردەم رەشەبای زوڵم وزۆرو هێرشی بێگانەکاندا سەربەرزانە وەك قەلاّسەربڵندەکەی خۆی ..ئاوەدانی وشارستانیەت وشکۆمەندی خۆی پاراستووە،گرنگی ئەمشارە لەرووی سیاسی وئابووری وجوگرافی..یەوە وای کردووە هەمیشە جێگای چاوی تەماحکارنەی داگیرکەران بووە.هەر رژێمێك لەعێراقدا دەسەلاّتدار بووبێ هەوڵی داوە واقعی جوگرافی ونەتەوەیی ورووناکبیری وکۆمەلاّیەتی بشێوێنی.

لەومەیدانەدا هیچ رژێمێك بەقەد بەعسییەکان چ لەسالی ١٩٦٣لەکاتی(حەرس قەومی)چ لەدواتر دوای هاتنە سەرکاریان لە١٩٦٨ دا خراپتر کەوتنەوە وێزەی خەڵکی کەرکوك ودەوروبەری ..هەربۆ بەڵگە :

١ — نەخشەی ئیداری پارێزگاکەیان هەڵوەشاندەوەوقەزاکانی (چەمچەماڵ و دوز وکفری وکەلار)یان لێ دابڕی وناوەکەیان لە (کەرکوك)ەوە گۆڕی بۆ(التأميم).

٢ — کەوتنە ئاوارەکردن وراگواستنی خەڵکی کورد وتورکمان وئاشووری...

٣ — دەستیانکرد بە هێنانی عەرەب ونیشتەجێکردنیان.

٤ — کەوتنە گۆڕینی ناوی گەڕەك وشەقام ومزگەوت وخوێندنگا وشوێنەکانی تر..لەکوردییەوە بۆ عەرەبی.

٥ — سەرژمێری سالّی ١٠٥٧ یان دەستکاری کرد.

٦- هەزاران کرێکاروفەرمانبەروشارەزای کوردیان لەکۆمپانیای نەوت وکارگەو دام و دەزگا کان دەرکردووە ولەمافەکانیان بێبەشیانکردوون.

٧- هەزاران کرێکارو فەرمانبەری عەرەب وچەکداریان لەناوەڕاست وخوارووی عێراقەوە هێناو لە کەرکوك ودەوروبەری دایانمەزراندن..

٨- درێغییان نەکردووە لەسیاسەتی زەبروزەنگ وتۆقاندن..بەمەبەستی راوەدونان ودەرپەڕاندنی کوردلەشارەکە..

٩- زەوی وخانوو وموملکاتیان بەنوی کوردتۆمارناکردو گەڕەکەمیللییەکانیان دەروخاند و دەیان گەڕەکی نوێیان بۆعەرەبە هاوردەکان دروست دەکردولەسەر ئەوەیشەوە تەکریمیان دەکردن.

١٠- پتر لە (٨٠٠)گوندی ناوچەکانی (شوان وشێخ بزێنی وسالەیی وبیبانی و جەباری وگل وزەنگنەو...هەمووگرمیانیان وێرانکرد.

١١- هەرچی مزگەوت تەکیەوخانەقاو مەرقدومەزاری چاك وپیران هەبوو،هەموویان لەگەڵ خاك یەکسانکرد.

١٢- شەش شارۆچکەو ناحیەیان دایە بەرکەڵبەی شۆفەڵ وبلدۆزەر وبە( T.N.T) تەقاندەوە.

13- دەیان هەزار ژن ومناڵ وپیرولاویان لەکەرکوك ودە وروبەری ئەنفال وبێ سەروشوێن کرد.

١٤- بەسەدان بەڵگەنامە کە لەراپەڕینی ١٩٩١ دا کەوتنە دەست جەماوەر وهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەیانسەلماند کەرژێم چۆن بەهەزاران تاوانی نامرۆڤانەی دەرهەق بەخەڵکی کەرکوك ودەوروبەری ئەنجامداوە،کەهەموویان دەچنە خانەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە، هەربۆیە زوڵم وزۆری ئەم رژێمەورژێمەکانی پێشووتر وایانکردووە کەخەڵکی قارەمانی کەرکوك وگەرمیان لەهەمووشۆڕش وراپەڕینەکاندا،لەهەمونەبەردی وسەروەرییەکاندا،لەسەنگەرەکانی پێشەوەی قوربانیداندا...گیانفیدایی بکەن.

ئەوەمێژووی کۆن ورابردووی نزیك شاهیدن هەرکاتێك هێزێکی دەرەکی بێگانە سەروەری وشکۆمەندی عێراق وکوردستانی پێشێلکرکردبێ(وەك ساڵی پار رووی دا)

رۆڵەئازا ونەبەزەکانی ئەودەڤەرە سینەیان کردۆتە قەلغان وپارێزگاریکیان لەنشتیمان کردووە، کەچی رژێم لەپاداشتدا خێزان وخزم وکارەکانیانی تەرحیل کردووە...

ئێستایش لەم بارودۆخەناسکەدا گەلانی عێراق لە هەمووکات زیاتر پێویستیان بەئاشتبوونەوەی گشتی وتەبایی وبرایەتی وبنیاتنانەوەی وڵات هەیە..

هەق وایە کاربەدەستانی عێراق بیر لەپاشەرۆژی عێراق بکەنەوە ،بڕیارەکانی(UN)بەتایبەت بڕیاری ٦٨٨جێبەجێ بکەن،دەست لەشەڕئەنگێزی ولاساری وپێشێلکاری مافەکانی مرۆڤــــ هەڵگرن.چیتر هەڕەشە لەیەکپارچەیی خاکی عێراق نەکەن...هەرکردەوەیەکی نالەبار کەرژێم ئەنجامی دەدات ،مەترسی لەبەریەك هەڵتەکانی شیرازەی برایەتی گەلانی عێراق دروست دەکات.

تائیستا پێناچێ کاربەدەستانی عێراق هیچ پەندو ئەزموونیان لەرابردوو وەرگرتبێ.

ئەوە تانێ پێش چەندرۆژێك لەرێی ئەم کۆمەڵێەوە بەڵگەنامەیەکی نهێنی گەیشتە ئاژانسەکانی هەواڵ ورۆژنامەوکەناڵەکانی تری راگەیاندنی ناوخۆودەرەوە،بەپێی ئەوبەڵگەنامەیە رژێم بەنیازە لە ٤\١٥ تا ١٩٩٨\٦\١٥ پترلە (١٤٦٨)هەزار خێزانی کورد لەگەڕەکەکانی شاری کەرکوك ئاوارە دەربەدەر بکات.

ئێمە بەوبۆنەیەوە لەرێگای یاداشتنامەو کەناڵەکانی راگەیاندنەوە،بەهۆی نووسینگەی سلێمانی(UN)ەوە داوا لەبەرێز کوفی ئەنان سکرتێری‌گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان وئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی وکۆمەڵەی ولاتانی عەرەبی وسەرجەم رێکخراوەکانی مافی مرۆڤــــ لەجیهان وعێراق وکوردستان وگشت حیزب ورێکخراوەکان دەکەین ..کەگوشار بخەنەسەر کاربەدەستانی عێراق، کەچیتر مافەکانی خەڵك پێشێل نەکەن ودەستبەرداری ئەورفتارانەبن کەپێچەوانەی شەپۆلەکانی دیموکراسییە..

هەروەها جێی خۆیەتی کاربەدەستانی عێراقیش چاوبە خۆیاندا بخشێننەوە،وەك لەراپەرینی کۆمەلانی خەڵك ورزگارکردنی کەرکوکدا لەساڵی١٩٩١ سەلمێندرا کەسیاسەتی (تعریب وتبعیس وترحیل)فاشیلە.

سالماندییانەوە کەکەرکوك هەمیشە سەربەرزوسەربڵندوشارێکی کوردستانی دەمێنێتەوە ،ئەمرۆ لەیادی راپەڕینی کۆمەلانی خەلکی کوردستان ولەبیرەوەری ١٩٩١\٣\٢٠رۆژی رزگاری کەرکوکدا سلاٶی رێزو وەفا دەنێرین بۆخەلکی قارەمان و خۆڕاگری کەرکوك..

لەئاستی شەهیدانیش دا سەری رێز دادەنوێنین..

نەمری بۆسەروەران،نەفرەت ورووڕەشی وشەرمەزاری بۆداگیرکەران ونۆکەرانیان.

---

* رۆژی ١٩٩٨\٣\٢١لەئاهەنگێکی قەشەنگدا بەئامادەیی جەماوەرێکی زۆری شاری سلێمانی وئاوارەکان یادی راپەڕین ورزگاری کەرکوك پیرۆزکرا ، نووسەر کەئەوسا سکرتێری رووناکبیری (کۆمەلەی رووناکبیری کەرکوك)بوو ئەم وتارەی پێشکەشکرد.

## پیرۆزبیت

## دەیەمینساڵیادی رزگارکردنی کەرکوك *

بەرێز / نوێنەری برای گەورەمان...مام جەلال

بەرێزان نوێنەرانی حزب ورێکخراوەکوردستانییەکان ..

ئامادەبووانی ەرێز...!

ئەمڕۆ لەدەیەمین ساڵیادی راپەرین ورزگارکردنی کەرکوك دا پیرۆزبایی خۆمـان بـەئێوەی بـەرێزو هەمووکۆمـەلآنی خۆراگری کوردستان ودانیشتووانی کەرکوك وناوچەکانی ژێر دەسەلآتی رژێم رادەگەیەنین..

هەربەوبۆنەیەوە..ئەوراستییە دووبارەدەکەینەوە کەپتر لەدەیان ساڵە رژێمەیەك لەدوای یەکـەکانی عێـراق هەمیشـە بەردەوام بوونە لەسەرسیاسەتی راگواستن وبەعەرەبکردن و پاکتاوکردنی نەژادی.لـەجیاتی بیرکردنـەوە لەدۆزینـەوەی رێگاچارەی گونجاو بۆمەسەلە گرنگەکان،لەجیاتی چەسپاندنی ئاشتی وبرایەتی بۆگەلانی عێراق..

هەمیشە خەریکی زوڵم وزۆرو چەوسانەوەبوونە..

تاوانـــەکانی حـــوزەیران وتـــەموزی١٩٦٣وراپێچـــکردنی ســـەدان پـــیرولاوی کـــەرکوك ودەوروبـــەری بۆزیندانـەکانی(نوگرەسـلمان)و(موسـەیب)، تـاوانی لـەکارلابردنی سـەدان کرێکـاری کوردوتورکمـان وئاشـووری لەکۆمپانیای نەوت وهێنـانی عـەرەب بۆشـوێنەکانیان سـەرەتای قۆنـاغێکی ترسـناك بـوو بۆتێکـدانی پەیوەنـدی لەمێژینەی نێوان گەلانی عێراق..

ئەم تاوانانە بەمەبەستی گۆڕینی سیمای نەتەوایەتی پارێزگای کەرکوك ئەنجام دراون. تائێستایش بەشـێکی گرنگـی وەك ناوچەکانی(ساڵەیی وشوان وشێخ بزێنی وجەباری و دوز وزەنگاباد وخانەقین وهتـد..لەدانیشـتوانە رەسـەنەکەی چۆڵکراون وهەوڵی تەعریب کردنیان دەدرێ...سیاسەتی فەرق وجیاوازی کـردن ،سیاسـەتی کۆچـی زۆرەملێ،ئـەنفال وکۆمـەڵکوژی و کـاولکردنی کوردسـتان..ئەوهۆکارانـە بـوون کـەرقی پـیرۆزی جـەماوەریان هەڵسـاندو راپـەڕینی لێکەوتەوە..لەنێوان راپەڕینی شارەکانی کوردستانیشدا راپەڕینی خەڵکی کـەرکوك ئـەوەی سـەلماندەوە کـەدوژمنان هەرگیز ..ناتوانن ئەوراستییە بشارنەوە کە کەرکوك شارێکی کوردستانەوهەر بەکوردستانیش دەمینێتەوە...

ئەگەر لەراپەڕینەکەی بەهاری١٩٩١دا هەمووکوردستان کۆت وبەندی دیلییەتیان پچڕاند ئەوا شاری کەرکوکیش تاجەگوڵینەی ئەوسەرکەوتنەی نایە سەر راپەڕینەکە...

**ئامادەبووانی بەرێز...!**

ئەگەرچی رژێم لەدوای ئەوراپەڕینەوە چەندین تاوانی نوێی ئەنجام داوە...وەك:

راگواستن و(تصحیح القومیە)ورووخانی قەلاّ وبەتالاّن بردنی شوێنەوارەکان وداگیرکردنی رووبەرێکی زۆری تری زەوی کوردستان،بەمەبەستی تەعریب..کەهەمووئەمانە دەچنەخانەی پێشێلکردنی (جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ)وخۆگێلکردن لەئاست یاسانێودەوڵتییەکان بەبڕیاری ٦٨٨ی نەتەوەیەکگرتووەکانیشەوە....

لەگەڵ هەمووئەمانەیشدا خەڵکی خۆڕاگری کەرکوك هەمیشە بانگەوازی ئاشتی وبرایەتی وئاوەدانکردنەوەیان راگەیاندووە،بەگوێی کاربەدەستانی عێراق ورای گشتییاندا چپاندووە : کە کێشەی کەرکوك کلیلی کێشەی لەمێژینەی کوردە،تاکێشەی کەرکوك چارە نەکرێ ،ناوچەکەیش ئاشتی وئارامی بەخۆیانەوە نابینێ...

**خوشك وبرایانی خۆشەویست..ئاوارە خۆڕاگرەکان..!**

جێی خۆیەتی لەمەولا بیر لەوەبکەینەوە،بەشێوازی هێمنانە،دوورلە ئاژاوەنانەوە، پەرەبەخەباتی رەوای خۆمان بدەین.. بەرپەرچی تاوانەکانی رژێم بەوە بدەینەوە کە داوای مافە زەوتکراوەکانی خۆمان بکەینەوە...دەبا فایلی کەرکوك بەرز و بڵند تر رابگرین،داوا لەبەرێز(کوفی ئەنان)ورێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی دنیابکەین تا پاڵەپەستۆ بخەنەسەر رژێمی عێراق بۆئەوەی واز لە سیاسەتی چەوسانەوەوپاکتاوی نەژادی بێنێ...بەخەباتی چوست وچالاکانەی خۆمان ..دەتوانین دۆست وپشتیوانی پتر بۆ دۆزەکەمان پەیدابکەین،کەبێگومان ئەمیش خەباتی هاوچەرخانەوچالاکی سەردەمیانەی گەرەکە..دەبێ هەردەم تێبکۆشین لەپێناوگەڕانەوەی ئاوارەکان بۆشوێنی لەمێژینەی باووباپیریان.

- جارێکی تر بەرزو پیرۆزبێتساڵیادی راپەڕین و رزگاری کەرکوك
- سلاّو لەگیانی پاکی ئەوسەروەرانەی بوونە قوربانی سەرکەوتنی راپەڕین.
- نەفرەت وشەرمەزاریش بۆئەوزۆردارانەی کەمافی گەلان پێشێل دەکەن و
- مل بۆئاشتی برایەتی وپێکەوەژیان نادەن..

٢١\٣\ ٢٠٠١

---

* ئەم وتارە لەلایەن نووسەرەوە ئامادەکرابوو لەیادەکەیشدا هەرخۆی خوێندیەوە.



# پەیامی روونکبیری

کەروناکبیرێك..دەمرێ یا شەهیددەبێت

تانەیەك بینایی دیموکراسی.. لیل دەکات،

دیموکراتخوازان.. دەهەزینێت ،

هەڵویست بێدەنکی دەبەزێنێت.

- دەبا رێگانەدەین سەروەرییەکان کاڵببنەوە..

تێکوشەرانی ریگای ئازادی لەکەداربن..

- دەبارەخنەکانمان شارستانیانە بن..!

- هەلویستەکانمان درووست .. وەلامی پینووس بەپینووس و..

جەك وقەلەمەیش... بۆ بەرژەوەندی نەتەوەبن.

# کەناڵی
# الشرقية
## بۆ راستییەکان دەشێوێنێ..؟!

ئەمەیەکەم جارنییەکەناڵی(الشرقیە)ی عێرقی لەجیاتی ئەوەی تیرۆریستان ڕیسـوابکات، رووی راسـتییەکان وەکـو خۆی بخاتە بەردیدی بینەرانی...بەنارەوا دەیەوێ ناوو ناوبانگی پیرۆزی پێشمەرگە بزرێنێ،دەیەوێ لەخۆرا شکۆمەندی ئەوتێکۆشەرانە لەکەداربکات ،کەلەسەردەمی شێخ محمود وشۆڕشی ئەیلول وشۆڕشی نوێی گەلەکەمانـدا قارەمانانـە بەرنگاری داگیرکەران وچەوسـێنەران وزۆرداری بوونەتـەوە ..ئـەوەتانێ رۆژی سێشـەمە ٢٩\٤\٢٠٠٨ دووابـەدوای کارێکی تیرۆریستی لەپاش تەقینەوەی بۆمبێکی شاراوە لەدوکانی هاوولاتییەکی کورددا لەشەقامی (مجیدیە)شـاری کەرکوك،کەبووبـەهۆی شـەهیدبوونی دوکاندارەکـە بـەناوی (همزەعبـدالرحمن)وبرینـداربوونی حـەوت هـاوولاتی تر،کەیـەکێك لەبرینـدارەکان پۆلیسـێك بـوو بـۆکڕینی جلوبـەرگ بۆئـەوبازارە هاتبوو،بەداخـەوە دواتـر ئـەویش هەرشەهیدبوو...

دیارەئەودوکانانە لەهەشتاکانەوە هەرشوێنی فرۆشتنی کەلوپەلی سەربازی بوونە.. کەچی ئەوەی جێی سەرسـوورمان بوو..کەناڵی (الشرقیە) هۆکاری تەقینەوەکەی بۆئەوەگەڕاندەوە کەگوایـە ئەودوکانـدارە جلوبـەرگی بـە پێشـمەرگە فرۆشتووە، ئەمەلەکاتێکدایە پارێزەرانی هەرێم پێشمەرگە پۆشتەکانی کوردستان لەشارەکانی وەك هەولێروسلێمانی و دهۆك... هەمووکەلوپەلێکیان بەهەرزان تر لەبەردەست دایە،پێویستیان بەوە نییە بێن بۆشـاری کـەرکوك بـۆکڕینی جلوبەرگی سەربازی...

دەبا هەمـوو لایەك لەوڕاستییە ئاگاداربن جارێکی تر بۆجەماوەری کەرکوك وڕای گشتیی روون بووە وە کەئەم جۆرە راگەیاندنە لەجیاتی پەیامی ئاشتی وبرایەتی لەبری دژایەتی کردنی کردەوە تیرۆریستیەکان.. بەم جـۆرە کـارە هـیچ خزمـەتێك بەعیراقی نوێ بەمرۆڤایەتی ناگەیەنن ،بەچاندنی ئەم جۆرە تۆوە بەرێکی چاك نادروونـەوە کوردگۆتـەنی:( بەری خۆر بەبێژنگ ناگیرێ )

# پانۆرامای ڕاپەڕین

٤/٣/ ١٩٩١ چەخماخەی راپەڕین لەئۆردوگای (حاجیئاوا )

٥/٣/ ١٩٩١ ڕاپەڕینی شاری (چوارقوڕنەوبازیان)

٧/٣/ ١٩٩١ ڕاپەڕین وئازادکردنی شاری سلێمانی .

٨/٣/ ١٩٩١ ڕاپەڕینی ناوچەکانی(چەمچەماڵ،پیرەمەگرون،شارەزوور، هەڵەبجە،عەربەت، ئەڵڵایی..)

٩/٣/ ١٩٩١رزگارکردنیشارەکەیحاجی(کۆیە)

١٠ /٣/ ١٩٩١ ڕاپەڕین ورزگارکردنی(تەقتەق،ئاغجەلەر،قەرەهەنجیر،کۆیە،کفری،هەریر،باسرمە، چۆمان،حاجی ئۆمەران،خەلیفان،دیانا،ڕەواندوز،میرگەسور) .

١١/٣/ ١٩٩١ شەوی ١٢/١١ شەهیدبوونی پێشمەرگەی قارەمان وپارتیزان (حمەڕەش) لەئەنجامی تۆپبارانی ناوشاری دووزو ڕاپەڕین ورزگارکردنی هەولێر،خانەقین،دووزخورماتو، قوشتەپە، خەبات.

١٢/٣/ ١٩٩١ ڕاپەڕین وئازادکردنی(باوەنور،پردێ،جەبارە،کولەجۆ وتەواوی ناوچەی قەرەهەنجیر.

شەوی ١٢-١٣-٣-١٩٩١سەربازگەی دارەمان گیراو ڕێگاکانی(کەرکوک سلێمانی، کەرکوك بەغدا، کەرکوک هەولێر) کەوتەبەردەستی هێزی پێشمەرگە.

١٣ /٣/ ١٩٩١ ڕاپەڕین ورزگارکردنی مەخموروئاکرێ.

١٤ /٣/ ١٩٩١ ڕاپەڕین وئازادکردنی (دهۆك،زاخۆ،ئامێدی،سوارەتوکە،ئانیشکی،سەرسەنگ)

١٥ /٣/ ١٩٩١ دوژمن هێرشی هێنایەسەردوزخورماتووو تێکشکاوهەرلەوشەرەداکۆپتەرێك خرایە خوارەوەو (٣٥) سەربازیش کوژران.

* هاتنی ڕادیۆی (٤١) مەتری دەنگی گەلی کوردستانبۆڕانیە.

١٧ /٣/ ١٩٩١ رژێمی بەعس هێرشی کردەسەر ناوچەی دووزخورماتوو،تاداگیری بکاتەوە،بەڵام خەڵکی تێکۆشەری ناوچەکەو هێزی پێشمەرگە لێیان هاتەدەست وهێرشەکەی رژێمی بەعسیان تێکشکاندو ژمارەیەکی زۆرکوژراوودیلی رژێم کەوتنەدەست هێزی پێشمەرگە،تەرمی(٥٠)کوژراوی لیّ بەجێما.لەتۆڵەی ئەم شکستەیان کۆپتەرەکانی رژێم بەبۆمبی فۆسفۆری ناوچەکەیان بۆردومان کرد.

١٩/ ٣/ ١٩٩١ ڕادیۆی (٧٥) مەتری دەنگی گەلی کوردستان گەیشتەشاری سلێمانی ولەگردی علی ناجی دامەزرا.

* ڕاپەڕینی شاری کەرکوك،لەهەمان ڕۆژیشدادەست بەسەرفڕۆکەخانەی تسعین وسەیتەرەی کەرکوک سلێمانیداگیرا .

٢٠/ ٣ / ١٩٩١ ئازادکردنی شاری کەرکوك قودسی کوردستان .

٢٨ /٣/ ١٩٩١ شەهیدبوونی هەڤاڵ (عبدالرزاق)

ئەندامیفەرماندەیهێزیپێشمەرگەیکوردستانوناوەندیکۆمەڵەلەشاریکەرکوك.

٢٩ /٣/ ١٩٩١ لەدوای پاشەکشێی هێزی پێشمەرگەلەشاری کەرکوك وهێرشی ڕژێم بەرەوقەرەهەنجیر لەگوندی چیمەن پێشمەرگەکان بەریان بەپێشڕەوی هێزەکانی دوژمنگرت وداستانێکی گەورەیان تۆمارکرد کەناسراوە بەداستانی چیمەن . ئەم داستانەبەخوێنی شەهید (حمەعلی بەرخانەقاو ) هاوڕێکانی تۆمارکرا.

* هەروەهاشەهیدبوونیڕۆژنامەنووس (گادگروس)

٣٠/ ٣/ ١٩٩١ پەخشی ئەزموونی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لەسەعات (٨)ی شەوبۆماوەی چەندسەعاتێك بەردەوام بوو.

٣١ / ٣/ ١٩٩١ سەرەتای دەستپێکردنی کۆڕەوەملیۆنیەکەی گەلی کوردستان وچۆڵکردنی سەرجەم شارەکانی کوردستان وڕۆیشتنی بەرەوسنورەکان وڕوودانی کارەساتێکی مرۆیی مەزن .

٢/٤ / ١٩٩١ شەهیدبوونی حاجی یونسی تۆپخانەوهاوڕێکانی لەدەربەندی بازیان لەکاتی بەرگری کردن لەپەلاماری هێزەکانی دوژمن بۆسەرشاری سلێمانی .

٣/ ٤ / ١٩٩١ شەهیدبوونی مامۆستا (حسەین ڕەزا ) ودووهاوڕێی تری لەدوڕیانی سەرچنار لەئەنجامی بەرگری کردن لەشاری سلێمانی لەکاتی کۆڕەوەکەدا .

٤/٤/ ١٩٩١ داگیرکردنەوەی شاریسلێمانی لەلایەن سوپای عێراقەوە.

٥/٤/ ١٩٩١ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە (٦٨٨) ی دەرکرد کەتایبەت بوو بە پاراستنی کوردستان لەپەلامارودەستدرێژیەکانی رژێمەکەی سەدام حسێن.

١٩٩١/٤/٨ شەڕی قارەمانانەی مەفرەزەیەکی (ی.ن.ك) لەلۆفەکانی سەلاحەدین لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی بەرەی کوردستانی .

١١ /٤/ ١٩٩١ داستانەمەزنەکەی کۆڕێ .

١٩٩١/٤/١٦ دانانی ناوچەی دژەفڕینی فڕۆکەکانیر ڕژێمی بەعس لەباکوری هێڵی (٣٦) وە.

## نووچە

بۆ/ ماڵپەڕی (نووچەنێت)

سلاو...

هیوای سەرکەتن بۆ( نووچەنێت) دەخوازم..

بەوئومێدەلە(ئەنجام) هەمووهەوڵەکانی نووسەران وئەدیبان ودەزگاکانی راگەیاندن بۆئارستەکردنی یەك(پەیام) بێت.

کەئەویش ببێتەرووبارێکی تروهەموو برژێنەوە دەریای خزمەتگوزاری بەمەسەلەچارەنووس سازەکانی نەتەوەکەمان..

سەرکەوتنتان بۆدەخوازم

نووسەرورۆژنامەنووس

مەلاشاخی

کەرکوك ٢٠١١/٥/١٠

### گفتوکۆیەك لەگەڵ نووچە نێت:

رزگار رەزا چوچانی / سوید

ئەبوبەکرمەحەمەدحاجی ناسراوبە (مەلاشاخی) ئەندامی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان ونوێنەری پێشووی مام جەلال لەکەرکوك، لەم دیمانەی نوچەنێت تیشك دەخاتە سەرباردۆخی سیاسی ئەمرۆی کوردستان، رای دەگەیەنێت،ئۆپۆزسیۆن دەیانەوێ حکومەتی کوردستانب روخێنن،بۆئەوەی وەك ئەوەی خۆیان چۆنیان دەوێ ئاوادای بمەزرێننەوە،ئاشکرای دەکات " چۆن هەمووهەڵسووراوانی گۆران دژی د.بەرهەم نین،هەمووڵایەنەکانی ناوحزبەکانی دەسەلاتیش پشتیوانی نین".

مەلاشاخی لەدیمانەکەی نوچەنێت،هەبوونی ئۆپۆزسیۆن بەزەرورەت دەزانێ،بەلاَم نایشارێتەوەکە "پێکهاتەی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان پێکهاتەیەکی ناکامڵ بوو" بۆیە نەیتوانی پەیامی خۆی بگەیەنێت ودەڵێت"پرۆسەی دیموکراسی لەهەرشوێنێکی جیهاندا،گەربیەوێت هەنگاوبەرەوپێشکەوتن باوێژێت، پێویستە ئۆپۆزسیۆن هەبێت،ئێمە سەرەتاپێمان وابوولەهەرێمی کوردستانداسەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن،

بارودۆخەکە بەوئاقارەدادەبات،وبەپێی زەروتەکەدەبێت،کەئەگەروابووایە،بێ گومان کارەکەباش دەبوو، بەلاّم بەداخەوەلەبەرچەندهۆیەك ئەوئۆپۆزسیۆنە نەیتوانی کەلەئاستی پێویستداپەیامەکەی بگەیەنێت".

شاخی ئەوهۆکارانەخاڵ ژمێرە دەکات،کەبونەتە هۆی ئەوەی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستاندا

لەئاستی پێوسیتدانەبێت ودەلێت هۆکارەکان بریتین لە"

١- پێکهاتەی ئۆپۆزسیۆن پێکهاتەیەکی ناکامڵ بوو.

٢- لە هەناوی خۆیداناکۆك بوو.

٣- خاوەن بەرنامەیەکی چاکسازی گونجاونەبوو.

٤- هەمووشتێك زەمینەوزەمانی خۆی هەیە،

بەلاّم ئەگەرزەمینەیەکیش هەبووبێت بۆدروستبونی ئۆپۆزسیۆن،ئەمان لەباریان برد..

٥- بەهۆی ئەجنداودەستی دەرەکییەوەچالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆن بەرەوتوندوتیژی ویاساشکێنی چوو.

لەبەرئەوهۆیانەوچەندین هۆی تر..!! پێم وانییە،ئەوئۆپۆزسیۆنەی کەهەیەسەرکەوتووبووبێت".

سەرەتای خۆپیشاندانەکانی کوردستان دەسەلاّت وبەتایبەت یەکێتی زۆر زۆرهەوڵی نزیکبوونەوەی لەئۆپۆزسیۆن دەدا، بەلاّم ئێستا ئەوهەولاّنە نابینرێت،

(مەلاشاخی)ئەندامی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان ونوێنەری پێشوی مامجەلال لەکەرکوك پێی وایە، ئەوەئۆپۆزسیۆن بوون بەگرێمانەی هەڵەدیالۆگیان بەهەند وەرنەگرت ودەلێت"

یەکێتی پێش خۆپیشاندانەکان ولەکاتی خۆپیشاندانەکان ودواتریش،هەرگیزنەیویستووەو ئیستایش نایەوێ خۆی لەئۆپۆزسیۆن بەدووربگرێ،ئەوپەیامی خۆی گەیاند،ئەوەئەوان بوون، زۆربەی گریمانەکانیان هەڵەبوو،ئەوهەولاّنەیان بەهەند وەرنەگرت،هەرخۆشیان باجەکەی دەدەن".

لەلایەکی ترەوە ئەرسەلان بایز، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی وجێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانلەوتارێکی وەلاّم ئامێزلەکوردستانی نوێ،وەلاّمی دیمانەیەکی قادری حاجی عەلی سەرکردەی بزوتنەوەی گۆڕاندەداتەوەودەلێت،کاك قادری حاجی عەلی لەوەلامەکاندا ناوی بەندەی هێناوە(مەلابەختیاروئەرسەلان بایزکەنوێنەری یەکێتی بوون،ئامادەییان نیشاندابۆگفتوگۆ لەسەرهەموو ئەوشتانەی کەباسمان کرد). لەوەئەچێ کاك قادربۆڕاگەیاندن یاری بە وشە ورستەکان بکات، تاکولایەنگرانی خۆیان ڕازی بکات،یان بیەوێ خوێنەرچەواشەبکات، دووریش نییەلەیادی نەمابێت،

کەئێمەبەتایبەتی بەندە زۆرڕاشکاوانە دژی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت بووم،تایبەتی تریش دژی ئەوڤیتۆیەبووم کەلەسەر د.بەرهەم هەیان بوو".

لەووتارەوەلاْمەدا،ئەرسەلان بایزئاشکرای دەکات،کەلەیەکەم دانیشتنیان لەگەڵیاندا، بزوتنەوەی گۆڕان دژی کاندیدکردنەوەی د.بەرهەم سالْح بوون بۆسەرۆکایەتی حکومەت.

بەلاْم، مەلاشاخی، لەم دیمانەی نوچەنێت رایگەیاند، ئەوە تەنها ئۆپۆزسیۆن نین لە دژی سەرۆکی حکومەتن، وتیشی"وەك چۆن هەمووهەڵسووڕاوانی گۆڕان دژی د.بەرهەم نین،هەمووالایەنەکانی ناوحزبەکانی دەسەلاْتیش بەتەواوی پشتیوانی نین!.

د.بەرهەم پێش یەکگرتنەوەلە(ئیدارەی سلێمانی)ولەسەردەمی بوونی لەپۆستەکانی(حکومەتی فیدراڵ) ئێستایش لە(کابینەی شەش)دا،لەبەر ئەوەی کەسایەتییەکی سەرکەوتووبووە،دۆست وپشتیوانی زۆرە، بەهەمان شێوەنەیارەکانیشی کەم نین، هەوڵی تیرۆرکردنی لەنەوەتەکاندالەسلێمانی،کەدەستی دەرەکی لەپشتەوەبوو، مانایەکی روونی دابەدەستەوە"، نوێنەری پێشووی مام جەلال لەکەرکوك، ئەوەش دەڵێت کە "ئۆپۆزسیۆن حەزناکەن د.بەرهەم سەرکەوتووبێت،چونکەبە (کردارشەرتە)کەی وبەجێبەجێ کردنی بەرنامەکانی لیستی کوردستانی وهەندێك لەلایەنەباشەکانی بەرنامەی ئۆپۆزسیۆن،بەرەلەژێرپێی مامۆستاکانیان دەردێنێ..

هەربۆیەشدژایەتی دەکەن،بەلاْم ئەم راستییەش بۆکۆمەلاْنی خەڵك روون بۆتەوە".

مەلاشاخی پێیوایە"کەس نییە بڵێ ئەم ئەزموونەبەموتڵەقی بێ خەوشە، لەهیچ شوێنێکی جیهان حوکمڕانی١٠٠٪موتەکامل نییە،ئەگەروابووایە بوونی ئۆپۆزسیۆن هیچ مانایەکی نەدەما".

ئاشکراشی دەکات کە"نەك تەنیاکاك نەوشیروان بەڵکوهەمووهەڵسوڕاوانی گۆڕان،پێش چەندساڵێك، تالەنێویەکێتی دابوون شانازییان بەسەروەرییەکانەوەدەکرد،بەداخەوەئێستابەپێچەوانەوە...

هەوڵی کاڵکردنەوەی دەدەن..! هەوڵی رووخانی دەدەن هۆکارەکەشی ئەوەیە (تاخۆیان چۆنیان دەوێ وای دروست بکەنەوە) نەك چاکسازی بکەن".


ئەونوێنەرەی پێشوی تاڵەبانی لەکەرکوك،هیوادارەکەشەری راگەیاندن کۆتایی پێ بێت، تا "زەمینەلەبارتربێت بۆگفتوگۆ". ودەڵێت"راگەیاندن هۆنییە،بەڵکوئەنجامە،

بەلاَم ئەنجامی خراپتری لیَ چاوەروان دەکریَ، لەراستیداهەمووان،هەردووبەرەی ناکۆك وئەوانیتریش، کەچاوەرِیَ دەکەن لەم بارودۆخە سوودمەندبن، هەمووریَبواری یەك کاروانی خەباتین، ئەگەرژیرانە هەلَسوکەوت لەگەلَ قەیرانەکەدانەکەین،زەرەرمەند دەبین".

شاخی ویَرِای زمانی زبری راگەیاندن گەش بینە بەهەولَەکانی چارەسەروپیَی وایەکەئۆپۆزسیۆن هەتاسەرناتوانی ئاواکاربکات "خۆئەگەردیراسەیەکی وەرزی رابردووی خۆشیان نەکەن،بەشیَك لەجەماوەرەکەیان لەدەستدەدەن، کەدیارەئەمەش لەقازنجیاندانییە،هەربۆیەجاوەروانی خاوکردنەوەی راگەیاندن وهیَوربوونەوەوگفتووگۆی بەنناوئاشتبوونەوەی گشتی دەکەم، لایەنەکانی دەسەلاَتیش،ناشیَ وناکریَ داواکارییەکانی جەماوەروهەندیَ لەداواکارییەگونجاوەکانی ئۆپۆزسیۆن نادیدەبگرن،بەلَکو پیَویستە بەپەلەهەنگاوەکانی چاکسازی خیَراتربکەن".

ویَرِای ئەوەی لەسنووری سلیَمانی ولەکاتی هەلَبژاردنەکان،دەنگەکانی یەکیَتی لەئاستی چاوەرِوانی ئەوحزبەدانەبوو،بەلاَم لەکەرکوك توانی سەرکەوتن بەدەست بهیَنیَت،رای بەشیَك لەچاودیَرانیش ئەوەبوو،کەیەکیَتی حزبی سەردەمی شۆرشەوشاری کەرکوکیش ئیَستالەدۆخی شۆرِشدایە،بۆیەیەکیَتی ئەوسەرکەوتنەی لەویَ بەدەستهیَنا،بەلاَم مەلاشاخی دەلَیَت" لەهەمووقۆناغەکانداکەرکوك سەنگەری پیَشەوەی ململانیَکانی کوردبووە، لەسەردەمی شۆرشدا فیداکاری زۆری نوواندووە،دەنگدانی خەلَکی کەرکوکیش بەیەکیَتی مەسەلەکەقۆناغی شۆرِش وقۆناغی حوکمرِانی نییە،کەرکوك وکەرکوکییەکان زۆربەوریاییەوەتەماشای کیَشەکاندەکەن، نەیارەکانی کوردچەپلَەیان بۆشکستی یەکیَتی لیَدەدا، دەسخۆشییان لەئۆپۆزسیۆن دەکرد،هۆشیاری خەلَکی کەرکوکیش هۆکاربووکەخۆیان دەزانن چۆن برِیاردەدەن".

شاخی هۆکاریَکی تری ئەوسەرکەوتنەی یەکیَتیشی لەکەرکوك بۆئەوەگیَرِایەوەکە"هەندیَ لەکەسایەتییەبیَزراوەکانی کەرکوك کەلەناویەکیَتی بوون چوونەدەرەوەی یەکیَتی،هەربۆیەئەنجام بەقازانجی یەکیَتی شکایەوە". بەلاَم هۆشداری دەداتەیەکیَتی کە"کەرکوکییەکان یەکیَتییان لەلیَواری مەترسی گیَرایەوە،ئەگەریەکیَتی دیراسەیەکی وردیرابردووویئیَستاوداهاتووی کەرکووك نەکات، داهاتوو دەقاودەق وەك ئیَستاو رابردوونابیَت".



## برۆفایل:

* ابوبکرمحمدحاجی ناسراوبە (مەلاشاخی)

* ساڵی: ١٩٥٣ لەگوندی بیرەسپان \ پردێ \ کەرکوک لەدایك بووە

* بەشداری (شۆڕشی ئەیلول)ی کردوە.

* لە (١٩٧٥) ەوەکادروپێشمەرگەی (ی.ن.ك) بووە.

* ئەندامی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان بووە.

* ئەندامی (یەکێتی نووسەرانی کورد) ە.

* ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرولێپرسراوی بەشی ئەدەبی
(کۆڕی رۆشنبیری لاوانی کورد) بووە لەشاری (نەغەدە).

* ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (کرمانج) بووە.

* لەدامەزرێنەرانی بنکەی (شەهیدرێباز) وبەرێوەبەری نووسینی گۆڤاری (شەهید) ە.

* یەکەم سەرنووسەری گۆڤاری (کەرکوك) بووە.

* سکرتێری رۆشنبیری(کۆمەڵەی روناکبیری وکۆمەلآیەتی کەرکوك) بووە.

* ئەندامی (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان )ە.

* ئەندامی (یەکێتـیی زانایانی ئاینی کوردستان) بووە.

*خەلآتی رێزوپێزانینی (مام جەلال)ی بۆنووسەرانی شاخ پێدراوە.

* نوێنەری مام جلال بووەلەکەرکوك .

* تائێستا (١٢) کتێبی چاپ وبلآوکراوەتەوە.

# داعش...هات !
# باخۆمان نەخەڵەتێنن

پێم سەیرە هەندێك دەڵێن: ئەمەپیلانی مالیكییە..،
كوردهەقە بێ لایەن بێت وبەشداری شەڕنەكات..
-داعش دەڵێ شەڕی كوردناكەین.. ، ئاگرەسوورەلەخۆمدوورە..
جگەلەم دەستەواژانەی سەرەوەبەدەیان شتی سەیروسەمەرەلەتۆڕەكۆمەڵایەتییەكان و لەراگەیاندنەكانەوە بلاٌودەكرێنەوە.. تكایەباخۆمان وخەڵكیش نەخەڵەتێنین :
١- شەوی رابردووپارێزگای نەینەوابەتایبەتی موصل كۆنترۆڵ كرا..
٢-ئەمرۆپاش نیوەڕۆ لەقەزای حەویجەدەستیان بە جموجوول كردووە
- سوپای عێراق لە**(وادي النفط)** پاشەكشەیان كردووە،
هەموفەرمانگەوبنكەی هێزەئەمنییەكانی (زاب،حەویجە،رشاد..) چۆڵكراوە..
- ئەم شەو (حەویجە) لەلایەن (داعش)ەوەكۆنترۆڵ دەكرێت..
- سبەی فیرقەی١٢یش پەرتەوازەدەبێت..
هەربۆیەپێویستەكوردبەگشتی،كوردی كەركوك بەتایبەتی ئامادەباشی تەواوبكات بۆهەرپێشهاتێكی نوێ..
من دڵنیام شەرێك بەرێوەیەجاپێش ئەوەی كارلەكاربترازێ
پێویستە هێزی زیاتری پێشمەرگەبگاتەناوچەدابرێنراوەكان
هەموناوچەكوردستانییەداگیركراوەكان كۆنترۆڵبكرێنەوەوسەنگەری بەرگری تۆكمەتر بكەین.
كوردگوتەنی:
مشت لەدرەوشە دەگەڕێتەوە.

---

* ئەم بابەتەم ( ٢٤) كاتژمێر پێش هاتنی داعش بۆ سنووری پارێزگای كەركوك لە تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان دا بلاٌو كردەوە.

# نداء *

نداو الى عشائر (العبيد،الجبور،البوحمدان،العزاوي، الحديدى...)
وكل العشائرالعربيه فى حدود محافظه كركوك ومناگق خگ التماس
مع اقليم كوردستان .

**تحيه أخويه وصادقه...!**

فى الوقت الزى وصلت ممگگات السلگه الدكتاتوريه الى مستوى الانسانى فاقدا كل القيم.. وبعد أن مزقت العراق وتحملنا ويلات الحروب واسلحه الدمار الشامل والانفالات وتهجير الملايين....


كل هزه التصروفات يتنافى مع قيمكم وأخلاقكم العشائريه والمدنيه...

**ايهالعرب الاشراف...!**

انه قول الحق .. ان ترفچوا احتلال بيوتا ليس لكم...
وقفوا بوجه الظلم ، قولوا بصوت واحد :

نعم ..نعم للديمقرگيه والتعدديه
لا ..لا..للظلم والدكتاتوريه....

* هەرچەند لەنووسینی عەرەبی دا باش نەبووم ، بەلام ئەم بانگەوازەی سەرەوەم لەساڵی ٢٠٠١ دا نارد بۆ خێڵ وهۆزە عەرەبەكانی سنووری پارێزگای كەركوك.




# جەلیل زەنگەنە

## (جەلیل سەعید کەرکوکی)

لەساڵی١٩٤٧لەگەڕەکی شاترلوی کەرکووك لەدایکبووە.لەناوەڕاستی شەستەکانەوە تێکەڵاوی کاری هوونەری بووە وتائێستاش بەردەوامەو خاوەنی چەندین بەرهەمی دیارەلەوانە "مەرەزە ،ژیان،ژاڵە، خولەپیزە، گەردەلوول"ئەگەرچی بەرهەمەمەزنەکانی بوونەبەهۆی ڕێزێکی زۆرلای جەماوەری هونەرپەرووەر.. لەگەڵ ئەوشدا وەزارەتی رۆشنبیری رێزی لەم هونەرمەندەگرتووە، لەکاتی بەڕێوەچوونی رێزلێنانەکەداگووتی: (گرنگترین رێزلێنان کەشانازی پێوەدەکەم،رێزگرتنی جەماوەرە لەکارەکانم. ئەم مەراسی مەکەبەئامادەبوونی بەشێك لەدۆستە هونەرمەندەکانی وهەریەك لەوەزیری رۆشنبیری ولاوان وپارێزگاری هەولێرونوێنەری حکومەت لەهۆڵیّ پێشەوای وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوەچوو،هەریەك لەلقی هەولێری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان،ناوەندی فیلمسازانی هەولێر،تیپی هونەری زارین، خەلآتی رێزلێنانیان بەخشیە زەنگەنە.لەلێدوانێکیداجەلیل زەنگەنە دڵخۆشی خۆی دەربڕی بەوەی دوای تەمەنێك کارکردن لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە خەلآتی رێزلێنانی زێرینی پیّ بەخشرائەمڕۆلەکاتێکدا ئەم هونەرمەندەی کەرکوك ئەم دەرهێنەرەبەتوانایەی کوردو کوردستان لە نەخۆشخانەی سلێمانی لەژێرجاودێریدایەلەخوای گەورە داواکارین شیفای بەخێری بدات وتەمەندرێژتری بکات بۆپێشکەشکردنی شاکارەکانی.

مەلاشاخی

٥-٦-٢٠١٤کەرکوك


ئاوەمان
NOTES ٩٨٦/٢/٥
پێشکەشە بۆ هاوڕێ جوامێر
لەوساوە هەم
لەسای لوتکەو بنار ئەژیم
هەروا ئەژیم

لەو ڕۆژەوە
پێیم گوتووە، ڕێیم گرتووە
ئێستاش لەڕێم

٩٨١/١٠/٢٢
د. بکر شاخی

نامەیەکی سەردەمی پێشمەرگایەتی بۆ هاوڕێ جوامێرهەولێری




## مامۆستا مەلامحمد حاجی قادر

نازناوی شیعری(شەوگێڕی)بووە

- لە ساڵی ١٩١٦ لە گوندی (شەوگێڕ)ی ناوچەی(شێخ بزێنی)

لەخێزانێکی جوتیاری نشتیمان پەروەرچاوی بۆژیان هەڵهێنابوو

- لە تەمەنی منالّی دا باوکی کۆچی دوایی کردبوو.

- خوێندنی قورئانی پیرۆزوچەند کتێبێك لە شەوگێڕ تەواو دەکات.

-بۆخوێندن رووی لە(حەسار)و(کتکە)و(بیرەسپان)و(دۆڵەسزە)و

(کەرکوك)و(هەولێر)..دەکات.

- ماوەی چەند ساڵێك لە(کۆیە) لەخزمەت (مەلای گەورە)دە خوێنێت..

- لە دوای کۆچی دوایی مەلامحمدنورمەلااحمدی کۆر(نوری)

-ساڵی ١٩٤٩دەبێتەمەلا لەدێی(بیرەسپان خواروو)لە(پردێ)هەرلەوێش(مدرسە)یەك دادەمزرێنێ.

- بە دەیان فەقێی کورد لەو خوێندنگەیە بوون بە(مەلا)

- دوای١١ی ئازاری١٩٧٠لێپرسراوی(یەکێتی زانایانی ئاینی کوردستان)

لە ناوچەکانی (شوان و شێخ بزێنی و ساڵەیی و بیبانی)بوو

- لە ١٩٧٩/٣/١٦ لە شاری کەرکوك کۆچی دوایی کردووە و

لە گۆڕستانی (بیرەسپان) بە خاك سپێردراوە .

- باوکی نووسەر و رۆژنامەنووس(مەلاشاخی)و(٦)کوڕی تر و(٢)کچە.

- بە داخەوە کتێبخانەو دەستنووس و شیعرەکانی لە ئەنفالی چواردا

لە ساڵی ١٩٨٨ بەر شاڵاوەکە کەوتووو فەوتاون..



## دێی جەلەمۆرد  چۆن ئەنفال کرا ؟ *

گوندی جەلەمۆرد بەر لەوەی بەر شالاّوی ئەنفال بکەوێت (١٣٠) مـاڵ دەبـوو، ئـەم گونـدە جـوانو دڵگیرە کەوتبووە بناری چیای خاڵخالاّن. سەر لەبەیانی رۆژی ١٩٨٨/٥/٥ لەگەڵ گزنگی خۆرەتاو دا هێزێکـی گـەورەی رژێـم کـە پێـك هـاتبوو لـەدەیان تانـكو زرێپـۆش لـەژێر سـێبەری چـەند (هەلیکۆپتەر)ێکدا بەچاوساغی چەند خائینو خۆفرۆشێك پەلاماری ئـەو گوندەیـەیان دا ژنو منـاڵو پیرو پەککەوتەکانیش لەترسـی رەشـابای ئـەنفالو چـەکی کۆمـەڵ کـوژی (کیمیـاوی) پـەنایان بـۆ شاخەکانی (دەرباز)و (بابەرووشە) و (هەزار کانی) بردبـوو.. ئـەو رۆژە بـانگی نیـوەرۆ لەمزگـەوتی ئاوایی نەدرا.. بۆ عەسرەکەی دوای سوتاندنی کاول کردنی گوندەکە دەست کرا بـەتاڵ کردنـی مـەڕو ماڵاتو سەروەتو سامانی خەڵکەکەی..

بۆ رۆژی دووەم ١٩٨٨/٥/٦ دوو ئەفسەری ئەنفال چی بەناوەکانی (مـلازم نعمـە) و (مـلازم سـتار) بەچاوسـاغی خۆفرۆشـی شـارەزا هێزێکـی گـەورەیان ئامـادەکردو ئابلۆقـەی ئـەو هـەموو خەڵکـە دەربەدەرەیان دا دوای دۆزینەوەیان بەشەقو تێهەڵدان راپێچی بەر مالأنی جەلەمۆریان کردن.. دوای ئەوەی زێرو زیوو پارەی باخەڵی خەڵکەکەیان بەزۆر دەرهێنا.. گریانو شیوەنی ئافرەتان زیرەو هـۆڕی منالأنی ، ناڵە ناڵە پیرو پەککەوتەکان دەگەیشتنە کاکێشانی فەلـەك.. (٣٩٢) مرۆڤـی بێتاوانیـان لەخـەڵکی ئـەم گونـدە درانـە بـەر شـەقو پاڵـە پەسـتۆ، سـواری ئیڤـای سـەربازیان کـردن بـەرەو قەسابخانەکەی تۆبزاوە.. پاش شەش مانگ ئازارو ئەشکەنجە دان ، پـاش شـەش مـانگ برسـیەتیو هەڵ قرچانو لەبیابانەکانی خوارووی عیراق لە زیندانی نوگرە سەلمان حەوت کەسـیان شـەهید بـوو.. حەوت کەسی تریشیان پاش شەش مانگ لێ ئازاد کـراو (٣٧٨) کەسیشـیان تـا ئێسـتا بـێ سـەرو شوێنن..

**تێبینی :**

دوای ئەوەی کە کتێبی (ئەنفالی ڕەش)م چاپ وبلاٌوکردەوە لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد کـاریم لـە گـەڵ کتێبی (ئەنفالی خاڵخالأن) کرد، بەمەبەسـتی ئـەوەی بـزانم بـەپێی ئامـاری گونـدەکان لەسـنووری گەرمیان و شێخ بزێنی..زۆرترین ژمارەی ئـەنفال دەکەوێتـە چ گونـدێك، بـۆم دەرکـەوت کەگونـدی (جەلەمۆرد) لەسەر ئاستی هەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفال زۆرترین قوربانی داوە..

*بڕوانە گۆڤاری (شەهید ) ژمارە (٥)ی ئایاری ١٩٩٩ .



## ئەو یەکە سەربازییانەی بەشداری تاوانی ئەنفالی چواریان کرد

یەکەم: فەیلەقی یەك کە پێکهات بوو لە:

١- تیپی / ٣٩

٢- تیپی پیادەی ئالی ( المشاه الآليه) / ٥

٣- تیپی پیادەی / ٨

٤- تیپی پیادەی / ٩

دووەم: هێزەکانی(قوات النصر) بەفەرماندەیی

عەمیدی روکن/ خالد أحمد ابراهیم

سێیەم:هێزەکانی چل وشەش بەفەرماندەیی

عەمیدی روکن/ علي احمد محمد.

چوارەم: هێزەکانی پاراستنی نەوت بەفەرماندەیی

بارق عبدالله الحاج حنطة.

پێنجەم:ئامریەتی مەوقعی فەیلەقی یەك بەفەرماندەیی

عەمیدی روکن علاو محمدطه.

شەشەم:دەستەکانی فریاکەوتنی ئەمن لە سلێمانی وکەرکوك.

حەوتەم: پشتیوانی ئەندازیاری بۆروخانی گوندەکان.

هەشتەم: دەستەی ئەرکانی هەواڵگری سەر بە فەیلەقەکان و فیرقەکان.

نۆیەم: پەلی کیمیاوی.

دەیەم:فڕۆکەوانی سوپا.

یازدەیەم: هێزی ئاسمانی.

دوازدەیەم: هەواڵگری سەربازی

ئەم هێزانە دەرچوون بەمەبەستی درووستکردنی بازنەیەك لەدەوری ئەوگوندو شارۆچکانەی کەخەڵکی سڤیلی بێدەسەلاتیان تێدا دەژیا، بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیانهەبێ جگەلەوەی کەکوردبوون وپشتاوپشت لەوخاکەدا ژیاون...

بەم شێوەی لای خوارەوە:

قۆڵەکانی هێرشی هێزەکانی سوپا:

١ - چەمچەماڵ — کانی عارەبان - تلیان-تیژە - مەهمەخان.

٢ - چەمچەماڵ - تەوەکەل — شێخ پاڵەوان - ئاغجەلەر.

٣ - چەمچەماڵ - ئاغجلەلەر،کوپتەپە - کلناغاج- سەرچنار.

٤ - چەمچەماڵ - فەقێ میرزا.

٥ -تەقتەق،قەرەناو،قەسرۆك،گردخەبەر،کانی هەنجیر .

٦ - تەقتەق - شیوە سور- ترکمان باخ- کارێزە.

٧ - تەقتەق — کونە گورگ - باخەجنێر- گەرمك - تەکەلتو.

٨ - تەقتەق -مخرس -ملازیاد - دەمزی - گۆمەشین- قزلو

٩ - گۆپاڵە - سەرچاوە- کانی بی - گە ورە دێ.

١٠- سوسێ - شیلە خان - عودالآن - زەرزی - قۆج بلاغ.

١١- سوسێ - سرد -دەرەنار - چەمی سوورقاوشان.

١٢-دوکان-کەلکە سماق- ئیلەڵا-کانی سوور-بۆگد-کانی بی.

١٣- کویسنجق - شە وگێڕ - باجوان - ناصر ئاغا.

١٤- کویسنجق - بناری حاجی قەڵا - داوداوا.

١٥- کویسنجق -قەسری - تیمارۆك - دۆندار.

١٦- رێدار -جولحان - پاپیلان - گورگان - قەفار.

١٧- رێدار - علی بەیان - شە وگێڕ.

١٨- ئالتون کۆپری - گەڵۆزی - سەربیر.

١٩- قەرەهەنجیر - شوانی سەرخاسە - دەلۆ.

*بڕوانە گۆڤاری (شەهید ) ژمارە (٥)ی ئایاری ١٩٩٩ .



## ئەوتاوانانەی لە ئەنفالی چواردا ئەنجامدران

بەجێبەجێکردنی تاوانەکانی ئەنفالی چوار لەناوچەکانی ئاغجەلەر و شێخ بزێنی وتەقتەق وکۆیە لەنێوان ٣\ئایاری١٩٨٨تا ٨ی ئایاری ١٩٨٨تاوانبارانی ڕاگیراولەبەردادگاکەتان وهاوبەشەهەلاتووەکانیان هەڵساون بە چەندین تاوان دەکرێ بەم شێوەی خوارەوە ڕیزیان بکەین:

یەکەم: تاوانی کۆمەڵکوژی، بەجێبەجێکردنی ئەنفالی چوارلەنێوان٣\ئایاری١٩٨٨تا٨ی ئایاری١٩٨٨، تاوانباران ودەست وپەیوەندەکانیان لەئەفسەرو سەربازو پیاوەکانی هێزەکانی ئەمنی ناوخۆ،زۆرتاوانیان ئەنجامدا وەك:

١- بۆناساندنی تاوان دیارە دانیشتووانی ئەوناوچەیە لەرۆلەکانی گەلی کوردبوون.. هیچ گومانی تێدانیە کە تاوانباران ئەویان مەبەست بووە،هەروەها هەڵبژاردنی کاتەکە (پێنج) ئێوارە بەڵگەیە کەویستوویانە بەوچەکە وێرانکەرە زۆرترینیان لی بکوژن. دیارە ئەمە بەڵگەی تاوانە ، بەتایبەت مەبەست کوشتن و گیانکێشان بووبی بەهۆی چەکی کیمیاوییەوە بۆلەناوبردنی یەکجارەکی کوردەگوندنشینەکان کەئەمەبۆخۆی تاوانی کۆمەڵکوژییە.

٢- کوشتنی تاکەکانی کۆمەڵ:هەروەك چۆن ئەوهێزی چەکدارە سەربازییەی بەشداربوولە سەرکردایەتی پرۆسەی ئەنفالی چوار بەهاوبەش لەگەڵ دەزگائەمنییەکانی سەربە لیژنەی ئەمنی

لــەپارێزگای کــەرکوك وســلێمانی  بەگــەمارۆدانی گونــدەکانی ناحیــەی (ئاغجەلەر،شــوان،ناوەندی کۆیە)کەبریتی بوون لەســەدان دی و کۆکردنــەوەی خێزانــەکوردەکان وگواســتنەوە وکۆکردنــەوەیان لــە (تۆبزاوا)...پاشان کوشتنیان بە بڕیارێکی نیزامی کەلەلایەن تاوانبار علی حسـن مجیـد ی راسـپێردراو بەجێبــەجێکردنی ساســەتی ســەرکردایەتی هەرێمایــەتی حزبــی بەعســی هەڵوەشــاوە وئەنجومــەنی ســــەرکردایەتی شۆڕشــــی قەدەغــــەکراو  ئــــەویش بەمەبەســــتی کوشــــتنی زۆرتــــرین ژمارەیــــان لەگۆڕەبەکۆمەڵەکاندا،لەم پرۆسەیەدا پتر لە(٢٨٥٥٠)هاووڵاتی کوردلــەمناڵ وژن وپیــاو، کەئێســك و پروسکی زۆربەیان لە و گۆڕانە دا دۆزراونەتەوە کەلەلایەن شارەزای نێودەوڵەتی(دکتۆر مایکل ترنبــڵ) ەوە لەسەماوە هەڵدراونەتەوە.. لەبەر ئەمانە پایەکانی تــاوانی کۆمــەڵکوژی روون وئاشــکرایە،وە بــە تەواوەتی لەم تاوانەدا هاتۆتەدی.

٣ - کۆچپێکردن وگواستنەوەی گوندنشینەکوردەکان  لەجی ورێی باووباپیرانیــان وزینــدانی کردنیــان لەبەندیخانەی(نگــرە ســلمان).. وبــڕینی خــواردنی پێویســت وئــاوی پــاکی خواردنــەوەلێیان ورێگــرتن لەچارەسەری نەخۆشەکانیان وئازار وئەشکەنجەی لاشەیی و دەروونی  بەمەبەست ناچارکردنیان بۆژیــانی کولەمەرگی کە ئەنجامەکەی لەناوچوون ومردن بی بەتاك وکۆ وە ئەمە بەتــەواوی روویانــداوە هــەروەك لەگــەواهی پترلــە(١٥)خــاوەن ســکاڵاوە پێشــکەش دادگابەرێزەکــەتان کــراوە.هــەروەها کــردەوەی ئەفسەرەکانی زیندان(عجاج)و (شمخی)..بەکارێك لەکردەوەکانی کۆمەڵکوژی دەژمێردرێن.

٤- لەکاتی ئەشکەنجە وترس وتۆقانــدنی بەبەرنامــە جێبــەجێکراو لەلایــەن دەســت وپەیوەنــدەکانی تاوانبارانی راگیراوەوە..لە سەربازوئەفســەرو هێزەکــانی ئــەمنی نــاوخۆ دەرهــەق بەدانشــتووە کــوردە گوندنشــینەکان  لەناوچــەی تاوانــەکانی ئــەنفالی چــوار، دەستبەســەر و گیراوەکــان تووشــی زیــانی زۆروگــەورەی لاشــەوهۆش بوونــەوە، بــەپێی یاســا ئەمانــەیش ئــەنجام کــارێکن لــەکردەوەکانی کۆمەڵکوژی.هەروەك جیاکردنەوەی ژنان وپیاوان ورێگرتن لە بەیەکگەیشتنی سیکسی بــەهوی دابــڕان وبەندکردنیان، بەژمارەی زۆروماوەی زۆر  بۆپترلەنۆمانگ...

ئەمەیش بەڕاستی تاوانێکە لەتاوانەکانی کۆمەڵکوژی..

*بڕوانە گۆڤاری (شەهید ) ژمارە (٥) ی ئایاری ١٩٩٩ .




چوار بەڵگە دەربارەی ئەنفالی چوار

لە ئەرشیفی (مەلاشاخی) دا

Four documents
On the fourth Anfal

004999

21-03-CF0039-63210

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
المعاونية الخامسة – ش٣

السيد / المعاون

الموضوع / تقصي حقائق

نسب السيد المدير العام قيامنا بتقصي الحقائق عن ممارسات مقر قيادة قوات حماية النفط في عملية أنفال/٤ ضمن قاطع مسؤوليتها في منطقة كويسنجق... شكلت لجنة تضم ممثلين عن شعبتنا، م اس م الشمالية، م اس م الشرقية وأوجزنا اللجنة التي قامت بتقصي الحقائق ميدانياً وبشكل هادئ. وفيما يلي خلاصة ما توصلت اليه:

١. بتاريخ ١٣ آيار ٨٨ قام مقر ق ق ح ن وبتوجيه من القائد بأركاب (٢) مخربين بطائرة سمتية (بعد أن تم شد وثاقهم) وحلقت الطائرة فوق مقر آمرية قاطع كويسنجق وتم ألقاء المخربين من الجو وفارقوا الحياة... المخربين المذكورين تم ألقاء القبض عليهم بمصادمة أثناء تنفيذ عملية أنفال/٤... لم تشاهد الحادثة من قبل أهالي كويسنجق لبعد منطقة الحادثة عن القصبة ألا أنها شوهدت من قبل معظم مراتب آمرية قاطع كويسنجق وتسربت الى الاهالي... لم تتوفر معلومات عن دوافع هذا الاجراء من قبل مقر ق ق ح ن ألا أن القائد أشار خلال زيارته لشعبتنا وتقديمه تقرير الى السيد المدير العام (عرضناه بمطالعة خاصة) بأنه أتخذ هذا الاجراء بسبب قيام المخربين المذكورين قبل ألقاء القبض عليهم بفتح النار على الطائرة السمتية محاولين أسقاطها

FOR OFFICIAL
USE ONLY

(٤ – ١)

EXHIBIT 29

IST.A8072.016.005

004998

031-03-CF0039-63210

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
(مكتب المدير)

سري للغاية وشخصي

العدد : ١٠٤٩٧
التاريخ : ٢٨ مايس ١٩٨٨

سيدي نائب القائد العام للقوات المسلحة - وزير الدفاع المحترم

الموضوع / معلومات

تحية وتقدير سيدي :

١. توفرت لدينا المعلومات التالية والتي مورست من قبل العميد الركن بارق عبد الله - قائد قوات حماية النفط .
   أ. بتاريخ ١٢ مايس ٨٨ القي ثلاثة مخربين من الطائرة وعلى ارتفاع عالٍ على مقر آمرية قاطع كويسنجق وامام معظم مقاتلي أفواج الدفاع الوطني .
   ب. بتاريخ ١١ مايس ٨٨ ربط رجل وامرأة بحبل ووضعهم في صندوق العجلة .. وقام جنود الحماية بضربهم امام الاهالي .
   جـ. قيام قوة بأمرته بتفتيش دور مستشاري افواج الدفاع الوطني المدرجة اسمائهم ادناه والاستيلاء على مبالغ من المال وحلي ذهبية:
      أولاً : المقاتل قاسم فارس - مستشار فوج ٨٥ دفاع وطني .
      ثانياً : المقاتل ميرزا اسماعيل - مستشار فوج ٢٠٧ دفاع وطني .
      ثالثاً : المقاتل مام يحيى - مستشار فوج ٨٦ دفاع وطني .
٢. مما تقدم .. نقترح الموافقة على تشكيل مجلس تحقيقي بحق الضابط المذكور .. في مديريتنا للأسباب المشار اليها بالمادة (١) أعلاه .

يرجى التفضل بالاطلاع والتنسيب .. مع فائق التقدير والاحترام سيدي.

٢٨ مايس

اللواء الركن
مدير الاستخبارات العسكرية العامة

FOR OFFICIAL
USE ONLY

( ١ - ١ )
سري للغاية وشخصي

IST.A8072 016 004

سرية وفورية 005144 وقت الانشاء تويــــــــه

۸۸/٦/ ٢٨

من / م م الشماليــــــه
الى / الاستخبارات ( ر ٢ )

رقم المنشىء / ر ٢ / ن ٢ /

11265

( ٠ ) كويستجين ١ / ٠٠٠ ١٠٠ ( ٠ ) بالساعه ٢٠٠ يوم
٦/٢١ شرعت قوه [illegible] مرتبــه بأمرة القوات الثانيه وتتألف من سرية دبابات
وسرية مغاوير مواقع ق ١ والسريه السرتيه ٦/ وجحافل من مقاتلي
الأفواج التاليه / ف ١٠ ف ١٢ ـ ف ١٢ ـ ف ٨٥ ـ ف ١٢٥ ـ ف ١٦٢
ـ ف ٢١٠ ـ ف ٢٤١ ـ ف ١٣٨ د ٠ وطني ومجموعة من مقاتلي محمــــد
سادن شواني ( تشكيل حديث ) بواجب تفتيش وتطهير وازالــة القــرى
التاليــه ( ٠ ) ١ ( ٠ ) كاني ليله ( ٥٧٦٩ ) ( ٠ ) ٢ ( ٠ ) أوبر كــــــه
( ٥٢٧٤ ) ( ٠ ) ٣ ( ٠ ) سيكوكان ( ٥٠٦١ ) ( ٠ ) ٤ ( ٠ ) سيكانيــــي
( ٤٦٦٩ ) ( ٠ ) ٥ ( ٠ ) شيطان رحمن ( ٤٤٦٦ ) ( ٠ ) ٦ ( ٠ ) قيصــــر
( ٤٥٦١ ) ( ٠ ) ٧ ( ٠ ) أوســال ( ٤١٦٨ ) ( ٠ ) ٨ ( ٠ ) بوه سيسي
( ٤٤٧٨ ) ( ٠ ) ٩ ( ٠ ) ميركــه ( ٤٤٧٨ ) ( ٠ ) ١٠ ( ٠ ) بلكســــر
( ٤٢٧٦ ) ( ٠ ) تمكنت القوه أعلاه من حرق قريتي بوه سي وميركــــه
وحصر الغدور المتفوقه في وادي شلشــه والأستيلاء على عجله نوع تويوتــا
لاند كروز مع ( ٢ ) دراجه بخاريه ( ٠ ) بالساعه ١٠٠٠ من نفس اليــــوم
تعرض المخربين على ف ٢٤١ في قرية بلكســر مما أدى الى فقدان مجلس
نوع واز قياده مع جهــــاز ( أر / ١٠٥ ) و ( ٦ ) رشاشه بي كي سي ( ٠ )
قامت مجموعه أخرى من المخربين بالتعرض على مقاتلي ف ٢٦١ د ٠ وطنـــي
في قرية سيكوكان ( ٠ ) نتيجتها أستشهاد أحد المقاتلين المنسوب الى
الفوج المذكور ( ٠ ) بتاريخ ٦/٢٤ عادت القوه أعلاه الى مقر قــــوات
٦/ في طق طق ( ٠ ) يرجى الاطــــلاع ٠

TAB A

2075/5

العقيد الركن
مدير منظومة أستخبارات المنطقه الشماليـــه

[redacted]

IST.A0929.052.002

IST.A5550.016.049

1031-03-CM039-60240

005142

الرقــــــم ( ٧١٦ )

طهران / فارسي ١٤٣٠ ١٦/٦/١٩٨٨

( الصحف السورية تنشر اخبارا وادعاءات عن تنفيذ حكم بالاعدام بعدد من الاشخاص داخل العــــــــــــراق )

---

ذكرت وكالة انباء الجمهورية الاسلامية الايرانية ان نظام العراق قام مؤخرا بالقــــاء ثلاث جثث لاشخاص قام باعدامهم بسبب عدم الاشتراك والامتناع عن الالتحاق الى جبهات القتال ضد ايران من طائرة هليكوبتر في ساحة مدينة اربيل ٠

وقد طبعت صحف دمشق هذا الخبر اليوم وكتبت في الصفحات الاولى ( ان نظــــام العراق يقوم باعدام مجموعات جديدة من العراقيين مقابل المنطقة الواقعة قرب دائرة الامن في مدينة الناصرية ويقوم بالقاء عدد من شباب مدينة اربيل وعدد من سكان المدن الاخرى من بينها ( الخالص ) بالسجون بتهم معارضة نظامه وطبقا لهذه التقارير فان صــــدام شخصيا اصدر امرا بان تصور افلام عن المعدومين وتعرض لسائر الناس ٠

FOR OFFICIAL
USE ONLY

EXHIBIT 34

IST.A8072.016.001




## ڕێ لەجینۆسایدێکی تری کوردان بگرن..!

ئەگەر ئێستایش تیرۆریستان و ئەنفالچییەکان لەعێراق و کوردستان شکستیان بە تەواوی نەخواردبێ و لە داهاتوودا بیانەوێ لەژێر پەردە و ناوی جۆراو جۆردا دەست بە داگیرکاری لەمێژینەیان بکەنەوە... بێ گومان ئەنجام بە شکستیان کۆتایی دێت ،ئەگەر جاران لە ژێر ئالاّو ناوی (فرسان صلاح الدین)و (حرس القومی)و(فرسان خالدبن ولید)و(جیش الشعبی)دەیان تاوانیان لەباشووری کوردستان ئەنجامدا. ئێستایش دیسان دەیانەوێ بەناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە فتوای کۆمەڵکوژی و( ئەنفال)ێکی تری کورد لەرۆژئاوای کوردستان دەربەکەن.

بۆیە دەبێت بە یەکێتیی نەتەوەییمان بەهیمەتی کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستان ڕێگا لە دووبارەو چەند بارەبوونەوەی جینۆساید و ئەنفالێکی ترکورد بگرین.

کەرکوک

٢٠١٣/٨/٣



# یەکەم مۆڵەتی یاسایی گۆڤاری کەرکوک

هەرێمی کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

بەرێوەبەرایەتی گشتیی ڕاگەیاندن

ژمارەی مۆڵەت ٢٧٥

٣١-١٢- ١٩٩٨

مۆڵەت

بەپێی بڕگەی ١٦ لە یاسای چاپەمەنی ژمارە ١٠ ی ساڵی ١٩٩٢

بڕیار درا بە مۆڵەت دانی  گۆڤاری کەرکوک

کەهەموو مەرجەکانی یاسایی تێدایە

خاوەنی ئیمتیازبەڕێز:  شێخ محمد شاکەلی

سەرنووسەر بەڕێز:      ئەبوبەکرشاخی

واژۆ

وەزیری ڕۆشنبیری

جمال عبدول

بەناوی خوای گەورەومهرەبان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەرێوەبەرایەتی گشتی چاپ وبلاۆکردنەوە
بەشی (مۆڵەت)

ژمارە \ ٢٧٥
رۆژی \١٩٩٨\١٢\٣١

فەرمانی وەزاری
ب/ مۆڵەت دان

ئاماژە بەبڕگە(١٦)ی یاسای تایبەتی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٢\ی وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە مۆڵت دانی یاسایی گۆڤاری (کەرکوك) کەگۆڤارێکی وەرزی یە لەلایەن کۆمەڵەی روناکبیری وکۆمەلآیەتی کەرکوك دەردەچێت.

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی لەم بەرێزانە پێك هاتووە :

| خاوەنی ئیمتیاز | سەرنووسەر |
|---|---|
| ..................... | ...................... |
| شێخ محمد شاکەلی | ابوبکرمحمدحاجی (مەلاشاخی) |

**جمال عبدول محمد**
وەزیری رۆشنبیری

وێنەیەك بۆ

- وەزارەتی ناوخۆ \ نوسینگەی بەرێزوەزیر بۆزانستیتان تکایە
- نوسینگەی تایبەت
- بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان
- بەرێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن
- ژمێریاری \بەفەرمانی بەرێزوەزیر دەبەخشرێت
- دۆسیەی مۆڵەت

نرمین



# ڕێزلێنانەکان


یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

خەڵاتی پێزانین

بەڕێز: مـەلا شـاخی

بەشایستەتان دەزانین خەڵاتی پێزانینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانتان پێشـکەش بکەیـن کـە بەچەك و قەڵـەم بەشـداریی شۆڕشی نـوێی گەلەکەمانتـان کـردووە.
پیرۆزبێت

جەلال تاڵەبانی
سکرتێری گشتیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
ئاداری/ ٢٠٠٥

خەڵاتی پێزانینی (ی.ن.ك) بە واژۆی (مام جەلال)





## زانکۆی سلێمانی و قەڵغانی ڕێزلێنان

دوای بەشداری کردنمان لە کۆنفرانسی زانستی بەشی مێژوو لەسکوڵی زانستەمرۆڤایەتییەکان لەزانکۆی سلێمانی بەناوونیشانی( پرۆسەی جینۆساید کردنی کورد لە مێژوودا) هەروەها بەبۆنەی ڕۆڵمان لە چاپکردن چەندکتێبێکی مێژوویی و دیکۆمێنتکاری دەربارەی ئەنفال و کۆمەڵکوژی وجینۆسایدی کورد بەزمانەکانی:

( کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)

ئەمڕۆ لە ٢٩-٤- ٢٠١٣بەئامادەبوونی د.ئاکۆشوانی لەکۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی لەلایەن بەرێز ڕاگری کۆلیژەکەوە خەلاٌتی ڕێزلێنانمان پیٚ بەخشرا...


معهد نارين للبحوث و النشر
Narin Institute for Searching and Publishing

بەڕێز : مەلا شاخی

لەبەرانبەر هەوڵە بەردەوامەکانت بۆ بە دۆکیومێنتکردنی جینۆسایدی ئەنفال و چاپکردنی چەندین کتێب و بەرهەمی جۆراوجۆر، سوپاس و پێزانینی خۆمانتان پێڕادەگەیەنین و هیوای بەردەوامیتان بۆ دەخوازین.

ئەنیستیتیوتی نارین بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
٢٠١٤/٩/٤

**ریزلینان**

له رۆژی ٢٠١٤/٩/٤ له رێورەسمێكدا بەئامادەبوونی بەریز وەزیری شەهیدان وئەنفالكراوەكان و چەندین پەرلەمانتارونوسەرو روژنامەنووس و ریكخراوەكانی كومەلی مەدەنی..

لەمونومینتی ئەنفال لەچەمچەمال (ئەنیستتیوتی نارین بوتویژینەوەوبلاوكرونەوە)

دوای دابەشكردنی چواربەرگ لەشایەتحالەكانی ئەنفالی نووسەر(عارف قوربانی)

خەلاتی ریزلینانی بەئیمەش بەخشی..

شایانی سوپاس وپیزانینە

مەلاشاخی

٢٠١٤-٩-٤




# فێستیڤاڵی مەلاجەمیل رۆژبەیانی

لە رۆژی ٣٠/٣/٢٠١٤لەهۆڵی نەورۆز لە شاری کەرکوك

خەلاتی ریزلێنانی مەلاجمیل رۆژبەیانیم وەرگرت

سلاوڵەشەهید مەلاجمیل رۆژبەیانی وسەرجەم شەهیدانی قەڵەم و

تێکرای شەهیدانی کوردوکوردستان.

لەگەڵ رێزی …

مەلاشاخی

٣٠-٣-٢٠١٤

کەرکوك



بۆ/ مەلا شاخي / چالاكوان

سوپاس و پێزانین

بەرامبەر ئەو ڕۆڵەی لە خزمەت کردنی کەیسی جینۆساید و هاوکاری کردنی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ زیاتر خزمەتکردنی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان گێراوتانە ، بە پێویستی دەزانین سوپاس گوزاری خۆمانتان پێشکەش بکەین .

هیواداریـن لـە خزمەت کردنی کـەس و کـاری شـەهیدان بـەردەوام بن و نمونـەتان زۆر بێـت .

ئـارام ئـەحمەد محـەمەد

وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

پایتەختی هەرێمی کوردستان

لە ڕۆژی ٢٥-١١-٢٠١٣ لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان

وەك(چالاكوان) لەبواری ئەنفال وجینۆساید لەلایەن بەڕێز( ئارام احمد)

وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە ڕێزلەچەندین چالاکوان وکۆمەڵەو ڕێکخراوی

چالاك لەهەمان بوار گیرا..

ئێمەش بە هۆی تەرخان کردنی بەشێك لە تەمەنی خۆمان بە لەوپێناوەدا..

یەکێك بووین لەوکەسانەی ئەم ڕێزنامەیەمان وەرگرت.

مەلاشاخی

٢٠١٣-١١-٢٥

هەولێر



رێکخراوی ساباتی قوربانیانی ئەنفال

سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠١٠\١\٣٠ لە(هۆڵی نەورۆز)ی شاری کەرکوك
بەئامادەبوونی بەرێز (عبدالرحمن مستەفا) پارێزگاری کەرکوك و جەماوەرێکی زۆر
لەبنەماڵە وکەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوەکان ،بەبۆنەی لەسێدارە دانی تاونبار(علی کیمیاوی)یەوە ئاهەنگێك بەرێوەچوو، هەرلەوئاهەنگەدا(رێکخراوی ساباتی قوربانیانی ئەنفال) بڕوانامەی رێزلێنانی بەخشییە چوار نووسەرو روناکبیری شارەکە ،کەئەرك و ماندووبوونی زۆریان کێشاوە لە نووسینی چەند کتێبێکی بەنرخ لەبواری ئەنفال وجینۆساییدا..
نووسەرەکان بریتی بوون لە
(مەلاشاخی،عارف قوربانی،لەتیف فاتیح فەرەج،نجم الدین فقێ عبدالله)
لەکۆتایی ئاهەنگەکەدا دیاری رێکخراوەکە بەخشرایە چەند خێزانێکی شەهیدانی دەستی تیرۆر .

مەلاشاخی
٢٠١٠-١-٣٠

## نووسەر لەچەند دێڕێکدا :

* ابوبکر محمد حاجی ناسراو بە (مەلا شاخی)

*لەدایك بووی ١٩٥٣ دێی بیرە سپان/ پردێ / کەرکوك

*بەشداری (شۆڕشی ئەیلول)ی کردوە.

*لە (١٩٧٥)ەوە کادری (ی.ن.ك)بووە.

* لەساڵی ١٩٨١ بووە بەپێشمەرگەی شۆڕشی نوێ .

*ئەندامی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان بووە.

*ئەند امی هەردووکۆنگرەی یەك و دووی(ی.ن.ك) بووە .

*ئەندامی (یەکێتی نووسەرانی کورد)ە .

*ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو لێپرسراوی بەشی ئەدەبی

(کۆڕی رۆشنبیری لاوانی کورد) بووە لەشاری (نەغەدە).

*ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (کرمانج) بووە .

*لە دامەزرێنەرانی( بنکەی رووناکبیری شەهید) و

بەرێوەبەری نوسینی گۆڤاری (شەهید)ە.

*یەکەم سەرنوسەری گۆڤاری (کەرکوك) بووە .

*سکرتێری رۆشنبیری (کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك) بووە .

*ئەندامی (یەکێتــی ی زانایانی ئاینی کوردستان )ە

* ئەندامی ( سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ) ە

*خەلاَتی رێزوپێزانینی یەکیتی بە واژۆی مام جەلال وەرگرتووە

کەبەچەك وقەڵەم بەشداری شۆڕشی گەلی کوردستانی کردووە.

*نوێنەری (هەڤاڵ مام جەلال) بووە لە کەرکوك .

* سەرۆکی لقی کەرکوکی(یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان)ە

## بەرهەمە بڵاوکرا وەکانی نووسەر

| | | |
|---|---|---|
| ١- دا ستانی ئاوارە یی | (شعر) | ١٩٨٩ |
| ٢- هۆرەی چیا | (شیعر) | ١٩٩١ |
| ٣- سوتەن | (مافی مرۆڤـ) | ١٩٩٢ |
| ٤- ئەنفال و شۆڕەبی | (شیعر ) | ١٩٩٨ |
| ٥- شیوەنێك بۆرەندی خان (شیعر) | | ١٩٩٩ |
| ٦- ئەنفالی خاڵخالاّن | | ٢٠٠٠ |
| ٧- ڕاپەڕین ورزگارکردنی کەرکوك | چاپی یەکەم | ٢٠٠٠ |
| ٨ ـــ فیدرالی لەنێوان لکاندن وجیابوونەوەدا | | ٢٠٠١ |
| ٩ - أنفال خالخالان | چاپی عەرەبی | ٢٠٠٦ |
| ١٠-Anfal.of.Khalkhalan | چاپی ئینگلیزی | ٢٠٠٦ |
| ١١- ئەنفالی ڕەش | | ٢٠٠٧ |
| ١٢ - دڵسۆزی کەرکوك | | ٢٠٠٧ |
| ١٣ — دیوانی شاخی | | ٢٠٠٩ |
| ١٤- زگاری کەرکوك | چاپی دووەم | ٢٠١١ |
| ١٥- ئەنفال و دادگا | چاپی یەکەم | ٢٠١٠ |
| ١٦- کەشکۆڵی شاخی | چاپی یەکەم | ٢٠١٥ |